ژمارە ٢٢ ـ ٢١

- سەمەدی بیهرەنگی و هاواری ژانیکی هاوبەش
- شاملو وروناکبیریکی سۆسیالیست و ئازادی خواز
- بێعەدالەتی، ئامرازێکە بۆ سەرکوت نەک عەدالەت
- لە پێناسەی چاپەمەنی ئازاد دا
- ئەدەبیات و دەستێوەردانی ئایدۆلۆژی
- فایلی تایبەت بە مامۆستا فەرزادی کەرمانگەر

تیرۆر و ئێعدام دو دیاردەی نامۆ بە ژیانی سەردەم

لە مەودای نێوان چاپ و بڵاو بوونەوەی ژمارەی ٢٠ی گۆڤاری پێشەنگ تا ئەم چرکە ساتەی کە ژمارەی ٢١ی ئامادەکراوە بۆ چاپ، چەندین ڕووداوی گرینگ ڕوویان داوە کە پێویستە سەبارەت بە هەر کامیان بە جیاو و تایبەت ئاوڕییان لێبدرێتەوە و بدرێنە بەر باس و لێکۆلینەوە. لەوانە جیا لە چەندین ڕووداوی سروشتی پڕ لە کارەساتی مرۆڤی، دەکرێ ئاماژە بە بەرتەسک بوونەوەی مەودای هەڵسوڕانی کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و چڕبوونەوەی مەترسی بۆ سەر گیان و ژیانی چالاکانی ئەو بواڕە بکەین و لەم پێوەندەش دا تیرۆر کردنی خوێندکاری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان کە کۆمەڵگای کوردستانی هەژاند و هەستی دژە سانسۆر و بەربەست کردنی ئازادی بێ شەرت و مەرجی ڕادەربڕینی ڕوو بە بکوژانی ئەو گەنجە بوێرە گەیاندە لوتکە.

یەکێکی تر لەو ڕووداوانە ئێعدام کردنی ٥ کەس لە هەڵسوڕاوانی سیاسی لە ئێران و لەوانە مامۆستا و نووسەری مرۆڤ دۆست و خۆڕاگر فەرزاد کەمانگەرە لە لایەن دەسەڵات دارانی نیزامی ئیسلامی سەرمایەداری و ئازادی کوژی ئەم وڵاتەوە ڕوویدا کە کۆمەڵگای جیهانی هەژاند. دیارە هەر لەم پێوەندەدا و بۆ ئیدانە کردنی ئەم جەنایەتەی کۆماری ئیسلامی لە لایەن کۆمەڵە «ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران»ەوە ڕۆژی ٢٣ی گوڵانی ١٣٨٩ وەک ڕۆژی مانگرتنی گشتی لە سەرتاسەری کوردستان ڕاگەیەندرا و ئەم مانگرتنەش بە پشتگیری و پشتیوانی باقی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کەسایەتیەکانی کوردستان و لایەنە چەپ و ئازادی خوازەکانی سەرانسەری ئێران بەسەرکەوتن گەیشت. و ولامێکی چاوەڕوان نەکراو و دڕان شکێن بە دەسەڵات دارانی ئێران درایەوە و بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی ئەوان ئێعدامی ئەو تێکۆشەرە سیاسیانە نەک خەڵکی پێ چاوترسێن نەکرا بەڵکو بوو بە هەوێنی یەکگرتوویی خەبات کارانەی هەرچی زیاتری جەماوەری وەگیان هاتووی کوردستان و ئێران لە نیزامی دژە مرۆڤی ئیسلامی لە ئێران، و خەباتی خەڵکی کوردستانی گەیاندە قۆناغێکی بانتر.

ئەوەی لەم پێوەندەدا جێگای داخە و پێویستە ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە دەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە گرنگانە، هەم ئیعدامی ئەم ٥ کەسە و هەم مانگرتنە شکۆدارەکەی خەڵکی کوردستانی ئێران، لەلایەن ڕۆژنامە و ڕاگەیەنەرە گشتیەکانی هەرێمی کوردستانەوە بایکۆت کرا و کەمترین ئاماژەی پێ کرا. لەبیرمانە سەبارەت بە مانگرتنی گشتی ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٤ یش، کە بۆ ئیدانە کردنی کوشتنی شوانە قادری و سەرکوتی خوێناوی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ناڕازی کەوتەرێ، بێدەنگیان هەڵبژارد. یەقینەن هیچ بەهانەیەک ناتوانێ پاساوی ئەم هەڵوێستە بێت چون ئەم چەشنە هەڵوێستە شیاوی بواری ڕاگەیاندن نیە.

ئێمە وەک دەستەی بەرێوەبەری پێشەنگ وێڕای ئیدانە کردنی تیرۆری ڕۆژنامە نووس سەردەشت عوسمان و ئێعدامی ئەو ٥ تێکۆشەرە سیاسیە، بە تایبەت موعەلیمی دڵسۆز فەرزاد کەمانگەر، بڕیارماندا بۆ ڕێزگرتن لە هەوڵ و خەباتە ماندویی نەناسانەکانی فەرزاد کەمانگەر فایلێکی تایبەت بە ئیعدام و بەرهەمەکانی ئەو تێکۆشەرە لەم ژمارەیەدا بکەینەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە لە نێوان ئەو بابەتانەی دەگەنە دەستمان هەر بابەتێکی کە لە بواری دارشتن، ناوەرۆک و ڕێزمانەوە شیاوی بڵاو کردنەوە بێت بڵاو ئەکەینەوە و مەرجیش نیە کە حەتمەن سەد لە سەد لەگەڵ ڕێبازی گۆڤاری پێشەنگ دا هاوتەریب بن چون پێشتر ڕامانگەیاندوە کە تەنیا نووسەران لە ناوەرۆکی بەرهەمەکانیان بەرپرسن. ڕەنگە بەشێکیان پەسەندی ئێمە نەبن بەڵام بۆ ڕێزدانان بۆ ئەو دۆستانەی پێشەنگیان هەڵبژاردوە تا بەرهەمی بۆ بنێرن بابەتەکەیان دادەنێین.

پاییزی ۱۳۸۹ هەتاوی - ۲۰۱۰ زاینی

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد سالّحی
سەرنووسەر: سەعید ئەمانی
دەستەی بەرێوەبەر
جەلال حەسەنزادە (بێستوون
ناسر حەقپەرەست
کەریم ئەمانی

رووبەرگ و دیزاین: شاهرام حەسەنی / حسێن عەلی موحەمەدی

ئیمەیل peshang2@hotmail.com

تەلەفۆن
٠٧٧٠١٩٣٤٥٧٣
٠٧٧٠١٥٦٧٨٥٤

نرخ ١٥٠٠ دینار/ ١٠٠٠ تمەن

بۆ ئاگاداری خوێنەران
*کەلّک وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.
*ناوەرۆکی بابەتەکان تەنها نووسەرەکانی لێی بەرپرسیارن

سەمەدی بێهرەنگی و هاواری ژانێکی هاوبەش

ن: کیوان باژن
و: یوسف عەلی پور

"بەبۆنەی شەست و هەشتەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی سەمەدی بێهرەنگی"

"ئێمەدەبێ خۆمان بەمەشخەڵی عەقڵ داگیرسێنین بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کەلەتاریکیی نەزانیدان بمانبینن. ئێمەدەبێ وەڵامی هەموو شتێک لەرووی راستی و دروستیەوەبدەینەوە. دەبێ بەتەواویی لەراستی و ناڕاستیەکان تێبگەین".

ئەوەیکەناوی "سەمەد"ی وەکو توخمێکی بابەتیانەلەکۆمەڵگادا هەتاهەتایی کردەوە، ئەو رۆڵەبوو کەلەبارهێنان و بردنەسەرێی ئاستی زانیاری مرۆڤدا نواندی. رۆڵێک کەکاریگەرییەکەی بۆچوونێکی لێکەوتەوەکەبەوتەی "ئەمیر پەرویزی پویان" بەرهەمەکەی "چۆنیەتی بوونە" نەک "بوون"ی بەتەنیا و زانینی چۆنیەتی بوونیش لەوشیاریی بۆچی بوونەوەدێت و ئەوانەی کەباوەڕیان بەوشیاریی خۆیان هەیەدەزانن کەدەبێ چۆن بن... باوەڕدارانی راستەقینەبەرهەمی گەشەی بێ ئەملاوئەولای زانیارانی راستەقینەی چۆن بوونن. لەوەبەدواوەچۆن بوون هیچ وەڵامێکی نابێت بێجگەلەرەوتی ئەم گەشەکردنەدا، واتەهەبوونی رۆڵێکی داهێنەرانەو بێ غەڵ و غەش.

بەڵام سەمەد بەهەبوونی زانیاری لەوەها رۆڵێک و هەبوونی وەها باوەڕێک، کارەکەی خۆی دەست پێکرد. ئەو هەر لەهەمان سەرەتاوەبەکۆی نووسینەکانی لەگۆڤاری "معلم امروز" لەتەورێز و گۆڤاری "سپاهان" و حەتوونامەی "بامشاد" لەتاران کەدواتر لەژێرناوی (لێکۆڵینەوەلەپرسەکانی بارهێنان لەئێراندا) وەکو کتێبێکی سەربەخۆ چاڵ کرا، رێگای خۆی دۆزیەوەو هەم لەبواری بابەتیەوەو هەم لەبواری زەینیەوەبەو وشیاریەگەیشت کەبۆ هەوڵدان بۆ کارێکی بنەڕەتی، دەبێ بەشوێن ریشەکانەوەبێت کەریشەکەش نەبوونی فەرهەنگی سالم لەکۆمەڵگادایەو دەبێ بەربەرەکانێی لەگەڵ بکرێ ئەویش نەتەنیا بۆ رەخنەگرتن بەڵکو ئاسانکارییەک بێت بۆ دەرخستنی ئەوەیکەلەکۆمەڵگایەکی دواکەوتوو راگیراودا بۆ بەلاڕێدا بردنی خەڵک، تەواوی کەرەستەکانی ئابووری، سیاسی و کولتوری بەکار دەبرێن بۆ ئەوەی بەهۆی ئەوانەوەکۆمەڵگا هەروا دواکەوتوو رابگیرێت و لەزۆر بواردا هەروەک خۆی بمێنێتەوەو مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایەرۆڵی خۆی وەکو هێزێکی بابەتیانەو توخمێکی کارا - کەدەتوانێت و دەبێت بەچاوێکی کراوەو هەمەلایەنە و هەبوونناسانەوەدەوروبەری خۆی راڤەبکات - لەبەر چاو نەگرێت. چونکەلەکۆمەڵگای چینایەتیدا، وشیاری و زانیاریی چینی خوارەوەو فامکردنی تواناییەکانی مێژوویی و ناسینی مافەکانی خەڵک دەتوانێت چەکێکی کارا بێت لەپێناو لەبەریەک هەڵوەشانی چینی سەرەوەدا.

کەواتەئەگەر دەبینین لەوەها کۆمەڵگایەکدا چینی چەوسێنەر بەهەموو ئامرازەکانی خۆیەوەبۆ لەناو بردنی بیروبۆچوونی خەڵکەکەی تێدەکۆشێت و بەسەرمایەیەکی زەبەلاحەوەو بەخستنەگەڕی هێزێکی بێ ئەوپەڕ دەست دەکات بەداسەپاندن و پاساوی پرسەخوڕافی و بیروبۆچوونەدواکەو و سەدەناوەڕاستیەکان و ئەگەر دەبینین کەبەپەرەپێدانی کولتور و ئەندێشەی خوڕافی تەنانەت گرفتەکانی ژیان و "کار"کردنیش بەبەشێک لەموقەدەراتی ئاسمانی لەقەڵەم دەدات و بەچاڵ کردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی جێی پەسندی خۆی، لەراستیدا لەپێناو قەدەغەکردنی بەرهەمەزانستیەکان تێدەکۆشێت! ئەو بەرهەمانەی کەنەک سەرچاوەگرتوو لەوەهم و خەیاڵی پەڕزەوی بەڵکو بەروانگەیەکی ئۆمانیستی و زەوینیەوەراڤەی پرسەکانی مرۆڤ

و کۆمەڵگا دەکەن و باسی رۆڵی ئەو لەمێژوودا دەکەن، و سەرەنجام ئەگەر دەبینین تەنانەت لەقۆناغی سەرەتاییەوەلەخوێندنگاکان، زەینی منداڵ بەبۆچوونەدواکەوتوەکانی نێو کتێبەکان ئاشنا دەکرێت، ئەو بۆچوونەگشتیانەی کەهیچ پەیوەندییەکیان بەزانست و مەعریفەوەنییەو هیچ یارمەتییەکیش بەکرانەوەی مێشکی منداڵ ناکات، تەنانەت دەبێتەهۆی بێزاریی ئەو لەهەرچی مەعریفەو بۆچوونەو ئەوەش تا قۆناغەکانی سەرەوەی خوێندنیش درێژەی هەیە، هەر هەموویان یەک ئامانج دەپێکن و ئەویش دواکەوتوو راگرتنی خەڵکەلەبوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. بەوتەی سەعیدی سوڵتانپور: " بۆ گەورەترین تاڵانەکان دەبێ گەورەترین داپڵۆسینیش لەبواری کولتوریەوەبێتەئاراوە. کەواتەبێ هۆ نییەکەکولتوری نەتەوەهەژارەکان، بەتاڵان دەبرێت و نیوەگیان دەکرێت. کەواتەبێ هۆ نییەکەهیچ ڕێزێک لەمامۆستا ناگیرێت بۆ ئەوەی لەژێر گوشاری نان و بنەماڵەو بێ حەسانەوەییدا، بەرپرسیارێتیەکەی خۆی لەبیر بچێتەوەو بۆ پاراستنی هاوسەنگیی باوی ژیان دەست بداتەکار و پیشەی دیکەش. کەواتەبێ هۆ نییەکەکتێبەدەرسیەکان و کتێبەکانی تری منداڵان چاودێرییەکی دیکتاتۆرییان بەسەرەوەیەو بێ هۆ نییەکەچاپەمەنیەکان بایەخێکی بەقەدەر چەک و چۆڵیان بۆ دادەنرێت و بۆ هونەر و ئەدەبیات، بەشەوق و لێکۆڵینەوەیەکی زۆرەوەبەرنامەڕێژی دەکرێت و سەری چەمکەپێشکەوتنخوازەکان بەگێوتینی سانسۆر لەجەستەیان جیا دەکرێتەوە". سەمەد بەفامکردنی ئەو پرسەکەبنەچەی ناسینی مرۆڤ، بابەتی بوونی ئەوەو زەینی ئەویش پێڕەوی لێدەکات، زۆر زوو هەستی بەوەکرد کەناسینی پرسەکۆمەڵایەتیەکانی وەک هەژاری و بێکاری و ... لەرێگای هەستکردن و ڕاقەو ناسینی بابەتیانەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگاوەوەدی دێت بۆ ئەوەی بەو ناسینەوەبتوانین بە سەر ناسینی ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگادا زاڵ بین و هەڵبەتە لەقۆناغی دواتردا تەنانەت بەرەو جیاکردنەوەی ناکۆکییەناسراوەکان هەنگاو بنێین و ناکۆکییەسەرەکیەکان لەناکۆکییەلاوەکیەکان لێک جیا بکەینەوە. ئەو بەمشێوەتوانی شارەگی سەرەکی ڕواڵەتی پرسەکەبەهێزی داهێنەرانەی خۆی و بەپشت بەستن بەتوخمی وشیاریەکەی بدۆزێتەوەکەئەوەش خۆی بەرهەمی خوێندنەوەی قوڵ و ئازموونی بابەتیانەی ژیان و لەئاکامدا هاوسەنگیی دیالکتیکی نێوان بابەتی بوون و زەینی بوونە. چونکەئاشکرایەئەگەر وەها هاوسەنگییەک هەست پێبکرێت، سەرەتای ڕێگاکەبۆ ناسینی خەڵک و پرسەکانی دەوروبەری، تێپەڕ کراوەو لەئاکامدا ڕێگاکەبۆ هەنگاوەکانی دواتر خۆش دەبێت. لەراستیشدا ئەو ڕەوتەی کەچیرۆکی سەمەدی پێک هێنا - بەهەموو قسەو باسەخۆش و هەندێک جار ناخۆشەکانی داهاتووشیەوەو تەنانەت بەهەموو پێداهەڵگوتنەکانیشەوەکەهەندێک جاران وەک شۆخی و شتێکی پەڕزەویش دێنەبەرچاو - پەیڕەوی لەوەها ڕێسایەک دەکات کەهەڵبەتەئەوەیکەلەبیرەوەریەکانی سەمەدا کەمتر سەرنجی دراوەتێ، هەر باسکردنی ئەو لایەنەلەڕاقەکردنی کەسایەتی و ناسینی بەرهەمەکانیدایەکەبەداخەوەلەژێر تەمومژی بارودۆخی تایبەتیی دوای نەمانی ئەودا ون بوون و بووەهۆی ئەوەیکەزیاتر لایەنەلاوەکیەکانی باس بکرێن و هەڵبەتەهەندێک جاریش چیرۆکێکی دوورەدەست وێنا بکرێت کەئەوەش خۆی دەتوانێت هەندێک جار ئاکامێکی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوەو ئەوەش خۆی زوڵمێکەکەبەشێوەیەکی خوازراو یان نەخوازراو لێی کراوەو لێی دەکرێت. چونکەبەتێفکرینێکی سەرلەنوێ و ئەمجارەیان قوڵتر لەچۆنیەتی ژیان و بەرهەمەکانی سەمەد، چ لەبواری داستان نوسیندا و چ لەبوارەکانی لێکۆڵینەوەییدا کەلەنووسراوەکان و ڕەخنەو یادداشتەکانیدا بەرچاو دەکەوێت و چ لەکارەمرۆڤ ناسانەو فۆلکلۆریەکانیدا بەباشی دەتوانین شایەتی هەوڵی بەربڵاوی ئەو لەپێناو نزیکایەتی هەرچی زیاتر لەگەڵ خەڵک بین. کەواتەچۆن دەتوانین سەمەد وەکو ئوستورەیەکی دەست پێڕانەگەیشتوو و لە"سەرووی خەڵک"ەوەو نەک "لەگەڵ خەڵک" وێنا بکەین!

ئایا ئیتر کاتی ئەوەنەهاتووەکەدوای تێپەڕینی سی و چەند ساڵ بەسەر گیان لەدەستدانی ئەو ئازیزەدا، بەلێکدانەوەیەکی کۆمەڵناسانەو نەک یەک ڕەهەندی بەڵکو لەڕەهەندەبەرین و جۆراوجۆرەکاندا بۆ بەرهەمەکانی سەمەد و بەتێڕوانینێک بۆ بوارەجۆراوجۆرەکانی سەرهەڵدانی کارەکانی، لەداهێنانی لەئەدەبیاتی منداڵانەوەبگرەهەتا دەگاتەڕوانگەی بەرینی ئەو لەبواری پرسەکانی بارهێنادا تا دەگاتەنووسراوەکانی سەبارەت بەتەوەرەجۆراوجۆرەمێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و هونەری و تەنانەت سیاسییەکانی

تـا دەگاتەکارکـردن لەگۆڕەپانی مرۆڤناسـی و فۆلکلۆریکـدا، کۆکردنەوەی چیرۆکەخێڵەکیەکان، ئەفسـانەکان و ... کەهەرکامیـان هەڵگـری قسەوباسـێکی تێـر و تەسـەل و جیـاوازن و هەمووییـان نیشـاندەری قۆڵایـی بۆچـوون و روانگـەی بەرینـی ئەویشـن و جێگـەی سەرسـوڕمانن کەچـۆن دەکرێـت مرۆڤێـک لەتەمەنی سـەمەددا و بەو شـێوەژیانەی کەئەو هەیبووە، بەدەسـت و پەنجەنـەرم کردن لەگەڵ گیروگرفتەکانـی دابینکـردن ژیانـی، توانیویەتی ئەو هەموو کارانەبەئەنجـام بگەیەنێت و مرۆڤ بەداخەوەیەبـۆ ئەوەیکەئەگـەر تەمەنـی درێژتر بوایـە، داخـوا چ بەرهەمێکـی گەورەترمـان لێ دەبینی، سـەرلەنوێ خوێندنەوەبۆ بەرهەمەکانی بکەیـن؟ کارێک کـە دەبوایەسـاڵانێک لەوەپێش بەئەنجـام بگەیشـتبایە. بەڵام چـی بکەین کەلەم کەسـنەزانەدا پێش ئەوەی راڤـەی بەرهەمەکان بکرێت، دەسـت دەدەنەراڤەکردنی کەسـایەتی و هەروەک فیلمەفارسیەکانی کۆن و ئەم سەردەمە، کەسـایەتیەئەدەبیەکان یـان "پیاو چـاک"ن ویان "پیاو خراب" و بەم بۆچوونەوەداوەرییان لەسەر دەکرێت و لەوێشدا داوەرەکان بەسەر دوو گروپ و زۆرجاریش بەسەر چەند گروپدا دابەش دەبن و بەدروشمی "پشـتیوانی" یان " دژایەتی" کردن لـەو، جاری وایەبەتەواوەتی بەرهەمەکانی لەژێر تەمومژی ئەم دروشمانەدا ون دەبن.

بەڵام سـەمەد مامۆسـتا بوو و زۆریشـی حەز دەکرد کەهەر مامۆسـتا بمێنێتەوە. مامۆستایەک کەبەتووندی عاشقی کارەکەی بوو. مامۆستایەک کەدەیهەویسـت مامۆسـتا بێـت چونکەدەیـت خوێنـدکاران لـەدەوری رۆژنامەدیواریەکـەو قسەوباسـەکانی سـەرچاوەگرتوو لەکاریگەریی ئـەو، هەسـتی بەنهێنیەکانی هێزی قەڵـەم کرد. لـەم رووەوەیەکەبـەدوور لەهەراوهوریـای بـێ هـۆ و هەڵاوهەنگامـەی درۆینـەو بەبـێ هەرچەشـنەخۆنواندن و فیزلێدانێـک، لەسـەرەتای نووسـراوەکەیدا، واتەلەسـەرەتای لێکۆڵینەوەلەڵرسـەکانی بارهێنانـی ئێرانـدا دەنوسێت: "بەمچەشنەدەبیندرێت کەلەپرسەکانی بارهێنانـی ئێرانـدا، تـا ئێسـتا لێکۆڵینەوەیەکی ژیرانـە، بەهەسـتکردنی پرسـەکان لەنزیکەوەو رەنگدانـەوەی ئـەوان بەڕێوەنەچـووە. بەندەی بچـوک کەساڵانێکەمامۆسـتای گوندم ویسـتی هەوڵێک بدات و قسەو بۆچوونەکانی کۆبکاتەوەبۆ ئـەوەی لانیکـەم روانەتی پرسـەکەباس بکرێت. ئەوەیکەدواتـر باسـی دەکرێت هەر ئەو قسـەو بۆچوونانەن".

بەمچەشـنەزۆر بەئاسـانی و بەوردبینیـەوە، رێـگای خـۆی لەئەدیبەکانی تر جیـا دەکاتەوە، ئـەو ئەدیبانـەی کەنەتەنیا سـەبارەت بەهەموو شتێک راوبۆچوونی خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەوەی کەسـانی تر پێیان بڵێن فەیلسـوفن و لەراستیدا قسەکانیشـیان بۆن کۆنیان لێ دێت و بە سـکی



تێرەوەدەکرێـن. ئەوانـەی کەلەپشـت مێـز و لەشوێنی ئاسودەدادەنیشـن و باس لەزۆر شت دەکەن کەهەر لێی ئاگادار نین و باسی زۆر جێگا دەکەن کەهەر بەچاو نەیانبینیوە.

لەحاڵێکدا سەمەد هەمیشەلەسەر ئەو باوەڕەبوو کـە" مـرۆڤ ئەگـەر هەناسـەی لەجێگـەی

گەرمەوەهـات، زۆر شـت نابینێـت و بەناچاری سـەروبنی شـتەکان وێک دێنێتەوەو لەتانوپۆی ئارامـی و هەڵمژینی نیمچەئازادیی تاکەکەسـیدا، دەست دەداتەچاکسازی و بەخەیاڵی خاوی خۆی خەریکەموعجیزەدەکات". جا رێک هەر لەبەر ئەو هۆیە، سـەرەتا خـۆی لەئەزموونەبابەتیەکان پڕ دەکات و دواتـر قەڵەم بەدەسـتەوەدەگرێت. لەم رووەوەبێ هۆ نییەکەکاتێک ئەم نووسراوەیەچاڵ دەکرێـت دەبێتەهـۆی سەرسـوڕمانی دیتران و بۆیان دەبێتەپرسیار کەئەم نووسراوانەی کەوەها راسـتییەکیان تێدا باسـکراوەکەخوێنەر پرسیار لەخۆی بکات : بەچ شێوەیەک؟ ... بەم تەمەنەوە... و بـەم ئەزموونەوە؟ ... کەهەڵبەتەلەگەڵ وەڵامی مێژوویی سـەمەد بەرەوڕوو دەبنەوە: هەمووان پێیـان وایەکەتەنیـا خۆیـان ئێـش و ژانیـان هەیەلەکاتێکدا کەنازانن ئێش و ژانەکان هاوبەشن و بـەم وەڵامەتابۆیەکەدەشـکێت. تابۆی ئێش و ئازارەتاکەکەسی و ئەزموونەتاکەکەسیەکان و ... و سەرجەمی ئەم پرسانە، دەبنەپرسی بەکۆمەڵ و هاوبەش و ئەوەسـەرەتای رێگایەکەکەسەمەد دەست پێشـخەری بووە. هەروەک چۆن دەست پێشخەری زۆر پرسی دیکەش بووە.

کتێبی "لێکۆڵینەوەلەپرسەکانی بارهێنان لەئێراندا" بەوتەیەکی مێژوویی "بێرتۆڵت بریشـت" دەست پێدەکات: "ئەوەیکەلەراسـتیەکان تێناگات، نەفامە، بـەڵام ئەوەیکەراسـتیەکان دەزانێـت و بـەدرۆ لەقەڵەمیان دەدات، تاوانبارە" و مەبەستی سەمەد لەدانانی ئەو رستەیەلەوانەیەدۆزینەوەی ئاماری نێوان "نەفامی" و "تاوانـکاری" لەکۆمەڵگادا بێت. یـان دەبـێ "نەفـام" بی و یـان دەبـێ "تاوانبار" بـی! رێگەیەکـی تریش هەیەبەڵام بـەچ نرخێک؟ کێـن ئەوانـەی نرخەکـەی دەدەن؟ سـەمەد بۆ ئەوەیکەبەتاوانبـار لەقەڵـەم نەدرێـت، لەقوڵایی پرسـەکانی کۆڵیەوەکەنرخەکەشـی مەرگێکـی ناوادەبـوو. چونکەزانین، مردنە. ناوبراو باسـی تەوەرەکانـی وەک: "بۆچـی مامۆسـتای بـاش شـتێکی زۆر گرانبەهایە؟"، "پشـکنینی کولتوری و سـەرجەم شـێوازەکانی"، " تەمبـێ کردنـی جەسـتەیی" ، "گرفتـی کتێبەدەرسـیەکان"، " وتنەوەی زمانی فارسی لەئازەربایجان"، " دێهاتی و منداڵـی دێ" و " لەژێر وردەبیندا". تەوەرەکانی بەروالـەت زۆر سـادەو سـاکار کەهەڵگـری پرسـەکان و گرفتەکانـی بارهێنـان لەئێراندان. لەراسـتیدا گەڵاڵـەی خەسارناسـیی فێرکردن و بارهێنـان کەلەسـەرجەم بەشـەکانی کتێبەکەدا بەرچاو دەکەوێت و سـەمەد بەوشیاریيەوەباس لەمامۆسـتا بەگشـتی و مامۆسـتای بـاش بەتایبەتـی دەکات. ئـەو دەڵێـت: "... یەکەمیـن کاریـان لەکاتی دامەزراندنەوەدەسـت پێدەکەن. گروپێک بۆ دورترین شـوێنەکان رادەگوێزرێن. چونکەهیـچ پارتـی بازییەکیان نەبووەو کەسـی خۆیـان لـەم شـوێنانەدا نەبـووەو گروپێکیـش لەشـوێنەنزیکەکان و لەناوەنـدی پارێزگاکان و پایتەخت دادەمەزرێن و هۆکارەکەشی ئاشکرایە. زۆربەی ناڕەزایەتیەکانیش بی کەڵکن...".

لەراسـتیدا قسـەی سـەمەدو ئامـاژەی ئـەو بەهەڵاواردنـی ئیـداری و نەبوونـی بەڕێوەبەرایەتیەکـی دروسـت و ئەوەیکەچـۆن بێکەڵکترین و نەفامترین و دواکەوتووترین کەسـەکان پۆسـتەکانی سـەرەوەداگیر دەکـەن و ... سـەرجەمی ئەوانەنمونەیەکـی بچوکـی نەتەنیـا بارودۆخی فەرهەنگیی وڵاتەکەیە، بەڵکو لەروانگەیەکـی قوڵتریشـەوەنمونەی هەمـوو کۆمەڵـگا پیشـان دەدات. چونکەهەموو شـتێک لەفێرکردن و بارهێنانەوەدەست پێدەکات. ئەوەش هیـچ شـتێک نییەبێجگەلەوەیکەئـەو منداڵانـەی کەبڕیارەبـەم شـێوەیەباربێن و گەشـەبکەن، داهاتووی ئەم وڵاتەیان بەدەستەوەدەدەبێت.

سـەمەد لەجێگایەکـدا دەڵێـت: "لەسـەردەمێکدا دەژیـن کەداوێنـی کاریگەریەکانـی کـردەوەو سیاسـەتبازیەکانی دەوڵەتـان، تەنانەت رەخنەی کردۆتەناو چوارچێوەی زانست و هونەریشەوە. راسـتیەنەگۆڕ و حاشـاهەڵنەگرەکانی زانسـتی (لەفیزیـا و ئەستێرەناسـی و ئابـووری و فەلسـەفەو ...)دا تـا ئـەو جێگایەئاشـکرا دەکەن و لەنێـو خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوەکەسیاسـەتی رۆژ پێویسـتی پێیەتـی. زانسـت و هونـەر، تـا ئـەو جێگەیەرێگەپێدراوەکەهیـچ گومانێـک لەزەینـی خەڵکیـدا دروسـت نەکـەن. بەڵکـو ئەوان لـەو چوارچێوەداڕێژراوانەی سیاسـەتی رۆژی دونیـادا رابگـرن. بەپێویسـتی نازانـن خەڵکـی لەوەتێبـگات کەسەفەرەئاسـمانیەکان و چوونەسـەر گۆی مانگ، خۆی لەخۆیدا هەندێک لەچوارچێوەزەینیەکانـی پێشـوو تێـک دەدات و فیکری تازەی لێ دەکەوێتەوە. بەباوەڕی خۆیان هەر ئەوەندەی کەدوو هەواڵی راست و ناڕاست لەرۆژنامەکاندا بخوێنرێتەوەیان نا، بەسـیانە...". کەئەوەش بەهاتنەکایەی سەردەمی پەیوەندیەکان، کامپیۆتێـرەکان و مانگیلەجۆراوجـۆرەکان و بەتایبەت تـۆری جیهانیی ئینتەرنێـت لەجیاتی " سەفەرەئاسمانیەکان" و "چوونەسەر گۆی مانگ" زۆر سەیر نابێت ئەگەر ئەمڕۆکەزیاتر لەهەر کات

و ساتێکی تر شایەتی داڕمانی چوارچێوەکۆن و داڕزیوەکانی زەینی و فیکری بین. بەشێوەیەک کەدەسەڵاتدارەدواکەوتووەکان، هەر ئەوانەی کەڵەم ناجێگیرییەدەترسن، تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوون و هەرچۆنێک بۆیان بکرێت لەهەوڵی ئەوەدان کەپێشی پێ بگرن.

کۆنەدەڵێت هەروا کەهەم هەروا بووم
نوێش دەڵێت وابەبەڵام گەر باش نەبی دەبێ بڕۆی

لەم نێوەدا بەڵام دۆخی ئەو کەسانەی کەدەچنەناوەندەکانی فێرکاری یان زانکۆکان زیاتر جێی داخەو ئەوەش ناکۆکییەکەکەلەکۆمەڵگادا لەئارادایە. لەلایەکەوەزەمەن هەروا بەرەوپێش دەچێت و لەلایەکی تریشەوەرێگەی گەشەی ماددی وەها پێشکەوتنێک گیراوەو دەگیرێت و بەراستی سەمەد بەزانستی خۆی وەکو توخمێکی وشیار و پێشڕەو و هەڵبەتەدەست پێشخەری جیددی قسەوباسەکانی تایبەت لەپرسەکانی فێرکردن و بارهێنان لەئێران و وەکو لێکۆڵەرێک کەدەستیدایەکۆکردنەوەی هەوڵەباش و لەرتەوازەکانی کەسانی وەک جەلالی ئالی ئەحمەد و دیتران، بەباشی ناکۆکییەکانی ناسی و هاوارەکەی بەرزتر کردەوەو بەدرێژایی تەمەنی کورت و پڕلەشانازیی خۆی، بۆ ساتێکیش هەدای نەدا و بیری لەنەوەی داهاتوو دەکردەوە. هەڵبەتەوەها کارێک قسەو باس و لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێت و کتێبی "لێکۆڵینەوەلەپرسەکانی فێرکردن و بارهێنان لەئێران" دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ ئەو دەست پێکەکەبەروانگەیەکی ورد و دووبارەبۆ کتێبەکەنەتەنیا کەم وکوڕیەکان دیاری بکرێن بەڵکو بەکەڵک وەرگرتن لەئەزموونەکانی سەمەد لێکۆڵینەوەیەکی دووبارەبۆ پرسەکانی فێرکردن و بارهێنانی ئێران دەست پێبکەین.

هەر لەبەر ئەوەیەکەناوی سەمەد، بێجگەلە"مامۆستا"ی دێهاتەکان، لەگەڵ چەمکەکانی وەک "وشیاری" و "کتێب" و "کتێب خوێندنەوە" ئاوێتەبووە. چونکەهەر بەبیستنی ناوی، ئەو چەمکانەدینەناو زەین. ئێستا ئیتر، لەهەر جێگەیەکی ئەم وڵاتەباسی "کتێب خوێندنەوە" و "کتێب" بێت، ناوی سەمەد رازێنەرەوەی ئەو شوێنەیەو ئەوەش دەسکەوتێکی کەم نییە. کەسێک کەگاڵتەی بەمەرگ دەهاتێ و بایەخی پرسەکانی لەکاریگەریەکانی سەر ژیان و مەرگی خۆی، لەژیانی کەسانی تردا دەدۆزیەوەو ژیانیشی بەسەرنجدان بەم واتایەمانا دەکردەوە، بەداخەوەئێستا لەناوماندا نییەبۆ ئەوەی ببینێت کەهەروەک چۆن لەژیانیدا "مامۆستا" بووە، دوای مەرگیشی هەروا مامۆستا مایەوەو یاد و بیرەوەریەکانی لەکۆڕ و کۆمەڵەجۆراوجۆرەکاندا "چۆن خوێندنەوە" فێری کەسانی تر دەکات!

بەڵام شاکاری سەمەد داڕشتنی "فێرکردنی ئەلف و بێی زمانی فارسی بۆ خوێندکارانی ئازەری زمان" بوو. کارێک کەلەبواری فێرکردنی زمانی فارسیدا نمونەیەکی بێ هاوتایە. چونکەئەو بەهەوڵێکی سەرنجڕاکێش و دوای سالانێک کاری دەرس وتنەوەلەئاواییەکانی ئازەربایجاندا، شێوازێکی داهێنابوو بۆ ئەوەی بەمچەشنەفێرخواز بتوانێت لەماوەیەکی کورتدا و بەکەمترین هەوڵەوەفێری زمانی فارسی بێت. هەرچەندەئەم بەرهەمەهەرگیز لەچاڵ نەدرا، بەڵام بەسەرهات و چۆنیەتی چارەنووسەکەی، دەرخەری چیرۆکێکی نامۆ و سەیر و سەمەرەیەلەم وڵاتەدا و نمونەیەکەلەوەیکەبەچ شێوەیەک کاری فەرهەنگی لەم کەسنەزانەدا، بۆتەداردەستێک بۆ چینی بااڵدەست!

لەراستیدا سەمەد لەم هەوڵەیدا، بەشێوازێکی زانستیانەو هەڵبەتەئەزموونیش، دەستی دایەدۆزینەوەی وشەهاوبەشەکانی نێوان زمانی فارسی و ئازەری و ئەوانی لەرستەی هاساندا – بەچەشنێک کەئازەری زمانەکان لێی تێبگەن – کۆ کردەوەو بەم چەشنەخۆی وەکو لێکۆڵەرێکی بەتوانا ناساند کەئەگەر بهاتبایەئەو بەرهەمەی چاڵ بکرابایەو کەڵکی لێ وەربگیرابایە، دەیتوانی لەشێوازی وتنەوەی زمانی فارسی لەبەشێکی زۆری ئەم وڵاتە، وەک گۆڕانکارییەک بێتەئەژمار. چونکەئەو سالانێک بەنووسینی کتێبی ئەلف



و بێ یەکەیەوەخەریک بوو و زۆری کۆڵ پێوەهەڵدەگرت، بۆ ئەوەیکەفلانەمندالی ئازەری زمان لەفلانەئاوایی دورەدەست، هاسانتر فێری زمانی فارسی بێت و ئەگەر ئەم کتێبەشی چاڵ بکرابایەسەمەدمان بەشێوەیەکی تریش دەناسی،

"ئەویش پێشکەشکاری شێوازەزانستیەکانی فێرکردن و بارهێنان بوو". بەڵام سەد مخابن کەئەم وڵاتەبەردەوام لەژێر کاریگەری ناشارەزایانی فەرهەنگی و سیاسیدایەکەبێجگەلەخۆبەزڵزانی و پۆزلێدان هیچ کارێکی تریان لەدەست نایەت. ئەوانەبایەخی کاری سەمەدیان تەنیا لەگەڵ خۆش خزمەتی بۆ بەرپرسانی سەرەوەهەڵدەسەنگاند. لەم رووەوەرەخنەکان دەستیان پێکرد و سەمەد ماوەیەک لەگەڵ ئەو نەفامەبەناو شارەزایانەکەوتەبەرامبەرکێ تا ئەوەیکەبەیەکجاری وازی لەچاڵی کتێبەکەی هێنا! کتێبەکەی هەڵگرت و پەنای هێنایەوەبۆ دێهات و کاری مامۆستاییەکەی سەرلەنوێ دەست پێکردەوەکەهەڵبەتەهەر ئەو کتێبەبەچەشنێک لەچەشنەکان بووەهۆی هەڵخڕاندن و هەستیار بوونەوەی بەرپرسان بەنیسبەت سەمەدەوەو سەرەنجامیش بووەهۆی مەرگی سەمەد.

بەمچەشنەناو و یادی سەمەد وەک شارەزای ئەدەبیات، چیرۆک نوس، لێکۆڵەری فەرهەنگی خەڵک و لێکۆڵەری پرسەکانی فێرکردن و بارهێنان لەیادەکاندا دەمێنێتەوەو هەڵبەتەشانازیی کردنی کاڵفامەفەرهەنگییەکانی ئەمڕۆ کەبەرەخنەگرتنی هەندێک جار دیکتەکراو و داسەپێنراوی ناوەندەکانی "پوڵ و دەسەڵات" لەهەوڵی بێ بایەخکردنی کەسایەتی و بەرهەمەکانی ئەودان، ناتوانێت هیچ شتێک لەبایەخەکانی ئەو مامۆستا ساکارەی ئاواییەکانی ئازەربایجان کەم بکاتەوە.

سەرچاوە:
<http://www.mandegar.info/۱۳۸٦/Mordad/k-bajan.asp>

«شاملو ڕوناکبیرێکی سۆسیالیست و ئازادی خواز
ریفۆرم خواز و لیبڕاڵەکان ناتوانن دەستی بەسەرابگرن»

ئا: سەعید ئەمانی

لە پانزە ساڵی ڕابردوودا و بە تایبەتی دوای کۆچی دوایی شاملو (١٣٧٩) و دوا بە دوای ئاڵوگۆڕەکانی ناسراو بە بزوتنەوەی دووی خوردادی ٧٦ لیبڕاڵەکانی نێو ئێران لە ڕێگای بڵاوکراوەکانی سەر بە ڕیفۆرمخوازی هەوڵێکی بەرینیان دەست پێکرد تا شایەد بتوانن لە پلە و پایەی بێوێنەی شاملو بۆ یارگیری و بردنە سەرەوەی ئیعتباری ڕێکخراوە سیاسیەکەیان کەڵک وەربگرن. بەڵام شاملو بە پێچەوانەی زۆربەی "ڕوناکبیران"ی مودەعی پێشکەوتنخوازی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بڵاوکراوانەوە (جامعە، توس، نشاگ، عێر آزادگان و ...) درگای ماڵە بچوکەکەی بە ڕوویاندا نەکردەوە و داواکاریە بەردەوامەکانی ئەوانی بۆ وت و وێژ وڵام نەدایەوە. بەم حاڵەشەوە ڕیفۆرم خوازە دووی خوردادیەکان چەندین جار لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا سەردێڕ گەلێکیان تایبەتدا بە ئەحمەد شاملو. ناوی وتار و یادداشتەکانی خۆیان لە شێعرەکانی ئەو وەردەگرت - بەبێ ئاماژە بە ناوی شاعیر - و لە مردنی شاملودا فرمێسکی تیمساحیان ڕشت. لە کاتی خۆیدا تا ئەو جێگایەی کرابێ ڕەخنە لەم فرسەت تەڵەبیەی ریفۆرم خوازەکان گیراوە. بەڵام وا دەردەکەوێ کە لیبڕاڵەکانی ئێران نایانەوێ دەست لەکۆڵ شاملو بکەنەوە. و ڕواڵەتی مەسەلەکە بەم چەشنەیە کە بورژوازی لیبڕاڵی ئێرانی بە مەبەستی بێ ئیعتبار کردنی شاملو -یان بەدەست هێنانی ئیعتبار و شکۆبۆخۆی- بۆ چەندەمین جار و ئەم جارەش بە شێوەیەکی زەبونانە خۆی بە تەنافی شاملوەوە هەڵواسی. ڕیفۆرم خوازانی چالاک لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەدوای شکستی دووی خورداد دا بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانی یەک دوو بڵاوکراوەی پڕ سود بێنێتە ژێر چنگی خۆی و بە شێوەی باقی هاو قەتارەکانی هاوکات لەگەڵ کوتان و بە خەتاکار دانانی ڕێبازی چەپ بە چەشنێک دەستیان دایە دەست بەسەرا گرتن و وێران کردنی کەسایەتی شاملو کە بەڕاستی جێی سەر سوڕمانە. هەر ئەڵێی ئەیانەوێ تۆڵەی گشت ئەو ڕخنە و هەڵوێستە بوێرانەیەی بەرانبەر بە چەوسێنەران و شکەنجە گەرانی ڕەنگاوڕەنگی سەرمایەداری گرتویەتی لە شاعیر بکەنەوە. مەبەستی کۆتایی لیبڕاڵەکان -کە لە سایەی سەرمایە زۆر و زەوەندەکەیانەوە

لە پانزە ساڵی ڕابردوودا و بە تایبەتی دوای کۆچی دوایی شاملو (١٣٧٩) و دوا بە دوای ئاڵوگۆڕەکانی ناسراو بە بزوتنەوەی دووی خوردادی ٧٦ لیبڕاڵەکانی نێو ئێران لە ڕێگای بڵاوکراوەکانی سەر بە ڕیفۆرمخوازی هەوڵێکی بەرینیان دەست پێکرد تا شایەد بتوانن لە پلە و پایەی بێوێنەی شاملو بۆ یارگیری و بردنە سەرەوەی ئیعتباری ڕێکخراوە سیاسیەکەیان کەڵک وەربگرن. بەڵام شاملو بە پێچەوانەی زۆربەی «ڕوناکبیران»ی مودەعی پێشکەوتنخوازی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بڵاوکراوانەوە (جامعە، توس، نشاگ، عێر آزادگان و ...) درگای ماڵە بچوکەکەی بە ڕوویاندا نەکردەوە و داواکاریە بەردەوامەکانی ئەوانی بۆ وت و وێژ وڵام نەدایەوە. بەم حاڵەشەوە ڕیفۆرم خوازە دووی خوردادیەکان چەندین جار لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا سەردێڕ گەلێکیان تایبەتدا بە ئەحمەد شاملو. ناوی وتار و یادداشتەکانی خۆیان لە شێعرەکانی ئەو وەردەگرت - بەبێ ئاماژە بە ناوی شاعیر - و لە مردنی شاملودا فرمێسکی تیمساحیان ڕشت. لە کاتی خۆیدا تا ئەو جێگایەی کرابێ ڕەخنە لەم فرسەت تەڵەبیەی ریفۆرم خوازەکان گیراوە. بەڵام وا دەردەکەوێ کە لیبڕاڵەکانی ئێران نایانەوێ دەست لەکۆڵ شاملو بکەنەوە. و ڕواڵەتی مەسەلەکە بەم چەشنەیە کە بورژوازی لیبڕاڵی ئێرانی بە مەبەستی بێ ئیعتبار کردنی شاملو -یان بەدەست هێنانی ئیعتبار و شکۆبۆخۆی- بۆ چەندەمین جار و ئەم جارەش بە شێوەیەکی زەبونانە خۆی بە تەنافی شاملوەوە هەڵواسی. ڕیفۆرم خوازانی چالاک لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەدوای شکستی دووی خورداد دا بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانی یەک دوو بڵاوکراوەی پڕ سود بێنێتە ژێر چنگی خۆی و بە شێوەی باقی هاو قەتارەکانی هاوکات لەگەڵ کوتان و بە خەتاکار دانانی ڕێبازی چەپ بە چەشنێک دەستیان دایە

دەست بەسەرا گرتن و وێران کردنی کەسایەتی شاملو کە بەڕاستی جێی سەر سوڕمانە. هەر ئەڵێی ئەیانەوێ تۆڵەی گشت ئەو ڕخنە و هەڵوێستە بوێرانەیەی بەرانبەر بە چەوسێنەران و شکەنجە گەرانی ڕەنگاوڕەنگی سەرمایەداری گرتویەتی لە شاعیر بکەنەوە. مەبەستی کۆتایی لیبراڵەکان -کە لە سایەی سەرمایە زۆر و زەوەندەکەیانەوە خاوەنی بەشێکی بەرچاو لە بڵاوکراوەی بەهێزن- هەڵبەت واوەتر لە هێرش بۆسەر شاملوی شاعیرە. شاملو وەک ڕوناکبیرێکی سوسیالیست و ئازادی خواز سەکۆیەکە کە لیبراڵەکان لە ڕێگای هێرشی مەبەستدار ڕوو بەو سەکۆیە، لە ڕاستیدا ڕەوت و ڕێبازی چەپیان کردۆتە ئامانج. هاوبیرانی ئێحسان نراقی و هاو قەتارانی برایمی یەزدی لە ڕێگای ئەم بڵاوکراوانەوە، هاوجیهەت لەگەڵ سەڵتەنەت خوازەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و هاودەنگ لەگەڵ نوێ محافزەکارانی ئامریکا (فارن ئەفیر) بە چەشنێکی پلان بۆ دارێژراو دەست دەدەنە وەرگێڕان و تەبلیغی ئەفکاری فون هایک و هانتینگتۆن. وەک ئەوەی لە زمان موسا غەنی نیژادەوە دەڵێن وڵاتانی ئیستیعمارگەر هیچکات ئێمەیان نەچەوساندۆتەوە بەڵکوو ئەوە ئێمەین کە هەوڵ و تەلاشی چەند سەد ساڵەی ئەوانمان بە قیمەتی چەند بەرمیل نەوتی بێ بایەخەوە داگیر کردوە. وەک بڵێی هێرشی ئامریکا بۆسەر عێراق و ئەفغانستان بەهۆی مەیلی مازوخیستی ئەوانەوەیە بە چەوسێنرانەوە و ئیستسمار کران. ئەم عالی خەنابانە هێرش بۆسەر ڕوناکبیرانی چەپیان خستۆتە دەستوری کاری خۆیانەوە و هەر بەم بەهانەیەش شاملویان کردۆتە نیشانە.

لەو نموونانەی کە دەیانەوێ شاملوی پێ بشکێنن سەرنج بدەنە ئەم دێڕانەی خوارەوە لە زمان موفەتیشی فەرهەنگیەوە:

((تەنانەت ڕادیکالیسمی نوستوو و شاراوە لە شێعری مودێرندا -کە شاعیران بە دژی سەڵتەنەتی شا بەکاران دێنا- خۆی یەکێک لە ئاسەوار و نیشانەکانی شێوە مودێرنیسمی پەهلەوی بوو کە لە شێعری شاعیرانێکی وەک ئەحمەد شاملودا خۆی دەردەخست و ئەوان لەگەڵ بوونی مەرزبەندی سیاسی لە ئاسۆی فەلسەفی و دنیا بینی ئاینی (لائیسیزم)دا لەگەڵ ئەم نیزامە سیاسیەدا هاوڕێ و هاوڕا بوون...)) (سەر وتاری شەروند امروز، ساڵی ١٣٨٦، ش ٣٣)

وەها بێ شەرمیەک کە دەکۆشێ دنیا بینی سوسیالیستی شاملو لە ڕێگای ئۆپۆرتونیسمی ژورنالیستیەکی هاو جیهەت لەگەڵ ڕوانگەی تا ڕادەیەک دژە ئاخوندی ڕژیمی شادا بگونجێنێ، بەوەشەوە ناوێستێ و دەڵێ: ((شێعری مۆدێرن لە هەڵوێست گرتنی سیاسیدا هەندێکجار شێعرێکی شۆڕشگێڕانە بووە لە پێناو ڕەخنە لە دیکتاتۆری پەهلەوی و سەرمایەداری دەوڵەتی و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا کە ئەوکات بەسەر ئێراندا دەسەپا. دەستەیەک لە شاعیران لە ئاستی جەدەلێکی سیاسیدا دەمانەوە و بە هۆکاری کورتی تەمەن و گیان بەختکرن (نەوەک شاعیرێک بەڵکوو وەک چریک و پێشمەرگەیەک) لە گەیشتنە لوتکەی شێعریدا سەرکەوتوو نەدەبوون و زیاتر لەبەر بیر و باوەڕە سیاسیەکەیان دەبوونە شاعیرانێکی ناودار و دەستەیەکی دیکەش هەرچەند لە ڕوانگەی جیاوازی سیاسیەوە حیسابی ئۆپۆزسیۆنیان بۆ دەکرا بەڵام لەگەڵ بەرجەستە کردنەوەی پێوەندی فکری خۆیان لەگەڵ دەسەڵات هەوڵیان ئەدا سود لە لایەنی لائیک بوونی حکومەت وەرگرن و حەیاتی شێعری خۆیان تا داگیر کردنی لوتکە بەرزەکانی شێعر درێژە پێبدەن. خوسرەو گوڵسورخی شاخس و نموونەی دەستەی یەکەم و ئەحمەد شاملوش نوێنەری دەستەی دووەم بوو کە ڕژیمی پەهلەوی لە هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا تووشی حاڵەتێکی هاودژ و جیاواز کردبوو. لەلایەکەوە شاملوی هاوجیهەت لەگەڵ خۆیدا ئەدیت و لەلایەکی دیکەشەوە هەستی بە دژایەتی بۆچوونی سیاسی لەگەڵیدا دەکرد.))

مرۆڤ ئەبێ لەلایەنی ئەخلاقیەوە گەلێک دارما و و ڕووخاو بێ کە ئەو گشتە ستایش و لایەنگریەی شاملو لە خەباتگێران و تێکۆشەرانی چەپ و دژی دیکتاتۆری پەهلەوی -لەوانە تەقی ئارانی، مورتەزا کەیوان و کەسانی تر- کە هەم خاوەنی لایەنی بەهێزی مەعریفە شناسییە و هەم لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە دەرخەری سەردەمی نەگبەتیار و قەرەقوشی ڕۆژگاری نیزامی پاشایەتیە لەبەرچاو نەگرێ و شاملو لەگەڵ ڕژیمی پەهلەویدا -تەنیا بەهۆی بە ڕواڵەت لائیک بوونیەوە- هاو جەهەت نیشان بدات و بڵێ کە تەنیا لەباری سیاسیەوە بۆچوونی جیاوازیان بووە! شتێک لە ئاستی جیاوازی و دژایەتی مێهدی بازرگان و شادا. ئەم چەشنە دنیا بینیەی لیبراڵی ئێرانی کە بە تۆندی پەلەقاژەیەتی تا شایەد بتوانێ دژایەتی سیاسی کەسایەتی و ڕێکخراوەکان لەگەڵ دەسەڵاتی گوێلە مستی

شـادا کەم بایـەخ دەربخات چەندان جێی سـەر سـوڕمان نییە. ئەوان (سەرانی جەبهەی میللی و نێهزەتـی ئازادی) بەم هۆیەوە کـە تەنیا کەمێک دڵ ئێشاوی سیاسـیان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەبوو و داوایان لە «ئەعلا حەزرەت» دەکرد بە مقامی شکۆداری سەڵتەنەت ڕازی بێت و یاسای بنەڕەتی وڵات بـە کردەوە دەربێنـێ و بفەرمێ کەمێکیش جێـگا بـۆ چوونـە ژوورەوەی ئـەو بەڕێزانە لە دەسـەڵاتدا بکەنەوە، بێشک گشـت خەباتگێرانی چەپ و سوسیالیست و دژی سەرمایەداریش بە هاوجەهەتی خۆیان دەزانن.

ئەم تەیفە لە لیبڕاڵەکانی سەردەم بۆ درێژەدان بـەم پلانەیـان لـە ڕێـگای بڵاوکـراوە ڕەنـگاو ڕەنگەکانیانـەوە بە کەڵک وەرگرتن لە کەسـانی وەک دەوڵـەت ئابـادی (وەک ئـەوەی هێنایانـە قسە بۆ نەقدی شـێعر و هەڵوێستە تەعەهوددار و سیاسـیەکانی شـاملو –شـهروند امـروز ۱۸ آژر ۱۳۸۷ ش ۳۸، ێ ۷۳) کەوتونەتـە شـکاندنی کەسایەتی و ڕەد کردنەوەی ستایشی قارەمانیەتی خەباتگێرانـی ئازادی خواز و بەرابەری تەڵەت و شاملوی شاعیر. جێی داخە لە هەر سەردەمێکدا بەهـۆی نا سیاسـی بوون و کـەم دەرکییەوە و نەناسـینی بەرژەوەندیـە چینایەتیـەکان کـەس یـان کەسـانێکی خۆش ناو لە بـواری فەرهەنگ و ئەدەبیاتـدا دەکەوێتـە داوی ئـەو ڕیاکارانەوە و دەبێتـە ئامرازی بەرەو پێـش چوونی مەرامە ئاشکرا و شاراوەکانیان (لە هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمـی سـەرکۆماریدا هـەر هەمـان ئاغـای دەوڵـەت ئابـادی بوو بـە جـارەدر و لایەنگری سیاسـەت و بۆچوونەکانـی ئاغای موسـەوی.) ئایا ستایشـی خەبات و خۆ ڕاگری تەقی ئارانی و کاک فـواد و وارتـان و تێکۆشـەرانی دیکەی ڕێگای ڕزگاری ئینسـان لە هەر چەشـنە ستەم و زۆرداریەک لە شـێعردا و لەلایەن شـاملوەوە کۆنـە گەرایی و کۆنـە پاریزیە یان لایەنگیری لە سیاسـەتەکانی میر حوسـێنی موسـەوی کە تا ئەنیشـک دەسـتی بە خوێنی تێکۆشەرانی چەپ و ئـازادی خـوازی ئێرانی سـوورە لـە ماوەی نزیک بە یەک دەیە دەسەڵاتداری دا، وەک ئاغای دەوڵەت ئابادی دەیڵێت و دەیکات!! ((شاملو دەڵێ پێویسـتە هونەرمەند تا سەر ئێسقان موتەعەهێد بێـت. من بایەخ بۆ هونەری بێ تەعەهود دانانێم. لەبـەر ئـەوەی پێموایە خـۆم تا ناخـی وجودم موتەعەهدم.))
(قەراگوزلو، ۱۳۸۲،ێ ۸٤)



تێبینی: ئەم بابەتە وەرگێڕانێکی ئازادە لە وتارێکی بەڕێز محەمـەد قەراگوزلـو لەژێر ناوی «احمد شـاملو خار چشـم اصلاح طلبان» ۳۹ تیر ۱۳۸۹

ئێعدام، ئامرازێکە بۆ سەرکوت نەک عەدالەت

ناسر حەقپەرەست

ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین کە تێیدا دواکەوتووترین و دیکتاتۆرترین هێز و دەوڵەتەکان دەسەڵاتیان قۆرخ کردووە و بۆ مانەوەشیان لە دەسەڵاتدا دەست لە هیچ چەشنە سەرکوت و جینایەتێک ناپارێزن و سزای مەرگ و لە سێدارەدان (ئێعدام) یش یەکێک لەو ئامرازانەیە کە بۆ چاوترسێنکردن و سرینەوەی نەیارانی خۆیان پەیرەوی دەکەن. بۆ چوونە ناو ئەو باسە سەرەتا وەرگێرانی نووسراوەیەکی کورتی «کارل مارکس» م بە پێویست زانی کە لە فارسییەوە وەرگیراوە.

***

ماركس:

«سزای مەرگ ئامرازێکە بۆ تیرۆر، بە هیچ شێوەیەک نموونەیەک نییە لە کردەوەیەکی حەقخوازانە.

ئەمە گەلێک دژوارە و ئەبەدەن ناومکینە، بە بریاری پرنسیبێک ئەمە قەبوڵ بکرێت یا خود ئامانجێکی بۆ دیاری بکرێت کە سزای مەرگ لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی شیاوی شانازیدا بسەلمێندرێت. لە شێوە ئاساییەکەیدا سزادان بەو ناوەوە پشتگیری لێدەکرێت کە ئامرازێکە بۆ باشتر کردن یا ترساندن. بەڵام ئەوە چ مافێکی هەیە کەسێک سزامانبدات، بۆ ئەوەیکە کەسانی تر باشتر بکات یا بترسێنێت؟

سەرەڕای ئەمانەش شتێک هەیە بە ناوی ئامار، ئەویش لە مێژوودا نیشاندەدات، هەر دووکیان بە گشتی و تەواوەن ئەوە دەسەلمێنن، هەر لە سەردەمی (کائین)ەوە جیهان بە سزادان نە باشتر بووەونە ترساویشە. تەواوەن بە پێچەوانەوە .

ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی روون و بێ پەردە لە بابەت مەسەلەکانەوە بدوێین، بەمجۆرە سزادان ئامرازێکی بەرگری کۆمەڵایەتییە دژ بە پێشێلکردنی هەل و مەرجی ژیان، جا بە هەر ناوەڕۆکێکەوە بێت. بەڵام ئەمە کامە کۆمەڵگایە کە بۆ بەرگری لە خۆی ئامرازێکی باشتر بێجگە لە جەلاد شک نابات؟

کاتێک کە تاوانباریی لە ئامارو ئەژمارێکی زۆردا تاوتۆی بکرێت، لە دووپاتکردنەوە و جۆری دووپاتکردنەوەیدا دەردەکەوێت کە پێویست ناکات رێز لە جەلاد بگرین بۆ ئەوەی کە هەندێک تاوانباری لە نابردووە وبەمجۆرە جێ بۆ تاوانباری تر بکەینەوە.

پێویستە بیر لەوەها سیستمێک بکەینەوە کە ئاوا تاوانبارگەلێک بەرهەم دێنێت».

***

لە واقعدا سزای ئێعدام بە هەر ناوێکەوەو لە هەر گۆشەیەکی جیهان بەڕێوەبچێت، کوشتنی بە ئەنقەستە. سزای ئێعدام لە بەرینترین شێوەی خۆیدا ئامرازێکە بە دەست سیستم و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانەوە تا بە شێوەیەکی کەمدەردیسەرتر بتوانن نەیاران و بیر جیاوازانی خۆیان لە ناو بەرن.

لە سێدارەدانی مرۆڤێک سامناک و بەدووەرە لە مرۆڤایەتی. یاسای لە سێدارەدان پاشماوەی یاسا بەربەرییەکانی سەردەمی کۆیلەداری و سەردەمە تاریکەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە کە بەردەوام لە لایەن ئایینەکانەوە بەهێزتر و زیاتر پەرەی پێدراوە. بەرپەچدانەوەی ئێعدام بە مانای بەرگریکردن لە تاوانبار و بکوژ نییە، چونکە کوشتنی مرۆڤێک خۆی هێمای بێ رێزی بە مرۆڤە. هەر بەم هۆیەشەوەیە کە کوشتن بێزراوە و بە هەر بیانوویەکیشەوە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بەڕێوە بچێت، نامرۆڤانە و نائەخلاقییە. کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک و پێشکەوتوو بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە لە ژێر هەر ناونیشانێکدا گیانی مرۆڤێک بگرێت. چونکە وەها کردەوەیەک خۆی بۆ مرۆڤەکان هەڵگری ئەو پەیامەیە کە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و ئاریشە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریییەکانیان دەست بۆ قەتڵی نەیارانی خۆیان بەرن. لە ماوەی یەک سەدەی رابردوودا دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان گەلێک جار ویستویانە کوشتنی نەیارانی خۆیان یا ئەو کەسانەی کە بە پێی یاسا دواکەوتووەکانی ئەوان

تاوانی بەناو شیاوی لەسێدارەدانیان دراوەتە پاڵ، بەناوی بەرگری لە کۆمەڵگا و باشتر کردنی ژیانی جەماوەر پاساو بکەن. ئەمەش زیاتر لە هەرشتێ فەزای تورەیی و توندوتیژی لە کۆمەڵگادا پەرە پێداوە.

ئەگەر بێت و بۆ قەزاوەت لە سەر باشبوون یا نەبوونی سزای ئێعدام تەنیا ئەو کەسانەی لە نەزەر بگرین کە زیانیان بە کۆمەڵگا گەیاندووە، ئەوە پێویستە بەراوردێک لە نێوان ئەو وڵاتانەدا بکەین کە زیاترین و کەمترین تاوان تێیاندا رووەدات. ئەو کات دەردەکەوێت مرۆڤ گیانلەبەرێکە، دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر پەروەردەو راهێنانی بۆ بکرێت. هەر مرۆڤێکیش لە قاڵب و قەوارەیەکدا بە ناوی کۆمەڵگا گەورە دەبێت و بەرهەمی کۆمەڵگای خۆیەتی. بۆیە ریشەی زۆربەی تاوانەکان لە چۆن پەروەردە بوون و چۆن ژیانی مرۆڤەکاندایە. هیچ تاوانێکی کۆمەڵایەتیش بە کوشتنەوەی تاوانبار بۆ کۆمەڵگا و قوربانیانی قەرەبوو ناکرێتەوە.

بەڵام ئەوەیکە واقعییەتی مەسەلەکەیە، ئەوەیە کە سیستمە دیکتاتۆرەکان لە ژێر ناونیشانی جۆراوجۆردا سزای مەرگ وەک ئامرازێک بۆ لە ناو بردنی نەیارانی خۆیان بە کار دێنن.

بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەگەر کورتە ئاوڕێک لە مێژووی چەند دەیەی ئەو وڵاتانە بدەینەوە کە سزای ئێعدام تێیاندا بەڕێوەچووە، باشتر ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەو کەسانەی سزای مەرگیان بەسەردا سەپێنراوە، ئایا زیاتریان ئەوانە بوون کە تاوانی کۆمەڵایەتیان ئەنجامداوە، یا خود لە نەیارانی ئەو سیستمانە بوون؟

بە پێی ئامارەکانی رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، لە ساڵی ٢٠٠٩ دا نزیکەی ٧١٤ کەس لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا لە جیهان لە سێدارە دراون کە هەڵبەت ئەو ئامارە رەسمیانە تەنیا ئەو ژمارەیە لەخۆ دەگرێت کە راپۆرت دراوە دەنا بە دڵنیاییەوە گەلێک لەوە زیاترە.

لێبووردنی نێونەتەوەیی وا بەراوەرد دەکات کە زیاتری ئێعدامەکانی ساڵی ٢٠٠٩ لە چین بەڕێوە چوون، بۆیە چین لە پلەی یەکەمدا و دواتر ئێران و عێراق لە پلەی ٢ و ٣ دان. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەگەر ڕێژەی ئێعدامەکان بە پێی حەشیمەتی وڵاتەکان لەبەرچاو گرین، دەبینین کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە لەسێدارەدانی مرۆڤەکاندا پلەی یەکەم و چینیش پلەی دووهەم بە دەست دێنن. هەڵبەت لە بابەت چینەوە ئاستەمە ئامارێکی دروست دەست کەوێت. لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ٢٣٩٠ ئێعدامی لە جیهاندا راپۆرتدا کە لەو ئامارە ١٧٠٠ کەسیان لە چین سزای مەرگیان بەسەردا سەپێندرابوو.

لە روانگەی رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییەوە لە پاش چین ئێران دێت کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا لانی کەم ٣٨٨ کەسی ئێعدام کردووە و لە ساڵی ٢٠١٠ ئەو ڕێژەیە رۆژبەرۆژ پەرەی سەندووە. لە عێراق ١٢٠ کەس، عەرەبستان ٦٩کەس و ئەمریکا ٥٢ کەس لە لایەن دەسەڵاتەکانی ئەو وڵاتانەوە ئێعدام کراون.

زۆرێک لەو کەسانەی کە لە ئێران و عەرەبستان لەسێدارە دراون لە خوار تەمەنی یاساییەوە بوون. یەمەن، سودان، ڤیەتنام، سوریە و ژاپۆن ... گەلێگی تر لەو وڵاتانەن کە سزای لە سێدارەدان تێیاندا بەڕێوە دەچێت. لە تەواوی ئەو وڵاتانەشدا زیاترین ڕێژی ئێعدامەکان لە ناو نەیارانی سیاسی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە سەر کارن بەڕێوە چووە. هەڵبەت ئاماری ئەو کەسانەی کە لەو وڵاتانەدا ئێعدام دەکرێن گەلێک لەو ئامارانە زیاترە کە باڵاو دەبێتەوە و هەمیشە بە هۆی نهێنی کاری ئەو دەسەڵاتانە و سانسۆر بەسەر راگەیێنەرەکاندا تا ماوەیەکی زۆر شاراوە دەمێنێتەوە. وەک کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە خەرمانانی ١٣٦٧ هـ بە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران کە تێیدا بە هەزاران تێکۆشەری سیاسی تیرباران کران و لە گۆرە بە کۆمەڵەکاندا (کە ئێستا ئاشکرابوون و لە لایەن جەماوەرەوە وەک سومبولی نارەزایەتی و مل کەچ نەبوون چاویان لێدەکرێت و بە گوڵزاری خاوەران ناویان دەبەن) حەشار دران. بە پێی راپۆرتێگی رۆژنامەی «واشنگتۆن تایمز» بە گوێرەی ئەو ئامارانە باڵاو بوونەتەوە لە ماوەی سێ دەیەی دەسەڵاتی کۆماری یسلامید ١٢٠ هەزار زیندانی سیاسی لەسێدارە دراون.

لە ئەوروپا بە پێی راپۆرتی لێبووردنی نێونەتەوەیی سزای ئێعدام بۆ کەس بەڕێوە نەچووە. دواهەمین ئێعدامەکان لە ئاڵمانیای رۆژئاوا لە ١٩٤٩ دا بووە و لە ئاڵمانیای رۆژهەڵاتیش لە ١٩٨١ لە رووسیاش لە مانگی مارسدا ٢ کەس لەدار دراون.

هەنووکە بە پێی ئامارەکان ١٧٠٠٠ کەس لە سەراسەری جیهاندل لە سلولەکانی مەرگدا چاوەڕێی ئێعدامی خۆیان دەکەن.

سزای لە سێدارەدانی هەر شارۆمەندێکی سەر ئەم گۆی زەوییە لە ژێر هەر ناونیشانێکدا بێت، پێویستە بە هەوڵی رێکخراو و نەپساوەی بەرە و مرۆڤە پێشکەوتنخوازەکان هەڵوەشێتەوە. ئێعدام لە ئێستادا ئامرازێکە بەدەست سەرمایەداری دواکەوتووەوە لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی خۆیاندا، چونکە لە هیچ بوارێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەوە توانای وەڵامدانەوەیان بە پێویستییەکانی ژیانی سەردەمی مرۆڤایەتی نییە.

ئازادی هونەر لە پێناو رزگاریی پرۆلتاریا

ن: ئەمیر موحسێن محەممەدی
و: جەلال حەسەنزادە

هونەر و فەرهەنگی مرۆڤایەتی هیچکات بەرادەی دەورانی سەردەم لەسەر هەڵدێرگەی نەمان نەبووە بەڵام بەردەوام لە مێژوودا تیغی سانسۆری پاوانخوازان سێرەی لە دەنگی هونەرمەندان گرتووە و بە ژاراوی کردن و تەپاندنی کەسایەتی تایبەتی ئەوان هەوڵی لە پێناو لاوازکردنی کارتێکردە هونەریەکانی لەسەر کۆمەڵگاداوە، بێ ئاگا لەوەیکە هەر تاکێک بەم رادەیە لە ئازادی و بەرابەری تاک وەک بایەخێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ ئازادیە تاکە کەسیەکان کە لە بەرهەمی مەزنەکانی وەک رۆزا لۆکزامبورگ بە لایەنی زۆرەوە داواکراوە پاڵپشتی گەشەکردنی کۆمەڵگایە و گومانی تێدا نیە تەواو خوازی هونەری دەرکەوتنی کۆمەڵگای ڤەتیس و سەقامگیریی باری ئابوری بورژوایی لە نیزامی سەرمایەداری نێونەتەوەیی لێدەکەوێتەوە. بەرهەمی هونەری، فەلسەفە، کۆمەڵناسی و زانستیەکان بەتەواوی چالاکی تاکن و گۆرانی پتانسیلە زەینیەکان بە شیوازی عەینی ئەو دەبێ کە سەرەنجام فەرهەنگی پێ دەوڵەمەندتر دەبێ ئەم بەرهەمانە پێویستی دوولایەنە نیشان دەدەن کە لە نێوان تاک و کۆمەڵگادا هەیە ٠ ناکرێ لە یاسایەکی تایبەتی کە لە نێو ئازادی فەرهەنگی کۆمەڵگادا هەیە چاوپۆشی بکرێ، ناکرێ لە بواریک دا کە دەبێتە هۆی تێ چەقان و کەش و هەوای کپ کە داهێنانی ئازادانەی تاک تێی دا پەرە دەگرێ سەرنجی نەدەیتێ و لە لایەکی دیکەوە ئازادی ئەم فەزایە لە ژاراوی کردنی سەردەمی خۆی زیاتر لە هەر شتێکی تر لە لایەن دەسەڵاتەوە کاولکراوە و دەست درێژی بۆ سەر کراوە. نیزامی سەرمایەداریی نێونەتەوەیی هونەر و هونەرمەند دەکاتە موزدوری خۆی و بەردەوام شکڵ و شێوەی بەرتەسکی نووسراو و نەنووسراو کە بۆی خوڵقاندوە لە هەوڵی تێدا بردنی خەلاقیەتی ئازادانەی دایە رێک هەر وەک کردەوەی بەرتەسک و ناتەواوی کە هونەری ئیستالینیستی لە پێناو پتەو کردنی دەسەڵات و سەرکوت دەیخوڵقێنێ و هەر وەک هونەری فاشیستی کە بە نەزۆک ترین چوارچێوە ناسانە



تەنیا باس لە نیزامی هیتلەری دەکات و پاکانەی بۆ دەکات و هەر جۆرە مەیلێک بە ئازادی داهێنەرانە بە توندی سانسۆر دەکات٠ هونەری راستەقینەی ئەمرۆیی لە ناخی خۆیدا بە تەواوی شۆرشگێرانەیە و لە پێناو نۆژەنکردنەوەی ئورگانیکی کۆمەڵگا و ئازادی بەرابەری و رزگاریی پرۆڵتاریا حەرەکەت دەکات بۆئەم ئامانجە سەرەتا دەبێ ئازادی و رزگاریی داهێنانی هونەری تاک تەزمین دەکات هەتا سەبارەت بە ئامانجی یەکجارەکی رزگاری پرۆڵتاریا و خەڵکانی کۆیلە کراوە راستگۆیانە خەباتی بۆ کردبێ٠ لیئۆن تڕۆتسکی بە بەرنامەی بۆ پێشەوە بەرەوهونەری ئازاد و شۆرشگێرانە شیدەکاتەوە:"رژیمی دیکتاتۆری شورەوی لە ریگای هەلسوران لە تەشکیلاتی بە روالەت فەرهەنگی دا کە لە سەرجەم ولاتەکانەوە گەری خستوە تارمایی یەکی لەشک و گومان لە دژی سەرجەم بایەخە مەعنەویەکان لە سەرتاسەری جیهاندا داگرتوە٠ تارمایی یەک لە خوێن و زەلکاو کە ژمارەیەکی لە بەرگی هونەرمەند و لە روالەت رووناکبیری تێدا خول دەخۆن کەسانێک کە نۆکەر سیفەتییان کردوە بە پیشەی خۆیان فریوکاریان کردوە بەرێورەسمی خۆیان و شاردنەوەی جینایەتەکانیان کردوە بە ئامرازی خۆش گوزە رانی و رابواردنی خۆیان هونەری رەسمی سەردەمی ئیستالین رەنگدانەوەی هەولی کەسانێکی ئەو تۆیە بۆ بەرەو وانیشاندانی سیمای دزێوی خۆیان ئەویش لە ریگای خروقاتێکەوە کە هەتا ئیستا کە لە مێژودا وێنەی نەبووە٠" نیزامی بورژوایی و ئیستالینیستیەکان کە بە کردەوە پێناسە و کەرامەتی ئینسانیان پێخوست کردە و ئاوات و ئارەزوویی خەباتی خەڵکیان بۆ دونیایەکی باشتر لە بەرچاو نەگرتوە بەردەوام هونەرمەندانی سەربەخۆ لێی تورە و بێزارن و لە لایەن ئەوانەوە لە قاو دراوە و ریسواکراون رۆڵی هونەرمەند لە کۆمەڵگای داخراوی بورژوایی ئەمرۆکە لە بەرانبەرکێی نێوان تاک و شێوازە کۆمەڵایەتیەکان کە لە دژی شەڕ دە کە ن، دیاری دەدات ئەم بابەتە دەتوانێ هونەرمەند پابەند بکات و لە ریزی پێشەوەی شۆوشگێران هەنگاو بنێ و هەر ئەم بابەتەشە کە سوسیالیزم بە پاڵپشتی ئازادی تەواوی هونەر دەزانێ پێویستی جەوهەری ئینسانەکان بە رزگاری و ئازاد بوون لە نێو سەرجەم خەڵکدا هاوبەش و لە هەموو شوێنێکی جیهان لە پەرە گرتن دایە ئەگەر ئەم رزگاری و ئازاد بوونەی ئینسانەکان بە شێوازێکی سروشتی و مەنتیقی خۆی گەشە بکات گەورەترین رووداوی مێژوویی و جوانترین ئاواتی مرۆڤایەتی دەبێتە راستی:"ئازادی و رزگاری سەرجەم ئینسانکان". حکومەتە پاوانخواز و دیکتاتۆرەکان بە بیانووی ئەوەی کە لە ناکۆکی و ململانێ لە گەل جەو هەری ئافراندنی هونەریدان سانسۆر دەخاتە سەر هونەرمەندان و بە چواشەکاریی وەک بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەرژەوەندی ولات تەنانەت ناوەرۆک و جەوهەری بەرهەمەکانیش دەست نیشان دەکە ن بەلام هونەرمەندێک مافی خۆیەتی کە بە هیچ بیانوویەک ناکرێ لێی زەوت بکرێ لەوانە ئازادی بیرکردنەوە و رزگاری لە سەرکۆت و بەندێک و هەڵبژاردنی ئازادانەی ناوەرۆک و فورمی هونەری و کە ئەمە پێویستی سەرەکی ئافراندنی هونەری دەبێ بەمجۆرەیە کە بنەرەتی "ئازادی تەواو بۆ هونەر" خەوش هەڵناگرێ چونکە هەر جۆرە پابەندیەک بە حکومەت و ئاستەنگە سیستماتیکیەکان هەر لە بنەرەتدا دژایەتی لەگەڵ جەو هەری خولقاندنی هونەریەوەیە لە لایەکی دیکەوە مافی رەوای سوسیالیزمی شۆرشگێرە کە لە بەرانبەر هێرشی ئیمپریالیستی بۆ سەر هونەر دژکردەوە نیشان بدات بەلام ئەم دژکردەوە بەکاتیەی سوسیالیزمی شۆرشگێر بۆ دیفاع لە ئازادی و رزگاری ئینسانەکان و بە خولقاندنی دەسەلاتی حکومەتی بە سەرکاری بەرزی خولقاندنی ئازادانەی هونەر بە تەواوی جیاوازی هەیە. دەبێ لەبەر چاو بگیرێ کە بەرگری لە ئافراندنی ئازادانەی هونەری و ئازادی تەواوی بیروڕا بە مانای دیفاع لە بێلایەنی سیاسی نیە چونکە هیچ گومانێک نیە کە ئەندێشە و هونەری بە روالەت "جێگەی شانازی" و "هەڵکەوتە" بەردەوام بە درێژایی مێژوو لە خزمەت بە ئامانج و سیستمە دواکەووتوەکان بووە، بە راستی هونەر زۆر بە بایەخ و مەزنتر لەوەیە کە لەم ئاستەنگانەدا قەتیس بکرێ و ناکرێ هیچ ئەرکێک بۆ هونەر دیاری بکرێ بێجگە لە خولقاندنی ئازادانەی هونەری، هونەرمەند جیهانی دەروونی خۆی لە گونجاندن لەگەڵ شکل و فۆرم و شێوازە بێ کۆتاییەکانی جیهان بە شێوەیەکی تەواو ئازادانە وێنا دەکات و هەوڵ بۆ خولقاندنی ئازادانەی ساتە هونەریە کان و خەیاڵەکان دەدات. مارکس لە لایەرەی ٧٠ی بەرگی یەکەمی

کۆمەڵە بەرهەمەکانی دا دەنووسێ:" نووسەر بە شێوەیەکی سروشتی بۆ درێژەدان بە ژیانی و کارەکانی دەبێ هەوڵ بۆ بژیو بدات، بە ڵام بە هیچ جۆرێک نابێ لە پێناو وەدەست هێنانی بژیو و پوڵدا بژیت و یان بنووسێ، نووسەر بە هیچ شیوەیەک کاری نووسەری ناکاتە ئامراز ئەم کارە بۆ ئەو پێناسەی ئامانجیەتی ئەگەر وەک ئامرازیش بۆی بڕوانێ ئامرازێک دەبێ بۆ ئەوەی کەسانی تر کە لە کاتی پێویست دا خۆی فیدا دە کات هەتا وزە بەخشی کارو هونەرەکەی ببێ بە مەرجی یەکە می ئازادی چاپەمەنی ئەوە لە بازرگانیکردن دوور بێ" لە هەلومەرجی ئێستای جیهان و خۆ پارێزی و خۆ بەکەمگری هونەری بەکرێگیراوە هونەرمەندان لە بارودۆخێکی بەژان و ئازاردا قەراریان گرتوە زۆربەی ئەوان لە پێناو وەدەست هێنانی بژیوی ژیان دوو رێگا لە بەردەمی خۆیان دەبینن: یان مەسیرێک هەڵدەبژێرن کە بە وێرانەکانی داڕمانی سەرمایەداری گیراوە و یان ئەوەی کە لە رێڕەوی ئیدئولوژی سەرمایەداری دا پێ

لەسەر جەستەی لاوازو دارماوی پرۆلەتاریای بەندکراو بنێن چارەی ئێمە لەگەڵ هونەرمەندانی دووفاقەی کە کرێگرتەی ئیمپریالیزمی نوێ یان قەبووڵ کردوە بە تەواوی روون و دیارە وپێویستی بە لە قاودانی ناوەرۆکی ئەوان لەم هەلە دانیە چونکە ئیلتیهابی جەستەی چینە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا کە لە قسەی خوێن خۆری ئاغاکانیان دە ردەکەوێ ئەم گەماڵە زنجیر کراوانە لە هەمیشە زیاتر هار دەکات بەڵام هونەرمەندانێک کە لە بارودۆخێکی ئەوتۆ بەژاندا روو لە رێکخراوە ئیستالینیستیەکان دەکە ن ئەگەر بیانەوێ لە گەندەڵی ڕەوشت بە دووربن ماوەیەکی زۆر ناتوانن لەم سیستمانەدا بمێننەوە چونکە نەتەنیا ناتوانن پەیامی ئافراندنی ئازادی هونەری خۆی بگاتە گوێی بەرانبەرەکانیان بەڵکو لە بەرانبەر کەمێک داهات و پوڵێک کە بە هیچ جۆر شیاوی راستەقینەی هونەری نیە پەنا بۆ هەر جۆرە رەزیلی و موزدوریەک بەرێت هونەری مەزن سەر بە شۆنێکی تر پێگەی ئەو لە نێو کەسانێکدا نیە کە خیانەتی لە پرۆلەتاریا شۆرش و ئینسانیەت کردوە بەڵکو جێگەی لە نێو کەسانێکدایە کە بە ئیرادەیەکی پتەو وەفادار بە شۆرشی دژی سەرمایەداریە و تەنیا ئەوانن دەتوانن شۆرش بە ئاکام بگەێنن و لەم رێگایەدا سەرجەم فۆرم و خەلاقیەتی ئینسانی و ئەندیشەی ئازادانە وەدی بێنن و پاڵپشتی ئازادی هەمیشەی هونەر ببن. هونەرمەندان دەبێ بەرگری تەواو لە ئازادی هونەر بکەن ئەوە پێویستی هەر رەوتێکی هونەری فەلسەفی و سیاسی هەڵگری هەر بۆچۆنێک لە خۆ دەگرێ دەبێ هونەر لە شەڕی کاولکارانەی پۆلیس رزگار بکرێ ئیستاکە گەلێک

هونەرمەندی گەورە لە سرتاسە ری جیهاندا دەژین کە چەواشەکاریی سازماندراوی پاوانخوازان بە بۆ چوونی بەرواڵەت دژ بەیەک ئەوانی تەریک کردۆتەوە لە لایەکی ترەوە هونەرمەندانی داهێنەر و کەم ئەزموون ئیستا کە لە لایەن هەر دوو جەمسەری ئیمپریالیزم و ئیستالینیزم فریو دەدرێن زۆربەی ئەو هونەرمەندە لاوانە تەنیا بە شوێن رێگای پەیوەندی تازەوەن نەک رێگای وەدەست هێنانی دەدات و ئەوە لە حالێکدایە کە ئیمپریالیزم لە شێوازی سوننەتی ئەودا هەر بۆچوونێکی پێشرەوانە بە"لاری" دەژمێردرێ و ئیمپریالیزمی مۆدێرن لە لایەکی ترەوە هەوڵ بۆ بە لاری دا بردن و گەندەڵ کردنی هەر هونەرێکی پێشکەوتوو لە ژێر ناو و نازناوی ریاکارانەی وەک پۆست مۆدێرنیزم دەدات ئیستالینیزمیش لە کردەوەی خۆی دا نیشانی داوە کە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ ئافراندنی ئازادی هونەر بە هێرشی فەرهەنگی ئیمپریالیزم و بورژوازی ناوزەد دەکات لە ئاکام دا هیچ رێگایەک نەماوەتەوە بێجگە لەوەیکە هونەرمەندانی ئازاد و شۆرشگیر هەموو هەوڵی خۆیان لە رێگای خەبات لە دژی خەفەقان و سەرکوتی کۆنەپەرستانەی نێونەتەوەیی بەرێوە دەبات. ئازادی تەواوی هونەر بۆ شۆرشی جیهانی دژی ئیمپریالیستی و دژی ئیستالینیستی و شۆرش لە پێناو ئازادی و رزگاری هەمیشەیی هونەر و فەرهەنگ رێبازێکە کە رزگاریی تەواوی پرۆلەتاریای بە شوێنەوە دەبێ.

ئایدۆلۆژیا و کولتوور لە سیستەمەکانی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتیدا

ئا: پێشەنگ

ئایدۆلۆژیا و کولتوور لە سیستەمی کۆیلەداریدا

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئایدۆلۆژی دەوڵەتانی کۆیلەداری دێرین، ناوەرۆکی ئائینی_یانە. ئەم مەسەلەیە لە بابەت میسر، بابل، هێند، ئورارتوور، ئێران و ناوچە ئەمریکاییەکانەوە بە شێوەی یەکسان واقعییەتی هەیە. ئەگەرچی ئەو ئائینانە شکڵ و شێواز و هێما و بۆنەی جۆراوجۆریان هەبوو، ناوەرۆکی راهێنانەکانیان یەکێک بوو: پێرەوی کردنی خەڵک لە سیستەمی خاوەن دەسەڵات، چاوترسێن کردنیان لە خودایانێکی تورە کە هەر ساتێک ئامادەن ئەوان لە سەردەمی ژیانیاندا یا لە پاش مەرگ سزا بدەن. لە زۆریەک لەو ئائینە کۆنانەدا راهێنانگەلێک هەبوو لە بابەت دۆزەخ، هەر وەک بەشێکی ئیلاهی بۆ ئەو کەسانەی کە لە یاساو ڕێساکان سەرپێچی دەکەن و بەهەشتیش وەک پاداشتێک بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەنج و ئازارەکانی ئەم دونیایە تەحەمول دەکەن. کاهینەکان بە هەموو کەرەسەیەک لە هەوڵدابوون جەماوەر قانیع کەن بەوەیکە زاڵبوونی چینە دەوڵەمەندەکان هێزێکی خودا پێداوانەیە. ئەم مەسەلەیە بە تایبەت لە بابەت دانی پلەی خودایی بە دەسەڵات و فەرمانڕەوا لە دەوڵەتانی کۆیلەداری جۆراوجۆردا بەرچاو دەکەوێت. دامەزراندنی تاکە فەرمانڕەوایی لەسەر زەوی لە ڕێگای لێک نزیک کردنەوەی ماناکان، بووە هۆی سەرهەڵدانی راهێنانی ئائینی پێوەندیدار بە هەبوونی (پادشای خوداکان). ئەم گوزەرکردنە بەشێنەییە لە پۆلی تئیسم (باوەرمەند بوون بە چەند خودای جیا) بەرەو مۆنۆ تئیسم (باوەرمەند بوون بە خودایەک) دەکرێ بە پلە و شێوەی جیاواز لە زۆربەی وڵاتانی کۆیلەداری کۆندا بەدی بکەیت. جەماوەریش هەروەک چۆن توانایی خۆراگریان لە بەرامبەر هێزە سروشتییەکاندا نەبوو، لە بەرەنگار بوونەوەی چەوسێنەرانیشدا بێ توانا بوون. ئەم بێ توانایە بووە هۆی کارتێکردن و بەهێزبوونی ئایدۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار لە شعووری ئەواندا. بەڵام ئەم جیهانبینییە زۆریش بەهێز نەبوو.

توخمە سەرەتاییەکانی فەلسەفەی ماددی

دوو هۆکاری سەرەکی بوون بە هۆی بێمتمانە بوون بە جیهانبینی ئائینی. سەرەتا ڕەخسانی بواری زانستە پۆزەتیڤ (ئیجابی)یەکان بوو. پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان ڕێگەی بۆ دۆزینەوەی گەلێک لە یاساکانی سروشت خۆش دەکرد. سەردەمێک دانیشتووانی نێوان دوو زێی دیجلە و فۆرات پێیان وابوو کە هۆکاری لافاو تورەبوونی هێزە بان سروشتی و ڕەمزاوییەکانە. لە ئەنجامدا ئەوان هۆکار و تایبەتمەندی دەورەیی ئەویان بۆ دەرکەوت. لەو سەردەمەدا بوو کە بۆچوونە ماددییە ساکارە سەرەتاییەکان سەریانهەڵدا و تەنانەت بواری سەرەتاییترین راهێنانە ماددییەکان خۆش کرا. بەمجۆرە لە نیوەی دووهەمی هەزارەی بەر لە زایین، یەکەمین مانای ماددی جیهان کەوتە بەرامبەر مانا قەبوولکراوە ئائینییەکان. یەکەمین فەلسەفەی ماددی لەسەر ئەو باوەرە بوو کە جیهان لە(توخمگەلێکی سەرەتایی) پێکهاتووە و گشت شتێک لە جیهاندا لە حاڵی بزووتن و گۆرانکاری دایە و ئاکامی کرداری بەرامبەری دوو هێزی جیهانی ڕووناکی و تاریکییە. بەم شێوەیە سەرەتاییترین چەکەرەکانی ماتریالیسم تەنانەت دیالێکتیک سەریهەڵدا.

دووهەمین هـۆکاری لاوازبوونـی ئایدۆلۆژیای دەسـەڵاتدار لـە نـاو جەمـاوەردا، هەلومەرجی دژواری ژیانـی ئەوان بـوو. هەژاری، بەدبەختی و بێبەشـی لە گشـت مافە مرۆییەکانیان ئەوانی ناچار بە ڕاپەرین لە دژی دەوڵەتی کۆیلەداران و کاهینانی پارێزەری دەکرد.

زانست و هوونەر

پێداویسـتییە ئابووریـیەکانـی حەشـیمەت لـە دەوڵەتە کۆنەکانی ئاسـیا و ئەفریـکادا یەکەمین زانیاری زانسـتی کە لە سەر بنەمای شێوازێکی سـەرەتایی بیرکردنـەوەی ڕووت (مجرد) بوو پێکهێنـا. پێویسـتی ڕاگرتنـی حیسـاباتەکان و ڕووپێو کردنی زەوییەکان سـەرەتای ماتماتیک (حیسـاب و هەندیسـە) و ئەستێرەناسـی بوو. دواتر شـیمیا و فیزیا هاتە گۆڕێ. شێوازی بابلی ژمـارەکان وەها باش گەڵاڵە ڕێژی کرابوو کە لە هیندێ لایەنەوە لە مەکتەبەکانی یۆنانی دێرین و ڕۆما پێشکەوتووتر بوو. چونکە ژمارەکانی بابل دەیانتوانی بـە لانیکەمی پیتەکان هەر ژمارەیەک بەیان بکەن. تەکنیکی کتێب بەشـێنەیی لە ئاسـیا و ئەفریـکا سـەریهەڵدا. لە سـەرەتادا هێماگەلی وێنەیی pictgraphy پێکهات کە شت و کردەوە جۆراوجۆرەکانـی بـە ئاوێتە کردنـی وێنە و بێ سـەرەنجدان بە یاساکانی دەنگناسی دەردەبڕی. دواتر نووسـینی وێنەیی گۆڕا بۆ ئەندێشەنگاری Ideography کە لەودا هەر وێنەیەک نوێنەری ئیدەیەکی دیاریکراو بوو.

لەگەڵ گەشەی سیسـتەمی کۆیلەداری، پێویست بوونی تۆمارکردنی دڕووست و وردی ئەو یاسا و فەرمانانەی کە کاریان پێدەکرا، بەڕاوردکردنی سـامان و جۆری ئەو و هەروەهـا تۆمارکردنی پێناسـەی چلۆنایەتی و چەندایەتی ئەو شـتانەی معامەلەیان پێوەدەکرا یا ئەنبار دەکران، هەسـت پێکـرا. بەم شـێوەیە بوو کە خەتی (نووسـینی) وێنەیی لە میسر سەریهەڵدا. ئەم خەتە ئاوێتەیەک بوو لە خەتی ئەندێشەنگاری و هێمای بێدەنگ.

ئەلـف و بێ لە لایـەن فینیقییەکانـەوە داهێنرا و بـوو بە بنەمای ئەلـف و بێ ی ئارامی و یۆنانی کـە سـەرەتاییترین نموونـەی زۆربـەی ئەلف و بـێ نوێیـەکان بوو. خەتـی ئەندێشـە نگاری بزمـاری کە خەڵکـی نێـوان دوو زێ بەکاریان دێنـا، یارمەتییەکـی زۆری بـە پێشـکەوتنی ئەدەبیات کرد. مێژوو ناسـان بەردوام هۆگریان بـە حەماسـەی گیل گمیش هەبووە کـە لە پێناو هەرمـان و نەفەوتانـی مرۆڤدا لەگـەڵ هێزە بان سروشتییەکاندا جەنگابوو. لە سەردەمی کۆندا، دانیشـتوانی ئاسـیا و ئەفریـکا بەرهەمگەلێکـی هوونـەری گەورەی وەک دەفـری گلینەی جوان و کەمالیاتـی بەرهـەم هاتوو لە ئێسـقان، بەرد، درەخـت .... نەخشـگەلێکی ڕەمزاویان لە سـەر دیواری پەرەسـتگە و گـۆڕەکان لە پاش خۆیان جێ هێشتووە.

مۆزەخانەی بریتانیا لە لەندەن، لوور لە پاریس و گەلێکی تر لە مۆزەخانەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا و باکووری ئەمریکا خاوەن ئەشیایەکی هوونەری سەرسـووڕهێنەرن کە هی خەڵکانی ئاسـیایی و ئەفریکایین و داگیرکەران ئەوانیان یا ڕاستەوخۆ یا بە کەمترین نرخ لەو وڵاتانە بە تاڵان بردووە. هوونـەری بیناسـازی نێـوان دوو زێ، میسـر، خـارەزم، ئورارتـوو، چیـن، هێنـد و ئێـران لە بواری مێژوویـیەوە میراتێکی پر بایەخ بە ئەژمار دێن. ئەو داهێنـان و زانیاریانیانەی کە خەڵکانی ئاسـیایی و ئەفریکایی لە بەرهەمهێنان، زانست، ئەدەبیـات و هوونـەردا دەسـتەبەریان کردبوو، کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لە سەر گەشەی دواتری شارسـتانییەت جێ هێشت. بە تایبەت لە ناوچەکانـی دەریای ناوەڕاسـت و ئەو وڵاتانەی کە نەتەوە نوێیەکانی ئەورووپا سەریانهەڵدا.

دانیشـتوانی ئاسـیا و ئەفریکا ڕچەشـکێنەکانی گەشـەی کولتـووری مـاددی و مەعنـەوی مرۆڤایەتی بوون. ئەگەر چی ئەم گەشەکردنە بە هەنگاوگەلێکی لەسەرەخۆ ڕوویدا لە هەمان حاڵدا ئەزموونـی ئاسـیایی و ئەفریکاییەکان گەشـەی خێـرای هێـزە بەرهەمهێنەرەکانـی دەوڵەتانـی کۆیلەداری یۆنان و ڕۆمای ئاسان کردەوە.

ریزبەندیی ئابووری_کۆمەڵایەتی

شـێوەی پێوەندییەکانـی بەرهەمهێنانـی هـەر کۆمەڵێـک، دیاریکـەری سیسـتەمی ئابـووری ئـەو کۆمەڵەیـە. ئەو سیسـتەمە ئابووریە وەک ژێرخانێـک وایـە کـە لەسـەر ئـەو، پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، ئیـدەکان و دامـەزراوەی جۆراوجۆرر دادەمەزرێندرێت. چونکە لە ئاکامدا شێوەی بەرهەمهێنان دیاریکەری سەراپای ژیانی ئـەو کۆمەڵەیـە. ژێرخـان، دامەزراوە یاسـایی، سیاسـی و ئەو ڕێکخراوانەی کـە پێوەندیان بە پێکهاتـەی چینایەتی کۆمەڵـگاوە هەیە (دەوڵەت، کۆمەڵەی ڕۆحانییەکان، پارتە سیاسییەکان ...) وە بە کورتی هەر شتێک کە سەرخانی ئایدۆلۆژیکی کۆمەڵ پێکدێنێت، دیاری دەکات.

لەو ڕووەوە کە ژێرخان دیاریکەری سـەرخانە،

کەواتە هەر گۆرانێک لە ژێرخاندا لە سەرخانیشدا گۆرانی بە شوێنەوە دەبێت وەک: دامەزراوە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان. بەڵام هەرچەند کە سەرخان وابەستە بە ژێرخانە، بە نۆبەی خۆی دەتوانێت لەسەر پێوەندییەکانی بەرهەمهێناندا (ژێرخان) گاریگەری هەبێت و ئاڵوگۆڕەکانی تونـد یـا خاو کاتـەوە ... کەواتە هـەر کۆمەڵێک بریتییە لە ئۆرگانیسـمێکی تەواوکـەر و یەگانە، زەنجیرەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و جۆرێکی مێـژووی دیارریکـراو لـە کۆمەڵـە بە شـێوەی بەرهەمهێنـان، ژێرخان و سـەرخانی تایبەت بە خۆی.

ژێرخانـی کۆمەڵـی کۆیلـەداری وەک کۆمەڵـی دەرەبەگایەتی و سـەرمایەداری سرووشـتێکی ناکۆکـی هەبـوو، چونکـە لـە لایـەن چینـی دەسـەڵاتدارەوە لەسـەر بنەمـای خاوەندارێتی تایبـەت بەسـەر کەرەسـەکانی بەرهەمهێنـان و چەوسـاندنەوەی بەرهەمهێنەرانـی بەهـا ماددییەکان، بەرێوە دەچێت.

ئایدۆلۆژیا و کولتوور لە یۆنانی دێرین

بـە پێکهاتـن و پەرەسـەندنی پێوەندییەکانـی کۆیلـەداری لـە یۆنانـی دێریـن، ئایدۆلۆژیـای کۆمەڵی (ئێژەئی) Aegean شـکڵی گرت. ئەوە ئایدۆلۆژیای کۆیلەدارانێک بوو کە لە هەوڵدابوون لە ئائین و فەلسەفە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی خۆیـان کەڵـک وەرگـرن. خەباتـی نێـوان مانا جۆراوجـۆرە فەلسـەفییەکان رەنگدانەوەی ئەو پێکدادانە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە بوو کە لە ناو چینی دەسەڵاتداری کۆیلەداردا لە گۆرێدا بوو.

دەسـکەوتەکانی خەڵکی یۆنانـی دێرین رۆڵێکی گەلێک قوولّی لە گەشـەی کولتووری مرۆڤایەتی و بە تایبەت کولتووری ئەوروپاییدا گێراوە.

کولتووری «میسێن» یا «ئێژەئی»

دەوڵەمەنـدی کولتـووری یۆنانـی دێرین مایەی لـە کولتـووری پێشـکەوتووەکانی کۆیلـەداری (هـەزارەی ٢ و ٣ بەر لە زایین) کرێت، میسـێن، دوورگەکانـی دەریـای ئێـژە و تـرۆی گرتبوو. دەسـکەوتە کولتوورییەکانی میسـێن «ئێژەئی» چەندین نەوە دواتر پێی ئاشنا بوون و تاوتوێیان کـرد. یەکەمیـن راپۆرتـی نووسـراوەی یۆنانی دێرین لە راسـتیدا دەگاتە هـەزارەی دووهەمی بـەر لە زایین. کولتـووری ئێژەیـی رێگەی بۆ بیناسـازی و هوونەرەکانـی تـری دونیای کۆن خۆش کـرد. هەڵکۆڵینەکانی دێرینەناسـان باس لـە بیناگەلێـک دەکات کە خەڵکـی کرێت Crete و ئاخـەAchaeans دانیشـتووی میسـێن و هەروەهـا لە لایەن خەڵکی ترۆیەوە بیناکراون و کاخ و قەڵاگەلێکـی بەهێز، رێگا پان و بەرینەکان و سیستەمگەلێکی ئاودێری. لە مابەینی دۆزراوە زۆرەکاندا، چەکگەلێکی خشـڵدار، دەفری گڵینە و جەواهیراتی زێر و زیو بەرچاو دەکەوێت.

کولتووری کۆمەڵی هومێری

حەماسەگەورەکانی «هومێر»_ئیلیاد و ئودیسە_ یـادگارە کولتووریە جوانەکانـی یۆنانی دێرینن. «هومێر» شـاعیری پایەبەرزی سەردەمی کۆن ئاواز و ئەفسانەکانی سەردەمی خۆی کۆکردەوە و دانییـە بەر لێکدانەوە و یادگاریگەلێکی ئەدەبی لـە کۆمەڵـی یۆنانی کـە لە سـەدەی ٨ و ٩ بەر لە زایین لە سـەر وێرانەکانـی یەکەمین دەوڵەتە کۆیلـەداراە ئێژەییـەکان پێکهـات، بەرهـەم هێنا. دەوڵەتەکانـی پێشـوو بە هۆی کۆچـرەوی ئەو خێڵانەی کە هەنووکەش لە شێوەی کۆمەڵگەلێکی «هەرەوەزی»ی سەرەتاییدا دەژیان لە ناو چوو. ژیانی کۆمەڵی یۆنانی نوێ کە لە سەرەتاوە خۆی خاوەن دەوڵەت نەبوو، لە شیعرە حەماسییەکانی «هومێر»دا رەنگی داوەتەوە. ئەو حەماسـانە لە سـەرەتادا لە نێـوان چەندین نـەوە دەم بە دەم گوازراوەتـەوە تا ئەوەیکە لە سـەدەی ٦ بەر لە زاییـن کۆکرایەوە. لـەو رووەوە کۆمەڵی یۆنانی لە سـەدەکانی ١٣ تا ١١ بەر لە زایین بە کۆمەڵی هومێـری دەناسـرێتەوە. هـەروەک رەخنەگری ناوداری ئەدەبی رووسـیا و. بلینسکی وتوێەتی : شـارەزایی هوونەریی هومێـر کورەیەک بووە کە تێیدا بەردی خاو، ئەفسانەکان، ئاواز و پارچە ئەدەبییەکان بووەتە زێری خالیس.

ئەفسانە یۆنانییەکان

لە شێعری یۆنانی دێرینداا، رووداوگەلێکی واقعی لەگەڵ ئەفسـانەکاندا ئاوێتـە کراون. دەبێ لە ناو مانا ئائینییە کۆنەکانی دانیشـتوانی بەشـی ئێژە لە سـەردەمی سیسـتەمی هەرەوەزیی کۆندا بە شـوێن ریشەکانی ئەفسانەکانی یۆناندا بگەڕێین. بـەڵام ئەفسـانەکانی یۆنان تەنیـا میراتگری ئەو مانـا سـەرەتاییانە نەبوون. بـاوەرە دینییەکانی ئـەو هۆزە سـەرەتاییانە لە کولتووری گشـتیدا (فولکلـۆر) و دواتـر لـە ئەدەبیـات و هوونەری یۆنانـی سـەردەمی کۆنـدا رەنگـی دایـەوە. ئەفسـانەکان کە درێژەی ئائینە سـەرەتاییەکان

بوون هەڵێنجانی مرۆڤی سەرەتایی لە جیهان و مرۆڤایەتی بوو. ئاوایە بەهای میتۆلۆژیکی ئاو، هەوا، ئاگر و خاک.
لەگەڵ گەشەی ئەفسانەکاندا، ناوەرۆکە لە چەشنی مرۆڤایەتی، توانی دزە بکاتە ناو جەماوەری زەحمەتکێشەوە. لەو سەردەمەدا پەرەستنی خوداکانی ئۆلەمپی بوو بە ئائینی ڕەسمی پولیسەکانی یۆنان کە گوشاری چینایەتی

ئائینییەکەیان زیاتر بوو. لەو سەردەمەدا ئائینی ئۆلەمپی یۆنانی دێرین لە حاڵی شکڵ گرتندا بوو.

ئائینی ئەفسانەکان «(ئۆلەمپی»

لە سەدەی ٦ بەر لە زایین باوەرگەلێکی ئائینی کەم تا زۆر هاوشێوە کە لە سەرانسەری ناوچە یۆنانییەکاندا باو بوو، پێکهات. ئەو باوەرانە بنەمای ئائینی ئۆلەمپی بوو. ناونانی ئەو ئائینە لە کێوی ئۆلەمپ Mount olympus هاتووە کە گوایە مەڵبەندی ئەو خوایانە بووە کە لە لایەن زێئوسەوە Zeus هیدایەت دەکران. ئائینی ئۆلەمپی سەر بە هیچ ئۆرگانێکی ئائینی پێکهاتوو، شەریعەت یا تەشریفاتی ئائینی نەبوو. ئەگەرچی مەقبەرەی خودایان تا ڕادەیەک لە ژیانی خەڵکدا گرنگی هەبوو، بەڵام سیستەمێکی تایبەتی پێک نەدەهێنا و هەروەها تۆڕێکی تایبەتیشی لە پلەدارانی ئائینی و ڕۆحانییە پایەبەرزەکان نەبوو. لە کاتی پێویستدا ئەوکەسانەی کە لە لایەن کۆمەڵی خەڵکەوە دیاریکرابوون ئەرکە ئائینییە جۆراوجۆرەکانیان بەڕێوە دەبرد. ئائینی ئۆلەمپی بە دروستکردنی خوداینێکی لەسەر کۆیلەکان و هەژارەکانی پاساو دەکرد. ئەو بەشە لە جەماوەر کە لە بێ مافی خۆیان نارازی بوون زۆربەی کات بە بەڕێوەبردنی مەراسمگەلێکی تایبەت بە خودایانی پشتیوانی خۆیان، دژی ئائینی ڕەسمی دوەستانەوە. بەو چەشنە بوو کە ئائینی دیۆنیزیوس Dionisius پشتیوانی جووتیارەکان بە شانازیی ئەوەوە مەراسم و بۆنەی تەشریفاتی بەڕێوە دەچوو. ئەو دابرانە ئائینییە دەتوانێت نمونەیەک بێت بۆ گشت ڕەتکردنەوە ئائینییەکانی دواتر.

دەرکەوتنی کولتوور

پێشکەوتنی ئابووری یۆنان لە سەدەی ٨_ ٦ بەر لە زایین هاوڕێ بوو لەگەڵ کولتووڕێکی گەشەکردوو. ئەلف و بێی یۆنانی کە لەسەر بنەمای پیتی فینیقی بوو لە سەدەی ٨ بەر لە زایین ئامادە کرا. ئەدەبیات بە قۆناخێکی نوێ لە گەشەی خۆی گەیشت. حەماسەکانی هومێر_ ئیلیاد و ئۆدیسە لەگەڵ ئەفسانەدا ئاوێتە بوو، ئێستا لە « کارەکان و ڕۆژەکان»ی «هێزیۆد»Hesiod دا باسێکی دروست لە

ژیانی رۆژانەی جووتیاری ساده له کۆمەڵگەی یۆنانداا دەخوێنیەوە که کەوتوونەتە ژێر ستەم و زۆرداریی دەوڵەمەندەکانی یۆنان.
یەکەمین بەرهەمەکان بە شێوەی پەخشان لەو سەردەمەدا خولقان. له سەرەتادا، ئەو بەرهەمانە بەشێک له فولکلۆر بوون کە دواتر کۆکرانەوە. چیرۆککەلێکی له چەشنی ئەفسانە که زۆربەی کات کەسایەتییەکانیان له ئاژەڵەکان پێکدەهات، گەلێک رەواجی پەیدا کرد.
سەدەکانی ٨ و ٦ بەر له زایین کاتی پێشکەوتنی گەورە له گشت بوارەکانی هوونەردا بەتایبەت بیناسازی بوو. مەقبەرە بەردینەکان جێگەی مەقبەرە داراییەکانیان گرتەوە. واقیع گەرایی شکڵی هوونەری زاڵ بوو.

هەڵس وکەوتی زانستی لەگەڵ سروشت

گەشە کردنی کولتوور هاوریێ بوو لەگەڵ یەکەمین هەڵسوکەوتە زانستییەکان لەگەڵ سروشت. ئەندێشەی زانستی که تازه چرۆی کردبوو هەنووکەش بە بوارگەلی جۆراجۆر دابەش نەبوو و زانستی جیا و جیاواز نەهاتبووە گۆرێ. فەیلەسوفە سروشتگەراکانی یۆنانی دێرین سەراپای کەوشەنەکانی ژیانیان لە ئەستێرە ناسی تا پزیشکی، دەدایە ژێر وردبینی. ئەو یەکەمین هەوڵانە له توێژینەوە زانستیەکاندا لە هەمانکاتدا دیمەنێک بوو له جیهانبینی مادەی له بابەت سروشتەوە. ئەو مانایەی که مرۆڤ له لایەن هێزە بان سروشتیەکانەوە نەخولقاوە بەڵکووو بە پێچەوانەوە، خوداکان لە لایەن خەیاڵی مرۆڤەکانەوە خولقاون هەر لەو کاتەدا شکڵی گرت. تێروانینی زانستیانەی رووداوە سروشتییەکان بووە هاندەری پێکهاتنی جیهانبینییەکی مادەی.

قوتابخانە مادەییەکانی یۆنان

هێندێک لە شارە ئەیونی و کەنارەییەکانی ئاسیای چکۆلە بەتایبەت «میڵت»، «ئێفێس» Ephesus، «فۆکا»Phocaea خاوەن گەشەی کولتووری خێرا بوون. لەو شوێنانە بوو که یەکەمین ناوەندەکانی فەیلەسوفە یۆنانییەکان که ئیدە مادەییەکانی خۆیان رادەگەیاند، دامەزرا. فەیلەسوفە ئەیونییەکان جۆراجۆری بێپایانی سروشتیان تەنیا لەسەر بنەمایەکی مادەی پاساو دەکرد. به واتایەکی تر ئەوان وتەبێژانی ماتریالیسمی سەرەتایی بوون. تالس tales، ئەنەکسیماندر Anaximsner ، ئناکسیمێن Anaximenes (لە سەدەکانی ٨ و ٧ بەر له زایین) له گەورەترینی ئەو فەیلەسوفانانە دەهاتنە هەژمار.
فەیلەسوفە مادەییەکانی ئەیون زانیارییەکی زۆریان له بابەت سروشت هەبوو و ئەویان بەسەر فەلسەفەدا دادەسەپاند. بەڵام هەنووکەش بۆچوونەکانیان لە ژێر کاریگەری میتۆلۆژیدا بوو. لە کۆتاییەکانی سەدەی ٦ بەر له زایین ئەو فەلسەفەیە بە راهێنانگەلێکی « هێراکلیت ئەفسی»Heraclitus of Ephesus هەنگاوێکی بەرەو پێش هەڵگرت. ئەو لەسەر ئەو باوەرە بوو که ئاگر بنەمای مادەی زیندووە.
بۆ یەکەمین جار له مێژوودا هێراکلیت ئیدەی بزووتنی گشتی و جیهانی و خەبات و یەکێتی دژبەرەکانی گەڵاڵە کرد.: «ناکرێ دووجار بچیتە ناو رووبارێکەوە«، « لە ناخماندا هەم مەرگ و هەم ژیان، خەو و بێداری، گەنجی و پیری بوونی هەیە«، «شەر به ئاشتی دەگات»، «لە مابەینی ناکۆکییەکاندا هاوئاهەنگییەکی گەورە بوونی هەیە«. بەڵام هێراکلیت له نێوان وتە پربایەخەکانی خۆیدا نەیزانی کە خەبات رەهایەو یەکێتی ناکۆکییەکان تەنیا گرنگییەکی ڕێژەیی هەیە. دەکرێت دەرکەوتە سەرەتاییەکانی ماتریالیسم و دیالێکتیک لە راهێنانەکانی هێراکلیتدا بەدی بکەیت. ئەو یەکەمین کەس بوو که هەوڵیدا مەسەلەی چۆنایەتی زانیاری مرۆڤ بە سەرەنجدان بە سروشت وەک سەرچاوەکەی، چارەسەر بکات.

بۆچوونی ئایدەئالیستی له فەلسەفەدا

هێندێک لەو فەیلەسوفانەی که بەروە ماتماتیک _زانستێک که تا رادەیەکی زۆر پێویستی به ئەندێشەیەکی رووت (مجرد) بوو_ چووبوون، بەرەو داکۆکیکارانی بۆچوونی ئایدەئالیستی له فەلسەفە رۆیشتن. ئەوان له ماتماتیک بۆ داهێنانی ماناگەلی ئایدەئالیستی نوێ سوودیان وەرگرت و باسی «سێحر و ئەفسونی» ژمارەکانیان هێنایە گۆرێ. فیساغورس و پێرەوانی ئەو (سەدەی ٦ بەر لە زایین) که لە یەکەمین فەیلەسوفە ئایدەئالیستەکان بوون، چلۆنایەتییەکی رەمزاویان به ژمارە و مانا ماتماتیکییەکان بەخشی.
بە پێی باوەرەکانی ئەوان ژمارەی (١) نوێنەری شەر و (٢) هێمای باشی بوو و (١٠) کەمال و ... نوێنەرەکانی قوتابخانەی ئایدەئالیستی له شاری «ئیلیا»Eleia _ کۆچەر نشینی یۆنانی له باشووری ئیتالیا_ له هەوڵی سەلماندنی نەگۆری

ماددەدا بوون.

خەباتی نێوان بۆچوونە ئایدەئالیستی و ماتریالیستییەکان لە فەلسەفەدا

بۆچوونی ماتریالیستی لە فەلسەفەدا بە خەباتی تونـد دژ بـە مەیلـە ئایدەئالیستییە ئائینییەکان گەشـەی کـرد. فەیلەسـوفە ماتریالیسـتەکان لە هەوڵدا بوون سـوود لەو بەشـەی ئەفسـانەکان وەرگـرن کـە پێوەنـدی بـە دیتنەکانـی مرۆڤی سەرەتایی لە سروشت هەبوو. هەڵێنجانەکانیان پێوەنـدی هەبـوو بـەو زانیاریـە زانسـتییەی کـە خەڵکانـی ئاسـیایی و ئەفریـکای باکـوور کۆیانکردبووەوە. فەیلەسـوفە ئایدەئالیسـتەکان راهێنانەکانـی خۆیـان لـە سـەر لایەنـە ئائینی، ئیلاهیـات، ئەفسـانە یۆنانییەکان بونیـات نابوو. ئەوانیش لە راهێنانـە جۆراوجۆرەکانی خەڵکانی ئاسیایی و ئەفریکایی کەڵکیان وەرگرت.

لـەو سـەردەمەوە کە بـاس کرا شـەری نێوان دوو بۆچوونـی فەلسـەفی دەسـتی پێکـرد و لە سـەراپای مێژووی یۆنانی دێرین و هێلێنیسـمدا درێژەی کێشا. ئەو خەباتە ئاشکراکەری خەباتی گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسـیە جۆراوجۆرەکان بـوو. لە بزووتنی زیاتری کۆمەڵگەدا ئەو خەباتە تایبەتمەندییەکی جۆراوجۆرتری بەخۆیەوە گرت.

زانست و کولتوور

پێشـکەوتن لـە ژیانـی ئابـووری و سیاسـی یۆنـان لـە سـەدەی ٥ بەر لـە زایینـدا لەگەڵ کولتوورەکەشـیدا رەنگـی دایـەوە. ئـەو پێشکەوتنەش لەگەڵ پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵـی یۆنانـدا لـە مـاوەی سـەدەی دواتردا نەوەسـتا. مامتماتیک،ئەستێرەناسـی و پزیشکی وەک زانست سەریانهەڵدا.

مامتماتیکزانەکانـی سـەردەمی کـۆن، زەنجیرە باسـێکیان هێنایە گۆڕێ کە هەم بەهای زانستی و هـەم بەهای تیۆریکی هەبـوو. گریمانەگەلێکی زانسـتی جۆراوجۆر لـە بواری ئەستێرەناسـی هاتە گـۆڕێ، بەتایبـەت گریمانەگەلێک لە بابەت خـر بوونی گۆی زەوی و شـتە ئاسـمانییەکانی تـر. «مێتـۆن» کاتژمێـرە هەتاوییەکـەی خۆی داهێنا کە بە پێی ئەو ماوەی سـاڵێک بریتی بوو لـە ٣٦٥ و ٥/١٩ رۆژ. ئـەو کاتژمێرە تا گشـتی بوونەوەی کاتژمێری ژولین لە رۆمای دێرین بە کار دەهێنرا.

بیقـرات Hippocrates گەلێـک لـە تێبینـی و تاقیکردنـەوە زانسـتی و پزیشـکییەکانی خـۆی تۆمار کرد و تیۆری چوار مەزاجیی مرۆڤی هێنایە گـۆڕێ. هێندێـک لە نووسـەرانی ئـەو دەورەیە هـرۆدوت و توسـیدید رووداوە مێژوویەکانـی سەردەمی خۆیان و رابردوویان تۆمار کردووە. ئەدەبیـات و هوونـەر لە یۆنانی سـەدەی ٥ و ٤ بەر لە زایین روو لە پێشکەوتن بوو. تەشریفاتی دێرین و ئائینە جۆراوجۆرەکان بوونە هاندەر و بەڵگە بۆ نومایشە تیاتریییەکان. دراماتیستگەلێکی وەک ئاشـیل، سـۆفۆکل، ئوریپید و ئاریستۆفان کاریگەرییەکی زۆریان لەسـەر گەشەی زیاتری کولتووری جیهانی دانا.

هەر لەو کاتەدا بوو کە پەیکەرەتاشە ناوداڕەکان «میـرۆن» و «فیدیـاس» و «پولیتـوس» و دواتر «پراکسـیتێل» یادگارە مەزنەکانی خۆیان خوڵقاند. گەلێک لە ئاسـەوارە ناوداڕەکانی یۆنان تا ئێسـتاش هەر ماون. یۆنانییەکان هۆگرییەکی زۆریشـیان بە مۆسیقا بوو و هێندێکیان ئامێری تایبەت داهێنا.

دمۆکریت

خەباتی نێوان فەیلەسوفە ماددی و ئایدەئالیستەکان توندتر بووەوە. ئەوە شەری نێوان دوو بۆچوون و دوو بـەرە لـە ژیانی سیاسـی یۆنانی دێریندا بوو. فەلەسـوفە ماددییەکان هزرمەندانی شـکڵی دیمۆکراتیکـی کۆمەڵـی کۆیلەداریـی (ئاتێـن) و ئایدەئالیسـتەکانیش نوێنەرانـی «پولیسـێر» ئۆلیگارشی (ئێسپارت) بوون.

فەیلەسـوفە ماددییـەکان لـە هەوڵـدا بـوون، لە چوارچێوەی ژیاندا بەشـوێن وەڵامی پرسـیارە گەڵاڵـە کراوەکانـدا بگەرێـن کـە یەکێـک لەوان دروسـت بوونـی ماددە بـوو. سروشـتگەرا گـەورەکان بریتـی بوون لـە: ئەنێکسـاگۆراس Anaxagoras (نزیکـەی ٤٢٨ تـا ٥٠٠ بـەر لە زایین)، ئێمپدۆکل Emdocles (٤٢٣ تا ٤٨٣ بەر لـە زایین) و دمۆکریت (نزیکەی ٣٧٠ تا ٤٦٠ بەر لە زایین).

ئەنێکساگۆراس گەردیلە ماددییەکانی بە بنەمای ماددە دەزانی، تۆوی گشـت شتەکان. ئێمپدۆکێل پێی وابوو کە جیهان لە چوار توخمی سـەرەکی پێکهاتووە: خاک، ئاو، هەوا و ئاگر. ئەو لەسەر ئەو باوەرە بوو کە ئەو ریشـانە دەتوانن بەسەر بێ ئەژمارەدا دابەشکرێن و لەگەڵ هێزە ماددییەکان: ئەوین و نەفرەتدا بە کردەوە دەربێن. مەبەسـت و مانـای ئێمپدۆکل لـە بابەت هاتنـەدی جیهان ئالـی (ئۆرگانیک) لەو ریشـانە سەرەنجراکێشـە و گۆرانـی دواتـری ئەو لـە هێندێـک لایەنەوە،

هاوشێوەی مانای مانەوەی شیاوترە.
دمۆکریت ئیدەی گەردیلە دابەشهەڵنەگرەکانی ماددەی کە ئەو بە ئەتۆم ناوی دەبرد و سەرەتا لە لایەن لوسیپوس _یەکێک لە پێشینیانی ئەو_ گەڵاڵە کرابوو سازدا. بە پێی ئەو تیۆرییە ئەتۆمەکان کە گشت دیاردە سروشتییەکان لەخۆ دەگرن توخمگەلێکی لە بواری چۆنایەتییەوە هاوشێوەن کە چ لە بابەت دۆخیان لە فەزادا و پێکهاتەکەیان لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن. دمۆکریت بنەمای گشت دیاردەکانی بە پێویست دەزانی کە پەیوەستن بە بزووتن_ەوە. لە روانگەی ئەوەوە گرنگترین لایەن ماددەیە. دمۆکریت ئیدەی بێکۆتایی و ئەبەدیی ماددەی دایە بەر تاوتوێکردن: «هیچ شتێک ناتوانێت لە هیچەوە بێتە بوون و هیچ شتێکیش ناتوانێت ببێت بە هیچ». ئەو لە هەوڵدابوو کە بە شێوازێکی ماتریالیستی سەرچاوەی جیهانی گیانداران روون بکاتەوە. ئەو وتی رۆحی مرۆڤ هەر وەک جەستەی فەنا نابێت.
یاسای بنەمایی راهێنانەکانی دمۆکریت لە خەبات دژ بە مانا ئایدەئالیستییەکانی ئەوکات پێکهات.
هاوکات لەگەڵ گەشەی فەلسەفەی ماتریالیستی جیهانبینی ئاتەئیستی (خودا نەناسی)یش رەواجی گرت. پایەی سیاسی ئەو جیهانبینییە سەرهەڵدانی دیموکراسی کۆیلەداری بوو. فەیلەسوفە ماددییەکان بە باوەرمەندبوون بە بنەمای ماددی جیهان شوێنێکیان بۆ «عەقڵی رەبانی» نەدەهێشتەوە. هێراکلیت لە بابەت جیهانەوە دەڵێت: « ئەو سیستەمە جیهانییە کە بۆ هەموان یەکسانە، لە لایەن هیچ خودا و هیچ کەسێکی ترەوە نەخوڵقێندراوە، تیشکێکی ئەبەدی بووە، هەیە و دەبێت کە دادەگیرسێت و بەرەو خامۆشی دەچێت.»
فەیلەسوفە ماددییەکان بۆ رۆح سەرچاوەی ماددی قائیل بوون و لە کەوشەنی کۆمەڵایەتیدا عەقڵی مرۆڤیان جێنشینی ئیرادەی خوداکان دەکرد.

ئەفلاتوون

نوێنەرانی بۆچوونی ئایدەئالیستی پێداگرانە لە هەوڵدابوون تا پێگەی فەیلەسوفە ماددییەکان لاواز بکەن. ئاتێن گۆرەپانی سەرەکی ئەو بابەتە فیکرییە بوو.
سۆفیستاییەکان (مامۆستایانی هزر)یش سەرەرای هێندێک بۆچوونگەلی ماتریالیستی و ئاتەئیستی خۆیان، ئایدەئالیست بوون. گەلێک لە سۆفستاییەکان بە حاشا کردن لە پێوەندی نێوان راهینانە فەلسەفی و واقعییەتەکان، فەلسەفەیان کردبووە تەمرینێکی زەینی. سۆقرات (٣٩٩ تا ٤٦٩ بەر لە زایین) بۆچوونی ئایدەئالیستی سۆفستاییەکانی سازدا و رایگەیاند کە «من»ی هەر کەسێک سەرچاوەی زانیاری ئەوە. ئەو دەیوت: خۆتان بناسن. سۆقرات لە هەمبەر تیگەیشتنی ماددی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان دەوەستایەوە. بۆچوونی ئایدەئالیستی لە راهێنانەکانی قوتابی سۆقرات (ئەفلاتوون) دا (نزیکەی ٣٤٧ تا ٤٢٩ی بەرلە زایین) بە لووتکەی خۆی گەیشت تا ئاستێک کە دەتوانین باس لە «دەزگای فەلسەفی ئەفلاتوون بکەین» کە خاڵی بەرامبەری دەزگای دمۆکریت بوو. ئەفلاتوون جیهانی هەستپێکراو و ماددی بە سێبەری جیانی واقیعی، رەنگدانەوەی گشتیی ت، مانا کان، دیاردەکان و شتەکان دەزانی.





ئەو ڕایگەیاند کە مرۆڤ دەتوانێ ئەم گشتییەتە بە یارمەتی «بیرەوەرییەکانی ڕۆحی لە فەنا نەهاتووی» درک بکات. دەزگای فەلسەفی ئەفلاتوون نموونەیەکی بەرچاو لە ئایدەئالیسمی عەینی بە هەژمار دێت. عێرفانیش لە راهێنانەکانی ئەفلاتووندا ڕۆلێکی گرنگی گێرا.

ئەرەستوو

راهێنانەکانی ئەرەستوو (٣٢٢ _ ٣٨٤ بەر لە زایین) گەورەترین فەیلەسوفی کۆنی سنووری مابەینی راهێنانەکانی دمۆکریت و ئەفلاتوون

بـوو. ئەرەسـتوو رەخنـەی لـە مانـای جیهانی بانهەسـتی ئیدەکانـی ئەفلاتوونی گـرت. ئەو لە حاڵێکـدا کـە بوونـی جیهانێکی عەینـی قەبوڵ دەکرد، لەسـەر ئەو باوەرە بوو کە سەرچاوەی ناسـینی واقعی ئەو، ئەو شـتانەن کـە لە ڕێگای هەسـتەوە وەردەگیرێـن. بـە پێـی بۆچوونـی ئەرەسـتوو «ئیدە«کانـی ئەفلاتوون نـە توانای ڕوونکردنـەوەی هـۆکارە سـەرەتاییەکان Beginninse و نـە هـۆکاری ئاڵوگۆڕەکانـی دیاردەکان و شتە هەستپێکراوەکانی هەیە.
بـەڵام ئەرەسـتوو لە بابـەت مەسـەلەی بوون (وەرگرتنی هەسـتی) و ئەندێشـە، ئایدەئالیسـت مایەوە. ئەو لەسەر ئەو باوەرە بوو کە ڕۆحێکی هۆشـیار سـەربەخۆ لـە ئەندامـی مـاددی، لـە پرۆسـەی ناسـیندا ڕۆڵێکی گرنـگ دەگێڕێت. لە ڕوانگەی ئەرەستوو، ماددە کاریگەری وەرگر و شـکڵ نەگرتـووە و لە ڕێـگای هێزێکی بکەرەوە دەکەوێتە بزووتن. بە بۆچوونی ئەو سەرچاوەی ئەو هێزە و لە هەمانکاتدا ئامانجی کۆتایی کەمالی جیهانی واتە خودایە.
ئەرەستوو زانای گەورەی سەردەمی خۆی بوو. ئـەو بەرهەمگەلێکـی زۆری لە بـواری مێژووی ئەدەبیـات، تیۆری ئەدەبیات، مەنتیق و زانسـتی سروشتی_ بە تایبەت بوونەوەرناسی نووسی. نووسـراوەکانی ئەرەسـتوو لە بابەت مەسـەلە سیاسـییەکان خـاوەن گرنگییەکـی گـەورەن. ئەو یەکەمین کەس بوو کە وشـەی سیاسـی لە کتێبەکەی خۆیدا «پۆلتیکا» کە تاو و تۆیکردنێکی بنەمایی و نموونە لە سیستەمی سیاسی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان بەدەستەوە دەدات، بە کار هێنا.

ئایدۆلۆژیا و کولتووری هێلێنیسم

کولتـووری دونیـای هێلێنـی باشـترین دەستەبەرکراوەکانی یۆنانی دێرینی بەرەو خۆی ڕاکێشـا. لـە هـەر ناوچەیەکی بەرینـدا کـە تێیدا دەوڵەتی هێلێنی پێکهات، ئاوێتەیەک لە کولتووڕە هێلێنـی و خۆجێییـەکان دروسـت دەبـوو _ ئاوێتەیەک لە بۆچوونگەلی جۆراوجۆر لە زانست، هوونـەر و ئەدەبیـات. گەشـەی بەرهەمهێنـان بزوێنـەری زانسـتی سروشـتی بـوو. هەر لە ماوەی ئـەو دەورەیەدا بوو کـە بەدواداچوونی زانستیی سروشت دەستی پێکرد.
چەندین ڕشـتە لە زانسـت، بە شـێوەی گشـتی لە فەلسـەفە جیا بووەوە و بـە خێرایی پەرەیان گـرت. ئەگەر چـی هێندێک لـە فەیلەسـوفەکان لـە گەلێک بواری زانسـتدا ناوبانگێکـی زۆریان دەسـتەبەر کرد. ئەراتۆسێن (١٩٣ _٢٧٦ بەر لە زایین) ماتماتیکزان، سروشتناس، ئەستێرەناس، مێژوونووس و بەتایبەت جوگرافیزان_ یەکەمین کەسـێک بـوو کـە دریژایـی هێڵـی کەمەرەیـی بەراوەرد کرد و ئەندازەکەی بە ٣٩/٧٠٠ کیلۆمەتر (لە ڕاستیدا نزیکەی ٤٠/٠٠٠ کیلۆمەتر) دیاریکرد و بەراوەردەکانیشـی لـەو کاتدا بە شـێوەیەکی سەرسوورهێنەر دروست بوون.
(توخمـە) نـاوداڕە هەندسـییەکانی ئێقلیدێس لە سەرەتای سەدەی سـێهەمی بەر لە زایین هاتنە گـۆڕێ. ئەرشـمیدێس (نزیکـەی ٢١٢ _ ٢٨٥ بـەر لە زاییـن) ماتماتیکـزان و میکانیـک کە لە «سیسیلی» دەژیا یاسای بنەمایی هێدرۆستاتیک (یاسای ئەرشمیدێس سەبارەت بە ئاوەکییەکان) ی دۆزییەوە و مێکانیسـمی ئاودێری مەزراکانی تەکمیـل کـرد و دسـتی دایـە دۆزینەوەگەلێکی فەننی تر ...
ئاریسـتارک لە شاری سـامۆس (سەدەی ٣ بەر لە زایین) ئەستێرەناس، ئیدەی خولانەوەی گشت شـتە ئاسمانییەکانی بە دەوری خۆردا پێشکەش کرد کە بە «هلۆسانتریسم» دەناسرێتەوە.
لە ئەسکەندەرییە بەدواداچوونێکی ڕەخنەگرانە لە حەماسـەکانی هومێر، زمانناسی وەک زانستێک دەستی پێکرد.
یەکەمین بەرهەمە ئەدەبییەکان کە لەودا باس لە ژیانێکی خۆش و گونجاو دەکات لەو سەردەمەدا هاتە گۆڕێ.
لەهەمانکاتیشـدا کێشمەکێشـی فەیلەسـوفە ئایدەئالیسـت و ماتریالیسـتەکان دریژەی کێشا. لـە ڕاهێنانەکانـی ڕەواقییەکان (ئێسـتائیکەکان) یشـدا توخمگەلی ماتریالیستی دەوترایەوە. بەڵام بەگشـتی ئـەوان باوەڕیان بە بوونـی هۆش لە پانتایـی زانـای کائینـات هەبوو (کـە ئەویان بە «لوگـۆس» ناو دەبـرد). لوگۆس کـە هۆکاری نەزمی جیهان بوو، خودبەخود بە زاتێکی زیندوو بە هەژمار دەهات. ڕەواقییەکان و بەرگریکارانی تری ئایدەئالیسم و دین لە بەرامبەر پەرەسەندنی ماتریالیسـمی زانسـتیدا خۆڕاگریـان دەکـرد. ئێپیکـۆری ماتریالیسـت (نزیکـەی ٢٧٠ _ ٣٤١ بەر لە زایین) مرۆڤی بە بەشـێک لە سروشـت هەژمار دەکرد.
ئێپیکـۆر هـەر وەک دمۆکریـت بنەمـای سەراسـەری بوونـی لـە گەردیلـە ماددییـە لە دابەشـبوونەهاتووکانی ئەتۆمـەکان و ئـەو بۆشـاییەی کە لەودا بزووتنـی میکانیکی ئەوان شـکڵ دەگرێت، بەدی دەکرد. ئەو گشـت دیاردە

سروشتییەکانی بە پێکهاتەیەک لە ئەتۆمەکان دەزانی کە نەک هەر لە ئەندازە و قەوارەدا بەڵکوو لە قورساییشدا جیاوازن.
تیۆری ئیپیکۆر لە بابەت ئەوەیکە بەلاریداچوونی ناوخۆیی ئەتۆمەکان پێوەندی بە قورسایی و بزووتنی هاوکات و راستەهێڵی ئەوانەوەیە، لە تەئیدی پێناسەی ماددیدا گرنگییەکی گەورەی هەبوو. ئیپیکۆر ئەبەدییەت و بێ کۆتایی جیهانی قەبوڵ دەکرد کە بێ سەرەنجدان بە هۆشیاری مرۆڤ و بێ سەرەنجدان بەو راستییە کە مرۆڤ لەرێگای وەرگرتنە هەستییەکانییەوە جیهان درک دەکات، بوونی هەیە.

ئایدۆلۆژیا و کولتوور لە رۆما

کۆیلەدارانی رۆمای دێرین بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لە کەرەسەگەلی ئایدۆلۆژیکی جۆراوجۆر کەڵکیان وەردەگرت کە هاوئاهەنگ لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی _ ئابووری و سیاسی سیستەمی کۆیلەداری، گۆرانی بەسەردا دەهات.

کۆماریی یەکەم

لەماوەی ئەو دەورەیەدا «پولیس»_ کۆمەڵەیەک کە لەودا ئەشرافییەتی خێڵ دەسەڵاتدار بوو_ رۆڵێکی دیاریکەری هەبوو. ئایدۆلۆژیای پارێزکارانەی کۆمەڵی رۆما هەر لەمەوە سەرچاوەی دەگرت. ناوەرۆکی ئەو ئایدۆلۆژیایە بریتی بوو لە پەرەستنی سیستەمی «پولیس»، رەواجدانی ملکەچی کۆمەڵ بۆ دەسەڵاتی ئەشراف_ پاتریسیەنەکان_ پێوەندییەکانی خاوەندارێتی لە حاڵی پەرەگرتندا بوو و بە پێی ئەویش یاساگەلی تایبەت دادەڕێژرا.
یەکەمین پەخشان و شیعر رۆمی ئاوێتە لەگەڵ ئاوازە جەماوەرییەکان سەریانهەڵدا. قەیرانی سیستەمی سیاسی «پولیس» نیشانەی قەیرانی ئایدۆلۆژی ئەویش بوو. ئایدۆلۆژیای سەردەمی کۆماریی لە ژێر کاریگەری کۆمەڵی یۆنانیدا بوو و شەرەکانی ئیمپراتۆری رۆما لە ئاسیای چکۆلە و باڵکان تایبەتمەندییەکانی ئەوی دیاری دەکرد. لە رۆماش هەروەک یۆنان خەباتی دژبەیەکی نێوان دوو ئایدۆلۆژیا خۆی دەرخست. بۆچوونی ئایدەئالیستی_ دینی لە ژێر کاریگەرییەکانی یۆناندا بوو.
بەر لەو، لە سەردەمی پێکهاتنی دەوڵەتدا، رۆماییەکان خوداگەلێکی زۆریان دەپەرەست. ئەوان لەسەر ئەو باوەرە بوون کە هەر شتێک خاوەن رۆح و خودای خۆیەتی. بۆ وێنە ٦٣ خودای منداڵ بوونی هەبوو: خودای یەکەمین گریانی منداڵ، خودای یەکەمین هەنگاوی منداڵ ... . پشتیوانانی ماڵ و بنەماڵە رۆحگەلێکی باشە بوون کە بە «پێنات» و «لار» دەناسرانەوە. ناوەندگەلێکی دینی جۆراوجۆر هەبوو کە کاهینەکانیان بەسەر بەرێوەبردنی تەشریفاتی ئائینیدا چاوەدێریان دەکرد.
لە ژێر کاریگەری هەمیشەیی یۆناندا بەرەبەرە پێویستی یەکێتی خوداکانی رۆما و یۆنان، وە بەخشینی تایبەتمەندییە مرۆییەکان بە خوداکانی رۆما هاتە گۆڕێ. دواتر ئیمپراتۆرەکانی رۆما لە پلە بەرزەکانی رۆحانی، فەرمانرەوا ئائینییەکانی رۆماش قەبوڵ کران.
بۆچوونە ماتریالیستییەکان لە ژێر کاریگەرییەکانی ئیپیکۆردا پەرەیان گرت. لوکریتۆس (٥٥_٩٨ بەر لە زایین) دیارترین نوێنەری ئەو بوو. ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «لە پێوەند بە ناوەرۆکی شتەکان»دا ماناگەلی ماددی لە بابەت سەرچاوە و گۆرانی سروشت و مرۆڤ هێنایە گۆڕێ. بۆ وێنە ئەو باسی «دەرخەری» بەدوور لە دابەشبوونی _ئەتۆمەکان_ کە نە دەتوانێت بخوڵقێت و نە دەتوانێت نابود کرێت، هێنایە گۆڕێ.
هەڵێنجانی ماددەگەرایانەی واقعییەت بووە هۆی کۆکردنەوەی زانیاری زانستی و بە بەکارهێنانی دەستەبەرکراوەکانی یۆنانییەکان، زانستی خۆجێیی رۆماش گەشەی کرد.
هەر لەو سەردەمەدا بوو کە «مارکوس تێرێنتیوس ڤارۆ»Marcus Terentus Varro (١١٦_٢٧ بەر لە زایین) دائیرەت المعارفی لە بابەت کۆمەڵێک لە زانیارییەکانی مرۆڤی سەردەمی خۆی نووسی.
گەشەی پێوەندییەکانی پارە_کاڵایی و گەشەی خاوەندارییەتی تایبەت هاوڕێ بوو لەگەڵ تەکمیل بوونی یاسای کۆیلەداری رۆما. تەکنیکی وتەبێژی و ماناکانی بەیان، گەشەی کرد و سیسیرۆ Ciceroلە هەر دووی ئەو تەکنیکانەدا شارەزا بوو. نووسینی بابەت و میژوونووسی بە نووسراوەکانی ژولیوس سزار و سالیوس دەستی پێکرد. یەکەمین شاعیرەکان بریتی بوون لە لیڤیوس و ئاندرۆنیاس Livius Andronias(نیوەی یەکەمی سەدەی ٣ بەر لە زایین) و کاتولوس Catullus(نزیکەی ٥٤_٨٧ بەر لە زایین) و یەکەمین نومایشنامە نووسەکان پلاوتوس Plautus(نزیکەی ١٨٤_٢٥٤ بەر لە

زایین) و تێرێنس Terence(نزیکەی ١٥٩_١٩٠ بەر لە زایین) دەستیان بە کار کرد.

ئیمپراتۆری

پێکهاتنـی دامەزراوە سیاسـییەکانی ئیمپراتۆری لەگـەڵ رووداوگەلێکـی ئایدۆلۆژیکـدا هـاوڕێ بوو. ئەوە بە شـێوەیەکی گشتی بە مانای کەڵک وەرگرتنی کۆیلەدارەکان لە ئائین وەک ئامرازێک بۆ ملکەچی مەعنەوەی خەڵک بوو. ئیمپراتۆرەکان لـە هەوڵدابـوون سـەرچاوەی خودایـی خۆیان بەسـەر خەڵکـدا داسـەپێنن. لـە هەرێمەکانـی رۆژهەڵات ئەوان هاوشێوەی خوداکان بەئاشکرا پەرەسـتش دەکـران. لایەنـی ئیلاهـی دان بـە ئیمپراتـۆری ئامانجـی واقعی فەلسـەفەی باوی رەواقییـەکان بـوو کـە نوێنەرەکانی سـێنێکا و ئێپیکتێتـوس Seneca Epictetus بـوون. بە پێـی باوەری رەواقییەکان؛ مـرۆڤ زەرەیەکە لە ئۆرگانیسـمێکی گەورە، گشـتییەتێکی گەورە کە پێویستە گشت کردەوەکانی مرۆڤ لە پێناو ریفاهی ئەو گشـتییەتە مەزنە واتـە کۆمەڵ و دەوڵەت دا بێت. رەواقییەکان لەسـەر ئـەو باوەرە بوون کە هەموو شـتێک دووپاتبوونەوەی خۆیەتی و هیچ شـتێکی نوێ نییە و ناشـتوانێت ببێت. مەبەست لە پێشکەش کردنی ئەو ئیدانە سەلماندنی مانای بە دوور لە نابوودی ئیمپراتۆری و یاساکانی لە زەین و یادگەی خەڵکدا بوو.

ڤیساغورسییە نوێیەکان کە ماناکانی ڤیساغورس، ئەفلاتـوون و ئەرەسـتوویان ئاوێتـەی یەکتری کردبوو، فەلسەفەیەکی عیرفانییان دروست کرد کـە چاوگی رەبانی وەک خێـر و چاوگی ماددی وەک شەر هەژمار دەکرد.

لە بەرامبـەر ئایدۆلۆژیای چینی دەسـەڵاتداردا، خەڵکیـش خـاوەن ئایدۆلۆژیـای خـۆی بوو و ئەویـش بریتی بوو لە ئایدۆلۆژیـای نارەزایەتی بە بـێ مافییەکانیان، رێزگرتـن لە کار و مرۆڤ بـە گشـتی. خەڵـک لایـان وابـو کە نـەک هەر پادشاکان و ئەشـراف بەڵکووو زەحمەتکێشانی ئاسـاییش دەتوانـن لـە پـاش مـەرگ لەگـەڵ خوداکانـدا هاوتەریب بن. چینی دەسـەڵاتدار لە هوونەر و ئەدەبیاتیش بە مەبەسـتی پشـتیوانی و بەهێزتـر کردنـی دەسـەڵاتی ئیمپراتـۆرەکان کەڵکـی وەردەگـرت. دەسـەڵاتدارێتی ئیمپراتۆر ئێگۆسـتوس بـە هـۆی بەرهەمەکانـی ویرژیل، هـوراس، پرۆپریتـوس، تیبۆلوس،ئۆڤیـد Ovid لیڤی Livy ... ناوی دەرکرد.

لـە دەورەی دواتـردا لەگـەڵ بەرهەمەکانـی مافنـاس و سیاسـەتمەداری دیـاری وەک «پلینـی جـوان»Pliny the Younger ، مێژوونووسـانێکی وەک پلۆتـارک و ئاپیـەن بەرەوروو دەبین. لە یادگارییەکانی بیناسـازییە شـکۆمەند و مافەکانی رۆماش بـۆ رێز لێنان لە ئیمپراتۆری کەڵک وەردەگیردرا.

بـەڵام هێنـدێ بەرهەمـی ئەدەبیش هەبـوو کە ناوەرۆکێکی رەخنەگرانەی هەبوو. بەم شێوەیەیە کـە نووسـراوەکانی تاسیتوسـی مێژوونووس، لۆکانی شاعیر و نووسەرانێکی وەک پێترۆنیوس، جوونال و لوسـیەن کە لەگـەل تاقمێک لە چینی کۆیلەدار کە نەیاری ئیمپراتۆری بوو، پێوەندیان هەبووو.

لە ئیمپراتۆری یەکەمدا کولتووری هێلێنی_رۆمی دەسـتی کرد بە سـەرهەڵدان کە پێناسـەکەری ئاوێتەیەک بوو لە دەسـتەبەر کراوەکانی یۆنان، رۆمـا و هەرێمـە دەستبەسـەرداگیراوەکانی رۆژهەڵات.

ئـەو دیاردەیـە لـە زانسـتی سرووشتیشـدا بە شـێوەیەکی بەربڵاو هاوشێوەیە. مێژووی پلێنی بەتەمەن بە شـێوەی گشتی کۆکردنەوەیەک بوو ... . بەڵام بەرهەمگەلێکی زانستی جیددیتر هەبوو کە هەڵگری ماناگەلێکی رەخنەگرانە لە نووسەرانی کۆن بوو. پۆنتیانوس بەرهەمگەلێکی گشـتگیری لە بابەت جوگرافیاوە نووسی. بێتلمیوس خەڵکی ئەسـکەندەرییە مەنزوومەیەکی داهێنا کە هەر بە ناوی خۆیەوە دەناسرێتەوە.

جالینۆسـی پزیشـک بە هـۆی کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەی زیاتری زانستی پزیشکی خاوەن ناوە.

سەرچاوەی مەسیحییەت (کریستیان)

مەسیحییەت لە ناوەراستەکانی سەدەی یەکەمی زاینـی لە هەرێمەکانـی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری رۆمـا دەرکەوت و لە سـەدەی ٢ زاینیدا بەرەو یۆنـان و بەخێراییش گەیشـتە شـێوەدوورگەی ئاپنین.

بارگـرژی هـەررۆژ زیاتـری ژیانـی خەڵـک و نەبوونـی مافـە مەدەنییەکانیـان هۆکارگەلێـک بـوون لـە یارمەتیدان بە رەواجی تێگەیشـتن لە ئائینێکی سـۆفیانە کە باوەری بـە تایبەتمەندییە تێپەرەکانـی هەسـتیی رووی زەوی و هیوامەند بە داهاتوویەکی باشتر لە دونیای داهاتوودا بوو. گەشـەی ئـەو هەسـت و سـۆزانە بـووە رێگە خۆشـکەر بـۆ دەرکەوتنی ئائینی مەسـیحییەت. مەسـیحییەت لەگەڵ گەلێک لە ئائینە ئاسـیایی و

ئەفریکاییەکاندا هاوئاهەنگ کرا لەوانە باوەڕمەند بوون بە خودایەک کە مردووە و دواتر زیندوو بووەتەوە، خودایەک کە گوایە خوێنی خۆی لە پێناو رزگار کردنی مرۆڤەکان لە شەر و ناپاکی بەخشیووە و ئەوان بەرەو نەمری رووناکی ڕێنوێنی دەکات.

لە سەرەتادا مەسیحییەت کردەوەی قوربانی کردن و تەشریفاتی ئائینی بەگشتی قەدەغە کرد. گرنگتر ئەوەیە کە نوێنەرە پێشکەوتووکانی بە پێچەوانەی پێرەوانی راهێنانە مەسیحییەکانی سەردەم، هەبوونی جیاوازی نەژادی و کۆمەڵایەتیان قەبووڵ نەبوو و هەر لەم رووبەشەوە سەرەنجی زۆرلێکراوان و هەژارەکانیان بەرەو لای خۆیان راکێشا.

لە ماوەی یەکەمین قۆناخدا یەکسانی بەسەر کۆمەڵەکانی مەسیحیدا کە زۆربەیان لە هەژارەکان و دەستکورتەکان پێکهاتبوون، زاڵ بوو. بەڵام لە دوای ئەوەیکە ئەندامانی تاقمە دەوڵەمەندەکان کە بە پێی هۆکارگەلێک لە سیستەمی دەسەڵاتدار ناڕازی بوون و بەرەو مەسیحییەت هاتن، ناوەڕۆکی دیمۆکراتیکی کۆمەڵە پێشکەوتووە مەسیحییەکان بەرەو ئاوابوون چوو.

تەشریفاتی روو لە پەرەگرتن و یارمەتییە زەبەلاحەکان، پلە و پێگەی بەرپرسانی داراییە هاوبەشەکان و خزمەتگوزارییە ئائینییەکانی_ شماسەکان، کەشیشەکان و ئۆسقۆفەکانی بردە سەرێ.ئەو دیاردەیە جیابوونەوەی تۆێژی ڕێبەری کۆمەڵە مەسیحییەکان _ ڕۆحانییەت_ لە جەماوەری پێرەوانی ئەو و سەرهەڵدانی کلێسەی مەسیحی لێکەوتەوە. بەمجۆرە مەسیحییەت لە ڕێچکەی گۆرانی خۆیدا بووە خاوەن تایبەتمەندیگەلێکی نوێ کە بووە هۆی جێگای سەرەنجی چینی دەسەڵاتدار.

چیتر ئائینە کۆنەکان توانای ملکەچ کردنی خەڵکیان نەبوو. ناوەڕۆکی راهێنانە مەسیحییەکان کە خەڵکی بەرەو پاڕێز کردن لە هەر خەباتێکی کۆمەڵایەتی بانگهێشت دەکرد، لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارا بوو. بیرمەندانی ئەو چینە، بە خێرایی بۆیان دەرکەوت کە دەکرێ ناڕەزایەتی مەسیحییەکان بخرێنە خزمەت بەرژەوەندی چەوسێنەرانەوە. کۆیلەدارکان بەرەو مەوعیزەکانی مەسیحییەت لە بابەت خۆبەدەستەوەدان و پێرەوی و داوکاری ئەو بۆ شوێنکەوتنی تەواو و قەبووڵ کردنی بێ مەرجی شەریعەتی دەسەڵاتدار هاتن. لە ئاکامی گۆرانی شێوازی چینی دەسەڵاتداردا بەنیسبەت مەسیحییەت، ئیمپراتۆری کۆنستانتین لە سەرەتای سەدەی ٤ ئائینی مەسیحی وەک ئائینی ڕەسمی و دەوڵەتی ڕاگەیاند. ئیمتیازگەلێکی بەرچاو بە کلێسەی مەسیحییەت درا و مەسیحییەت لە ئائینی هەژارەکانەوە بۆ چەکی



بەهێزی کۆیلەدارەکان بۆ دەسەڵاتی مەعنەوی بە سەریاندا ئاوەژوو بووەوە.

ئیمپراتۆری دواییی ڕۆما

قەیرانی ئیمپراتۆری کە لە سەرەتادا لە کەوشەنی کۆمەڵایەتی _ ئابووریدا دەرکەوت، بەخێرایی ڕەخنەی کردە ئایدیالۆژی-یەکەشی. دەزگا ئائینی و فەلسەفییەکان کە لە ناو چینی دەسەڵاتداردا باو بوون زیاتر لە پێشوو لایەنی ڕەشبینانەتریان بەخۆیانەوە گرت. بۆ وێنە بۆچوونەکانی ڕەواقییەکان ئاڵوگۆڕێکی جێگای سەرەنجی بەسەردا هات. کاتێک کە ئیمپراتۆری ڕۆما لە سەردەمی گەشەی خۆیدا بوو، ئەو باوەری ڕەواقییەکان کە مرۆڤ پێویستە خۆی فیدای بەرژەوەندی کۆمەڵ بکات، یارمەتی بەهێزتر بوونی دەسەڵاتی کۆیلەدارەکانی دەکرد. ئێستا لە سەردەمی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری ڕۆمادا ئەو ڕوانگەیە ڕەشبینی و بێ هیوایی پەرە پێدەدا. فەلسەفەی عێرفانی، ئایدەئالیستی ناسراو بە دەزگای «پلاتینۆس» لە سەدەی ٣ لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە قەبووڵ کرا. بە بروای پلاتینۆس شەر و مادده هاومانای یەکترن. ئەو پێی وابوو کە «دوا مەنزڵگەی مرۆڤ» هیلاک بوونی لە چاکەیەکی وەها ڕەها و بەرز دایە کە زەینی مرۆڤ توانای درک کردنی نییە. ئەدەبیات ڕەنگ و بۆی فەلسەفی و ئائینی بەخۆیەوە گرت و

بۆ وێنە دەکرێ ئەوە لە چیرۆکی خەڵک پەسەندی «کەری زێرن»ی ئاپۆلیسدا بەدی بکەین. لە سەدەی ٤ و ٥ زایینیدا لە ماوەی رووخانی ئیمپراتۆری رۆما، فەیلەسوفە هاوبەشەکان کە بە شێنەیی جێگای خۆیان بە مەسیحییەت دەدا لە دێوناسی، ساحیری و فاڵچێتیدا هیلاک بوون. سەرکەوتنی کلێسەی مەسیحییەت لەگەڵ نابودی گەلێک لە ئاسەوار و بەرهەمە کوفراوییەکان هاوکات بوو. لە هەمانکاتیشدا مەسیحییەت بۆ خورێکخستن لەگەڵ باوەرە باوەکانی خەڵک خۆی لەگەڵ گەلێک لە بۆنە کوفراوییەکاندا گونجاند. بۆ وێنە کریسمەس لەگەڵ رۆژی جەژنی خواوەندی خۆرەتاو_میترا_ هاوکات کرا. لە هەرێمە رۆژهەڵاتییەکان کە پەرەستنی خوداکانی بەرەکەت و نیعمەت (ئەیسیدا، ئاستارتا، سیبلا) رەواجی هەبوو، پەرەستنی وێنەی حەزرەتی مەریەم پەرەی سەند. ئەدەبیات تەنیا بە تامی دەمی تاقمێکی کەم لە دەربارییەکان خۆش بوو. ناوەرۆکەکەی زیاتر بریتی بوو لە پێداهەڵوتن بە ئیمپراتۆرە جۆراوجۆرەکان. لەو دەورەیەدا بە گشتی ئاستی کولتووری یەکجار زۆر دابەزی.

ئایدۆلۆژیا و کولتووری کۆمەڵی دەرەبەگایەتی رۆڵی ئائین و کلێسە

چینی دەرەبەگ دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی چەوساندنەوەی ئابووری و زاڵبوونی سیاسی بەسەر چینە زەحمەتکێشەکاندا داسەپاند، بەڵام گوشاری ئایدۆلۆژیکیش یەکێکی تر لە بەهێزترین چەکەکان بوو. ئائین و کلێسە لە ناخی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی دەرەبەگایەتیدا دەسەڵاتی راستەقینە بوون. کلێسە بە وادەدانی بەهەشت لە بەرامبەر ئازارەکانی دونیا، جەماوەری لە خەباتی دژ بە دەرەبەگ پاشگەز دەکردەوە و پێداگرانە هەوڵیدەدا ئەوان بە ڕۆحێکی ملکەچیی تەواو بۆ ئەربابەکانیان باربێنێت. لە سەردێمێکدا کە ئائین خۆی خزاندبووە هەر بواریکەوە، کلێسە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتداری لە ڕێگەی دەسەڵاتی خۆیەوە بێخەوش نیشان دەدا و چەوساندنەوەی خەڵکی بە ڕەوا دەزانی. دزە کردنی بەرینی ئائین و کلێسە بە گشتی کاریگەری دەکردە سەر کولتووری کۆمەڵی سەدەکانی ناوەراست.

کلێسەی کاتۆلیک

کاتۆلیزم دەتوانێ نموونەی کلاسیکی ڕۆڵی کلێسە و ئائین لە کۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا بەهەژمار بێت. وەک دەزانین مەسیحییەت لە کاتی ئیمپراتۆری ڕۆمادا بوو بە ئائینی فەرمی کۆیلەدارەکان. لە سەدەکانی ناوەراستدا چینی دەسەڵاتداری دەرەبەگیش پشتیوانی خۆی لە ناو مەسیحییەتدا دۆزییەوە. لە ١٠٥٤ لەپاش لێکدابرانی کۆتایی کلێسەی مەسیحی بە کلێسەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆژئاوا لە ئەوروپای ڕۆژئاوا وەک بربەرەی پشتی سیستەمی دەرەبەگایەتی لێهات.

پلەکانی کلێسەی ڕۆژئاوا دروست هاوشێوەی زەنجیرە پلەکانی دەرەبەگایەتی بوو.

پاپ و کوریا (شورای بەرزی کلێسە)ی ڕۆما لە سەرووی کلێسەی کاتۆلیکەوە بوون. بە شوێن ئەوانیشدا کاردینالەکان، ئۆسقۆفەکان و ڕاهیبەکان بوون و سەرەنجام قەشەکان کە لەگەڵ خەڵکدا پێوەندی ڕاستەوخۆیان هەبوو.

کلێسەی کاتۆلیک خۆی دەرەبەگێکی گەورە بوو. پەرستگەی «سێنت ترۆند» لە هۆڵندا و کلێسەی «نێتردام» لە پاریس دووان لە گەورەترین دەرەبەگەکانی ئەوروپا بەهەژمار دەهاتن. ئەو دوو دامەزراوە ئائینییە خاوەن مەزرا، ڕەز، دارستانەکان و لەوەرگەی زۆر، ڕەوەگەلێکی بێ ئەژماری ئەسپ و ئاژەڵی تر بوون. باوکە ڕۆحانییەکان یەک لە دەی گشت بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی جووتیارەکانیان هەڵدەگرت.

بەهەرە وەرگرتنی بێ ئەوپەر لە جووتیار و پیشەگەران، گەورەترین سەرچاوەی سامانی کلێسە بوو.

قۆرخکاریی کلێسەی کاتۆلیک لە ژیانی مەعنەوی (ڕۆحیی) خەڵکدا

لە ماوەی سەدەکانی ناوەراست و لە سەردەمی گەشەکردنی دەرەبەگایەتیدا، کولتووری ئەوروپای ڕۆژئاوا بە تۆندی لە ژێر کاریگەری کلێسەی کاتۆلیکدا بوو. فەرمانە ئائینییەکانی کاتۆلیک جێگەی فەلسەفەی کۆنی گرتەوە. مامتماتیک و زانستی سرووشتی کە لەگەڵ فەلسەفەی کۆندا پێوەندییەکی دانەبراوی هەبوو، لەگۆڕێدا نەمابوو. ئەدەبیات تا ئاستی پێداهەڵوتن بە ژیانی «پیاوچاکان» تەنەزولی کردبوو و مێژوو بە دەستی قەشەکانەوە تەنیا ببووە نوسینەوەی ڕووداوەکان. شیعر و مۆسیقا و گشت هوونەرە جوانەکان کەوتبوونە خزمەت کلێسە. پەروەردەو ڕاهێنان بە تەواوی لە خزمەت کلێسەدا بوو. کلێسە لە ڕێگای ئاشتیانەوە نەیتوانی کولتوور بخاتە بازنەیەکی تایبەت

به خـۆی، ئەو تایبـەت کردنەوەیـەی لە رێگای شـەری توندی نێوان ئەربـاب دەرەبەگ و ئازاد ئەندێشـان و جەماوەر دەستەبەر کرد. کلێسەی کاتۆلیـک (وەک گشـت کلێسـەکان) بیرمەندانی ئـازاد ئەندێش و ئەو کەسـانەی کە پەرەپێدەری هوونەری جەمـاوەر بوون، بە بێ رەحمانەترین شێوە دەخستە ژێر بەدواداچوون.

بودائیزم

بودائیـزم بەلایەنی رێژەی پێـرەوان و بەرینایی پێگـەی جوگرافـی لە ئائینـە جیهانییـەکان دێتە هەژمـار. وشـەی «بودائیـزم» لە نـاوی بودا_ بناخەداڕێـژەری ئەفسـانەی ئـەو ئائینـەوە وەرگیـراوە. بودائیـزم کـە لـە هێنـدی دێرینداپەرەی گرت و لە سـەر بنەمای چەند گریمانەی بەرەهمنیزم بوو لە راستیدا ئائینی رەسمی چینی کۆیلەدار بوو.

هەرچەند کە بودائیزم لە هێند بەرەبەرە رێگەی بۆ هێندۆئیزم کردەوە، لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا رێگەی بردە ناو وڵاتانی هاوسنووریش. بودائیزم لە سـەدەی یەکەمی زایینیدا گەیشـتە چین و لە سـەدەی ٤ تـا ٧ وەک دینی زاڵی لێهـات. دواتر کۆنفسـوئیزم لە چین جێگەی بودائیزمی گرتەوە هەرچەنـد کە بودائیزم بە تـەواوی لەناونەچوو. بودائیـزم لـە چین بـۆ کۆریا، ژاپـۆن، بورما و هێندۆچیـن و هەروەهـا بـۆ سـیلان، نیپـاڵ و مەنگۆلیا پەرەی گرت.

بە پێـی ئائینی بودا، ئەو جیهانە کە ئێمە دەیبینین روالەتێکـی وەهمـاوی چاوگـی ئەفسـانەیی_ رۆحانییـە کـە لـە حاڵەتـێ ئارامییەکـی رەهادا بەسـەر دەبـات و نـاوی نیروانایە. ئـەو چاوگە هاومانایە لەگـەڵ مانای بەرز راگیراوی «خودا» لە ئائینەکانی تردا. ژیان سـەراپا چەپەڵی و پر لە مەینەتـە. مرۆو دەتوانێت تەنیا بە گوزەرکردن بە رێگای پشـت کردن لە گشت لەزەتەکانی دونیا و بەشێنەیی گەیشتن بە نیروانا رزگاریی بێت. بەڵام دواتر بە زیادکردنی وێنای بەهەشت و دۆزەخ بە بودائیزم، ئەو ئائینە بۆ جەماوەر شـیاوی درک و رووتنـتـر کرایەوە و بەمجـۆرە پێگەی خۆی وەک ئائینـی فەرمـی چینـی دەرەبەگ و پاسـاوکەری نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر کرد.

ئایدۆلۆژیای دژە دەرەبەگایەتی

زاڵبوونی ئەندێشـەی ئایدەئالیستی و ئائیینییەکان (مەسیحییەت لە ئەورووپا، ئیسلام، بودائیزم و ... لە ئاسیا و ئەفریکا) بەسەر ئایدۆلۆژیای سەردمی جێـگای باس بە مانای نەبوونی رەوتگەلی فیکری نەیار نەبوو.

وێـرای بەدواداچوونـی هەمیشـەیی، توخمـە پێشـکەوتووەکانی کۆمەڵـگای دەرەبەگایەتـی، باوەریـان بە وێناکردنـە خەیاڵاوییـەکان نەبوو.

سەردەمی دەرەبەگایەتیش وەک سەردەمی دێرین، دەورانی شـەری توندی نێـوان ئایدیالۆژییەکان بوو.

ئەندێشەسـازانی کاتۆلیک لە ئەورووپای رۆژئاوا فەلسـەفەی ئەرەستوویان لە بەرژەوەندی خۆیان تەعبیـر کردووە و هەروەها لـە ماناکانی هێندێک لە فەیلەسـوفە ئایدەئالیسـتەکانی سەردەمی کۆن بۆ پێکهێنانی بنەما سـەرەتاییەکانی ئایدەئالیسمی سـەدەکانی ناوەراست کەڵکیان وەرگرت (تۆماس ئاکیناس و ...). لە حاڵێکدا بە پێچەوانەی ئەوانەوە فەیلەسـوفانی ئیسـلامی و عەرەب، بەرگریکاری ئەندێشـە ماتریالیسـتییەکانی کـۆن بـوون و هەوڵیاندەدا لە راهێنانەکانی ئەرەستوودا بەشوێن توخمگەلێکی ماتریالیستیدا بگەڕێن. بەرچاوترینی ئەو فەیلەسـوفانە «ئێبن سینا» و «ئێبن رۆشد» بوون. ئێبن رۆشد لە ئەندێشەکانی دمۆکریتوس_ فەیلەسـوفی ماتریالیسـتی یۆنانـی دێرینـەوە _ گەلێـک نزیـک بـوو. ناوبـراو مـاددەی وەک راسـتییەکی عەینی و ئەتۆمەکانـی وەک گەردیلە ماددییەکان قەبـووڵ دەکرد. ناوبراویش «رۆحی فانـی» تاک و عەقڵی گشـتی کە لە سـاتەوەختی تێگەیشتندا پێوەی پەیوەست دەبێت قەبووڵ بوو. بەڵام لایەنی ئیجابی فەلسەفەی ئێبن رۆشد بریتی بوو لە وێناکردنی دیموکراتیکی ئەو : «یەکسـانی عەقڵی گشت تاکەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتیان».

فەیلەسـوفە پێشـکەوتووەکانی ئەورووپـا ئەندێشـەکانی ئێبنی رۆشدیان وەرگرت و لەگەڵ هەلومەرجی ئابـووری_ کۆمەڵایەتـی ئەورووپا

ڕێکیانخست و سوننەتەکانی ئەندێشەی ماددیان دامەزراند. ئەندێشە ماددیەکان بوون بە چەکێکی بەهێز بۆ ئایدیۆلۆژیکی توخمە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵ و خەباتی چینایەتی دژ بە دەرەبەگایەتی. یەکێک لە پێرەوانی پێشەنگی ئێبن ڕۆشد سیگێر برابینسکی فەرانسایی_ دامەزرێنەری تیۆری ئایدۆلۆژیای دژە دەرەبەگایەتی_ بوو. ڕاهێنانەکانی برابینسکی لە بەرهەمەکانی هێکتۆر بۆئیس دا زیاتر پەرەیان پێدرا.

قوتابخانەی نومینالیستی کە لە سەدەی ١٣ سەریهەڵدا، یەکەمین نیشانەی ماتریالیسمی سەدەکانی ناوەڕاست بوو. لە نزیک ئەو قوتابخانەیەوە _ بۆ وێنە فەیلەسوفە بریتانیاییەکان دانس ئسکات Duns Scott و ویلیام ئۆکامWilliam of Occam بروایان بە جەوهەری ماددی جیهان بوو. ئەوان وەک خاڵی دستپێک و بەرتر لە شعوور چاویان لە جیهانی ماددی سروشت دەکرد و لە هەمانکاتیشدا پێیان وابوو کە دەکرێ جیهان بناسیت. بەڵام ماتریالیسمەکەیان میکانیکی و نادیالێکتیکی بوو. لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٣ تا ١٥ توخمەکانی خۆبەدەستەوەدان بەرامبەر بە ئایدەئالیسم کاریگەری کردە قوتابخانەی نومینالیزم و زیاتر لە پێشوو لایەنە ئایدەئالیستییەکەی بەهێز بوو.

ڕەتکەرەوەکانی ئائین (رافزین)

خەباتی دژە دەرەبەگایەتی کە لە نێوان شارۆمەندانی دەوڵەمەند و هەروەها لە نێوان جووتیارە دەستکورتەکانی شار سەریهەڵدا، لەگەڵ خەباتی دژ بە دەسەڵاتداریتی کلێسە و سەرانی ئائینی پێوەندی هەبوو. سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی بەشداربوانی ئەو خەباتە دیاری دەکرد کە فلانە ئەندێشەی دژە ئائینی سەر بە دانیشتووانی شار بووە یا لایەنی جووتیاری و هەژارانەی هەبووە. ڕەتکردنەوە و هەڵگەڕانەوە لە ئائین،س شکڵی ئایدۆلۆژیکی خەباتی چینایەتی و زۆربەی کات لەگەڵ ڕاپەڕینگەلێکی چەکدارانەی دژە دەرەبەگایەتی هاوکات بوو. هێندێک جار دژایەتی جووتیار و هەژارەکان لە باوەڕگەلی عێرفانیدا خۆی دەردەخست کە لە دژی ئائینی دەسەڵاتدار بوو.

باوەڕەکانی دوژمنانی ئایدەئالیسم و ئائین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بو بە ڕێگەخۆشکەری سەرهەڵدانی ماتریالیسم و ئاتەئیسم لە سەدەی نوێدا.

کولتوور و ئایدۆلۆژیای سەردەمی ڕۆشنگەری سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە شارەکانی ئیتالیا لە سەدەی ١٤ و ١٥ بووە هۆی گۆرانکاریگەلێکی ئایدۆلۆژیک. کولتوورێکی نوێی تایبەت بە بۆرژوازی تازە پێگرتوو هاتە گۆڕێ کە بە ڕۆشنگەری (ڕێنیسانس) ناوی دەرکرد. یەکمین بیرمەندانی بۆرژوازی لەسەر ئەو بروایە بوون کە ئەوان «زیندووکەرەوەی» کولتووری سەردەمی دێرینن و هەر ئەوش هۆی ناوزەد کردنی بە «(ڕێنیسانس» بوو.

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هۆکارەکانی گەشەی خێرای تەکنیک و زانستی سروشتی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٥ دەستی پێکردبوو دابین کرد. لە سەدەی ١٦ و ١٧ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە گەشەی زانستی سروشتیدا ڕوویدا. سەرەڕای حوکمە ئائینییە نەگۆڕەکانی ئەوکات، خوێندنەوەی سروشت و لێکۆڵینەوە لە یاساکانی بە پێی ئەزموون و تاقیکردنەوە دەستی پێکرد کە تا ئەوکات تەواوەن بێ پێشینە بوو. دۆزینەوە زانستییەکان لە ڕەوتی خەباتی توندی دژ بە جیهانبینی کۆنی کاتۆلیکی و دەرەبەگایەتیدا دەستەبەر کرا. جیهانبینییەکی نوێ کە لە سەرانسەری پانتایی ئەندێشەی مرۆیی_ زانست، ئەدەبیات و هوونەر_ی لە خۆدەگرت دەرکەوت. لە ڕاستیدا ئەوە پێشکەوتنێکی گەورە بوو.

لێئۆناردۆ داوینچی (١٥١٩_١٤٥٢) یەکێک لە گەورەترین کەسایەتییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو. ئەو وێنەکێش، ماتماتیکزان و ئەندازیارێکی گەورە بوو. میکێل ئانجلۆ(١٥٦٤_ ١٤٧٥) وێنەکێش و پەیکەرتاشێکی بێوێنە یەکێکی تر لە گەورە پێاوانی ئەوکات بوو. کولتووری جیهانی بە تابلۆکانی رافائێل (١٥٢٠_ ١٤٨٣) و تیتیان (١٥٧٦_١٤٧٧) شیعر و پەخشانی ئاریۆستۆ (١٥٣٢_ ١٤٧٢) و رابلە (١٥٥٣_ ١٤٩٤) و گەلێک بەرهەمی تر رازاوە و مایەدار بوو.

جەوهەری بۆچوونی نوێ لە ئایدۆلۆژیا، لە واتای «ئۆمانیسم Humanism» (بزاڤی مرۆڤایەتی) گەشایەوە کە بۆ دیاریکردنی کولتووری ڕۆشنگەری بەکار دەبرا. ئەو وشەیە هەروەها پێداگرییەکیش بوو لەسەر سروشتی نائائینی کولتووری نوێ و ئازاد بوونی لە کاریگەرییە دەرەبەگایەتی و ئائینییەکان. ئۆمانیستەکان باوەڕیان بە «تاک» و بوونی مرۆیی هەبوو. بەڵام ئۆمانیستەکان_ وەک بیرمەندانی سەرمایەداری گەشاوە_ لایەنگری تاکی تورە و بێ سەرەوبەرە و گەیشتن بە سەرکەوتنی شەخسی بە هەر نرخێک، بە واتایەکی تر لایەنگری بەختەوەری بۆرژوازی بوون. بۆچوونە سیاسییەکانی

فەیلەسـوفی ئیتالیایی (نیکۆلا ماکیاولی) (١٥٢٧_ ١٤٦٩) نموونەی وەها شـێوە بیرکردنەوەیەکە. لە بەرهەمەکـەی ئەودا بەنـاوی «ئەمیر Prince» دەخوێنینـەوە کـە بۆ گەیشـتن بە ئامانـج جا چ شەخسی یا چینایەتی بە کار هێنانی هەر ئامرازێک: زۆر، فێڵ و تەڵەکە، خیانەت، پەیمانشکێنی، درۆ و دووروویی شـیاوی قەبوڵ کردنن. لەو رووەوە «ئۆمانیسـم»ی بـۆرژوازی بنەرەتـەن خاڵـی بەرامبەر ئۆمانیسمی واقعییە.

چاکسازیخوازیی یا رفۆرماسیۆنی ئائینی

بـۆرژوازی لـە حاڵێکـدا کـە «کاتۆلیـزم» ئـەو شـادەمارەی ئایدۆلۆژیـای کۆمەڵـگای دەرەبەگایەتـی_ رەد دەکـردەوە نەیدەتوانـی بە شـێوەی گشـتی حاشـا لـە ئائین بـکات، لەو رووەوە ئەو چینە چاکسـازی لە کلێسـە و ئائینی (نـەوەک هەڵپێچانی تەواوەتی) پێشـنیار دەرکرد. واتە گۆرینەوەی کلێسـەی کاتۆلیک بە کلێسـەی پرۆتسـتان. پرۆتسـتانیزم بـە باشـترین شـێوە رەنگدانـەوەی بـاوەر و بەرژەوەندییەکانی چینی تازە سەرهەڵداوی بۆرژوازی بوو.

حوکـم و ڕێسـاکانی کلێسـەی کاتۆلیـک کـە بە درێژایی سـەدەکان لەسەر بنەمای هەڵخەڵەتاندن و خـۆڵ کردنـە چـاوی دینـداران و جێـگای پشـتیوانی رواڵەتیی جەماوەر بـوو، هاوئاهەنگی تەواوی لەگەڵ ئامانجـی دەرەبەگەکان_ ملکەچی جەماوەر_ هەبوو.

گەشەی سـەرکەوتووانەی بەرهەمهێنانی کاڵایی و دواتـر سـەرمایەداریی هـاوردێ بـوو لەگـەڵ ئازادی جووتیارەکان لە وابەستەبوونی شەخسی (سـێرواژ) و گەشـەی حەشـیمەتی شـارەکان و چوونە سـەرێی ئاسـتی کولتووری. لەو رووەوە بۆرژوازی پێشـکوتوو لـە هەلومەرجی مێژوویی نوێـدا دەبوایە ئەحکامێکی وردەکارتر و خاوێنتر، وە شێواز گەلێکی کاریگەرتر لەوەیکە بیرمەندانی دەرەبەگایەتی بە کاریان دێنا_ کلێسەی کاتۆلیک_ پێـک هێنابوایە و بـۆ زەمانەتی دەسـەڵاتی خۆی کەرەسەگەلێکی ژیرانەتری داهێنابوایە.

چاکسـازیخوازان، گەلێـک لـە حوکـم و ڕێسـا وشـکەکانیان «کاتۆلیزمـی دەرەبەگایەتیـان» لە بەرژەوەندی ئەو دەسەڵاتە ئائینییە نوێیە کە بە پێی ئەو ئائینە بەشێکی جیانەبووەوەی رۆحی مرۆییە رەتکـردەوە. لەو رووەوە گشـت تەشـریفاتەکان تـا دوا پلە سـادە بوونەوە. ڕێسـا نوێیەکان وای دەخواست کە کلێسە لە گشت کەرەسە جوانکاری و گرانبەهاکان نەجاتی بێت و بەواتایەک کلێسەی «هەرزان» پێک بێت.

پرۆتسـتانیزم «ئەنجیل»ی بە تەنیا سـەرچاوەی وەرگرتنـی راسـتییەکان دەزانـی و بێهەڵەیـی «پاپای» ڕۆمای لە گشـت مەسـەلە ئائینییەکاندا ڕەتدەکردەوە.

ریفۆرماسیۆن لە ئاڵمانیا .

شەڕی گەورەی جووتیاری (٢٥ _ ١٥٢٤)

ئاڵمانیـا مەڵبەنـدی ریفۆرماسـیۆن بـوو. ریفۆرماسـیۆن و شەڕی گەورەی جووتیاری ٢٥ _١٥٢٤ یەکەمین شەڕی گەورەی بورژوازی دژی دەرەبەگایەتی و یەکەمین قۆناخی چاکسازیخوازیی بورژوازی لە ئەوروپا بەهەژمار دێت.

لەسەدەی ١٥ و سەرەتای سەدەی ١٦ پێوەندییەکانی سـەرمایەداری لـە بـواڕە جۆراوجۆرەکانـی پیشەسـازی ئاڵمانیا لە حاڵـی دەرکەوتندا بوون. بەڵام گەشـەی ئابووری هێندێک لە شـارەکان و زەوییـەکان هاوڕێ بوو لەگـەڵ دابەزین و لاواز بوونـی هێندێکـی تردا. هـۆکاری ئـەم دیاردەیە، پەرتەوازەیی دەرەبەگایەتی و چەقبەستنی فیکری و دواکەوتوویـی هـەر ڕۆژە زیاتر لـە گوندەکان و چەوسـاندنەوەی جووتیـارەکان بـە دەسـتی دەربەگـەکان دوو هـۆکار بـوون کـە لەمپـەری بەردەم گەشەی سـەرمایەداری بە هەژمار دەهاتن. چەوسـاندنەوەی دەرەبەگایەتـی خەباتی چینایەتی لە گوندەکانـدا پـەرە پێدا لە سـەرەتای سـەدەی ١٦ دا ئەنجومەنگەلێکـی شـاراوە بە بەشـداریی جووتیارە ناڕازییەکان لە باشوور و ڕۆژئاوای ئاڵمانیا دەستیان دایە چالاکی. ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە خوازیاری داگیر کردنی زەوییەکانی سـەر بە پەرەستگە و کەلێسەکان و هەروەهـا هەڵوەشـاندنەوەی ماڵیـات و خەراجـی دەرەبەگایەتـی و ... بـوون. بەمجـۆرە شـادەمارێک بـۆ پێکهێنانـی بەرەیەکی شۆڕشـگێڕانەی یەکگرتوو لە جووتیـارەکان و دەسـتکورتەکانی شـار پێکهات. لـە ئەنجومەنە شـاراوەکانی بۆرگێرەکانـدا (بۆرژوا) دەوڵەمەند و ئەشـرافە چکۆلەکان (شـەوالییەکان) کە لـە ژێر گوشـاری دەرەبەگە گەورەکانـدا بوون و لە پەرەتەوازەیـی سیاسـی ئاڵمانیـا ئازاریـان دەدیـت، بەشدار بوون.

گشـت گروپە نەیـارەکان لە شـتێکدا هاوبەش بوون: بێزاری لە ڕۆحانییەت کلێسـەی کاتۆلیـک. لە ئاڵمانیا کلێسەی کاتۆلیک گەورەترین زەویداری دەرەبەگ بوو. بڕێکی یەکجار زۆر پارە لە لایەن ئەمیرانی کلێسـەوە کە هەم زەویداری دەرەبەگ و هەم پلەی باڵای کلێسە لە سـنووری ژێـر فەرمانی خۆیاندا بـوو و هەروەها لە لایەن فرۆشـیارانی بە ناو لێخۆشـبوو_ شـایەتی نامەی پاپا کە لێخۆشـبوون لە گشت «گوناهەکان»ی زەمانەت دەکرد_ دەرژایە خەزێنەی پاپاوە.

«ریفۆرماسـیۆن» کـە ئامانجەکەی خەبـات لە دژی کلێسـەی کاتۆلیـک بـوو، لـە لایـەن جەمـاوەرەوە

پشتگیری لێکرا. بزووتنەوە لە بەیانی «مارتین لوتێر» کە لە ٣١ ئۆکتۆبەری ١٥١٧، ٩٥ حوکمی خۆی لە دژی هەڵــە بەکارهێنانی مەســـەلەی لێخۆشـــبوون دەرکرد، سەرچاوەی دەگرت.
لوتێر لە پلەی یەکەمدا گروپە دەوڵەمەندەکانی ئاڵمانیای بانگەشــە کرد تا بەرامبەر بە دەســـەلاتی رۆحانییەتی کاتۆلیــک لە ئاڵمانیا بوەســـتنەوە. جەمــاوەری خەڵک دڵیــان بە رێســا ئائینییەکانی لوتێر خۆشــکرد. ئەوان زیاتــر وەک داواکارییـــەک بــۆ ئــازادی کۆمەڵایەتی چاویان لە ریفۆرماسیۆن دەکرد. «تۆماس مونزێر» شۆرشــگێرێکی نەســرەوتوو و رێبــەری گــەورەی بەرەی جووتیارە دەستکورتەکانی ئەو بزووتنەوەیە بوو کە لە ماوەی شەردا پێک هاتبوو.
لەگــەڵ پەرەگرتنــی بزووتنـــەوەی ریفۆرماســیۆن، بــەرەی یەکگرتــووی نەیــارەکان کــە لە ســـەرەتادا لــە دەوری لوتێــر ئاڵابــوو بەرەو پەرتــەوازە بوون چــوون. لوتێر خۆشــی لــە تویژە شۆرشــگێرەکانی ئاڵمانیا دابرا. تۆماس مونزێر رێبەریی جەماوەری بە دەستەوە گرت. ئەو لەسەر ئەو باوەرە بوو کە ئائین دەرخەری زەینی وەخەبەرهاتووی مرۆڤە. «مونزێر» ئارەزووی گۆرانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی لەســـەردا بــوو کە دەبوو لە لایەن جەماوەری شۆرشــگێرەوە بەکردەوە دەربێت. ئەو بۆ داهاتوو سیستەمێکی وێنا دەکرد کە لەودا خەبەرێک لە ئیمتیازە چینایەتییەکان، خاوەندارێتــی تایبەت و دەســـەلاتی دەوڵەتی نەبوو. ئەوە روونە ئەو ئارمانجە خەیاڵاوییە کە بۆ خۆشــی گومانهەڵگــر بــوو، نەیدەتوانــی بــۆ خەڵــک جێگای تێگەیشتن بێت.
بزووتنـــەوەی شۆرشــگێرانەی خەڵک کــە لە ماوەی چەند ساڵێکدا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باشی دەستەبەر کردبوو، لە ساڵی ١٥٢٤ بوو بە شەڕێکی ئاشکرا. ئەوە شـــەری گەورەی جووتیاری بوو. چینی دەسەڵاتدار هێزەکانی خۆی لە دژی خەڵک یەکخست. لە کۆتاییدا «بارونەکان» و ئەربابەکان کە لە لایەن سوارەنیزام و تۆپخانەوە پشـــتیوانیان لـــێ دەکرا دواهەمین تاقمە جووتیارییەکانیان لە مانگی مەی ١٥٢٥ لەناو برد.
شکستی جووتیارەکان، شکســـتی «ریفۆرماسیۆن» وەک بزووتنەوەیەکــی کۆمەڵایەتی بوو. هەوڵدان بۆ شۆرشـــی بۆرژوازی لـــە ئاڵمانیا بە هـــۆی نەبوونی لێبـــراوی و ترســـی بـــۆرژوازی کـــە هەنووکەش بـــە لایەنـــی ئابووریـــیەوە لاواز بـــوو و تـــازە دەچـــووە نـــاو بەرهەمهێنانی ســـەرمایەدارییەوە لەگـــەڵ شکســـتدا رووبـــەروو بـــووەوە، بـــەڵام ئاکامە کاریگەرەکانی ریفۆرماســـیۆن و شـــەری جووتیاریـــی حاشـــا هەڵنەگـــرن. ئەو لە ئاســـتی گشـــت ئەورووپادا زەربەیەک بوو لە سیستەمی دەرەبەگایەتـــی. ئارمانجەکانـــی ریفۆرماســـیۆن بـــۆ ماوەی ســـاڵیانێکی زۆر درێژی بە گەشـــە و پەرەگرتنی خۆیدا.
ئیدەکانـــی «پرۆتســـتانیزم» بـــە تایبەتـــی لـــە راهێنانەکانـــی گوتاربێـــژی سوئیســـی «ژان کالڤن» بە شێوەی دیاریکراو پێشکەش کراوەن. پرۆتســـتانیزم لـــەو وڵاتـــە ئەورووپایانـــەی کـــە سەرمایەداری تێیاندا رووی لە گەشە بوو رەواجی گرت.

*سەرچاوە:
کتاب: زمینه های تکامل اجتماعی
مولفان: د. ک.میتروپولسکی/ ی. ا. زوبریتسکی/ و. ل. کروف





مەحشەری سۆفێکانی زەمان و زمان

خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەکانی
(ئەی بەندەری دۆست ئەی کەشتی دوژمن)ی
بەختیار عەلی

نووسینی
حسێن سۆران

لەئەزەل تاکو ئەبەد کاتبی تەقدیر ئەگەر
خامە هەڵتبگری و لەپێش خۆی دابنێت دەفتەر
شەرحی ئازاری دەروون ناپاتە هەزمار هەرگیز
گەر بنووسی ئەلف و هەر سفری دابنی لەسەر
مەولانا خالید

ئەوەی لەبواری نووسیندا شارەزابێت ئەو ڕاستیە دەزانێت لەفەزای نووسیندا هەر فەیلەسوفێک و ئەدیبێکی بەتوانا پێویستی بەخەیاڵ و ڕۆحێکی خەمخواردوی هیۆمانیستی هەیە .. پێویستی بەتوانایەکی لەڕادەبەدەر هەیە تا تواناو ئیحساسی خۆی بەسەر جەبری بی مانای واقیعدا بسەپێنی ، هەندی قەڵەمیش لەمەرگ دۆستیدا ، باڵی سێهەمیش ئاوێتەکردنی هەردوکیانە پێکەوە لەدال و مەدلولێکا خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات .

زۆر لەشاعیران و نووسەران و ڕوناکبیران هەن ، ناتوانین نازناوی شاعیر یان نووسەریان پی ببەخشین .. یا لەخانەی کلتورێکی زیندوو تەماشایان بکەین ، دونیای نووسینیش چی لەبواری شیعربی یا فیکر ڕووبەرێکی ئاڵۆز و سەختی هەیە ، لەو پانتایەدا هەر یەک لوتکەو بەرزایی و گردۆڵەی بچوک بچوک پێکدێنن .. لەومیانەدا دەربڕینێکیش لەدونیای نووسین زمانی فرە شێوازی ئەدەبە تۆ کار لەسەر بۆ شاییەکی گەورەی بی مانای دەکەیت ، مرۆڤیش هەر لەسەرەتای بوونیەوە بی بەش نییە لەفەنتازیاو ئیحساس و زمانێکی شیعری لەفۆرم و بابەت و گوتاری جیاجیادا گوتاری تریان لی دەبێتەوە ، بەڵای منیشەوە ئەگەر مرۆڤ خاڵی بێت لەخەیاڵ و زمان و گوتاری شیعری یان ئەفسانە ئەوە بۆخۆی ئینسانێکی تراژیدی و کارەساتبار بەرهەم دێنی .

گەلان و منالانی خەیاڵ و ئەفسانە ، عاشقانی ژیان دۆستی ، زمانیان دەرونیان ، عەقلیات تی ڕامانەکانیان لەسروشت و نهێنیەکانی گەردون ئەوانە منداڵی سەرەتای یەکەمین دەستپێکردن و هەستانەوەو زیندو کردنەوەی بواره شاراوەکانی باری سایکۆلۆژی و بایەلۆژی مەعنەوین ...
بۆ دەربازبوون لەجەبری ستەمکارانەی خەلیقەت کەئەویش جەستەو سروشتە لەهەوڵی شکاندنی کۆتەکاندا لەڕێگەی ئەفسانە و خەیاڵ پلاوییەوە هەستێتە سەرپی و لەشەپۆلە تازەکاندا لەدیدو تێڕوانینی مرۆدا مەرگی واقعێکی مردوو بسەلمێنی دونیای خەیاڵەکانی ئینسانیش لەنەبوونەوە بەرهەم بێنی و بیکەیت بەواقعێکی خوازراو بۆ سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغ و زاراوە چەمکێکی تر بۆ کۆمەڵی مەدەنی مرۆڤیش لەو ڕێگەیەدا بونەوەرێکی سەرسەختی ڕووبەڕوو بونەوەکانی جەبری واقعە ، بەشێوازی جۆراوجۆر لەسەرجەم بواره‌کاندا ئەفسانەکانی سروشت کلتورێکی مەزنی خۆیان بڕیوە چی بواری خورافات بی یا زانست یا کۆمەڵایەتی تا ڕاست و دروستی وەهم و خەونەکانی بێنەدی ، پاشان لەدونیایەدا تەراتێن دەکەیت و دەیسەلمێنی کە فاکتەری سەرەکیترین میکانیزمی زمانی سەرزەمینە ، زمانێک بەرەو کاملبون و هەڵوەشانەوەی خۆت لەبەردەم تێزێکی ترو ئاوازێکی ترو زمانێکی تر بۆئایندە .

منالآنـی لیتـەو زەلـکاوی واقع ، وەک بەشـێک لەمێژووی ئینسـان ، لەمێـرد منداڵەکانمانەوە تا پیرە پیاوەکانمان فەزای شیعر لەزاری ئەوانەوە (هەم دۆزینەوەی خودا بوو هەم کوشـتن ، هەم دۆزینەوەی ئینسان بوو هەم سەرنگون کردنی) لەمیانـی شـیعردا جیهانی ئێمە تاقـە دەروازەی ئەدەب و چیرۆک و دەنگە شاراوەکانی بەشێکی مەزنـی قۆناغەکانـی مێـژووی زەوتکـردووە ، تائەمرۆ شـیعر لەدونیای ئێمـەدا دەروازەیەکی مەعنـەوی و ئەخلاقـی و وجـودی و ویژدانیـە بۆمانەوە .

لەشـومار نایـەت شـیعر نووسـەکانی ئێمـە ، هەرهەمووشیان بەزمانی شیعر لەگەڵ تێکست و گوتاری تردا گرۆگاڵیان کردووە .. یەکیک لەوانە بەختیار عەلی هەمان مەوجی سـەماو مۆسیقای سـپی پەلکێشـی ئـەو دۆزەخەی کرد کەئێسـتا لەسەر شیعرو نووسینەکانی ئەدوێ .

مرۆڤەکانی لای ئێمە بەدرێژایی مێژووی بونمان بی شیعر بی میتا فیزیکیا بی خورافات بی وەهم و گومان و ڕاسـتی نەچونەتـە ژێر باڵی خەم و خەیاڵ .

نیما یۆشیج پی وایە بی کەڵکترین بابەت دەکری بەهۆی فـۆڕم جـوان بکرێـت و برازێنرێتەوە ، باڵاترین بابەت بەبی فۆڕم پوچ دەردەچی ... هەر بابەت و فۆڕمێک تایبەتمەندی خۆی هەیە ، ئەگەر فـۆڕم دڵگیـر نەبـی هەموشـتەکان ، بەهەموو دەسـت ڕۆیشتوی و ڕەنگ و وردەکاریەکانیەوە بەفیـرۆ دەچێـت هەر بابەتـەش قاڵبێکی تایبەتی خۆی هەیە تەرکیبیش پەیوەستە بەداڕشتنەوە .. نیمـا لەدرێـژەی پەیڤەکانیـدا دەڵـی :- سـەروا لەشـیعردا دوای کێـش پەیدابـووە ، دەبـێ سـەرووا وەک زەنگـی کۆتایـی بابـەت بێت ... دەبێت دەنگدانـەوەی بابەتەکە تۆماربکات لەهەر شـوێنێک بابـەت هەبێت سـەروا بەدوایدا دێت ، ئەگەر سـەروانەبێت چی ڕوو دەدات بڵقی بەتاڵ .. شـیعری بی سـەروا وەک مرۆڤی بی ئیسقان وایە دەڵی وەزنی بی قورساییە ، هونەری شاعیر لەسەروا سازیدا وەدەر دەکەوی ، چونکە سەروا زەنـگ و بوونی بابەتەکـە پارچە پارچەو کورت بێت ئەوە بزانە سەروایان نابێت ئەوا ئەو نەبوونە وەک بـوون وایـە .. بەختیار شـیعری سـەروا دەشوبهێنی بەو دۆزەخەی کەلەبەهەشتدا سەروا نیـە بۆیە ئەم بەقـاچ و ڕۆحی خـۆی هیجرەتی بۆدەکا .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستم ئەوەنیە قسە لەسەر پشتگۆخسـتنی وەزیفەی شـیعری لای بەختیار بکـەم بەڵکـو پاراسـتنی ڕەسـەنایەتی شـیعر لای ئـەم پیـاوە لەباڵاترین قەسـیدەکانیدا خۆی نمایـش دەکات . تێـزە فەلسـەفێکان و ڕەونەقی دەروێشـانە لەگـەڵ بابـەت و فـۆڕم لەباڵاترین ئیحساسی شیعری هاوجوتن ، تابلۆی ئەفسانەی هەندی جار دۆزەخـی لەدەقی مانا دورو درێژە پڕ گومانەکانی شاعیر دیار دەخات .

خوێنەریـش لەجیهانـی مانـاکان و شـێوە جیاوازەکانـی هـەزرو ڕۆحی ئینسـان ئاشـکرا دەبێ .

لەئەدەبیاتی ئێراندا نیما یۆشیج لەهەرە دیارەکانی ئەم تێزەیەو بەهای نووسـین و تائاستێکی بەرز دەنرخێنی ئەم کەسـایەتی شوناسەمان دەداتی ((ئەو شـاعیرانەی کەسـایەتی فیکریان هەبووە و وشەکانیشـیان خاوەن کەسـایەتی بوون)) .. سـەیری شـیعرەکانی حافز و نیزامی بکەن ئەو دووکەسە لەهەرە دیارەکانی ئەو کەسایەتیەن .

دیـارە کاری من لێرەدا قسـەکردن نییە لەسـەر حافـز و نیزامی بەڵکـو شـوبهاندنیانە لەهەندی تێـزەوە لەگـەڵ شـاعیری کورد بەختیـار .. من بەم بۆنەیەشـەوە دەمەوی لەڕۆحی شیعرەکانی ئەم پیاوە بدوێم کەلەم سـاڵانەی دوایدا لەسـەر ئاسـتێکی ڕوون و ئاشـکرا وزە و ڕۆحـی سۆفیگەرانە لەزۆرۆبەی دەقەکانی دەبینرا بەڵام بەفـۆڕم و بابـەت و مانای جیـاواز جیاوازەوە .. ئـەوەش هانیدام ئـەم چەند لاپەڕەیە لەسـەر دواکتێبی شـیعری بنوسـم هەر هاوشـێوەیی و هاو ئیقاعی زمانی شـیعری مەحـوی و مەولانا و حافـز و بەختیار .. هیـوادارم خوێنەر بەهەڵە لێم تێنەگات چونکە هەریەک لەم شاعیرانە زمان و بابـەت و فۆڕمـی خۆی هەیە بـەڵام نزیکی و هاوشێوەیی بەختیار لەم سالانەی دوایدا هێندەی تر شێعرەکانی سەنگینتر و جوانتر کردوە .

مـن لێـرەدا پەرەگرافێکـی حافز بـەکار دەهێنم کەلەبـارەی هیچیدا نووسـیویەتی .. ئەو هیچەی کەیەک مانـاو ژیانێکی سەرانسـەری یەکلانەی ڕۆحی پێگەیشتووی شـاعیرێکی گەورەی وەک حافـز بەبەراورد لەگەڵ دونیـای هیچی بەختیار کەلەسـەری دەدوی کەلەکاتێکـدا دونیـای پەی کردووە ماناکانیشـی شەن و کەو کردووە بۆیە لەبۆشـایدا دەسـوڕێتەوە و شـتێک نابینی جگە لەهیچی و تەنانەت بیر لەوەش ناکاتەوە کەشوێن هەبی . حافزی شیرازی دەڵی :-

هەرهەمووی هیچـە لەهیچدا ئەم جیهانەو کاری ئەو

من هەزار جار ئەم قسەم داوە لەبێژنگ و کەو

لێرەدا یەکسانی کردنی ماناکانی ژیان بەسفرو هیچی بەراورد کردنی ئەم چەمکانەش بەئەندازەی یەقین بۆ مرۆڤ .. بەتایبەت ئەوکەسانەی جۆرێک لەئولفەتی ڕۆحی بەرامبەر بەوجودی ئینسان خۆی جاڕدانە بەحەقیقەتێکی تاڵ وەک ئەوەی حافز پێمان دەڵێ :- ئەو دەمێکە یەکلایی بۆتەوە لەتەفسیرکردنی ژیان و ئەبەدی بوونی چارەنووسێکدا ئیدی لەوەزیاتر دەچێتەوە خانەی هیچی بەڵام بابزانین شاعیری گەورەی کورد بەختیار عەلی چۆن هیچی پێناسە دەکات لەتێکستێکی ڕۆحی و عیرفانی و میتافیزیکی و جەنگە سەرەتاکانی ئەمڕۆ چۆن هیچی لەم تێکستە ئاڵۆزە دەخاتە بەر دیدەی ئێمە .

(لەمێژ هوە دەزانم ئەستێرە بەشمان ناکات)

گەرتۆ هەموو ئاسمانت بۆخۆت بوی ئیدی ئەستێرە بەشمان ناکات .

من ویستم بگەڕێمەوە بۆ تەنهایی یەکێک لەدوورەوە ووتی .

تەنهایی ماڵی منە .. دەست بۆ تەنهایی نەبەیت .. من تەنهایی لەگەڵ کەسدا بەش ناکەم ، چونکە تەنهایی بەشمان ناکات .

یەکێک گوتی پایز ماڵی منە دەست لەخەزان مەدە پایز بەش ناکرێت کە بەشمان کرد ئیدی بەشی باغی من ناکات .

من دەڵێم ئیدی هیچ شتێکم ناوێت .. هیچ شتێک بەڵام یەکێک هاوار دەکات

((سەیرکە هیچی چەند کەمە .. دەستت لادە .. هیچی ماڵی منەو بەشی ماڵی تۆ ناکات))

لێرەدا هیچی ئەو ڕووبەرە گەورە نییە کە هەموومان پرکاتەوە هیچی لەدوو مانای جیاواز خۆی دەنوێنی .. یەکێکیان پەیوەندیەکی وجودی هەیە وەک ڕۆحی مانا چەمکی ژیان وجودی هەیە لەناوماندایە ڕووبەرەکەی هێندە گەورەیە کەلەلای هەموومانە .. ماناکەی دیکەشی مانایەکی مەجازیە کەهەریەک لەئێمە بەدوایدا وەک شوێن بووی دەگەڕی دەیەوی لەهیچدا خۆی بدۆزێتەوە ، تاسەر بەماڵی ڕۆحی خۆی بکات و جۆرێک لەئارامی دەست کەوی .. بەڵام لەدەقە قورئانیەکەی مەحوی زۆر گەورەتر بۆی دەچێت و مەتەکامل دەبی .

هەرچەندە شاعیرەکانی وەک مەحوی و شاعیرە گەورەکانی کورد لەگەڵ شیعری بەختیار عەلی بەراورد ناکری چونکە هەرکەسەو کوڕی سەردەم و زمان و زەمانی خۆیەتی .. بەڵام هاوڕەگەزی و ڕۆحی سۆفیانە وجودیانە هەماهەنگیەکی تەواویان لەگەڵ یەکتردا هەیە کەبەبختیار عەلی ئەگەرچی شیعری ئازاد دەنووسی بەڵام لەفۆرم و بابەت و زمان ئازادنییە لەڕۆحی وجودیانەو سۆفیگەرانە .

لێرەدا من چەند ئایەتێکی حەزرەتی مەحوی دێنمەوە کەچەند بااڵو موتەکاملن لەترۆپکی تەسەوف و جەوهەری ڕۆحی وجودیدان بەشێوەیەک لەشێوەکانیش لەسەرەتای دەستپێکردنی شیعری نوێگەریدایە .

باسەیرێکی ئەم چەند ئایەتە بکەین کەمەحوی لەمانای ئەزەل و ژیان دا وێنەی نابێتەوە .

ئەجەل دەورم دەدا حازر بەوادەی دەورو تەسلیمە
منی غەفڵەتزدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم
خەیاڵی پوچی دونیا وادەماغ و دڵمی پێچاوە
قیامەت مەگەر هەر ڕۆژی قیامەن بێتەوە فیکرم

لێرەدا جەبری قەدەرو ئینتمای ووجود ڕاستەوخۆ هێزێکی لەبن نەهاتووی فانییە ، ئەم بڕیارەش چرکەساتێکی مەحاڵە دەبی کەسی سەرشێت وادەی ئەوژوانە ئەوپێوەدانەبی ویستی خۆی جی بەجی بکات ، واتە مەرگ ڕوداوێکی ناکاو نەخوازراوە .. وەک چاوەڕوانی کۆرپەیەک نییە بۆ لەدایکبوونی ژیان .. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێزی ژیان کەخەریکی خواستەکانی خۆیەتی هەمیشە یاخییە لەهێزی فانی .

بەڵام بابزانین ئیمکانەکانی مەرگ و خەم چین لەڕووی تێگەیشتن و مانای تیۆریەوە چۆن ڕوبەڕوی دەبین یان ڕاستر بڵێم چۆن مەرگ سێبەرێکە لەژیان نابێتەوە .

لێرەدا سی خاڵی گرنگی هایدگەر لەپەیوەندی مەرگ و خەم بخەینە بەرچاوی خوێنەر کەڕاستەوخۆ پەیوەندی بەچرکەساتی ئەوچەند پارچە شیعرەی مەحوی یەوە هەیە کەدوای ئەم شیکردنەوەیە کۆپلەکانی تری تەواو دەکەین .

هایدگەر پێی وایە مەرگ و خەم پێکەوە پەیوەستن . هەروەها ئەم حاڵەتە بەم سی چرکەساتەوە دەبەستی .

١. هێندەی پەیوەندی بەئیمکان و ئایندەوە هەبێت ، مەرگ وەک باڵاترین ئیمکانی مرۆیی سەیردەکری لەبەرئەوەی مەرگ ئەو ئیمکانەیە تەواوی ئیمکانەکانی تر ملکەچین چونکە هەموو ئیمکانەکانمان لەئاستی مەرگ پەرت دەبن . ئاشکرایە کەمەرگ لەئیمکانەکانی دی جیاوازە .. وەک هایدگەر دەڵی ئیمکان نەبونی هیچ ئیمکانێکی دی نییە .. مەرگ دواهەمین ئیمکانە ئەو ئیمکانەشە کەکەشف و ئیمکانەکانی دی ناهێڵێت .. واتە ئەگەرچی مەرگ وەزیفەی لەناوبردنی جەستەو ڕۆح پێکەوە گەیشتن بەوەستان ، بەڵام خۆ بەیانکردنێکی دەسەڵاتدارانەی ڕەهایە وەک هێزێکی بی بەرامبەر ژیان و تەنانەت خودی هێزی خۆشی ڕادەوەستی ، ئیمکان لای هایدگەر جۆرێکە لەبوون کەمرۆڤ ئەتوانی هەڵبژێرێت وەخودی خۆی بخاتە سەروو تەنانەت مرۆڤ لەحاڵەتی خۆکوشتنیشدا مەرگ وەکو ئیمکانێک هەڵدەبژێرێت کەدەشی بێتەدی .

٢. دۆخی بونی مرۆیی بەردەوام لەسەرەتای ژیانیەوە لەفانیبوندایە چونکە بەردەوام پیر ئەبێت تائەگاتە مەرگ .. مەرگیش لەهەموو ئیمکانەکانی تر بونی پتەوتر و مەحکەمترە ڕاستە مرۆڤ توانیویەتی زۆر شت بکات بۆ ئەوەی لەفەنابوون کەمبکاتەوە واش چاوەڕوان دەکری بۆ بەرەو پێش چونی زانستی پزیشکی .. خەڵکی تەمەنیان درێژ بێت و ئاسەواری پیری لەسەر مرۆڤ کەم بێتەوە بەڵام کەس نییە بڕوا بەوە بێنێت کەمرۆڤ ناهێڵێت یان نەمانی پەسەند بێت .. عادەتەن خەڵکی دەیانەوێت مردن دوابخەن ، بەڵام مەرگ و کۆتابوون دوو ڕەهەندی پێکهێنەری مرۆڤن بەجۆرێک کەژیانێکی خاڵی لەکۆتای ژیانێکی تر سناک و ناشرینە هەربۆیە مەرگ وەک بەشێک لەدۆخی واقیع بوون و مرۆڤ دەمێنێتەوە .

٣. خەم چرکە ساتێکی تریش لەخۆ دەگرێت (کەوتن) یان ونبون لەناو جیهانی ئامرازەکان و لەناو هەشامەتی ناشەخسی ئەوانیتر دوای ئەمەش لەهەڵوێستی ڕۆژانەدا بەرامبەر بەمەرگ دەردەکەوی هەڵوێستی هەڵاتن و خۆ دۆزینەوە بەدرێژایی چاخەکان مرۆڤ خۆی لەدیمەنی مەرگ و بیرکردنەوە لێی دزیوەتەوە وەشێوازی جۆراوجۆریان داهێناو ، قەناعەت بەخۆیان بکەن ، لەکاتێکدا ناچار ڕووبەڕوی مەرگ ببنەوە ، ئەوەی مەرگ هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت وەپاش مەرگیش شتەکان ڕەوتی ئاسایی خۆی دەبێت بی گومان ترس و درەنگی مرۆڤ لەمردن شتێکی سروشتیە ، بەڵام ئەمە تەواو جیاوازە لەدامەزراندنی وەهمێکی ژیارییانەی گەورە بۆ لەبیرچوونەوەی مەرگ ، یان بۆئەوەی قەناعەت بەخۆمان بکەین کەمەرگ شتێکی ڕاست نییە .

لێرەدا چیرۆکە بەناوبانگەکەی تولستۆی (چیرۆکی مەرگی ئیڤان ئیلیچ) لەم چیرۆکەدا مەرگ لای هەموو مرۆڤەکان جگە لەئیڤان مەسەلەیەکی قێزەونە کەشایەنی تێفکرین نیە بگرە لای ئیڤانیش لای هەموو شتەکان ڕەنگ دەداتەوە .. مردنیش وەکو ئیمکانی ڕەها ، دوائیمکانی کێشەی وێناکردنی مرۆیمان وەکو گشتێک لادەوروژێنێت ئەگەرچی گوتمان کەمەرگ کۆتاییەک نییە بەمانای ئامانج یان مەبەستێک بەڵام سنورێکەبۆبونی .. هۆشیاریش بەمەرگ و قبوڵکردنی مافی بون واتە هۆشیاری بەوەی کەبونی مرۆیی سنورێکی هەیە دەرکردنی ئەم سنورەش والەمرۆڤ دەکات وەک گشتێکی کۆتادار بوونی کرۆیی بڕوانێت .

لەلایەکی دیکەشەوە خەیاڵی پوچی ڕۆژگار لەگەڵ سروتەکانی زەمان مرۆڤ لول دەدات تواناکان خواستەکان لەگەڵ تەحدایەکی سەرسەختی بیرکردنەوە لەمەرگ لەجەنگی پوچیدا لەشەڕی هیچدا یەکانگیر دەبن و مەحوی هەمیشە سەیری داهاتوو دەکات قیامەت نایەتەوە فیکری کەپرسیارێکی وەها لەبەرا مبەر جەبرو وجودی ژیاندا فانییە .

حافز دەمێکە خۆی تەسلیمی ئەومانایە کردووە دەمێکە بەتاڵ بوەتەوە لەسەروبەندی خەیاڵی دونیا وەلەوسەریەوە هاتووە .

لای مەحویش کاتی تەسلیم بوونەو کەچی نیگای شەرمنی ژیان پرسیاری خۆی دەکات ناڕازیە لەو دەورو تەسلیمە کەچی لای بەختیار تازە بۆی دەگەڕی بەشوێنی هیچدا دەگەڕی وکەس بەشی ئەویتر نادات .

مەحوی دەیەوی هەلبی و فرسەتی ژیانێکی تری هەبی .. بەختیاریش لەبی شوێنی هیچدا لەم سەرزەویە دەگەڕی .. مەحوی لەسەرەمەرگدا ئارەزوی گڕوگاڵی منداڵ دەکات .. بەختیاریش لەسەرەتای هیچیەدا بۆ شوێن دەگەڕی .

مەحوی دەڵی :-

لەپی کەوتووم و نەفسم بۆهەوا دەشنی وەکو منداڵ

لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پی دەگرم

چیبە سوچ و گوناهی بۆچی دەیکاتە جەزاخانە؟

بۆ فەبر هەڵکەن هەتا ڕۆژی جەزا دەعوا چیبە قەبرم ؟

لێرەدا حەزرەتی مەحوی یەکی لەناعەدالەتیەکانی مەرگ و ژیان بەگوێی ئێمە دەدا ڕاماندەکێشێتە ناو ناکۆکی قوڵی جەوهەری ئەم دوو چەمکە وەک واقعێکی نەخوازراو هەستپێکراو ئەمجار لەدوو شێوە مانای ئیختیار و سەپاو دەخاتە بەردەم ئێمە بەشێکیان هەڵاتنە لەمەرگ کەمەحاڵە دەربازبوون لێی بەشێکی تر خواستی خۆیەتی لەبەردەوامبوندا بەسەر جەبری مەرگدا لۆمەی تواناکان دەکات و لەناعەدالەتی ژیان هاواردەکات و دەڵێ :-

سبەینی (یحشرالمرء) براگەل ، فرسەتە ئەمڕۆ
تەبەڕابن لەمن ، باکەس نەبی حەشری لەگەڵ حەشرم
لەمن نازانم ئیتر نەفسی بەدخو چی دەوی مەحوی
کەبەد کردارو بەد ڕەفتار و بەد ئەفکارو بەد گەورم

بەڵام بابزانین لەشیعری (شاعیران دەچن بۆ جەهەنەم) بەختیار چۆن خۆی بەرەو ڕووی مردن دەبێتەوە ، تەنانەت ئامادە نییە بەهەشت ئیختیار بکات .. بەڵکو مەشخەڵی نوری پرۆمێوس هەڵدەگری تالەجەستەو ڕۆحی خۆڵەمێشتی خۆی بەردا .

بەختیار دەڵێ :-

من لێرەدا لەبەردەم ئەم بارانە دەوەستم و بەخوداکان
دەڵێم ئەگەر جەهەنەم نەماوە ... یاران جەهەنەمێک بۆمن دروست بکەن. سەردەمانی تەنیا مرۆڤە سەربەرزەکان دەچوون بۆ جەهەنەم ئەو کۆترانەی واها لەجوانی تێربوون بەشەوقەوە لەباغیان دەپرسی ، کامەیە دەرگای جەهەنەم ؟ لەجێگایەکی تردا کەباس لەشاعیر دەکات چۆن شاعیران دەبەن بۆ جەهەنەم ... باسەیرێکی ئەم کۆپلانە بکەین .

شاعیرەکان دەچن بۆ جەهەنەم .. جەهەنەم شوێنی
دەستپێکردنی هەموو قەسیدەکانە
ڕیتم چیە جگە لەئاگرێک لەدڵماندا دەسوتێت ..
کێش چییە جگە لەدەستگرتن بەکڵپەوە تانەکەوین
دەبێت بچین بۆجەهەنەم لەئاگردا نەبێت ڕۆحی ئێمە ناکرێتەوە
لەئاگردا نەبێت ئێمە خەممان نییە
هاوڕێم بابڕۆین بۆ ئەوی .. من لەدوورەوە دەبینم
بەهشت بی دەنگە خالییەو .. قافییەی لی نییە .

لێرەدا دەستەی هەڵبژاردن جیهانی خەتاکانە بەپێی بۆچونێکی ئاینیی کەمرۆڤە پاک و چاکەکان شوێنیان بەهەشتەو مولحدەکانیش جەهەنەم .. بەڵام بەختیار ڕوناکی دۆزەخ لەژیاندا دەبینی و جیهانی خەتاکان هەڵدەبژێری وەک سەرەتای دەستپێکردنی مێژووی ئینسان واتە خواردنی سێو لەداری عەدەن سەرەتای لەعنەتی خوداو دەستپێکردنی ژیانە لەسەر زەوی . لێرەدا بەهەشتێک نامێنی ئارام و بی پرسیارو بی مشت و مڕە ئەو دەیەوی جەستەی لەئاگرێک بسوتێنی کەلەڕوناکی خۆرەتاو مەزنتر و بەتینترە .

هایدگەر لەساڵی ١٩٦٦ لەوەڵامی پرسیارێکدا (خودا ئێمە ڕزگاردەکات ؟) دەڵێ :-

مەبەستی هایدگەر لەچەمگی خودا لەم دەستەواژەیەدا ، خوا ئاماژەکردە بۆ بونێکی خاوەن دەسەڵات وەهێزی داهێنان کەلەناو بروای ئاینەکان بۆچوونی فێرگەکانی فەلسەفەی ئایدیالیستی بوە بەبار ، بونێکی ڕەها وەلەدەرەوەی خوداو مرۆڤدا دانراوە .. لەبەر ڕۆشنایی دەستەواژەکەی هایدگەر ئەگەر مرۆڤ داهێنەر نەبێت لەچوارچێوەی وەبەرهێنانی ستەمی تەکنەلۆژیادا دەبێت بەکۆیلەی سەردەمەکەی وەک کەلوپەلێک بۆ سود و قازانج بەکاردێت ڕێگە چارە دژ وەستان بەرامبەر ستەمکاری تەکنەلۆژیاو لەناوبردنی واتە لێرەدا بەختیار خەتاو داهێنان دەکاتە دژ بۆ ستەمکاری و مەرگ و ڕەمزی ژیان .

چونکە بارودۆخی نالەباری بەکەلوپەلکردنی بوونی مرۆڤ گەڕانە بەرەو ڕەسەنێتی بوون .. داهێنان نەک لاسایی کردنەوەو شوێن کەوتنی کەلتوری بازاڕی لەکاتێکا مرۆڤ باوەڕ بەدەسەڵاتی داهێنانی خۆی دەهێنی .. هایدگەر پێی وایە ڕۆڵی خودایەش وەردەگری ، خۆی دەبێت بەداهێنەری ناوەڕۆکی خۆی ڕێگەنادات دەسەڵاتێکی دەرەکی جەبریانە لەدەرەوەی بوونی ئەودا چاری بکات بڕیار لەسەر پڕۆژەکانی بوونی ئەو بدات ، دەسەڵاتی داهێنان هێزێکی ڕزگارکەرە لەزەڵکاوی بیرکردنەوەی ستەمکاری تەکنەلۆژیا .. هونەرمەندو شاعیر دەبن بەخودایەتی .. واتە دەسەڵات ئیختیار .. لەوچەند پەرەگرافەی پێشەوە جۆرێکە لەخودایەتی کەخۆت بڕیار لەسەر دوو چەمک و شوێن و مانا دەدەیت یان جەهەنەم یان بەهەشت .

ئالێرەوە هایدگەر چاوەڕوانێتی و لەو باوەڕدایە داهاتوویەکی ڕۆشن بۆ ئێمە دەخولقێنی وەپەیامە هونەرێکەشیان دەبێتە مەدحێکی تایبەتی پیرۆز بۆ مرۆڤایەتی لەم ڕووەوە

هونەرو ئەدەب بەگشتی شیعر بەتایبەتی خاوەن ناوەرۆکێکی تایبەت و جیاوازن لەتەکنەلۆجیا .. ئەگەر ناوەرۆکی تەکنەلۆجیا وەبەرهێنان بێت ئەوا ناوەرۆکی ئەدەب و هونەر .. داهێنانە یان دەرخستنی ڕاستی بوونە .

لەزمانی شیعردا وشە ناسوتی وەک ئەوەی لەزمانی شیعر بۆ جەهەنەم بینیمان .. لەبازاڕی نەریتی باودا خۆی مەزاد ناکات .. زمانی شیعر کلیلی نهێنیەکانی بونی هەورەگرمەیەکە کەلەخەونی دۆگمایەکی تەکنەلۆژیا ڕامان دەچلەکێنی توشی ئازاری ویژدانمان دەکات .. دەست دەخاتە ناوبرینی نامۆی قوڵمانەوە وەبەئاگامان دەهێنی .. لەمەنفاوە بەرەو وڵاتمان کێش دەکات .. شیعر دوژمنی مەنفاو بەخۆ نەبوونە .. دەنگی دەهۆڵی جەنگێکی خوێناویە لەپێناو گەڕانەوەیە بەرەو وڵات و بەخۆ بوندا .. شیعر خەوی منداڵییە بەگەورەییەوە .. لەبەرئەوەی شیعر دەستێکی ڕزگارکەرە وەکو ئەوەی کەشاعیر لەدەستی بەهەشت هەڵدێت جەهەنەم ئیختیار دەکات .. ئەوە شیعرە ئەو لەدەستی بی قافیەی بەهەشت دەردەکات وەبەسەروایی جەهەنەمی دەبەستێتەوە .

شیعر دەنگی مرۆڤی خۆناس و ڕەسەنە ، ڕەسەنێتی بونیش بەداهێنانەوەیە ڕوو لەداهاتوو دەکات وە ئێستا ڕەتدەکاتەوە شیعر وەکو پرۆژەی بونێکی ڕەسەن ڕەوتێکی بێویستانەیە بەرەو داهاتوو ، لێرەوە وەزیفەی زمان ڕۆڵێکی گەورە دەبینی بەرەو ڕوناکی ئەو داهاتووە .

گەورە شاعیری ئێران نیما پی وایە :- زمان ناقسە .. دەست کورت و هەژارە .. گەیاندن و پی گەیاندنی لەدەست شاعیردایە .. ئەو شاعیرانەی فکریان نییە تێکەڵکردن و داهێنانی نوێشیان نییە .. نیما لەهەندی ڕەهەندی جیاوازیشەوە پی وایە :- ئەگەر شیعری تۆ بەکەڵکی گۆرانی گوتن هات بزانە کەموکوریەک لەشیعرەکەتدا هەیە وەلەو ڕێگایەشەوە دوریت کەمن گرتومەتە پێش .. چونکە هەموو هەوڵی من ئەوەیە کەحاڵەتی پەخشان کۆت پابەند ڕزگاری دەبێت .. شیعر جیهانێکە جودا .. مۆسیقای جودا ، جا لەشوێنێکدا بەیەک دەگەن دەکرێت ئاهەنگێک بۆ شیعر دروستبکری .. بەڵام شیعر قەت ئاهەنگی نییە هەروەک چۆن دەکری شیعر دابهێنری .. بەڵام شیعر مۆسیقا نییە .

لێرەدا بەختیار عەلی پەیوەندیەکی یەقین بەشوێنە جیاوازەکانی خۆیەوە دەبەستی .. هەندی جار بی دابڕانی موتڵەق بەئینسانەکانەوە بەڕۆح و بیرکردنەوە سەراپای ژیانی ئەوانەوە وەک جۆرێک پەیوەندی ڕۆحی ئەفسانەیی گرێدەدات وەکو سەرزەمینێکی تەواو ڕوبارو جۆگەلەو ئاو و سەوزایی و خەیاڵی ئینسانەکانیش بەجیهانە فراوانەکەی خۆی گرێدەدات وەک بڵێی دەربازبون مەحاڵە .. بگرە هەندی جاریش زیاتر دەڕوات .. ژیانی خۆی بەشتێکی نادیار دەزانی و ناڕاستەوخۆ لەژیانی دەوروبەرەوە خۆی دەبینێتەوە . لەلای منیش ئەم حاڵەتە تەواوترین چرکەساتی پەیوەندیە دوو قۆڵیەکانی مرۆڤە لەگەڵ خۆیی و دەوروبەر چونکە هەر مرۆڤێک لەناخیدا ئەفسانەیەکی هەیە ، هەر مرۆڤێک لەدوو فۆرمی جیاجیا ، مرۆڤێکی ناتەواوی تر پێکدێنی هاوڕی نەستێکی پەنهان و سەربەخۆو سەرەڕۆ نەبینراو و ئاڵۆز ئەفسوناوی کەسێکی ترو جیهانێکی لەناوەوەی تۆ کار لەسەر ڕەوتێکی گرنگی ژیانت دەکات .. هیچ یاسایەکی ئابوری نەحکوم بەئیرادەو جوڵەو هەست و ئیدراکی ناکات ، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەژیانی ڕۆژانەی سروشتیدا خاڵ لەسەر خاڵی ، لەتەونێکی جاڵجاڵۆکە دەچنی نەشتێکی سەربەخۆو سەرەڕۆ تۆماری دیاردەکانی ناوەوە و دەرەوەی سروشت و عەقڵ دەکات .. هەر لەوێنەو دەنگێک خاوەن سەربەخۆیی خۆیەتی ، لەجێژوانە خەیاڵ ئامێزە دەروونێکاندا وەک پێداویستیەکی حەیاتی و ئەخلاقی پەیوەندیەکی ئۆرگانێکی لەگەڵدا ببەستی تالەژێر جەبری ستەمکارانەی واقعدا لەو بتانە دەربازبێت کەبەیاسای جەهل ئابلوقە دراوە بەردەوام یش وەک زانینێکی ئیرادەگەر لەهەوڵی دەربازبوندایە وەلەهەوڵی نیشاندانی وێنەو دەنگێکی تر لەمرۆڤ و زمان و سروشتدایە وەلەفەزای سروشتی کۆمەڵایەتی ئینسان بەتایبەت هەناسەیەکی ترو ڕوئیایەکی تر دەستەبەر بکات .

بالێرەدا سەیرێکی ئەم چەند پارچە شیعرە بکەین ((کەئێوە وندەبن))

ئێستا تێدەگەم کەهەر ڕۆژێک کەدەژیم
من ناژیم ، بەڵکو ژیانی من .. تێپەڕینی
تارمایی ئێوەیە
دوور لەخۆی بەنیشتمانی مندا .. تێپەڕینی
ڕۆحی غەمگینی
ئێوەیە .. دوور لەخۆی
نامۆ لەخۆی بەڕۆژانی مندا .

جورئەتی شاعیر بی گومان هەموو ئامادەکاریەکی ڕۆشنبیری و مەعنەوی بەوپەڕی هێزی خەیاڵەوە

لەپشتە بۆ ولّامدانەوەی پرسیار و دروستکردنی پرسیار .. جەنگاوەر لەسەر کەوتنەکانی خۆیدا لەسەرەتای شەڕەکانی زەمان و زمانی خۆیدا بۆ ئەم سەردەمە پێویستە ، هەروەها نەیارەکانی بەوپەڕی جەهالەتەوە تیرەکان دەهاوێژن و نایپێکن .. نەیارەکانی شاعیر زۆر لاوازو هەژارن لەئاستی ڕۆشنبیری بۆیە دوای بیست ساڵ لەکارکردن جەنگاوەر بەوپەڕی سەخاوەتەوە بەوپەڕی زانینەوە لەتوانای نەیارە جاهیلەکانی دەچێتەوە پێشەوەی سەنگەرو بی جولّە بەوپەڕی غرورەوە پێشوازی لەخەنجەرو تیر هاوێژەکانیان دەکات .. بی باکیشە لەڕادەی ئەوخەنجەرە ، زۆر بی باکیش جەستەی خۆی هەڕاج دەکات ، خوێنی خۆی حەلال دەکات .. بەختیار عەلی باش لەوە گەیشتوە کەهێشتا جەلادی ڕاستەقینەی خۆی نەهاتووە .. دەزانی ئەوەی لی دەدا نەفامە جاهیلە .. مەیدانێکی کورت لەجەنگە ڕۆشنبیریەکان هەیە بۆیە ئەو هەڕاج کردنە مانەوەیەکی ئەبەدییە بۆئەو کەدەیەوی بکوژرێت و بەزیندویی نەگەڕێتەوە .

ئێمە لێرەدا بەوپەڕی سەرسامیەوە لەو ئامادە کارییە دەڕوانین کەشاعیر جارێ هاندانی نەیارەکانی دۆستەکانی دەدات بۆ کوشتنی .. لەڕوویەکی تریشەوە ئەو دەیەوی بۆخۆی دروستبونی کەسێکی دی دوای خۆی دروستبکاتەوە ، ڕەنگە بەخوێندنەوەی دانەر ئیدی هەمان تێزی ڕۆژان بارت بدات بەگوێمان دا کەکوشتنی دانەر لەدایکبوونی خوێنەرە .

جگە لەوەش شاعیر پێمان دەڵی :- دەبی لەکاملّبونـدا خـۆت ئامادەی تێری دۆستان و ژەهری یار بکەیت .

باپێکەوە سەیرێکی ئەم شیعرە بکەین :-

(جاران)

جاران تەنیا لەهەندێک کوچە دەریاندەکردیت
، ئێستا بوویت
بەتەیرێ:کی نەخۆش ، بەبی شوێن ، بەبی لانە
، بەبی باڵ ،
هێندە جوان بویت .. باشیت بۆ تفی ئەمڕۆ ..
کاملّ بۆ
نەفرەتی ئەمسالّ ..
جاران تەنیا پادشاکان و میرەکان و خواجەکان
دەیانویست بت کوژن ..
ئێستا زاناکان و داناکان و شاعیرەکان ..
ئەزیزم خەم مەخۆ ..
هێندە جوان بویت ..کاملّ بویت بۆ ژەهری
یارو



کاملّ بویت بۆ خەنجەری دۆستان .

ئەم دەقە شیعرە ئەوەمان بیردەخاتەوە تا دروست نەبیت دوژمنت نییە .. کەهەبویت دەیان چاو دەیان ڕۆحی تێکشکاو چاوی کوێر و دڵی بوغزاوی و حەسود تیرت لی دەهاوێت .. دەبی خەم نەخۆیت تۆ جوان بویت و پێگەیشتی ، چیتر نابی بترسی لەوجاهیلانەی کەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەیانەوی بتپێکن ، هەربۆیە لەهەناسەیەکی تر پاڵەوان خۆی دەردەخات بی باک لەخەنجەری ئەوان خوێن و لاشەی خۆی هەڕاج دەکات .. لێرەوە ئیدی جەنگەکانی شاعیر دەست پی دەکات باسەیرێکی ئەم پەرەگرافانەش بکەین :-

(جەنگەکانی من)

من لەگەڵ هەموو جۆرەکانی خەنجەردا لەپەیماندام
تەنیا بۆ کوشتنی خۆم بیانوەشێنم
من ئەو داری ئازادییە نیم بەخوێن ئاو بدرێم
ئەو خونچە سەربەستیە نیم بەخوێن بگەشێمەوە
من برۆمە گۆڕەپانی هەر شەڕێکەوە بۆ ئەوەنیە بکوژم
بەڵکو بۆ ئەوەیە بکوژرێم و بەزیندویی نەگەڕێمەوە
ئەی ئەوەی ئێستا چەقۆت لەگۆشتی کەس نەداوە .. دڵی
من با جی لەسەر نییە .. زۆر کەس بەکوشتنی من بونە
ئوستاد .. وەرە تۆش ببە بە ئوستاد ، چەند دەتوانی
قوڵتر خەنجەرەکەت ڕادە .. دەربڕینی من یارییە .. هەرئەمرۆ
نا .. لەمێژە گۆشتی من هەڕاجە .. لەمێژە خوێنی من
تالەسەر شیعر بدوێن پەیوەندی و گفتوگۆی



ئێمەو جیهان و زمان دەهێندەی تر ئاڵۆزی رومان تێدەکات .. بۆ ئەم ئاڵۆزیەو ناسینی زمان و جیهانیش وەزیفەی شیعر یەکەمین ئامرازی گفتوگۆیە و دروستکردنی جیهانە لەڕێگەی زمان و جیهانبینیەوە .. ئاراستەیەکی نوی یە کەلەوەوبەر بی ئاگابوین لێی .

هەموو ئەنفراندنێک تێپەڕاندنە .. شیعر بۆخۆی ڕۆحی مرۆڤە کەلەم چەند پەرەگرافەی خوارەوە لەوەزیفەی شەودا بۆ ڕۆحی شاعیر دێمە سەری ، ڕۆحی مرۆڤیش ڕۆحی گەل و مێژووی گەلە ، شیعر بەرزوترین شێوازی گوزارشتی مرۆڤانەیە وەنمونەیەکی بەرزی بونە .. ئەدۆنیس گوتەنی :- شیعر فێرمان دەکات چۆن چۆنی زەمەنی ئەبەدیەت ئاوێزانی یەکدی دەبن ، لەساتەوەختی ئەفراندن دەبن بەیەک .. شیعر لەسەر ڕوئیای قوڵبونەوەی ئیشراق ڕاوەستاوە .. ژیانیش بەبی شیعر ژیانێکە دادپەروەری و ڕاستگۆیی و ئازادی تێدانییە .

ئێستاش باسەیرێکی ئەم پارچە شیعریە بکەین :

شەوێک کەلەشەو زیاتر هیچی دی نییە
شەوێکم تاریکی ڕاستەقینەی خۆم دەژیم .

لێرە ناڕۆم من خۆرم نییە .. تۆ ئەی ئەوەی بۆ ڕۆحی خۆت دەگەڕێیت لەمندا مەگەڕی !! من نەڕوو نەئاوێنەم نییە . شەوێک کەمرۆڤ بەچرا بۆی نادۆزێتەوە ، بەنورا پێناگات دەرگای لەسەر ڕوناکی نییە .

شەوێک کەلەسەر خۆی دەنوسێت ، لەناوخۆیدا دەنوسێت دژی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەڕوات ، تەنیاو تەنیا لەگەڵ خۆیدا دەگەڕێتەوە .. شەوێکە هاوڕێی نییە ، لەشەوێک تاریکی دەخوێنێتەوە ، تاریکی سەقەت دەکات ، تاریکی دەخاتە سەریەک ، تاریکی دەخەوێنێت ، تاریکی بۆندەکات ، تاریکی لەخەو هەڵدەستێنێت ، جگە لەتاریکی نەدەفتەر نەمەرەکەبی نییە .

شەوێک تەنیا دەتوانێت خۆی بکوژێت
چونکە لەخۆی زیاتر دوژمنی نییە
تەنیا لەدەرگای خۆی دەدات
چونکە جگە لەخۆی میوانی نییە .

لەم پارچە شیعرە شەو وەک تەنیایی دەبینرێ .. شەو وەک پێنوس دەبینی ، شەو وەک جیهانێک لەنوسین دەبینی ، شەو وەک ڕۆحی یاخییەک دەبینی ، جگە لەشەو شتێکی دیکەی نییە تا هەناسەی تیابدات .. لێرەدا شەو زمانی شیعرێکی پەنهانە کەهەمیشە وجودی نیە .

وەزیفەی شیعر بەپلەی یەکەم ڕۆچوونە بەناو زمان و وشەکان .. لێرەوە ئیدی بەڕۆحی دونیای حیکایەت و ئەفسانەو ئەدەبی بەلاغی و میتافیزیکی دەکرێنەوە بۆیە دەبینی حیکایەت و بابەت و فۆرمی شیعری لەهیچ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی تر ناچی بۆیە گفتوگۆی شاعیر گفتوگۆی ناو سەرابەکانە ، کردنیانە بەحەقیقەت لەئاسمانێکدا هیچ بەلاغێکی ئەدەبی پی ناگات .. لەم دەوەرانەشا لەسەر پانتاییەکانی زمان و ئەدەب تائەمڕۆش درێژەی هەیە ، بۆیە شاعیر ڕۆحی زیندوی مەحوی دەدوێنی وەک پریس پارتین وتویەتی :-

زمان نایەتە بوون
ئەگەر بی توو ئەوشتەی
کەدەیەوی نیشانی بدات
بزر نەبی .. گوتاریش
بەواتای تێپەڕاندنی
جیهانە لەبوونەوە بەرەو
پانتایی وشەکانە ، زمان
خاشەپڕبوونی شێوەی
زمانە لەم بارەشەوە
بلانشۆ ئەوەمان
بۆ ئاشکرادەکات
کەوشەکان بون
دەبەخشنە من بەلام
جۆرێکی تایبەتی
لەواتای بوون
.. بەبۆچونی
باتای زمانیش
لەیەک کاتدا
دەخولقێنی و
وێرانیشی

دەکات ..
باتای پێی وایە نهێنی ئەدەبیات لەوەدایە کەهەموو وشــەیەک لــەودا کاری کات ئەنجــام دەدات و مردن دێنێتە پێشــەوە ، باتای ڕای وایە وشەکان جگە لەخۆیان شــتێکی دیکە بەیان ناکەن ، زمان دەمان گەیەنێتە ئاســتی ئەوکەسەی دەدوی دان بەپی توانای خۆیدا دەنی .
بەڵام لەپارچە شــیعری بەناو مەحوی دا شاعیر ســەرەڕای هەموو تواناکانی پەنــا بۆ حەزرەتی مەحوی دەبــات داوای لێدەکات کەڕێنمایی بکات کەلەم چەند دێڕەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوی و دەڵێ :-

چی بکەم .. گەر وەکو سوختەی شێت
تائەوسەری مردن بەدواتا بەپی نەچم ؟
چی بکەم .. گەر وەکو کەشتی تابنی بەحری
کوفر نەخنکێم و ڕۆ نەچم ؟
چی بکەم .. گەر وەکو قەلەندەری پیری
شەوی مردن نەگەڕێم بەباغەکانی شاردا ؟
چی بکەم .. گەربۆ ئادابی جنون نەگەڕێمەوە
بۆ سارا ؟
چی بکەم .. گەر لەپاداشتی شەودا بەرق لەدڵم
نەگرم ؟
چی بکەم .. گەر بەبی تۆ بەیادی نورەوە
نەمرم ؟
چی بکەم .. سەر وەکو گوڵەباغ لەباغی
حیکمەتدا بنوی ؟
چی بکەم .. دڵ وەکو بولبول بەناوی باغەوە
بدوی ؟
چی بکەم .. خوداو ئەستێرە تێم بگات ؟
چی بکەم .. لەم ئاگر بادیا نەسیمی سوبحم پی
بگات ؟
چی بکەم .. وەکو نوری وێڵ خۆم نەدەم
بەپەنجمەری مەرگدا ؟
چی بکەم .. وەکو پایزی دوور نەخنکێم
لەگەڵای زەردا ؟

ئەم پرسیارانە لەناوێکی وەکو حەزرەتی مەحوی گفتوگۆیــەک لەگــەڵ خودی خۆیی و ئینســان .. لەگــەڵ زمان و وشــەو خوێنەر لەلایەن شــاعیر لەوســەری پرســیارەکانەو هاتــووە لەلایەکــی دیکەشــەوە داوای نەجــات و ڕزگاربــوون دەکات لــەو چــە قبەســتنەی کەلەگــەڵ ڕۆحــی خۆیــدا تێکەوتووەو پەنا بۆ گەورە شــاعیرێک و

پێغەمبەرێکی وەکو مەحوی دەبات .
کەچـی مەحوی لەچەنـد ئایەتێکـدا وەڵامی ئەم پرسـیارانە دەداتـەوە کەئـەو چـارەی نییە لەو مەحاڵەی نییە تێکەوتووە و یەقینە لەوەی کەئەو بەو گوزەرو مەملەکەتە ڕۆحییە تێپەڕیوەو کاری خۆی کردووە پێویسـت بەپرسـیار ناکات بەڵکو ئـەو لەڕۆحـی ئیختیـاردا ئەزمونێکـی گەورەی ئەوژیانەی هەیەو ناچارە بەرجەستەی بکات و بی ئەو خەیاڵـە ڕۆحییە وجودی نابی بۆیە لەوڵامی مەحوی دا بۆئـەم دۆزەخە هەر ئەوەیە مەحوی عیشق دواڕێگای دەربازبونێتی لەپرسیارە یەقین و مەحاڵەکان .. بڕێک لەم وەیف و فەلسەفەیەش شـوبهاندنێتی بەعیشـق و عەقڵی شـوبهاندووە بەئاونگ و شـەو کەلەسەر گیاو گوڵ دادەنیشی .. واتا بەدیار نەمانی شەو نەمانی ئاونگە بەسەر گوڵ و گیاوە کەعیشـق پەیدا ئەبـی ئیدی عەقڵ وندەبـی ، ڕۆح لەپـەڕەوازەی دڵ کەشـتێکەی بـەرەو بەندەرە نادیـارەکان دەبـات بی ئەوەی لەنگەر بگرێت .
بابزانیـن شـاعیر و حەزرەتـی مەحـوی بـۆ پرسـیارەکانی بەختیـار عەلی چی دەڵی :- چۆن لەمان بەرزەکەی خۆیدا سنگی بەرزو نیگای تیژ دەڕوات .
حەزرەتی مەحوی دەڵی :-

ئەری دڵ بی شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت لەگوڵ چبکا ؟
کەجلیوەی گوڵ لەگوڵشەندا نەبی بولبول لەچڵ چبکا ؟
کەهەڵگیرسا لەنوری بادە شەمعی حوسنی جانانە
نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە دڵ چبکا ؟
بەئاهم گەر ڕەقیبانت بسوتی ئەی گوڵی ڕەعنا
مەڕەنجە توخودا شوعلە لەئا قاری چقڵ چبکا؟
هەتا ماوە ئەشکی نەدامەت داوەڕێنی چاو
عەرەق ڕتین نەبی ، شەخێی لەکاری خۆ خەجڵ چبکا ؟
فەلەک هەرگا کەسێکی هەڵبڕی وەقتی هیلاکەتییە
کەسەر بۆ گەینە پەت بی پی لەکورسی و ئەسکەمل چبکا ؟
چ حاجەت نەگشی مەستت بکەم وەیفی مەخموری
کەچاوی سورمە کێشراوی لەکل چبکا ؟
لەهەر جێیەک خورشیدی عیشقی گوڵ و فان
(مەحوی)

ئەگەر عەقڵ ببی لەوجێگەی ئاونگی عەقڵ چبکا ؟
بەلاغ و بەرزی ئەدەب خۆی لەم جۆرە پرسیارو ئاخاوتـن و وێنانـە دەبینی و کەفەلسـەفەو بیر ناچارە شـەرحی ڕۆحی خۆی بکات .. کەئەویش مانـا نادیارەکانـی شـیعرە چونکـە ئەدەبیـات دەروەستی شـتێک .. کەسێک .. یان بیرۆکەیەک نییە ، جگە لەناولێنان و بیرکردنەوە چارەنوسـی زمانیـش لێـرەدا ئەوجیاکردنەوەیـە ئامـرازی پەیوەندی گرتن نییە .
نـەک چونـە نێـو گەوهـەری شـتەکان بەڵکـو جیاکردنەوەیـان لـەم ڕووەشـەوە ئامانجـی ئەدەبیات خۆی ئەدەبیاتە .. بلۆمیش پی وایە نەک نوسین بەڵکو شیعرێک کەدەیخوێنینەوە لەزەینی ئێمە قەتیس نامێنێتەوە ..
زەین ی خوێنەر یان بیسەری شیعر خوڵقێنەرێکە یان واتایەکی نوی دروستدەکات ..
شـیعر دەقـی ئەدەبـی لەچوارچێـوەی وێنەکان باوەڕەکان شتەکان و دیاردەکات کورت نابێتەوە بەڵکـو ڕاڤەی هەردەقێک بەسـتراوەتەوە بەدەق گەلـی دیکـەوە واتا شـیعر دەتوانی شـیعرێکی دیکەبی لـەم ڕووەوە هەر شـیعرێک لەڕوالەتدا دووجار دەبەسـترێتەو بەشیعر یان شیعر گەلی دیکـە ، چونکە لەبنەڕەتـدا خەیاڵ کردنەوە بەبی کاریگەری وەرگرتن ناکری .
بـەڕای بلـۆم مێژووی شـیعر دوای شەکسـپیر مێژووی شـیعر گەلێکە بەخراپی خوێنراوەتەوە نێوەرۆکی شـارەوەی ئەم شـیعرانە دڵەڕاوکێی کاریگەری وەرگرتن لەنەریتەکانە هەروەک بلۆم پی وایە شەکسپیر کەسێک بوو کەپلانی زەمینی کێشاوە وەدەرون شیکاری فرۆیدی داهێنا .
لەکۆتای ئەم باسە بەڕای من بەختیار عەلی چەند سـاڵێکی تـر لەڕێگەی ڕۆمان و شـیعرەکانیەوە بەنـاو دونیای سـۆفیگەرێتی دا گـوزەر دەکات هاوشـێوەی مەحوی حـەلاج و مەولانا و نالی .. سۆفیگەرێتیەک نا بەدوای بینینی خوداو تەماس گرتن .. بەڵکو سۆفیگەرێتیەک بەچاوێک سەیری ناعەدالەتـی دونیـا دەکات و لەهێـز و ڕۆح و قودرەتی زمان و وشەکانیشدا لەبونی خودایەکی نوی دەگەڕی .. لەشـێوەی وتـە بەناوبانگەکەی مەسـیح لەکاتـی ئازارەکانیـدا کاتێـک بەدایکی دەڵێ:-
((سـەیرکە دایـە بزانـە چـۆن هەموشـتەکان تازەدەکەمەوە)).

نامەی مارکس بۆ باوکی



نامەی ;کارل مارکس بۆ باوکی لەتییەر (١٨٣٧)
بێرلین ١٠ی نۆڤەمبەر
یەکەمین جار لەژمارەی ١ی "Dieneue Zeit"
١٨٩٧ بلاو کراوەتەوە
سەرچاوە: کۆمەلەبەرهەمەکانی مارکس و ئێنگێلس MECW لەئینترنێت، بەشی یەکەم
http://marxists.org/archive/marx/works/cw/index.htm
ئیرەجی فەرزاد لەمارسی ٢٠١٠ دا کردوویەتی بەفارسی
ئاسۆ سەهامی کردوویەتی بەکوردی

باوکی ئازیز،

چرکەساتێک لەژیانی هەر کەسێک دا هەیەکەوەک سەر سنورەکان وایە، ئەو جێگایەکەکۆتایی سەردەمێک و هاوکاتیش نیشانەی ڕێگایەکی نوێیەلەژیان. لەوکاتەدا ئێمەناچارین بیروبۆچونمان لەچەشنی چاوی هەڵۆ بەکار بهێنین بۆ هەڵسەنگاندنی ڕابردو، بۆ ئەوەی بزانین کەلەکوێدا وەستاوین. لەڕاستی دا مێژوی جیهانیش حەزدەکات بەم شێوەسەرنجی ڕابردوی خۆی بدات. یانی هەستێتەسەر پێ و بەوردبینی و دودڵیەوەبارودۆخی ئێستا و ڕابردوی خۆی تاوتوێ بکات. مێژوی جیهان لەوەها سەرنجێکدا زۆر جار بەشێوەی داڕمان و یان گەرانەوەبۆ دواوەرەنگ دەداتەوە، هەر بەو جۆرەی کەڕەوتی ڕاستیەکانی مێژو نیشانی داوە، ئەم بارودۆخەلەچەشنی حالەتێکەکەمێژوی ئەم جیهانەوەک کەسێک وایەکەلەسەر کورسیەکەی دانیشتوەو بیر لەڕابردووی خۆی دەکاتەوەبۆ ئەوەی خۆی بدۆزێتەوەو لەباری فکریەوەهەڵسورانی خۆی هەڵسەنگێنێت، وەک ئەوەی کەبیروکەی خۆی جەم و جۆر بکات. بەم شێوەو لەوەها ساتێک دا مرۆڤ، توشی حالەتێکی شاعیرانەو سۆزداری دەبێت، چونکەئاڵ و گۆر و یان لەیەک ئاڵان بەشێکن لەدواین بەشی بەرهەمێکی هونەری و بەشێکن لەسەرەتا و هەروەها موژدەدەری شێعرێکی نوێی مەزنە.

هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەفورمێکی سەقامگیر کەبەرەنگی جوان و بریسکەدار ولەیەک ئاڵاو لێک هاتوە. سەرەڕای ئەمەش ئێمەحەز دەکەین کەبیرەوەریەکانمان لەو سەردەمانەی کەتێیدا ژیاوین سەرلەنوێ دروست کەینەوەو بیهێنینەپێش چاو، هەر بۆیەئەنگیزەکانی ئێستامان و ئەو تەجروبەکۆنانەی کەلەکاتی بەرەو ڕوو بوون لەگەل بارودۆخێکدا کە لەگەڵ کردەوی ئێستامان لەدەست مان داوە، بگەڕێنینەوە و ئەمەش لەکام شوێنی پیرۆز و لەچ پەناگایەکی ئەمن و هێمندا بەدی دەکرێت، جگەلەنێو دڵی دایک و باوکدا، ئەم بەسۆزترین دادوەرانە، ئەم نزیکترین هاوڕێ و هاوخەم و ئەو خۆرەتاوی عەشقەی کە تینی گەرما بەخشی هێزی دڵمانەبۆ دەست بردن بۆ هەرکارێکی سەخت و دژوار؟ ئەڕێ چاکسازی و لێ بوردن لەبەرانبەر ئەو شتەی کەسزاواری لۆمەیە، چاوەروانیەکی زۆر و ئارەزویەکی لەرادەبەدەر نیە؟ ئەڕێ باشتر نیە لەبری لۆمەکردنی خۆمان، هەل و مەرجی بنەڕەتی دیاردەکان و ئەو شتەی کەبوەتەهۆی دروست بونیان شی بکەینەوەو باسی بکەین؟ چونکەلانیکەم یاری خراپی چارەنوس و کارەساتەکان و هەڵەکانی ئەندێشەو ڕۆشنبیرانە ئەتوانێت خۆی لەبوار و گیژاوی دڵیکی نەخۆش ڕزگار بکات؟

هەر بۆیەباوکی بەڕێز و خۆشەویستم، ئێستا کاتێک بیر لەڕوداوەکانی ئەو سەردەمەدەکەمەوە، بۆ ئەوەی نامە ئازیزەکەی تۆ لە«ئیمز»(EMS) وڵام بدەمەوە، ئیجازەم بدەکەبەشێوەیەک باسی بارودۆخی خۆم بکەمەوەکەژیانمی تێدا دەبینمەوە، وەک باس کردنی هەڵسوران و کار و گۆرانکاریەکانی ئەندێشەو ڕۆشنبیرانەکەلەسەرجەم لایەنکانەووەک زانست،

سێ لایەنەدا کۆبوەتەوەو لەلێکدانەوەیەک دا بۆ خۆ نواندن نوسراون. چەمکەرۆمیەکان بەدواکەوتوترین شێوەبەخراپ کەڵکی لێ وەرگیراوەبۆ ئەوەی بەزۆر لەو سیستەمەی مندا بیگونجێنن. لەلایەکی دیکەوەلەم رێگادا من وێنەیەکی گشتی لەمادەو حەڵقەی پەیوەندیەکانی نێوانی کێشاوە. لانیکەم خەتەدیاری کراوەکەی. لەکۆتایی بەشی تایبەت بەیاسای مادی تاکەکەس، من هەستم کرد کەسەرجەم مەسەلەکەتەزویر و درۆیە، دارشتنی بناغەیەک کە«کانت» تێیدا وەستاوە، بەڵام بەکردەوەلەو سنورانەش بەلارێدا دەچێت و بەم شێوەجارێکی تر بۆم دەرکەوت کەرێگایەکی تر نیەبۆ دەرباز بون جگەلەفەلسەفە. بەم شێوەمن بەتێگەیشتنێکی باش توانیم جارێکی تر پەنا بۆ فەلسەفەبەرم و من گەڵاڵەی سیستەمێکی نوێی رێچکەی مێتافیزیکم دارشتەوە. بەلام لەئاکامدا جارێکی دیکەمەجبور بوم کەدان بەوەدا بنێم کەمن هەڵەم کردە، لەچەشنی هەڵەکانی پێشوترم لەپەیوەند لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا کەکردومەتەعادەت بۆ خۆم، ئەوەیەکەلەسەرجەم ئەو کتێبانەی کە دەیخوێنمەوە، چەن بەشێک هەڵدەبژێرم، بۆ وێنەلەکتێبی(Laokoon) نوسراوەی لیسینگ (Lessing) ، لەکێتبی»Solger» بەناوی ئێروین (Erwin) مێژوی هونەر لەنوسینی وینکێل مەن(Winckelmann)، مێژوی ئالمان نوسراوەی لۆدین (Luden) و هاوکاتیش بۆچونەکانی خۆم لەسەر ئەم کتێبانەبنوسم. هەروەها کتێبی (Germania) نوسراوەی تاسیتوس (Tacitus) تەرجومەبکەمەوەو دەستم کردەوەبەفێربونی زمانی ئینگلیسی و ئیتالیایی هەڵبەت بەچاو پۆشی کردن لەرێززمانەکانیان؛ بەڵام لەم بارەوەهێشتا پێشکەوتنم بەدەست نەهێناوە. من هەروەها کتێبی «یاسای جەزا» نوسراوەی کلاین (Klain) و سااڵنامەکانی کلاینم کەم تا کورتێک خوێندەوە. لەکۆتایی دا «سەماکانی خواوەندی شێعر» و «مۆسیقای خوای جەنگەڵ»م نووسی. لەدواییەن کتێبی راهێنان دا کەبۆ تۆم نارد، (دوپشک و فلیکس)ی ئیدئالیسم لەگیانی غەیری ئیرادی کاریگەری دەبێت و درامای سەرسورهێنەر بەڵام سەرنەکوتوی (Dulanem) بەتەواوەتی ئاڵوگۆری بەسەردا دێت و ئەبێتەهونەرێکی بەتەواوتی «فۆرماڵ» بەبێ هیچ نیشانەیەک لەتێ رامان. سەرەرای ئەمەش دواییەن شێعرەکان لەچەشنی زەبرێکی جادویی لەیەکەمین زەبری خۆیدا منی بردەجیهانی پڕزەرق و برقی شاعیری، وەک ئەوەی خەریکم دەچمەنێو کۆشکێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی و سەرجەم بەرهەمەکانم بەبا چون .

لەتێرمی یەکەم دا لەگەل ئەم سەرقاڵیانە دەرگیر بوم، زۆر شەو تا بەیان بیرم دەکردەوەو لەگەڵ خۆم شەڕم هەبو، بەڵام لەکۆتایی دا بەهیچ دەگەیشتم و لەوەش بەولاتر ئەوەبو کەمن لەسروشت، هونەر و جیهان غافڵ بوم و درگام لەسەر هاوڕێانم داخستبو. ئەو شتانەی کەلەسەرەوەباسم کرد هەستم دەکرد لەناو جەستەم دا فورموولەببون. دوکتورێک پێشنیاری کرد کەسەردانی دێهات بکەم و بەم شێوەبۆ یەکەمین جار بەناو شاردا وەڕێ کەوتم تا گەیشتمەدەروازەی شار و لەوێشەوەچومەستراڵۆ (Stralow)، بەبێ ئاگا لەوەی کەمنی نەخۆش و لاواز کەم دەبومەپیاوێکی بەهێز. پەردەلەسەر نهێنی لاچو، پیرۆزترین پیرۆزەکان شەقیان برد و تێک روخان و ئەبوایەکەخواوەندی نوێ سەر لەنوێ دروست ببنەوە. بەهەر حال من کەلەئیدئالیسم بەهەرەم گرتبو و لەگەڵ ئیدئالیسمی کانت و فیچەبەراوردم کردبو گەیشتمەخاڵێک، ئەویش ئەوەبو کەلەخودی راستیەکاندا بەشوێن ئەندیشەدا بگەڕێم . ئەگەر پێشتر خواوەندکان لەسەر زەوی ماڵیان کردبو، ئێستا ئیتر چبونەژێر زەوی. من چەند بەشێکم لەفەلسەفەی هێگل خوێندبو، بەڵام مێلۆدی ناڕێکی ئەو فەلسەفەمنی بۆ لای خۆی ڕانەکێشا. جارێکی تر حەزم دەکرد خۆم بخەمەنێو دەریاوەبەلام سەرەرای ئەم حەزەش، ئەو راستیەحاشا هەڵنەگرەم بۆ دەرکەوت کەسروشتی ئەندیشەهەر بەو ڕادەزەروور و کۆنکرێتەکەسروشتی جەستەهەیە. من چیتر بەشوێن فێربونی شمشێر بازیەوەنەبوم، بەڵکو بەشوێن مرواریدی پاک و خاوێنی بن دەریاکانەوەبوم کە بەر بەتیشکی هەتاو بگرم.

دیالۆگێکی ٢٤ لاپەڕەییم لەژێر ناوی ئەفسانە(Cleanthes) *یان خاڵی دەستپێکردنی مانەوەی زەروری فەلسەفەنووسی. لێرەدا هونەر و زانست بەتەواوەتی لەیەک جیا

کرابونـــەوە، لەچەن شـــوێندا یەکیان گرتبو و من وەک گەشـــتیارێکی بەهێـــز مەســـەلەکەم لەپێش خـــۆم دانـــا، یانـــی هەڵســـەنگاندنێکی فەلســـەفی دیالیکتیکـــی ئیلاهیات، کەتێیدا ئەندیشـــەلەخودی ئەندیشـــەدا باس دەکات، چ لەژێر ناوی مەزهەب و چ لـــەروون کردنەوەی سروشـــت یـــان مێژو. دواییـــن بیرۆکەی من دەســـپێکردنی سیســـتەمی هێگلـــی بو و ئـــەم کارەش منی بۆ لای ناســـینی زانستی سروشتی راکێشا : شلێنگ(Schelling) و مێـــژو. ئـــەم کارەش بو بەهـــۆی ئەوەی کەمن بـــەردەوام مێشـــکم چەکـــوش کاری بکـــەم، بەجۆرێک نوســـراوە (چونکەقەرار بوو مەنتقێکی نـــوێ بێ)کەتەنانـــەت منیـــش کاتێـــک بیـــری لێ دەکەمەوەبەســـەختی ئەتوانم خۆم کۆ بکەمەوە. ئـــەم کارەش وەک ئەوەوایەکەلەژێـــر تریفـــەی مانگەشـــەو بەهۆی ترسێکی بێ ماناوەئازیزترین کۆرپەی خۆم بەدەســـت دوژمنەوەبدەم. ئەمەش وای کـــرد کەچەنـــد رۆژێک مێشـــکم مەشـــغوڵ بکات. وەک شـــێت بەدەور باخێکی ئەو نزیکانەدا دەســـوڕامەوە. تەنانەت جارێکیش لەگەڵ خاوەن ماڵەکـــەم چویـــن بـــۆ ســـەیران و راو کـــردن، پاشـــان بەپەلەگەڕامەوەبـــۆ «بەرلیـــن» و هەمو کەس تەنانـــەت خەڵکی سەرشەقامیشـــم لەئامێز دەگـــرت. پاش ماوەیەکـــی کـــەم دوای خوێندنی بەســـود کەوتـــم: خوێندنـــی «خاوەندارییەتـــی» لەنوسینی سیڤیگنی (savigny)، یاساکانی جەزا نوسراوەی فوئێر باخ (Fuerbach) و گرولمان (grolmann)، کتێبی کرامێر (Cramer) لەژێر نـــاوی (de verborum significatione)، کۆمەڵەیاســـان (pandect) نوســـراوەی وێنینگ – ئینگـــن هایـــم () ،(Wenning-Ingenheim Doctrina pandectarum) نوسراوەی مولێن برۆخ (MUhlenbruch) کەئێســـتاش لەسەری کار دەکەم و هەروەها هێندێ نوسراوەی لاوتێر بـــاخ (Lauterbach)، ســـەبارەت بـــەرەوش و ئایینەمەدەنیـــەکان و قەواعیدی تایبەت بەشـــەرع کەبەشی یەکەمی نوسراوەی گراتین(gratian) لەژێر نـــاوی(Concordia discordantium canonum) کەهەمویـــم خوێندوەتەوەو هێندێ شـــتم لێ وەر گرتوەو هەروەها(Lancelotti›s Institutiones). پاشان وتارێکی «ئەرەستو»م تەرجومەکـــرد و کتێبـــی(de augmentis scientiarum) بەرهەمـــی «فرانســـیس بێکێـــن»ی بەناوبانگم خوێندەوە. ماوەیەکی زۆر ســـەرقاڵی خوێندنـــەوەی نوســـراوەیەکی ریمـــا روس(Reimarus) بـــوم کە تایبەتەبەغەریزەی هونـــەری حەیـــوان. هەروەها لەگەڵ یاســـاکانی ئاڵمـــان ماوەیەک ســـەرقاڵ بـــوم. هەڵبەت تا ئەو ئاســـتەی کەخوێندنەوەیەکی گشـــتی ســـەبارەت بەیاســـاکانی شــەرع و کلیســـای پاشـــاکانی



شـوێنەکۆنەکان و دووک نشـینەکانی باشوری ئاڵمان و نامەکانی پاڵ بەدەستەوەبدات.
باوکـی ئازیـزم هـەر بەو جـۆرەی کەبـۆ تۆم نوسـیوە، دڵەراوکێی نەخۆشـیەکەی «جێنی»م و بـێ ئاکامی لەکارەفکریەکانـی خۆم و ئەوەی کەمـن بۆچـون و نەزەرێکـم وەک پێوانەو رێ نیشـاندەری خۆم هەڵبژاردبو، بوەهۆی نەخۆش کەوتنم. کاتێ تۆزێک باشتر بوم، سەرجەم شێعر و چیرۆکەکانـی خۆمم سـوتاند، چونکەهەسـتم دەکرد بەتەواوەتی وازم لێ هێناون و تا ئێستاش هۆکارێکـی دیکەم بەپێچەوانـەی ئەمەو نەدیوە. کاتێک نەخـۆش بوم، هێـگل و گرینگترین بنەما فکـری و باوەرەکانیـم لەسـەرەتاوەتا کۆتایـی ناسـی. لەکەنـار ئـەو کۆبونەوانـەی کەلەگـەڵ هاوڕێانـم لەسـترالۆ (Stralow) بـوم، لەگـەڵ کلوپێکـی دوکتـورەکان ئاشـنا بـوم کـە بریتی بون لەژمارەیەک مامۆسـتا و نوسەری زانکۆ و نزیکترین هاوڕێم لەبەرلیـن دوکتور روتێنبێرگ Rutenberg. لەو شـوێنە بـە پێچەوانەوە زۆر بۆچونی دژ بەیەک باس دەکران و من زۆرتر و بەهێزتر لەگەڵ میژوی مۆدێرنی فەلسەفەی جیهان گرێم خوارد، کارێک کەلام وابو کەلەدەسـتی ڕا بکەم. بەلام لێرەدا سـەرجەم دەنگەبەسـودەکان بـێ دەنـگ کـران و مـن بەراسـتی چـزووی تەنزێکـم هەسـت پێ کرد، تەنزێک کەبەئاسـانی و پـاش ئـەوەی کـەزۆر شـت رەت کرابونەوە، روی ئـەدا. هەروەها بێ دەنگـی «جێنی» و من نـەم دەتوانی تـا ئەو کاتەی کەخـۆم ئاپ دەیت بکەمەوە زانیاری و زانستی سەردەم فێر نەبم، هێمـن ببمەوەئەویش لەرێـگای هێندێ بەرهەمی وەک(The visit) وشـتی تـر. باوکی ئازیز، من ئەگەر باسـی تێرمـی کۆتاییـم بەوردەکاریەوە بـۆ باس نەکـردوی و هێندێ شـتم پاراسـتوە، داوای لێبـوردن دەکەم، هۆکاری باس نەکردنی وردەکاری، حـەز و خولیای من بو قسـەکردن لەسـەر ئێسـتایە. ئاغـای و . چامیسـو (Herr v. Chamisso) نوسـراوەیەکی گرینگـی بـۆ ناردم کەئاگاداری کردمەوەکەبەداخەوەناتوانێت نوسراوەکانی من لەسالنامەی ** Deutscher Musenalmanach بـڵاو بکاتـەوە، چونکەماوەیـەک لەوەپێـش چـاڵ کـراوە. مـن هەڵبەت ئەمەم لەبیر خـۆم بردەوە، بەڵام کتێیب فرۆشـی ویگاند (Wigand) گەڵاڵەکەی منی بۆ دوکتـور شـمیت (Schmidt) خاوەنـی چاپ و بڵاوکراوەی وۆندێـر (Wunder) کەلەبازرگانی پەنییـری بـاش و ئەدەبیاتی خـراپ دا خەریکی هەڵسـورانەناردوە. من نامەکەی ئەوم پیوەلکاند بەڵام هێشـتا دوکتور شمیت ولامی نەداوەتەوە. سـەرەڕای ئەمـەش مـن بەهیچ شـێوەیەک واز لەگەڵاڵە کەی خۆم ناهێنم، بەتایبەت بەو هۆکارەی

کەکەسایەتیەهونەر دۆستەکانی مەکتەبی هێگل بەڵێنیان داوەکەبەیارمەتی مامۆستا و وتارنوسی زانکۆ، باوئێر (Bauer) کەدەورونەخشێکی زۆر لەنێوانیان دا هەیەو هاوکارم دوکتور گوتێنبێرگ لەگەڵ من هاوکاری بکەن.

باوکی ئازیزم، لەپەیوەند لەگەڵ مەسەلەئابوریەکان، من لەم دواییانەدا لەگەڵ کارناسێکی مەسەلەحقوقیەکان بەناوی شیمیتانێر (Schmidthanner) ئاشنا بوم و ئەو پێی وتم کە پاش تاقیکردنەوەکانی ساڵی سێهەمی «حقوق» (ماف ناسی) وەک راوێژکاری حقوقی لەم بوارەدا کار بکەم، کارێک کەلەگەڵ حەز و خولیای من یەک دەگرێتەوە، چونکەمن لەنێوان کارەکانی بەرێوەبەرایەتی زانستی زیاتر حەزم لەهەڵسورانی ماف ناسی هەیە. ئەم بەرێزەپێی وتم کەخۆی و زۆر کەسی دیکەتوانیویانەلەماوەی ٣ ساڵ دا لەدادگای بالای ناوچەی وێستفالیا (Westphalia) ببنەکارناسی «حقوق» هەلبەت بەهەوڵ و ماندوبونێکی زۆرەوە، هۆکارەکەش ئەوەیەکە ئەم جێگا و شوێنەوەک بەرلین و زۆر شوێنی دیکەگیراوەو بۆ کەم کەس دەس ئەدات. ئەگەر دواتر وەک کارناسێکی مافی مرۆڤ دەرەجەی دوکتورا بگریت، داهاتوەکەی وەرگرتنی پۆست و مەقامی زیاتری وەک «پرۆفیسۆر»ە هەر بەو جۆرەی کەئەم دەرفەتەبۆ ئاغای گرانێر (Gärtner) لەشاری «بۆن» هەڵ کەوت. کەسێک کەبەرهەمێکی سەبارەت بەیاسادانانی ناوچەیی نوسی و جگەلەمەش وەک لایەنگرێکی مەکتەبی حقوقی دەناسرێت . بەڵام باوکی ئازیزم ئەرێ باشتر وانیەکەسەبارەت بەسەرجەم ئەم بابەتانەلەنزیکەوەقسەبکەین؟ بارودۆخی ئیدوارد(Eduard)، نەخۆشیەکەی دایکی ئازیزم، بارودۆخی خراپی جەستەیی خۆت کەهیوادارم زۆر جیدی نەبێت، هەموی ئەمانەمەجبورم دەکات کە بۆ هاتن بۆ لای ئێوەپەلەبکەم و رەنگەهەر ئەم هۆکارانەش بن کە ناچار بەم سەفەرەم دەکات و من ئێستا ئەتوانم لەلای ئێوەبم، ئەگەر لەرەزایەت و ئیجازەی ئێوە دوودڵ نەبومایە. باوکی زۆر زۆر خۆشەویستم، باوەر بکەکەهیچ حەزێکی لەخۆبایی بوون هاندەری من نیە، هەرچەن بینینی «جێنی» بۆ من گەورەترین نیعمەتە، بەلام ئەندیشەوخەیالات هانم ئەدات و دەبنەدڵەراوکەو من ناتوانم باسی بکەم. لەزۆر لایەنەوەئەم هەنگاوەبۆ من دژوارە، بەلام هەر بەو جۆرەی کە«جێنی» ئازیز و دلۆڤانم دەڵێت؛ ئەم تێبینیەلەبەرانبەر ئەو ئەرکەپیرۆزانەدا، هیچ نین. سەرەرای ئەمانەش باوکی ئازیزم، هەر

بڕیارێک بدەی داوات لێ دەکەم کەئەم نامەیان لانی کەم ئەم لایەڕەنیشانی دایکی فریشتە ئاسام مەدە، لەبەر ئەوەی رەنگەهاتنی لەناکاوی من لەباشتر بونی حاڵی ئەو دا کاریگەریەکی باشی هەبێت.

نامەی من بۆ دایکم ماوەیەک پێش لەهاتنی نامەی پڕ لەخۆشەویستی «جێنی»دا نوسراوە و هەر بۆیەرەنگەمن نەزانانەسەبارەت بەهێندێ مەسەلە زۆر بڵێیم کردبێت و یان ئەوەی زۆر گونجاو نەبو. بەو هیوایەی کەئەو هەورەرەشانەی کەسێبەریان خستوەتەسەر ئاسمانی بنەماڵەکەم نەمێنن و شانسی ئەوەم هەبێت کەلەخەم و خەفەتتان دا بەشدار بم و لەگەڵتان بگریم، بەو هیوای کەکاتێک لەلای ئێوەدەبم بتوانم عەشق و خۆشەویستی خۆم بەئێوەبسەلمێنم و نیشانی بدەم، هەرچەن لەباس کردنی دا ناشارەزام بەو هیوایەکەئێوەباوکی ئازیزم هەست و پەشۆکاوی من لەبەر چاو بگرن و لەبەر هەستیاری قەلبی کە لە نێوان گرژی و ئالۆزی رۆحی مندا گەمارۆ دراوە، لێم ببوری و بەو ئاواتەی کەئێوەساخ و سڵامەت بن بۆ ئەوەی بتوانم بەهەمو هێزم لەئامێزتان بگرم. کەسێک کەبەردەوام عاشق و ئەویندارێ ئێوەیە

کوڕی خوتان «کارڵ»

باوکی ئازیزم بەهۆی ئەوەی کەنامەکەم خراڵ ویان بەخەتێکی ناخۆش نوسیومە تکایە لێم ببورە، سەعاتی ٤ی سەرلەبەیانیەو مۆمەکەم بەتەواوەتی تواوەتەوەو بەر چاوم تاریک بوەو بێ تاقەتی و نائارامی سەرتاپامی داگرتوەو تا ئەو کاتەی کەدەگەمەلاتان، ناتوانم بەسەر ئەو شەپۆلەخەمانەدا زاڵ بم کەمێشکمی تێک داوە. تکایەسڵاوی من بگەیەنە«جێنی» ئازیز و خۆشەویستم. تا ئێستا ١٢ جار نامەکەی ئەوم خوێندوەتەوەو بەردەوام و هەر جارەی شتی تازەی لێ فێر دەبم. لەهەمو بارێکەوە، بەتایبەت شێوەی نووسینی، بەراستی ئەمەجوانترین نامەیەکەتا ئێستا لەلایەن ژنێکەوەنوسراوە.

گئۆرگ لۆکاچ
"ئەدەبیات-و-دەستێوەردانی ئایدۆلۆژی"



ن: عەلیشاد لوڕبەچە

و: هیوا ئەمانی

لەوانەیە ئەمڕۆکانە بە هەندێک تێرامانەوە بتواندرێ ئەو بە مارکسیستێکی ئازادی خواز ناودێر بکرێ. ئەو دوای بەدەسەڵات گەیشتنی نازیەکان لە بەشێک لە ئوروپا، پەنای بردە شۆڕەوی و لەوێ بووبە سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبیاتی نێونەتەوەیی، ئەگەر چی بەدرێژایی ساڵەکانی نێوان هەر دوو شەڕی جیهانی ناوی لۆکاچ لە وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵاتی پێشوو، نیشاندەری تۆمەتی ڕۆیزیۆنیستی بوون بوو، بە لێک دانەوەیەکی هاکەزایی نا زانستیانە، بەڵام لێکۆڵینەوەیی دەکرێ بوترێ، دامەزرێنەری مارکسیستی ئەدەبیات، لە دایک بووی مەجارستان، دەبێ نزیک بە یەک ملیۆن پەڕە بابەتی ئەدەبی، فەلسەفی، میژوویی و سیاسی بە درێژای تەمەنی خۆی خوێندبێتەوە، چون ئەو سەبارەت بە ئاساری بەشێکی زۆر لە نووسەران، فیلسوفەکان و خەباتکارانی کۆمەڵایەتی سێ سەدەی ڕابردووی ئوروپا بۆچوونەکانی باس دەکا. لۆکاچ نەتەنیا ڕۆمانە قەبەکانی : بالزاک، داستایۆسکی، تۆلستۆی، تۆماس مان، زۆلا، گوتە و هیتری داوەتە بەر ڕەخنە، بەڵکو لە ئاساری مارکس، ئنگێلس، لێنین و ماکس وێبر نمونە دێنێتەوە. ئەو لە زەمینەی ئەستێتیک و زانستی جوانی ناسی دا دەتواندرێ وەک مارکس بێتە هەژمار. بە پشت بەستن بە ئاسارەکانی لۆکاچ دەتواندرێ ئەو بە ئەخلاقگەرا دابندرێ. بە پێی وتەکەی خۆی، چوونی بۆ نێو حیزبی کۆمۆنیست یش هەنگاو و بڕیارێکی ئەخلاقی بوو. پەندێکی پێشینیان هەیە کە دەڵێ، مرۆڤی زیرەک هەمیشە لە ڕێگای ڕاست دەچێتە دەرێ و لۆکاچ نووسی کە هیچ ئیدئۆلۆژیەکی بێ تاوان بوونی نیە و بانگەشەی بێلایەنی لە جیهانی ئیدئۆلۆژیەکان ناومکینە. تەنیائیمکانی یەک سەنگەر بەندی بۆ مرۆڤێکی بە ویژدان بوونی هەیە، ئەویش لەگەڵ

بوون یا بەدژ بوونی ئەو ئیدئۆلۆژیەیە. هەندێک کەس دژ بوون و خەباتکاری لۆکاچ لەگەڵ باقی بیرمەندانی تر بە تەکلیف یەکلا کردنەوەیەکی تایبەتی ئەو لەگەڵ خۆی دەزانن، چون لۆکاچ پێشتر بۆماوەیەک شاگردی هەریەکێک لەوان بووە. جولە دفرێت دەنووسێ: یەکێک لە تراژیدیەکانی ئیدۆلۆژیە دوگماتیکەکان ئەوەیە کە باشترین تئوریسیەنەکانیان لە داهاتوودا دەبنە ڕەخنەگرانێک کە هیچکات لەگەڵیان ئاشت نابنەوە. لۆکاچ لە تەمەنی خەباتکاری خۆی دا، چەندین جار کەوتۆتە زیندانی وڵاتانی جۆراوجۆرەوە. لەوانەیە ئەمرۆکانە بە هەندێک تێرامانەوە بتواندرێ ئەو بە مارکسیستێکی ئازادی خواز ناودێر بکرێ. ئەو دوای بەدەسەڵات گەیشتنی نازیەکان لە بەشێک لە ئوروپا، پەنای بردە شۆڕەوی و لەوێ بووبە سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبیاتی نێونەتەوەیی، ئەگەر چی بەدرێژایی ساڵەکانی نێوان هەر دوو شەڕی جیهانی ناوی لۆکاچ لە وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵاتی پێشوودا، نیشاندەری تۆمەتی ڕۆیزیۆنیستی بوون بوو.

ناو زڕانی لۆکاچ لە کاتی مردنی دا، لەو وڵاتانەی سەرەوەدا کە باس کرا بە ڕادەیەک بوو کە ڕۆژنامەی «پراودا» لە ساڵی ١٩٧١ تەنیا لە هەواڵێکی ٤ دێری دا مردنی ئەوەی باس کردبوو، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژنامەی «لۆمۆند» لە فەرانسە زیاتر لە یەک لاپەڕەی تایبەت دابوو بەو.

لۆکاچ فەرهەنگی باستانی بە سێ قۆناغ: حەماسی، تراژیدی و فەلسەفی دابەش کردوە و دەڵێ کە لە سەردەمی ئێستادا، حەماسە بێژی ناومکینە و لە جیاتی ئەو، ژانری ڕۆمان هاتە ناو ئەدەبیاتەوە. فۆرمی ڕۆمان بەیانی شێوەیەک ئاوارە بوون و بێ نیشتمانی هەستی و بیری مرۆڤی مۆدێرنە. ژانری ڕۆمان ئەمرۆکانێ پاڵەوانی تایبەتی خۆی هەیە، واتە تاکێک کە هەمیشە سەرگەرمی گەڕان و دۆزینەوەی ڕێگا و ئامانجە. پاڵەوانی حەماسەش خەریکی دۆزینەوەی ئامانج و ڕێگا بوو، بەڵام ئەو دڵنیا بوو کە بە ئامانجەکەی دەگا یان لە ڕێگای ئامانجە دیاری کراوەکەی خۆی دا، دەدۆڕێ و لەناو دەچێ و وەکو پاڵەوان لە ناو ئوستورەکاندا درێژە بە ژیانی فەرهەنگی خۆی دەدا. بەڵام لە ژانری ڕۆمانی ئێستا دا، نە ڕێگا و نە ئامانجی پاڵەوان و مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دیاری کراو و ڕوونە. حەزی زۆری لۆکاچ بۆ بابەتگەلی کۆمەڵایەتی و مێژووی ژیانی مرۆڤی ڕەنجبەر بووە هۆی ئەوەی کە ئەو گرنگیەکی تایبەتی بە ڕۆمانی مێژوویی بدا. لۆکاچ دەڵێ، تەنیا ڕۆمانی مێژوویە کە دەتوانێ تۆتالیتر بونی مێژوو نیشان بدا. بە پشت بەستن بە لە دایک بوونی ڕۆمانی مێژوویی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم دا لەلایەن والتر ئیسکاتی ئینگلیزیەوە، لۆکاچ نووسی کە لە شۆڕشی فەرانسە بەولاوە مرۆڤ بۆ یەکەم جار توانی بزوتنەوەی جەماوەری لە ئەدەبیات دا ببینێ. بە بروای ئەو بە ئاساری بالزاک و تولستۆی، ڕۆمانی مێژووی گەیشتە قۆناغی ڕۆمانی واقیعگەرایی کۆمەڵایەتی و دوای ئەوانیش ئەتوانین مرۆڤ گەرایی ئازادی خوازانەی ئەدەبی لە ڕۆمانەکانی: ڕۆمان ڕۆلان، ئاناتۆل فرانس، ئیستیفان تسوایگ و هاینریش مان ببیندرێ. دژایەتی لۆکاچ لەگەڵ زۆلا بە هۆی دلهێشاوی لە ناتۆرالیسم و ڕەخنەی ئەو لە ناتۆرالیسم و فۆتۆریسم، ڕیشەی لە ڕەخنەکانی مامۆستاکەی، هێگل، لە سێمبۆلیسم و ڕۆمانتیک دایە. لۆکاچ بە پەیرەوی لە لێنین بە نووسەرانی چەپی دەوت کە لە ئاساری بەنرخی کلاسیکی فەرهەنگی ڕابردووی بۆرژوازی کەڵک وەرگرن و بیخەنە خزمەت خۆتانەوە. نووسەرانی کلاسیکی ڕئالیست وەکو: شکسپیر، سروانتس، گوتە و بالزاک بە بروای ئەو دەتوانن مامۆستایەکی دیار بۆ نووسەرانی پێشکەوتنخواز بن. ئینگێلس، لە تاریفی ڕئالیسم دا وتویەتی کە توانایی بالزاک لە باس کردن و لێکدانەوەی کۆمەڵگای فەرانسە و مێژووەکەی دەستکەوتێکی ئەو مەکتەبەیە و لۆکاچ بە پشت بەستن بەم بۆچوونەی ئینگێلس، بە پێچەوانەی دوکترینی حاکمی ئەو سەردەمەی حیزبی کۆمۆنیست، بەرگری لە نووسەرانی وەک: پوشکین، گوگول، داستایۆسکی، ئێستاندال و فلۆبر دەکا و داوای گەرانەوەی ئیعتباریان دەکا. لۆکاچ دەیوت: قولایی و مانا و بەرینی ڕئالیسمی ڕاستەقینە ئەوەندە بەربلاوە کە ئاساری شکسپیر، بالزاک، گوتە، ئێستاندال، دیکنز و تۆلستۆی دەکرێ بەشێک لەوبن، لە درێژە دا دەڵێ کە ئێمە ئەدەبیاتی باش و خراپمان هەیە، ناتوانین شکسپیر و گوتە بە بەهانەی ئەوەی کە سۆسیالیست نین ڕەت کەینەوە. جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ئەدەبیاتی باشی سۆسیالیستی و یا بورژوازی بوونی نیە و لە ساڵی ١٩٥٦ ئازادی تەواوی بۆ ئەدەبیات داوا کرد. ئەو لە قەولی گوتەوە، بوو بە بانگەشەکەری ئەدەبیاتی جیهانی، تەنانەت کاتێک کە سەبارەت بە، والتر ئیسکات، تۆلستۆی و یا بالزاک بۆچوونی خۆی

باس دەکا. لۆکاچ ی ئەخلاقگەرا بە ڕەخنە لە جوانی گەرایی لە هونەر دا دەڵێ کە بانگەشەی ئیستتیکی چەق بەستو دەبێتە هۆی ئەوەی کە سنور و پێوانەی ناسینی باش و خراپ لەکەدار بێ. بە بروای ئەو بنەمای ئەدەبیاتی ڕاستەقینە دەبێ ڕئالیزم بێ. هونەری ڕاستەقینە بۆ لۆکاچ هەمیشە دەنگ هەڵبرین بەرامبەر بە بێ عەدالەتی و بوون لەم جیهانەدا و نەک خۆ خەریک کردن بە دنیایی خەیاڵەوەیە. ئەو دەیوت، ناوەندی ترین ئەرکی ڕئالیزمی سۆسیالیستی خەریک بوونی ڕەخنەیە بە سەردەمی ئستالینی ترسێنەر. بە بروای ئەو لە سەردەمی ئستالین دا ناتۆرالیسمێکی دەوڵەتی، ڕئالیزمی ڕاستەقینەی خستبووە لاوە.

لۆکاچ بە ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کرێکاری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەنوسێ: زۆربەیان بەهای ئەستاتیک و هونەری پێویستیان نی یە ئیدئۆلۆژی مارکسیستی هیچ زەمانەتێکی بۆ ئەدەبیات و فەرهەنگی پێشکەوتوو خواز نیە. ئەگەر چی مارکسیزم- لێنینیزم هیمالیای دنیا بینیەکانە، بەڵام ئەگەر وەک کەرویشکێکی داچڵەکیوی ترساو لەسەر لوتکەکەی هاتووچۆ بکا، هیچکات لە فیلێک گەورەتر نابێ کە لە ناو دەشتێکی وشک و بەرەهوتی دامێنی کێو دایە. بە بڕوای ئەو زۆربەی دەست بە قەڵەمانی سەردەمی ئستالین، قسە گێڕەوانێکی بێکەڵک بوون، چون بۆ باس کردنی هەر بابەتێک تەنیا پێویست بوو کە نوسەر، بە گردوو کۆ کردنی قسەکانی ئستالیەنەوە خەریک بێ و هونەرمەندانە بیانهۆنێتەوە. بە پێی قسەکانی خودی لۆکاچ، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبری شۆڕەوی، ئەدەبیاتێکی شۆرشگێری- ڕۆمانتیک و ئەدەبیاتێکی ئاوانگارد بە سەرۆکایەتی مایاکۆفسکی پێک هات. بانگەوازی ڕئالیزمی سۆسیالیستی مەیدانی بە پەرەستنی کەسایەتی دروستکراوی درۆینەی ئستالینیستی دا. بە بڕوای لۆکاچ، ڕئالیزمی سۆسیالیستی سەردەمی ئستالین وەکو سالانی دەسەڵاتی هەر دیکتاتۆرێکی دیکە، دژی هونەر و ئەدەب بوو. ئەو دژی پێناسەی: هونەر بە مانای بانگەشەی ڕاستەقینە بوو. لۆکاچ دەڵێ: تەواوی ئاساری نەمری ئەدەبیات نشان دەدا کە مێژوو و ئیستتیک لە پێوەندی نەپساوە و نزیک دان. لە بابەتەکەی ئەویش دا، چەمکی ئیستتیک و مێژوو لەگەڵ یەک دا یەکگرتوون و لە پێوەند لەگەڵ هونەر و ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکاندا دا بەرەو ڕوو دەبن. بە وتەی خاوەن بیران، مارکس و ئینگێلس، زانستی ئیستتیکی سیستماتیکیان لە خۆیان بە جێ نەهێشتووە. بۆچوونەکانی مارکس سەبارەت بە هونەر و فەرهەنگی یۆنانی باستان و کارە ئەدەبیەکانی ئینگێلس سەبارەت بە بالزاک و ڕئالیزم لە ڕۆمان دا، دەتواندرێ سەرەتایەک بێ بۆ باسی ئیستتیک و جوانی ناسی لە مارکسیزم

دا. ئەوەی کە سەبارەت بە بیۆگرافی لۆکاچ بە شێوەیەکی کورت دەتواندرێ بوترێ، ئەوەیە کە ئەو لە نێوان ساڵانی ١٨٨٥-١٩٧١ لە مەجارستان بە شێوەی پچڕ پچڕ ژیاوە. باوکی بەرێوەبەری بانک و دایکی لە ئەشرافزادەکان بوو. دایک و باوکی هەردووکیان ریشەی یەهودی- ئاڵمانیان بووە. لۆکاچ دەڵێ، کۆمەڵگا ناسی ئەو بێجگە لە مارکس، لە ژێر کاریگەری دوو کتێب: فەلسەفەی پارە، نوسینی زمێل و نوسراوەکانی پرۆتستانی ماکس وێبر دایە. ئەو هاینە بە یەکەمین شاعیر و بیرمەندی شۆڕشگێری ئۆروپا و تۆماس مان بە ئاخرین نوێنەری ڕۆمانی ڕئالیزمی- ڕەخنەی دەزانێ. بە بڕوای ئەو دامەزرێنەری ڕۆمانی مێژوویی، والتر ئیسکاتە. ڕۆمانی کۆمەڵایەتی ڕئالیزمی سەدەی ١٩ درێژەی ڕۆمانی مێژوویی کۆتایی سەدەی ١٨ بوو. لۆکاچ والتر ئیسکات بە گەورەترین نوسەری مێژوو دەزانێ. ئەو پوشکین، گوگول و ئیستاندال بە درێژە دەری ڕێگای ئیسکات دێنێتە هەژمار. بەبڕوای لۆکاچ گەورەترین نەمایشنامە نووسی سەدەی ڕابردوو بریشتە. ئەو نیچە بە دامەزرێنەری دژە عەقڵانیەت «خردگریزی» سەردەمی ئەمپریالیست دەزانێ، چون بە بڕوای ئەو نیچە لە سەرەتاوە دژی دیموکراسی، و سۆسیالیزم و مافی ژنان بوو.

لۆکاچ دژی نوسەرانی ئاوانگاردی وەک: دوبلین، جویس، دوس پاسوس بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوە دا ئەو نوسەرانێکی وەک: گۆرکی، ڕۆمان ڕۆلان، تۆماس مان ی بۆ بارهێنانی لاوانی دەست بە قەڵەم تەوسیە دەکرد. ئەو ئاساری: فلوبر، دیکنز، تۆرگنیف، تۆلستۆی بە بەشێک لە هۆمانیسمی کلاسیک دەزانی.

لە ئاسارەکانی لۆکاچ: تئۆری ڕۆمان، مێژوو و وشیاری چینایەتی، ڕئالیزمی روس لە ئەدەبیاتی جیهانی دا، گوتە و سەردەمەکەی، بابەتگەلێک سەبارەت بە ڕئالیزم، بالزاک و ڕئالیزمی فەرانسەی، هێگڵی لاو، شێوەیەکی تایبەت لە جوانی ناسی، ئەسەری هونەری و هەڵسوکەوتی جوانی ناسانە، هونەر وەکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی و نیچە پێشڕەوی ئیستتیکی فاشیزم.

نوسراوەکانی لۆکاچ زیاتر سەبارەت بە ئەدەبیاتی سەدەی ١٩ و ٢٠ و مێژوویی بەرەو پێش چوونی ئەندێشە لە ئاڵمانە. دوو کتێبی ئەو، مێژوو و وشیاری چینایەتی و تئۆری ڕۆمان لە گرنگترین نووسراوەکانی سەدەی بیستەمن. کتێبی تئۆری ڕۆمانەکەی: تۆماس مان، ئیرنێست بلۆخ، والتر بێنیامین، لوسین گۆڵدمەن و ئادێرنۆی لە ڕوانگەی ئەدەبی و کۆمەڵناسیەوە خستە ژێر کاریگەری. بابەتێک لە لۆکاچ بە نێوی: سەبارەت بە بابەتی پارلمانتاریزم، ئەو کات بوە هۆی توڕەی لێنین. لە بابەتە گرنگەکانی تری لۆکاچ: هەڵکشان و داکشان لە ئەدەبیاتی ئاڵمان و ئەدەبیاتی ئاڵمان لە سەردەمی ئیمپریالیزم دا.

لە سەردەمی ژیانی دا لەقەبی جۆراوجۆریان پێداوە و گەلێک تاوانیان خستۆتە پاڵی، لەوانە: ڕۆشنبیری ئەخلاقگەرا- مارکسیزمی زانکۆی- ڕۆیزیۆنیست- بۆلشویک- جوانی ناس- مامۆستای ئیستالینیزم- واقیعگەرای سۆسیالیست، و هتد. لە هەندێک لە وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵاتی پێشوو ڕەخنەیان لە لۆکاچ دەگرت کە ئەو شێوەی مۆدێرنی خێرەد گوریزی، واتە ئایین لەبەر چاو ناگرێ و تەنیا خەریکی خەباتە لەگەڵ دژە خێرەدی ئاتەئیستیە.

میخائیل شولۆخۆف نووسەری ناوداری ڕووسیا

ئامادەکار: پەروین عەلی مورادی

میخائیل شولۆخۆف نووسەری بەناوبانگی ڕوس لە ڕۆژی٢٤ی مانگی مارسی ١٩٠٥ لەئاوایی "کرۆژلین" لەدایک بووە و باوکی لەڕێگای کاری جوتیارییەوەژیانی دەگوزەراند، شۆلۆخۆف تا ساڵی ١٩١٨ دەرسی خوێند سەرەتا لەئاواییەکەی خۆی و پاشان لەشار دەرسی خوێندووە، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆی ئەو کاتەی یەکیەتی سۆڤیەت وازی لەخوێندن هێنا و دەستی بەکار کردن کرد. لەماوەی ٥ ساڵدا چەندین جار کارەکەی خۆی گۆڕیوە، ساڵی ١٩٢٣ نووسینەکانی شۆلۆخۆف بەهۆی ئەو خزمەتەی کەبۆ یەکیەتی سۆڤیەتی بوو، وەک نووسەرێکی نەتەوەیی بالاترین میدالی لنینی پێبەخشرا کەبەنیشانەی پالاوانی کاری سۆسیالیستی ناسرابوو. لەساڵی ١٨٦٥ دوو خەڵاتی بەدەست هێنا کەیەکەمیان خەڵاتی دەوڵەت و دووهەمیان خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی بوو. شۆلۆخۆف وەک ئەکادیمیستێک بەرهەمەئەدەبییەکانی ناوبانگێکی جیهانیان پەیدا کرد و ناوی وەک ئەستێرەیەک لەسەر ئەدەبیاتی یەکیەتی سۆڤیەت دا دروەشایەوە. لەڕێگەی نووسینەکانیشیەوە عشق و پەیوەندی مرۆڤەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو، چونکەتوانی بووی وێنەی چەندین دیمەنی ژیان و ئەخلاقی مرۆڤ بکێشێت، بەمەش زیاتر ناوبانگی دەرکرد. نووسەری فەرانسەوی (ژان کاتالا) سەبارەت بە شۆلۆخۆف نووسیویەتی: (شۆلۆخۆفنووسەرێکەکەئەفکارو هونەرەکانی بەشێوەیەک ئاوێتەی یەکبوون کەناتوانن لەیەک جیا بکرێنەوە، نووسەرێکەکەبەرهەمەکانی

دەربڕینێکەلەدەرخستنی ژیانی ئینسانەکان). لەبەرهەمەکانی شۆلۆخۆف دەتوانین بەکتێبەکانی وەک: (چارەسەری مرۆڤێک، دۆنی ئارام، زەوی تازەئاوەدانکراوە، ئەوانەی جەنگیان بۆ نیشتمان کرد، لەزمانەوەو هتد...) ناو لێببەین.

زۆربەی کتێبەکانیشی بۆ زیاتر لە ٧٠ زمانی زیندووی جیهانیی وەرگێڕدارون و ملیۆنها کۆپی لێ بڵاو کراونەتەوە. هەندێک لەبەرهەمەکانیشی کراون بەفیلم و چوونەتەسەر شاشەی سینەما، لەمانگی جولای زایینی ١٩٤١ شۆلۆخۆف چەند وتارێکی لەسەر جوتیارەکانی کالخۆزی دۆن نووسی، دواتر چەند لەسەر پاڵەوانان و ئازایەتی سەربازان لەبەرەکانی رۆژئاوا وتارێکی بڵاو کردەوە. لەکتێبەسەرەتاییەکانیدا وەک (چیرۆکەکانی دۆن، دەشتی لاجەوەردی) و دواتریش دۆنی ئارام، زەوی تازەئاوەدانکراوە) ناوبانگێکی جیهانیان پێ بەخشی، ئەمەش بۆ شۆلۆخۆف جێگەی شادی و خۆشحاڵی بوو، سەرچاوەی ئەندیشەشاعیرییەکانی شۆلۆخۆف، بەتایبەتی لەژیانی جۆراوجۆری مرۆڤەوەسەریهەڵداوە، ئەمەبەو مانایەکەهەموو مرۆڤێک دەتوانێت چەند خاڵێک لەژیانی خۆی لەسەر بەرهەمەکانی بدۆزێتەوە. بەوشەیەکی تر هەموو مرۆڤەکان وا دەزانن ئەمەبەرهەمێکەتەنیا بۆ خۆی نووسراوە، ئەمەش بەنیشاندانی دیمەنەکانی ژیانی هەر مرۆڤێک دەردەوێت. تەواوی چیرۆکەسەرەتاییەکانی شۆلۆخۆف لەسەر بنەمایەکی حەماسەتەوەنووسراون وەک (دۆنی ئارام، زەوی تازەئاوەدانکراوە) ئەمەش بەتێڕوانینی چڕ و پڕ و هێزی هونەرییەوەجێگەی سەرسوڕمانە. ئەو بەرهەمەی شۆلۆخۆف ناوی (چارەنووسی مرۆڤێکە) بەشاکارێکی ئەدەبی جیهانیی دەژمێردرێت، چونکەبەرهەمێکەلەمیهرەبانی و سۆزی باوکایەتی بۆ منااڵەکانی، بەرهەمەکانی شۆلۆخۆف رەنگدانەوەی سێ قۆناغی مێژوویی روسیان، ئەو سێ قۆناغەش لەهەر سێ بەرهەمی (دۆنی ئارام و تێڕوانینێکی قوڵەوەبۆ وەسفی ژیان، قسەکردنێکەلەسەر چین و تۆژەجیاوازەکانی کۆمەڵگا و کێشکردنی تاکەکەکانی ناو کۆمەڵگا بەرەو کودەتا و شەڕەناوخۆییەکان تا ئەو رادەیەی دەگاتەرۆمانی (جەنگ و ئاشتی) تۆلستۆی. شۆلۆخۆف لەئەدەبیاتی روسیا بەقوڵترین نیشاندەری چین و تۆژەکانی کۆمەڵگا دیاریکراوە، لەرۆمانەکانیشیدا گۆڕانکاریی لەژیانی جوتیارەکاندا نیشان داوە، ئەمەش یەکێکەلەگەورەترین سەرکەوتنەکانی ئەدەبی هاوچەرخی روسی، کەکاریگەرییەکی ئەوەندەقورسی لەسەر ژیانی کۆمەڵگای روسییەهەبوە، تەنیا ئەم کاریگەرییەدەتوانێت بە(هاواری تۆندی)ی تۆلستۆی بەراورد بکرێت. رۆمانی (دۆنی ئارام) و (لەزمانەوە) بەئیلهام وەرگرتن لەهەستەدەروونییەکانی سەرەتای لاویەتیدا بەهۆی عەشقی بۆ ئاکیسنا واز لەخێزانەکەی دەهێنێت، ئەمەش رەفتارێکی سەرکەشانەی (گریگۆری)ە بەرامبەر بەعەشق و خۆشەویستی، ئەم رووداوەلەو ناوچەیەی تێدا دەژیا، بەهۆی ئەو دەسەاڵتەباوکسالارییەوە کەلەو ناوچەیەدا هەیە، دەبێت منداڵان بێ چەند و چۆن واز لەدایک و باوکی خۆیان بهێنن بۆ ئەوەی سەرقاڵی کەسیەتی خۆیان بن، گەورەترین گوناهی گریگۆری ئەوەیەکەبەهۆی ژنێکی مێرددارەوەواز لەخێزانەکەی دەهێنێت، گریگۆری دەبێتەجێگەی رق و تووڕەیی جوتیارەکان، بەاڵم بۆ ئەو شتەکان جیاوازی نییە، هەموو شتەکان وەک یەکن، ئەو بەو دلێری و ئازایەتییەی کەهیبوو خۆی هەاڵدەداتەماڵی دراوسێکەیان تاوەکو ئاکسینا لەژێر چنگی ئاسنینی مێردەکەی رزگار بکات، دواتر چۆن ئاکسینا زادگای خۆی بەجێدەهێاڵێت، بەاڵی "گریگۆری"ەوە سەربەخۆیی و شایستگی لەهەموو شتەکانی دیکەی ژیان ڕبەهاترن، ئەو لەسەردەکانی ژیانی خۆی زۆر پشتی بەخۆی دەبەست، چونکەوای دەزانی دۆزینەوەی رێگەی شادی تەنیا پەیوەندیی بەمرۆڤ خۆیەوەهەیە، ئەم پشت بەستنە تونده بەخۆیەوە تووشی گەلێک هەاڵەی کرد، ئەو لەو سااڵنەدا کەوا بیری دەکرەوە رێگەیەکی راستی دۆزیوەتەوەبۆ گەیشتن بەحەقیقەتی کۆمەاڵیەتی نەک هەر لەنەتەوەکەی دابڕا، بەڵکو دژی بەرژەوەندییەبنەڕەتییەکانی نەتەوەکەی هەنگاوی نا. گریگۆری دەجەنگا، بەاڵم دواتر تووشی دووداڵی و گومان بوو لەسەر ئەو رێگەی کەهەاڵیبژاردبوو، بەاڵم لەژیانی "گریگۆری"دا ساتێک هاتەپێشەوەکەگەشەو کامڵ بوونی بەخۆیەوەبینی، عەشقی راستگۆیی ئەو بۆ نیشتمان بۆ ئەو ماڵەی کەبەجێ هێشتبوو. (دۆنی ئارام) لەتێڕوانینی مرۆڤەوەبەرهەمێکی قووڵەو بەرهەمێکەشوێنی سەرسوڕمانە، ماکسیم گورکی دامەزرێنەری ئەدەبیاتی یەکیەتی سۆڤیەت ئەم بەرهەمەبەبەهایەکی زۆر بەرزەوە دەنرخێنێ، گورکی بەم شێوەیەدەاڵێت: (ئەم رۆمانە دەکرێت تەنیا بەجەنگ و ئاشتی



تۆلستۆی بەراورد بکرێت) "لوناچارسکی"یش دەربارەی (دۆنی ئارام) دەنوسێت: رۆمانی دۆنی ئارامی شۆلۆخۆف تاوەکو ئێستا کۆتایی پێ نەهاتووە، بەرهەمێکی پڕ کاریگەرەو لەروانگەی ژیانی مرۆڤ و تێڕوانینی هونەرییەوەباشترین رووداوەلەمێژووی ئەدەبیاتی رووسیدا. قۆناغی دووهەمی داهێنانەکانی شۆلۆخۆف دەربڕینێکەلەرەنگدانەوەی سەردەمی هاریکاری. کتێبی (زەوی تازەئاوەدانکراوە) پەیوەستەبەهاوکاری بەکۆمەڵ و گۆڕانکارییەکانی، هەر دەڵێی تەواوکەری رۆمانی (دۆنی ئارام)ە.

چارەنووسی روسیا نیشان دەدات کە لەسەردەمی کودەتادا، لەو کاتەی وڵات بەرەو ڕێگەیەکی نوێ هەنگاوی دەنا. بەشێ لەم رۆمانەلەسالّی ١٩٥٤ لەگۆڤاری "ئاگانیوک" و دواتر لەلاپەڕەکانی رۆژنامەی "پراودا"دا بڵاو کرانەوە، لەدوا رۆژەکانی مانگی دێسامبری سالّی ١٩٥٩ دوابەشی ئەم رۆمانەکۆتایی پێهات. لەرۆمانی (زەوی تازەئاوەدانکراو)دا. لەراستیدا ئاوادانکردنەوەی زەوییەکەکە"مالیخوریمیا چینسک" گفتوگۆی لەسەر کردبوو، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەم رۆمانەبەرزکردنەوەی هێزی دەرک کردنی جوتیاران بوو. (ئەوانەی جەنگیان بۆ نیشتمان نەکرد) سێهەمین قۆناغی داهێنانی شۆلۆخۆفەوەک بەرهەمەکانی تر سەرنجڕاکێشە، تازەگەری لەم بەرهەمەدا ئەوەیەکەرووداوەخەمناکەکانی سالّی ١٩٤٢ و سەردەمی بێهێز بوونی یەکیەتی سۆڤیەت لەکاتی جەنگی دووهەمی جیهانیدا نیشان دەدات، لەراستیدا ئەو هێزەرۆحی و عەشق و پەیوەندییەی لەژیانی مرۆڤدا هەیە تەنانەت لەو کاتەدژوار و نالەبارەدا بوونی خۆی لەدەست نادات، لەهەندێ شوێنی رۆمانەکەدا شۆلۆخۆف بەشێوەیەکی تەنزاوی و گاڵتەئامێز رووداوەکان پیشان دەدات. ئەم نووسەرەپڕ بەرهەمەسەرەنجام لە ڕێکەوتی ٢٢ی شوباتی سالّی ١٩٨٤ مالّئاوایی لەژیان کرد.

سەرچاوە: ناوەندی ئێران شناسی و زمان.

دەستم لێبەردەی ها!
سەبارەت بە "دایک"ی ماکسیم گۆرکی

و: هیوا

ئەمرۆ رۆژێکی خۆش بوو کە خوێندنەوەی ڕۆمانی «دایک»ی ماکسیم گۆرکی، بە وەرگێڕانی جوان و سەرنجڕاکێشی محەمەد قازییم تەواو کرد. ڕۆمانێکە وەک ڕێگایەک بەناو تەپکە و دەشتەکاندا بەرە و سەر ڕۆشتووە، ئەوەندە پڕ لە ڕووداو و پێشبینی نەکراو نییە، وە ئەوەندە چەق بەستوو و پڕ لە بۆچوونگەلی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی نییە. بە ڕوونی لە قسە و وتاربێژی دووری کراوە ، تا ئەو جێگایەی کە ڕووداوە ڕوودراوەکان لە دادگایەکی ناوەندی چیرۆک دا بە شێوەیەکی گشتی سانسۆر کراوە و لەڕاستی دا بە بێ کەڵک زانراون و تەنیا بە شیکردنەوەی ڕۆتینی سەر شانۆ و هەڵبەتە بە قسەکانی قارەمانی چیرۆک بەسەندەی کردووە.

بەم شێوە نووسینە بە هیچ شوێنێک ناگەم.

«دایک» لە ساڵی ١٩٠٢ بناغەی بۆ داڕێژراو لە ساڵی ١٩٠٦ هاتە سەر کاغەز و ئەوە ئەو کاتە بوو کە بزوتنەوەی کرێکاری، لەسەر پانتایی ئەندێشەکانی کارل مارکس و بە پشت بەستن بە بۆچوونەکانی لێنین، تازە خەریک بوو گەشەی دەکرد و پوختە دەبوو. چیرۆک لە شارێکی بچکۆلە، لە تەنیشت کارگایەکەوە دەستی پێکرد و باسی ژیانی ئاسای خەڵکی ئەوێی دەکرد. یەکەمین کارێکتەری چیرۆک، هاوسەری «دایک»ە، پیاوێک کە جگە لە سەرخۆشی و لێدانی بنەماڵەکەی، بە دژواری بە کارێکی دیکەوە خەریک دەبوو، مردنی ئەم کاراکتەرە، کۆتای یەکەم وەرزی کتێبەکەیە و لەم نێوەندەدا، دروست لە ناو بنەماڵەیەکی کرێکار و تەواو ئاسایی دا، جێمان خۆش کرد. تەنیا کۆڕی ئەم بنەماڵەیە، بە ڕوولە باوکی کردن و وتنی تەنیا ڕستەی»دەستم لێبەردەی ها!» بە ئێمە دەناسێندرێ.

لە بەشێکی تر دا، کۆڕ کە ماوەیەک لە مردنی باوکی تێپەڕیوە، مەست و سەر خۆش دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و وەک و عادەتی دێرینەی باوکی بەسەر دایکی دا هاوار دەکا بەڵام لەگەڵ هێمنی و میهرەبانی «دایک» بڕەو ڕوو دەبێ و هەر ئەوە و تەنیا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆڕ دوای ماوەیەکی زۆر دەست لە خواردنەوە هەڵگرێ و لەگەڵ کۆمەڵێکی تر کات بەسەربەرێ و کتێب گەلی جۆراو جۆر دەخوێنێتەوە و دەچێتە ریزی حیزبی تازە پێگرتوو وە «هێشتا» پێشکەوتوخوازی سۆسیالیزم. هەر لە سەرەتاوە پرسیاری دایک بێ وڵام ناهێلێتەوە و پێی دەڵێ کە خەریکی چ کارێکە. تەنیا بەوە بەسەندە ناکا و کۆبوونەوەی کۆمەڵەکەیان لە ناو ماڵێ و لەبەر چاوی دایکی ڕێک دەخا. دایک بۆ هەموویان هەستی دایکێتی هەیە، تا ئەو جێگایەی کە یەکێکیان بە ئەندامی

ڕەسمی بنەماڵەکەی دەردێنێ.
وردە وردە کارەکــە بــەردەوام دەبێ و گرتن دەســت پێــدەکا و کوڕ، بــە تۆمەتــی تێک دانی نەزمی گشتی ، بەرەو زیندان ئەچێ. دایک خۆی دەســت بە بڵاو کردنەوەی شــەو نامەکان دەکا و کورەکــەی تەبرەئە دەبێ. دواتر کە کوڕەکەی دوبــارە دەکەوێتــەوە زینــدان، دایــک ماڵەکەی دەگوێزێتەوە بۆ شار و لە کاری بڵاو کردنەوەی شــەو نامــەکان دا ئەوەنــدە پێش دەکــەوێ کە دەبێتە خاوەن ئەزمون و ڕێگا و شێوەی تایبەت بە خۆی دەبێی و ناوبانگێک بۆ خۆی بەدەســت دێنێ و لە کۆتایی دا کاتێک شەو نامەکانی دەقی دیفاعیەیــەی کوڕکــەی ئاڵوگۆڕ دەکا، ئاشــکرا دەبێ و یاریەکە نادۆرێنێ و لەگەڵ ئەو ترسەی کە لە سەرانســەری کتێبەکەدا لە لێدان هەیەتی، لــە ژێر شــەق و جنێــو و ســوکایەتیەکاندا، لە کۆمەڵانــی خەڵک قســە دەکا و لــە حاڵێک دا کە گەرویان توند گرتووە، هاوار دەکا کە «ناتوانن ڕاستیەکان بە دەریایەک خوێن بکوژێننەوە.»
دەی ئێســتا ئەو «دایکە کێیــە؟ ئەو بەردەوام کەســانی تر کە لە هەر تەمەنێک دان، بە منداڵی خۆی و لاو و خاو و شایســتەی خۆشەویستی دەزانێ. دڵی بۆ هەموو کەس دەسووتێ و ئەوەی کــە خوێندەوارەکان و کتێبخوێنەکان لە جەبری، مێــژوو و مانیفێســتە کرێکاریەکان و پرۆلیتاریایەکان دەیلێن، تێناگا و لــە موزاکیراتــی دادگا هیچ حاڵی نابــێ و بــە تێروانینــە گشتیە کەی خــۆی هەوڵ دەدا کــە هەلومەرجەکــە تێبگا و بە باشــی ئەم کارە جێبەجێ دەکا بــە باشــترین شــێوە دەرکــی دەکا کە «ئیتر هیچ زەجر و عەزابێک لەوە خرابتر نیە کە بــە درێژایی تەمەنمان کێشــاومانە«. لە ســەرەتا دا لە بۆچوونە کافراویەکانی لاوەکان دڵهێشــاو بووە و لەسەر ئەم باوەڕە بووە کە « پیرێژنێکی وەک ئەو، ئەگەر خوداشــی لێ بستێنن، لە کاتی ئێــش و ئــازار و غــەم دا هانا بۆ کــێ بەرێ». بــەڵام وردە وردە حیســابی خوداکەی خۆی و مەســیحەکەی خۆی، لەگەڵ خودایەک کە وەک گۆپاڵ ڕاگیراوە بەسەریانەوە جیا ئەکاتەوە و تا کۆتای لەسەر ئەم بۆچوونەی خۆی ئەمێنێتەوە.
«دایک» لە تەواوی سەحنەکاندا هەیە و بینەرە. لە یەکەمین تێکهەڵچوونی ناو کارگەکەدا بە زۆر خۆی لــە ناو ئەو هەموو خەڵکەوە بەرە و پێش دەبــا. پاڵەوانــی تێکهەڵچوونەکــە کوڕەکەیەتی. جارێکی تر ئاڵای ســور کە لە دەست کوڕەکەی بەردەبێتەوە دەشــەکێنێتەوە و بە کەلەڕەقیەکی پێرێژنانــەوە بــەرز ڕای دەگــرێ. لــە زینــدان، دەچــووە دیــداری زیندانیــەکان و میوانــداری کۆبوونەوەکانی خستبووە ئەستۆی خۆی.
دەبێتــە نامە بــەری کۆمەڵەکە. لەســەر جێگای تــەواوی نەخۆشــەکانی کۆمەڵەکــە ئامادەیە و غەمــی تەواویــان وەک غەمــی کوڕەکەی خۆی هەست پێ دەکات.
ئەم «دایک»ە کێیە؟ ڕوسیە؟
لــە تایبەتمەندیــە گرنگەکانــی ئــەم کتێبــە، هــەروەک وەرگێــر دەڵــێ، ئەوەیەکە لە گەرمــاو گەرمی خەبات دا نوســراوە و لایەنــی خەیــاڵات لــەودا زۆر کزە و ڕووداو و کەســایەتیەکان، لــە نمونەگەڵی ڕاستەقینە وەرگیراون و بە ئەوینی شــاراوە و هەســتە جــوان و نــەرم و نیان «کە بە هیچ شــێوەیەک دەست و پێ گیرنیــە« دەوڵەمەنــد و پــڕ بــار بووە و وەها کاری لە لێنین کردووە کە دوای بە بە سەرکەوتن گەیشتن چەندینجــار تاریفــی کتێبەکەی کردووە.

سەرچاوە: ئەنتەرنێت

لە بنەماکانی کۆمۆنیزم دا

کارل مارکس

و: بیستون

ئایـا یەکـەم ئەرکـی شـوێن کەوتوانی راسـتی ئەوەیە کە راسـتەو خـۆ بێ ئەوە ی کـە بۆ چە پ و راسـت بروانن، بـەرەو خـوری راسـتەقینە هەنگاو بنێـن؟ ئایـا وتنی حە قیقـەت لە قاوخـی رواڵەتیانە و سـەپێنەراو، لە حوکمی لە

بیربردنەوەی ئەودانیە؟ راستی وەک گزینگ، لە ناخی هێوری دووڕە دەست، وە لەبەرانبەر چ کەسێک دا دەبێ دان بە خۆداگر بێ؟ لە ئاستی خۆی؟ حە قیقەت درۆو هەڵە لە قاودەدات، کەوابوو بۆ نابێ لە دژی درۆبن؟ ئەگەر لێبوردن تایبەتمەندی تۆژینوەبێ، زیاتر نیشانەی ترس لە راستیە هەتا ترس لە دژی حەقیقەت لێبوردەیی لە هەر هەنگاو یکدا کە هەلێدەگرم وەک بەرگرێک عەمەل دەکات و فەرمان بە تۆێژەرەوە دەدات کە لە ئاست ئاکامی تۆژینەوە بلەرزێ. وان خۆداگری گۆسپی گەیشتن بە حەقیقەتە.

سەرباری ئەوەش راستی. گشتی وجیهان داگرە، پەیوەندی بە منەوە نیە، بۆ هەموانە. حقیقەت سەر تا پام دادەگرێ، من نابمە خاوەنی، سامانی من بریتی یە لە سیمای(دەربڕینی حەقیقەت) سیمای(فۆرم) مەعنەوییەتی تاکی منە. شێوازی ئینسانە. سەیرە! یا سامانی نووسین بە من دەدات بە لام یا سامەندی دەکات کە دەبێ بە شیوازێکی بەدەر لە شێوازیکی خۆم بنووسم! دەتوانم سیمای زاڵ بێ! سیمای کام مرۆڤی شەرافەتمەند لەم ئیلیتزامە رەش داناگیرێ و پێی باشترنابێ کە رووخساری خۆی لە ژێر پەردەیەکەدا بشارێتەوە؟ جبە و پەردە لانیکەم دەتوانێ سیمای کەسێکی وەک ژووپیتەر والپۆشێ، ملدان بۆ چین و چروکی رووخێنەری روالەتیانە شتێک نیە جگە لەوەیکە بە زەبری زللەیەک رووخساری خۆی سوور هەلگەڕینێ.

ئیوە تاریفی جۆراوجۆری بە هەست و نەستی بێ کۆتایی سروشت دەکەن. چاوەروانن کە گوڵی سوور بەرامەی گوتی وەنەوشە بدات. بەڵام دەتانهەوێ کە بە پێزترین دیاردەکان واتە زەین تەینا بە شێوازێک ببێ؟ کەسێکی شۆخ و شەنگم، بەڵام یاسا فەرمان دەدات کە بە نەزاکەتەوە بنووسم. بێ باکانە دەنووسم، بەڵام یا سافەرمان دەدات کە خامەکەم دەبێ خۆراگربێ، خۆڵە میشک لە سەر تە نیا رەنگێک لە ئازادی کە یاسا رێگەم پێدەدا کەڵکی لێ وەربگرم. هەرتکەی شەونمێک لە ژێر تیشکی خۆرا بەرەنگی بێ کۆتایی دەدرەوشێ بەڵام خۆری زەین لە تاکدا شتێک کە نابێ رەنگ بداتەوە بێجگە لەرەنگێک، ئەویش رەنگی رەسمی و روالەیتانە بقوڵێنی؟ جەوهەری زەین بەردەوام ناخی حەقیقەتە و لە گەڵ ئەم جەوهەرە چ دەکەن؟

هێوروهێدی؟ گۆتەدەڵێ: تەنیا ژێر دەستەکان، دان بە خۆداگرن و ئیوە دەتانهەوێ ئەم بەڵایەش بە سەر زەین بێنن؟ لە خۆدابوونی گشتی زەین، عەقڵە. ئەم ئازادیە جیهان داگرە کە لە هەر سروشتێکدا، خەسڵەتی ناخێک دەپارێزێ.

ئازادی، ناخی مرۆڤە هەتا ئەم ئاستە کە تەنانەت دوژمنانیش دانی پێدادەنێن. هەڵبەت لە کاتی ململانێ لە گەڵ راستی ئەو، ئەوان دەیانهەوێ شتێک کە وەک زیوەری سروشتی مروووقایەتی بۆ دوور تورپیان هە لداوە، لە پلەو پایەی بە نرختری زەیوەر تا پۆی خۆیانی بکەن.

هیچکەس (بە گشتی) بەگژ ئازادی دا ناچێتەوە. تاکە کان لانی زۆر لە دژی ئازادی خەڵکانی تر رادەوەستن. کەوابوو هەموو جۆرەکانی ئازادی بەردەوام لە ئارادابوو، تەنیا هێندێک جار وەک ئیمتیازێکی تایبەت و هێندێک جاریش وەک مافێکی گشتی.

مەسەلە ئەوەیە کە ئایا ئازادی چاپە مەنی، رەخنەیە. رەخنە وشیاریەکە ئازادی چاپەمەنی خۆی دەیخاتە گوڕ.

سانسۆریش قەبوولیەتی کە ئامانجێکی لە خۆدانیەو لە ناخی خۆی دا شتێکی باشی نیە و لەئارامدا لە سەر بنەمای» ئامانج پاکانەی ئامرازە« راوەستاوە. بەڵام ئامانجێک کە پێویستی بە کەرەسەی هەڵە هەیە. ئامانجێکی راست نیە. بۆ بەرگری لە ئازادی لە هەر بواریکدا و هەروەها بۆ تێگەیشتنی دەبێ خەسڵەتی ناخی ئازادی، بە بێ سەرنجدان بە مەناسبەتی دەرەکی یەکەی لە بەر چاوبگیرێ، بەڵام ئایا چاپەمەنیەک کە خۆی بۆ ئاستێکی پیشەیی بچووک دەگاتەوە، بە سروشتی خۆی وەفاداره و بە پێی شەرافەتی سروشتی خۆی دەجوولێتەوە و ئازادە؟ هەرچەند جێگای گومان نیە کە نووسەر دەبێ بۆ ژیان و نووسین، پووڵ و داهاتێکی هەبێ، بەڵام بە هیچ جۆر نابێ بۆ وەدەست هێنانی پوول بژی و بنووسێ. پرنژەی شاعیری فەرانسەوی لە یەکێک لە بەرهەمەکانی خۆی دا دەڵێ:

من بۆ گۆرانی وتن ناژیم

ئەگەر تۆ لەجێگەی من ب،
بۆژیان گۆرانی دەڵێم.
ئاگادارکردنـەوەی نهێنـی نێـو ئـەم وتە ئەم سەرسـوڕ مانەیـە کە شـاعیر هەرکە شـێعر ببێ بـە ئامراز،کارەکانـی ئامانجێکی لە ناخی خۆیاندا. بەرهەمەکانی بۆ خۆی و بۆ خەڵکانی تر هەتا ئەم ئاستە بەدوور لە ئامراز دەگری کە لە کاتی پێویسـت دا خۆشی لە پێناو کارەکانی دا قوربانی دەکات.

نووسـەر کـە چاپەمەنـی دەکاتـە ئامرازێکی مـاددی، شـیاوی ئەوەیەکـە ئـەم ئەسـیری دەروونیەی ئەو لەگەڵ کۆیلەیی یان سانسـۆر سـزا بدرێـت. بـە واتایەکی دیکە سـزای ئەو سانسۆرە.



رژیمی ئیسلامی،
پان ئیسلامیزم و دوایین شکست



ن:بیژەن هیدایەت
و: سمکۆ نووری

سەرهەڵدانی حکوومەتی ئیسلام لە ئیران، دوابەدوای شورشی خەڵکی کریکارو زەحمەتکێش بە دژی ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداری و سەرەڕۆیی رژیمی پاشایەتی، کە دوابەدوای خۆی گەشە کردنی جەریاناتی ئیسلامی لە لە رۆژهەلاتی ناوەراست و شومالی ئافریقای لێکەوتەوە، بۆ سالانێک مەوزوعیەتی بە پان ئیسلامیزم دا. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم مەسەلەی وەک مەسەلەیەکی گرینگ لە بواری سیاسیەوە لەناوچەکە و هەروەها لە جیهانیشدا هێنایە ئاراوەو لە سەرەوەی لیکۆلینەوە و تەفسیری ناوەند و ئەنێستیتۆکان و موفەسرینی ئیسلام ناس دانا.
هێندێ کەس پان ئیسلامیزمیان بە «مەترسی سەوز» لە جیهاندا ناو لیناو وەک گرینگترین مەسەلەیەک کە پیش بە ئارامش و ئاشتی لە ئاستی جیهاندا ناوزەد کرد. بەلام هێندێ کەسیش رێزیان لە رێبەرانی ئەم فکرە و قبول کردنی و هەروەها ژیانی هاوبەش لە گەل ئەم مەسەلە، وەک ئەوەی کە پێی دەوترێت « فەرهەنگی خەڵک» دەگرت و بۆ ئەم مەسەلە پروپاگەندەیان دە کرد. هێندی لە سەر گرینگی پان ئیسلامیزم وەک فاکتەری « یەکیەتی لە جیهانی ئیسلام» قسەی دەکردو کەسیکی دیکە وجوودی پان ئیسلامیزمی وەک کەمەربەندێکی جیگای متمانە لە بەرابەر « مەترسی سوور» قسەی دەکردو پشتیوانی لە پان ئیسلامیزمی پیشنیار دەکرد. بەلام بەشێکی زۆر لە لیکۆلینەوەکان یەک لایەنەو ساویلکانەو هاوجیهەت لە گەل بەرژەوەندیەکانی رۆژی سەرمایە، پان ئیسلامیزمیان وەک یەک ئیدئۆلۆژی، وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی _کۆمەلایەتی کە ئامانجگەلێکی دەسنیشانی هەیە و پێشینەیەکی مێژوویی رەشی لەگەلە، لانی کەم بەم لیکۆلینەوانەوە بەشیک لە خەلکی ناوچەکە و جیهانیان بردە نیو تاریکایی و پیشیان بە خەباتێکی جیدی بە دژی ئەم مەسەل، گەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، گرت.
ئەم نووسراوە هەول دەدات کە بە کورتی: مێژوو، ئامانجەکان، هەروەها چۆنیەتی سەرهەڵدان و پاشان دابەزینی پان ئیسلامیزم شەرح بدات.

پان ئیسلامیزم: میژوو و ئامانجەکان

پان ئیسلامیزم جەریانێکی سیاسی_ کۆمەلایەتی بە تەمەنی ئیسلامیە، کەیەکەمین هەنگاوەکان بۆ سەرهەڵدانی بۆ سەردەمی هێرشە ئیستعماریەکانی دەولەتە ئۆروپاییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە رۆژهەلاتی ناوەراست و شومالی ئافریقا دەگەڕێتەوە. لەم دەورەدا لە بەرابەر « ئۆروپای مەسیحی» و هیرشی ئەوەدا بۆ سەر « قەڵەمرەوی ئیسلام» جەریاناتی ئیسلامی هەولیان دا بە هەڵکردنی ئالای خەبات بە دژی ئیستعمار و داگیرکاری لە نیو خەڵک دا دەستی بالا پەیدا بکەن و ئەم مەسەلە بکەنە ئیدئۆلۆژی حکوومەتی بە شیوەی بەربلاو و لە راستیدا «خەلافەتی ئیسلامی» لە ژیر ڕێبەری پاشای عوسمانی دابمەزرێنن. لە ئیرانیش دا هەولەکانی کەسێک بە نێوی « سەید جەمالەدینی ئەسەدئابادی» لەم جیهەتەدا بوو.ناوبراو یەکەمین کەس بوو کە خەبات بۆ پێک هێنانی « یەکیەتی ئیسلام»ی بە مەسەلەیەکی گرینگ دەزانی و پروپاگەندە چی و سازمان دەری « جیهانی ئیسلام» لە بەرابەر ئیستعمار و داگیرکاری و هیرشی «ئۆروپای مەسیحی»بوو. «جەمالەدینی ئەسەد ئابادی» نە تەنیا لە سەردەمی خۆیدا توانی کە لە شکل و ناوەرۆکی خەباتی دژی ئیستعماری خەڵک کاریگەری دابنێت بەلکوو تا ئەم دواییانەش هێندێ لە جەریاناتی ئیسلامی لە رۆژهەلاتی ناوەراست و شومالی ئافریقا لە ناوبراو ئیلهامیان وەردەگرت.

« سەید جەمالەدین ئەسەدئابادی» فاکتەری دین و لە ئەساسدا دینی ئیسلامی وەک مەسەلەیەکی گرینگ بۆ تەشەکول و بۆ پێک هێنانی یەکیەتی لە کۆمەلگای بە گرینگ دەزانی.ئیسلام لە سەردەمی خۆیداو هەروەها سەردەمی شکستیدا لە بەرابەر « ئۆروپای مەسیحی» بە توندی گۆرانی بە سەردا هات. «سەید جەمالەدین» لە م بوارەدا هۆشداری دەدات و لە پێوەند بە رۆژانێک کە ئەوان دەسەلاتدار بوون بە بی هیواییەوە یاد دەکات و رۆژانی خۆشی خۆیان وەبیر موسلمانان دەهێنێتەوە و بۆ پێش گرتن لە دووپات بوونەوەی ڕەوتی بنەبڕ بوونی ئیسلام، لە سەر جیایی سیاسی و میژوویی دام و دەزگای حکوومەت و روحانیەت و لە واقع دا سیاسی کردنەوەی دووبارەی ئیسلام دەدوێت و لەسەر ئەم مەسەلە تەئکید دەکاتەوەو زیندوو بوونەوەی دووبارەی ئیسلام لە هەلپێکرانی سەرلەنێوی ئەم دوو مەسەلەدا دەبینێت. سەرەرای گرینگی دان بە پەیوەندی دووبارەی دام و دەزگای حکوومەت و رووحانیەت لە دەزگای فیکری «سەید جەمالەدین»، لە مەنتیقی ناوبراودا گەرانەوە بۆ ئیسلامی سەرەتایی جیگاو شوێنێکی تایبەتی هەیە.

لە سەردەمی دەسەلاتی ئیستعمار و لە جەریانی زیندووبوونەوەی ئیسلام لەم ناوچەدا دوو جۆر بیرکردنەوە و خەتی فیکری جیاواز زەق ببوەوە. یەکێک لەم فکرە گەرانەوە بۆ سەرەتای ئیسلامی داوا دەکرد و لە گەل هەرجۆرە گۆران و پێداچوونەوە بە سەر ئیسلامی بە نادروست دەزانی. بەلام نەزەرێکی دیکە لە سەر ئەو باوەرە بوو کە دەبێ ئیسلام لە گەل هەلومەرجی نوێ خۆی ڕێک بخات و ئەم مەسەلەی تەبلیغ دەکرد. لەم بوارەدا « سەید جەمالەدین» سەر بە دەستەی یەکەم و گەرانەوە بۆ سەردەمی سەرەتایی ئیسلام بوو. بەلام ئەم ئاواتەی ناوبراو نەتەنیا نەیتوانی ببیتە هۆی پێک هێنانی «یەکیەتی ئیسلام» بەلکوو بەشێوەی حکوومەتێک لە ئاستی جیهاندا و تەنانەت لە چوارچێوەی میللیشدا نەیتوانی یەکیەتی نێوان موسلمانان پێک بهێنێت.

پان ئیسلامیزم، کە وەک دژکردەوەیەک لە بەرانبەر هێرشی ئیستعماری و «ئۆروپای مەسیحی» بۆ سەر « قەڵەمرەوی ئیسلام» سەری هەڵهێنا، وەک تێئۆرییەک لە گەل ناکۆکی و تەناقوزاتێک بەرەو ڕوو بوو و بەشە جۆراوجۆرەکانی لە جیهەتێکی سیاسی و بەرژەوەندیەکی ئابووریەوە هەنگاویان هەڵدەهێنا کە نەیتوانی دۆکتۆریەن و چوارچێوەیەکی فیکری هاوبەش بۆ پێک هێنانی ئەو شتەی کە پێی دەوترا ئۆمەتی ئیسلامی لە ژیر ئالایەکی هاوبەشدا خەلکی بۆ کۆبکاتەوە. بە تایبەت لە سالەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە هۆی گەشەی بۆرژوازی، پەرەسەندنی ئاسۆو دوورنمای سیاسی و ئابووری ئەو کە لەگەل ئازادی و عەدالەت لەقەلەم دەدراو، هەروەها شکڵ گرتنی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیە بەهێزەکانی سەرچاوەگرتوو لەو، دەرکەوتبوو کە ئەندێشەی «یەکیەتی ئیسلامی» و بزووتنەوەکانی، لەبەراوەرد لەگەل بزووتنەوە دژی ئیستعماریەکانی دیکە، بەتوندی ئیرتجاعی و کۆنە و نەتەنیا گرێیەک لە ژیانی دژواری خەڵکی ناوچەکە ناکاتەوە، بەلکوو بە ئیعتباری دژی دێمۆکراتیسم و دژی نوێگەرایی توندرەو، بۆ خۆی کۆسپێکە لە سەر ڕێگای خەباتی خەڵک و ژیانی باشتری ئەوان.

بەم جۆرە ئەندێشەی « یەکیەتی ئیسلام» پاش مەرگی «سەید جەمالەدین» لە مێژوودا بایەگانی کراو پێش ئەویش حیزبی سەرەکی ئەو لە ئێستانبول، کە لە سەر ئەساسی فیکری ناوبراو هەولی دەدا لە نیوان شیعە و سۆننی، لە ژێر دەسەلاتی پاشای عوسمانی یەکیەتی پێک بهێنێت و «خەلافەتی ئیسلامی» پێک بهێنێت لە بێ هیوایی و نائۆمێدی دا کەوتە پەراوێز و لە بیربرایەوە.

سەرهەڵدانەوەی دووبارەی پان ئیسلامیزم

سەرهەڵدانەوەی دووبارەی پان ئیسلامیزم لە دەورەی مێژوویی حازردا بۆ سالەکاانی دەیەی حەفتا دەگەڕێتەوە. لە سالەکانی سەرەتای ئەم دەیەدا هاوکات لە گەل شکستی ناسیونالیسمی عەرەبی و لە دڵی قەیرانە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی سەرچاوەگرتوو لەم مەسەلە و شکل گرتنی نارەزایەتیە جەماوەریەکان، دوو رەوت لە نێوان جەریانات و دەولەتە ئیسلامیەکانی ناوچەکە دا شکلی گرت.

لە لایەکەوە سیاسەتی گەرانەوە بۆ «ئیسلامی رەسمی» بە تایبەت بە هۆی پشتیوانی «فەیسەڵ» پاشای ئەوکاتی عەربستانی و باقی ئاخوندەکانی عەرەب رەوتێکی خیرای بە خۆیەوە دی. پێکهێنانی ناوەند و رێکخراوە فەرامیلی و ناوچەیی و ئیسلامیەکانی وەک «کونفرانسی دەولەتە ئیسلامیەکان و بانکی گەشە پێدانی ئیسلامی» و ئەوانی دیکە بەشێک لەم هەوڵانە بە ئەژمار دێن. سیاسەتی گەرانەوە بۆ « ئیسلامی رەسمی» و هەوڵدان بۆ بااڵدەست کردنی ئەم فکرە لە سیستمی حکومەتی ولاتانی ناوچەکە، لە راستیدا بە مەبەستی قایم کردنی شکستی ناسیونالیسمی عەرەبی، بەتایبەت لە گرینگترین پێگەی ئەودا واتە ولاتی میسر و پێش گیری لە سەرهەڵدانی دووبارەی ئەو بوو.

لە لایەکی دیکەشەوە رەوایەتی پان ئیسلامیستی لە ئیسلامیش دووبارە پێی نایە مەیدانی سیاسی_ کۆمەلایەتی ناوچەکەوە. سەرهەڵدانەوەی ئەم جارەی پان ئیسلامیسم کە جیاواز بوو لە «ئیسلامی رەسمی» و زۆر جار بە نادروست بە « ئیسلامی بونیادگەرا» ناویی لێدەبرێت، بەلام لە سەر زەمینەو بەستێنی مێژوویی وسیاسی_کۆمەلایەتیەکی قوولتر و بەربلاوتر لە بەراوەرد لە گەڵ شکستی ناسیونالیسمی عەرەبی پشتی بەستبوو. سەرهەڵدانەوەی دووبارەی پان ئیسلامیزم لەئەساسدا لە قەیرانێکی حکوومەتیەوە سەرچاوەی دەگرت، کە لەسالەکانی کۆتایی دەیەی حەفتا، نە تەنیا دەستەو یەقەی ولاتانی عەرەب و غەیری عەرەبی ناوچەکی وەک « ئەندۆنێزی و پاکستان و ئیرانی گرتبوو، بەلکوو هەموو ولاتانێک کە بە ولاتانی لە حالی گەشە دەناسرانەوە لەگەل ئەم گرفتە بەرەو روبوون.

لە کەشوهەوای بونبەستی ئابووری و سیاسی جەریاناتی حکوومەتی لەم جۆرە ولاتانەدا، پان ئیسلامیسم مەجالێکی بۆ سەرهەڵدانەوە و چالاک بوونەوە بەدەست هێنا. سەر لە نێو زیندوو بوونەوەی ئەم جارەی پان ئیسلامیسم لەم دەورەدا، کە نیشانەی جۆرێک زەمانەت و هەروەها گۆرانێکی ئابووری نوی بۆ بۆرژوازی نەبوو، فەلسەفەی وجوودی خۆی بە تەواوی لە بی ئاسۆیی سیاسی جەریاناتی حکوومەتی بۆرژوازیەوە دەگرت. ئەمە لە راستیدا نیشانەی دەست درێژکردنەوەی بۆرژوازی بێ هیوا بۆ لای ئیرتجاعی ترین و کۆنەپەرەست ترین ئیدئۆلۆژی و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیە مومکینەکان بوو، تا لە ترس لە سەرهەڵدانی بەربلاوی ئیعترازاتی خەڵکی ژێردەستەو ئەگەری بە دەسەلات گەیشتنی چینی کرێکار و مەیل و گرایشی کۆمۆنیستی ئەم گرایشە لەم ئامرازە بۆ پێش گرتن و هەروەها سەرکوتی خوێناوی ئەم بزوتنەوە کەڵک وەر بگرن.

قەیرانی حکوومەتی بۆرژوازی

ئەو رووداو سەرسوهێنەرانە کەبەکۆتاییەکانی دەیەی حەفتا لە جیهانی سەرمایەداری مانای بەخشی، وەک هەرس هێنانی حکوومەتی «موحەمەد رەزاشا» لەئیران و سۆمۆزا لە نیکاراگوئە و ئەوانی دیکە رووداوگەلێکی ئاسایی و بە تاک کەوتوو و هەروەها لە قالبی میللیدا نەبوو. ئەم رووداوانە، سەرەتای قەیرانێکی جیدی عوموومی حکوومەتی لە ولاتانی لە حالی گەشە دا، بەتایبەت لە قەلەمرەوی ئۆردوگای رۆئاوابوو. ئەم رووداوانە گەرچی لە سەر بەستێن و زەمینەی مێژوویی تایبەت بە هەر ولاتێک سەریان هەڵدا، بەلام تایبەتمەندیەکی گشتی تریشیان هەبوو.

ئاڵوگۆر لە پێکهاتەی کۆمەلایەتی و ئابووری ئەم کۆمەلگانەدا لەسالەکانی پاش کۆتایی هاتنی

شەری جیهانی دووهەم، یەکێک لە گرینگترین و گشتی ترین خالی هاوبەشی زەمینە مێژوویەکانی ئەم قەیرانە حکوومەتیانە بوو. حکوومەتە بۆرژوازیەکان لەم ولاتانەدا کەلە ئەساسدا ئەرکی بە ئەنجام گەیاندنی ئالوگۆری سەرمایەداری لەواندا شکلی گرتبوو، بە هەولی ئەوان بۆ تێکەل بوون بە سەرمایەداری جیهانی فەلسەفەی وجوودی سەرەتایی خۆیانیان لەدەست دابوو.
لە هەلوومەرجی کۆمەلایەتی نوێدا کە هاوکات بوو لەگەل ئالۆگۆری سەرمایەداری لەم ولاتانەدا، شکلە حکوومەتیەکانی پێشوو، لەلیبرال ناسیونالیسمەە بگرە تا ناسیونالیسمی میللی و مەزهەبی ولە دیکتاتۆریە نیزامیەکانی گوێرایەڵ و بەرێوەبەری ئیسلاحاتی لە جۆری رۆژئاوا، چیتر توانایی بەرێوە بردنی حکوومەت بە پێی یاسای پێشوویان لە دەست دابوو و هەر وەها باری مەسەلە سیاسی و ئابووریەکانی کۆمەلگای نوێ لە سەر شانیان قوورسایی دەکرد. هەروەها تێک چوونی هاوسەنگی هێزی جیهانی و شکڵ گرتنی ریزبەندی نوێ و هاتنە ئارای شک و گومان و کیشەکانی سەرچاوەگرتوو لەم مەسەلە، بەشێکی دیکە لەو زەمینە گشتیانە لەباری میژووییەوە بوو بۆ ئەم حکوومەتانە.سەرەتا دەسەلاتی ئامریکا، کە لە ماوەی دوو دەیە پاش شەری جیهانی دووهەم هێشتا سیبەری خۆی خستبووە سەر ئۆردووگای رۆژئاوان لە دڵی قەیرانە ئابووریەکانی سەرمایەداری لەم سالانە دا سست و لاواز ببوو، دەستی دایە جموجوول و رقابەتێکی نوێ لە ئاستی جیهانی سەرمایەداری، بۆ بە دەست هێنانی ناوچەگەلێک لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا ئەم مەسەلەش لەم ولاتانە پەرەی گرت. پاشان رووخانی بلۆکی رۆژهەلات، کۆتایی سارد، و سەرهەڵدانی نەزمی نوێی جیهانی، بەرخورد و تێکهەڵچوونەکانی ئەمپریالیستی بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەم ولاتانە بە مەبەستی دووبارە دابەشکردنەوەی قەلەمرەوەکانی ژێرکۆنترۆلی خۆیان پەرە پێدا.
قەیرانی حکوومەتی جیا لەم مەسەلانەی کە لە سەرەوەی باسمان کرد ریشەی لە هۆکارەکانی دیکەی وەک هەلومەرجی سیاسی وکۆمەلایەتی خودی ئەم ولاتانەوە بوو. هاتنە خوارەوەی ئالای « ئاسۆی گەشە ئابووری» هاوکات بوو لەگەل بەرز بوونەوەی ئالای ئیعترازی چینێکی کۆمەلایەتی نوێ، واتە چینی کرێکار. ئاکامەکانی ئالۆگۆر لە سەرمایەداری، هەرلەو کاتەدا شکڵ گیری چینی کرێکار وەک چینێک کە چینی سەرەکی چەوساوەیە لە کۆمەلگای بۆرژوازیدا بە ئەنجامی خۆی گەیشت. قەیرانی ئابووری سەرمایەداری و گوشارەکانی سەرچاوەگرتوو لەم قەیرانە کە لە ئەساسدا لە سەر شانی چینی کریکار قورسایی دەکرد، جەماوەری کریکاری دەکیشایە مەیدانی خەبات و هەلوومەرج و شکلێکی نوێی لە خەبات و ئیعترازی سیاسی و کۆمەلایەتی پێک هێنا. هەلوومەرج و شکلێک کە چیتر لە شکڵی سوننەتی ئیعترازی ناسیونالیستی و دژی ئیستیعماریدا نەمابووەوە و بە ئیعتباری جێگاو شوێنی عەینی خۆی وەک چینێکی سەرەکی لەم خەباتەدا، واتە چینی کریکارن بە خیرایی بەرەوروووی حاکمیەت و ستەم و چەوسانەوەی بۆرژوازی و نەزمی سەرمایە دەبووەوە.
قەیرانی حکوومەتی، کە لە سەر بەستێنێکی مێژوویی دیاریکراو شکلی گرتبوون لە دڵی ئەم هۆکارانە ببوە قەیران کە بەستێن و ناوەرۆکی سەرەکی ئەو سەفبەندی چینی کریکار لە بەرانبەر چەوسانەوەی بۆرژوازیدا بوو و هەروەها خەبات و ئیعترازیکی کۆمەلایەتی نوێی شکڵ پێ دەدا بە دژی حکوومەتە بۆرژوازیەکان کە هەرجۆرە ئاسۆیەکیان لە دەست دابوو.

رژیمی ئیسلامی و پان ئیسلامیزم:
رووخانی رژیمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری رژیمی ئیسلامی لە ئیران بە ئیدعای پێک هێنانی ئینقلابی گەری و پێک هێنانی یەکیەتی ئۆمەتی ئیسلامی، هەم خالێکی وەرچەرخان لە جەریانی شۆرشی خەلکی کریکار و زەحمەتیکێش و هەم رووداوێکی گرینگ بوو، لە ناوچەکەدا کە دەرەنجامگەلێکی لە جیهاندا بە دواوە بوو. لە ئیراندا، رژیمی ئیسلامی کە بە پێی رێکەوتن و پشتیوانی دەولەتە سەرمایەداریەکانی رۆژئاوا، بە مەبەستی پیشگیری لە قولتربوونەوەی شۆرش و بە دەسەلات گەیشتنی چینی کریکار و کۆمۆنیسم هاتە سەرکار، دەستی دایە وەحشیانە ترین کوشتاری خەلک و بەتایبەت جەریاناتی کۆمۆنیست و ئازادیخواز چەتری خویناوی خۆی بە سەر سەری کۆمەلگادا کیشاو ژنان و لاوان و نەیارانی خۆی بە سێدارە سپارد و شۆرشی خەلکی خەلتانی خوێن کرد.
هاتنە سەرکاری دژی شۆرشی ئیسلامی لە ئیران، هاوکات بە هەموو جەریاناتی ئیسلامی لە

ناوچەکەی پیشان دا کە سەرکەوتن بە سەر، حکوومەتە بێچارە بۆرژوازیەکان لە ولاتانی خۆیاندا مومکینە. بە تایبەت کە رژیمی ئیسلامی ، نەتەنیا وەک نمونەیەک کە جێگای پێرەوی کردن لە باری رۆحی و مەعنەوی ، کە پشتیوانی عەمەلی جەریاناتی ئیسلامی بووە.
رژیمی ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە دەستێوەردان لە شەری لوبنان، حیزبوڵای پێک هێنا و چەکداریانی کرد، لە عێراق پشتیوانیان لە « حیزبی ئەلدەعوە« لە شەر بە دژی حکوومەتی بەعسی عیراق کرد و هەروەها لە میسر و ئۆردۆن دەستی دایە بەهێز کردنی جەریانی « ئیخوانو موسلمین» و لە ولاتی ئەفغانستان پارەو چەکەیان خستە دەستی تیرۆریستەکان، لە سوودان هاوکاری « حەسەن تۆرابی» و جەریاناتی ئیسلامی لە شەر بە دژی مەسیحی و ئانیمیستەکان بۆ پێک هێنانی دەولەتی ئیسلامی کرد. رژیمی ئیسلامی لە ریگای ئەم جەریانە سیاسیانەوە دەستی دایە دەستێوەردان لە کاروباری میسر و سۆمالی و نیجێریە و باقی ئەو ولاتانە. بە دەسەلات گەیشتنی رژیمی ئیسلامی لە ئیران یەکیک لە هۆکارە سەرکیەکانی بە هێزبوونی جەریاناتی ئیسلامی و جموجۆلی پان ئیسلامیستی بە تایبەت لە سالەکانی دەیەی هەشتا لە ناوچەکەدا بوو.
خەونی سەقامگیرکردنی «حکوومەتی جیهانی ئیسلام» لە لای رێبەرانی جەریانەئیسلامیەکان بە تایبەت خومەینی پێشینەیەکی کۆنی بوو.لەم رووەو پاش هاتنەسەرکاری رژیمی ئیسلامی لە ئیران ، ئەندێشەی پان ئیسلامیستی هاتە نێو یاسای ئەساسی ئەم رژیمە. ئەسلی یازدەی ئەم یاسا کە لە سالی ١٣٥٨ بە پەسند گەیشت لە بواڕە دا دەڵێت: « هەموو موسلمانان یەک ئۆمەتن و دەولەتی ئیسلامی لە ئیران بەرپرسە سیاسەتی گشتی خوی لە سەر ئەساسی پێک هێنانی بەرەیەک یان یەکیەتی لە نێوان ئۆمەتی ئیسلامیدا دابڕێژێت و هەول بدات لە بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەوە ئەم سیاسەتە ببابتە پێش». لە سەر بنەمای ئەم ئەندێشە بوو کە خومەینی پەرە پێدان بە ئیسلامی وەک ئەرکێک چاو لێدەکرد. بۆ وێنە لە ٣١ی فەروەردینی سالی ١٣٥٩ بە دوای داوای رەسمی فەرماندەی سپای پاسدارانی رژیم، ئەندامانی شورای ئینقلابی جەزیرەی عەرەب» واتە ولاتانی عەربستان، یەمەن، قەتەر، عەمان، ئیماراتی عەرەبی» بە مەبەستی چاوپێکەتن بەرەو تاران رێکەتن. وتە بێژی ئەم شورا لەم چاو پێکەتنەدا وتی: «بەو جۆرەی کە دەزانین ئیقلابی ئیسلامی لە ئیران هیوا و ئۆمێدێکی دیکەی لە نێو موسولمانانداو پێک هێنا، لە ئاستی جیهاندا، ئەم ئینقلابە ئۆمێدی ئێمەیەو ئێمەش خۆمان بە بەشێک لەم ئینقلابە دەزانین.» ئەم قسانە بۆ خۆی بوو بە هۆی پێک هاتنی ناکۆکی و شەری و ئاژاوە لە گەل ولاتانی « کوەیت و بەحرەین و عەرەبستان و پاشانیش عیراق کە شەرێکی مالوێرانکەری لێکەتەوە.
سەر لە نێو زیندوو بوونەوەی پان ئیسلامیزم ، بەلام نە تەنیا کە لە رژیمی ئیسلامی هێز و توانای وەردەگرت، بەلکوو پان ئیسلامیزم چاویشی بریبووە سەرمایەداری رۆژئاواش. لە جەریانی شەری ساردا، بۆ پێش گرتن لە نفوزو کاریگەری شورەوی و پاشان رووخانی ئەو و هەروەها دروست کردنی سەدێک لە بەرانبەر کۆمۆنیسم و رادیکالیسم لەم ولاتە دا و هەروەها سەرکوتی خوێناوی خەباتی جەماوەری خەلکی نارازی کە ئازادی و بەرابەریان دەویست، بورژوازی ئەمپریالیستی رۆژئاوا دەستی دایە چەکدارکردن و بەهێز کردنی تاقم و جەریاناتی ئیرتجاعی ئیسلامی و ئەم سیاسەتەیان خستە پال دۆستایەتی لە گەل پاشاو شیخە مورتەجەعەکانی عەرەب و کردیانە سیاسەتی سەرەکی خۆیان لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا. ریکەوتنی دەولەتە سەرمایەداریەکانی رۆژئاوا لە سەر پشتیوانی نەکردن لە رژیمی پاشایەتی لە ئیران و بەرجەستەکردنەوەی خۆمەینی و بەهێز کردنی جەریاناتی ئیسلامی لە ئیران، کە لەو سەردەمەدا جەریاناتی میللیشیان لەگەل بوو، تەنیا نموونەیەکی بچووک و حاشاهەلنەگر لەم ستراتێژیە سیاسیە بوو.
هاتنە سەرکاری رژیمی ئیسلامی لە ئیران، بەوجۆرەی کە پیشتریش وتمان، لە راستیدا ولامی بۆرژوازی قەیران لێدراو و بێچارە لە بەرانبەر شۆرش و پێویستیەکانی سەرکوتی ئەم شۆرشە و هەروەها دوورکردنەوەی چینی کریکار لە کۆمۆنیسم و دەخالەتی راستەوخۆ لە قەیرانی حکوومەتی و چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لە جیهەتی بەرژەوەندی خۆیداو، لە نێو بردنی کاریگەریەکانی ئەم شۆرشە لە ناوچەکەداو زەروورەت و پێویستی زاڵ بوون بە سەر شۆرەوەیدا لە رەقابەت لە سەر ئیران وەک پێگەیەکی گرینگی نفوزی رۆژئاوا لە ناوچەکەدا بوو.
ئەمانە فاکتۆرگەلێکی گرینگ لە سەر تەحەولاتی رۆژی ئیران و ناوچەکەدا بوون و سەرهەلدانی حکوومەتی پان ئیسلامیستیی لە ئیران بۆ سەرمایەداری رۆژئاوا و ئیران، لانی کەم بۆ دەورەیەکی

میژوویی دیاریکراو قابلی قبوول دەکرد. ڕەوتی ڕووداوەکان، بە ڕۆشنی هۆکارە سەرەکیە کانی پشتیوانی و مەیلی بۆرژوازی جیهانی و ئیران، لە پیوەند بە ئیرتجاعی ترین و کۆنە پەرەست ترین گرایشی سیاسی لە کۆمەلگای ئیرانی پیشان دا.رژیمی ئیسلامی بە پشت بەست بە دروشمی دژی ئامریکایی و کەلک وەرگرتن لە خۆشباوەری بەشی نائاگای خەڵک، و تەنانەت بەشێک لە جەریانات و ئەحزابی سیاسی، شەپۆلەکانی شۆرشی لە ناوەوە خستە کۆنترۆلی خۆی و بەرەو ڕووی ئیعترازی کریکاران و جەماوەری خەڵک بووەوەو شوورو شەوقی شۆرش گێرانەی خەباتی ئەوانی کۆنترۆل کرد.

ڕژیمی ئیسلامی توانی لە گەل دژایەتی بەشێک لەکۆمەلگای بە دژی کۆمۆنیسم، لە سەر ئەساسی ئێحساساتی کوێرو ڕەشی مەزهەبی ببزوێنێت و پێگەیەکی کۆمەلایەتی لە بەرابەریدا پێک بهێنێت. خەڵکی ئازادیخوازو بەرابەری تەلەبیان دەستە دەستە بەرەو تەنابی ئێعدام و هەروەها گولەباران ڕەوانە کرد و زەمینەکانی چەوسانەوەی وەحشیانە و بی مافی موتلەقی چینی کریکارو کەڵەکە کردنی سەرمایە فەراهم کرد.

هەرلەو حالەشدا بە گرتنی ژێستی دژی ئامریکایی خۆی، شۆرەوی و جەریاناتی وابەستە بەوان کە لە حالی ڕقابەت لە گەل ئۆردوگای ڕۆژئاوادا بوون و ئەوانیش هەر لەم دروشمە کەلکیان وەردەگرت بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان و بەم دروشمە دەستی ئەوان بەتاڵ بکەن، هەروەها ئیمکانی دەخالەتی شۆرەوی لە قەیرانی حکوومەتی لەم جۆرە ولاتانەدا بەرتەسک بکەنەوەو جێ پێی سەرمایەداری ڕۆژئاوا لە بەرابەر ڕکەبەری ڕۆژهەلاتی خۆیدا بەهێز بکات. رژیمی ئیسلامی و پان ئیسلامیزمەکەی بەو تایبەتمەندیانەیەوە، ئامرازیکی تایبەت بە بۆرژوازی ئەمپریالیستی ڕۆژئاوا لە هەلوومەرجی قەیرانی حکوومەتی بۆرژوازی لەیەک دەورەی میژوویی دیاریکراودا لەم چەشنە کۆمەلگانەدا بوو.

پان ئیسلامیزم: پڕشوو بلاو بوون یان یەکگرتن؟

بە هەموو ئەمانەشەوە و هەرچەند کە لەم دەورەدا، ئیسلام لە سیاسەتی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕات و ئافریقای شومالی لە بەراوەرد لە گەل جەریاناتی سیاسی ئیدۆلۆژیکی دیکەی وەک پان عەرەبیسم، سوسیالیسمی میللی و مەزهەبی، ناسیونالیسمی عەرەبی و لیبرالیسم بەرجەستەگی زۆرتری بوو، بەلام جەریانات و دەولەتانی ئیسلامی بۆ مەسایلیکی زۆر و ئەمرۆژی کە ئەم کۆمەلگا لە گەلی دەستەو یەخە بوون، ولامێکیان نەبوو. ئەم شتەی کە پێی دەوترا «جیهانی ئیسلام» تووشی پەرتەوازە بوون، بوون و هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی بۆ جەریاناتی ئیسلامی وەک یەک نەبوو، هەربۆیە ولامە سیاسی و کۆمەلایەتیە جۆراجۆرەکان بۆ ئەم هەلوو مەرجە داوا دەکراو داوا دەکرێت.

خودی ئەم مەسەلە کە ئیسلام وەک عاملێکی گرینگ لە سیاسەتەی ڕۆژهەلاتی ناوراست و شۆمالی ئافریقای لێدەهات و دەبووە سەرچاوەیەکی مەشروعیەت و ئامانج و بەرژەوەندیە سیاسیەکان، ئەم هۆکارە دەبووە فاکتەرێک بۆ پڕشووبڵاو بوونی جەریانات و دەولەتە ئیسلامیەکان و ئەم مەسەلە خێرایی بەم ڕەوتە دەدا. جەریاناتی ئیسلامی سەرەڕای ئەوەیکە لە سەر پێویستی پێک هێنانی کۆمەلگایەک لە سەر ئەساسی « شەریعەت و سوننەتە ئیسلامیەکان» هاورا بوون، بەلام لە کردەوەدا و لە وردەکاریەکانی ئەم مەسەلەدا زۆرترین ناکۆکیان پێکەوە هەبوو.

لە چۆنیەتی حکوومەتی ئیسلامی و دەورو نەقشی ڕوحانیەتەوە بگرە تا بارودۆخی ژنان و کەمایەتیەکان، لە چۆنیەتی پێوەندی لە گەل ڕۆژئاواوە تا سازمان دانی ئابووری کۆمەلگا، هەمووی بابەتگەلێک بوون کە دەبووە هۆی ناکۆکی جەریاناتی ئیسلامی و دەولەتە ئیسلامیەکان و ئەم مەسەلە لە کردەوەدا بە دوو جۆر خۆی دەنواند. شەڕی ئیران و عیراق لە گەل ئەو ناکۆکیانەی کە لە جیهانی ئیسلامدا پێکی هێنا بە ڕۆشنی پیشانیدا کە پێک هێنانی «یەکیەتی لە جیهانی ئیسلامدا» تا چە ڕادەیەک ئیدعایەکی پووچ و بێ ناوەڕۆکە بە چە ڕادەیەک بەرژەوەندی ئابووری لەم شەڕەدا و هەروەها دەسلەحەتی سیاسی تێیدا بۆ ولاتانی ئیسلامی گرینگترە تا ئیدعایەکی نامەڕبووتی « یەکیەتی لە جیهانی ئیسلامدا». سەرەڕای ئەوەیکە زۆربەی ئەعراب لە بەرانبەر خەتی «پان ئیسلامیزم» و لە ڕاستیدا، بۆ پاراستنی حکوومەتەکانی خۆیان دەستیان دایە پشتیوانی لە دەولەتی عیراق ، دەلەتی سووریە بەلام، بە لە پێش چاو گرتنی مەسلەحەتی سیاسی و ئابووری، خۆی دایە

پاڵ رژیمی ئیسلامی له ئیران.
شەری کەنداویان شەری «خەلیج» لە رۆشنیەکی زۆرتریشەوە ئەم کەلێنەی دەرخست.سەرەرای ئەوەیکە عیراق پشتی بە ئیسلام و ئۆمەتی ئیسلامی بەستبوو، بەلام ولاتانی عەرەبی کەناری کەنداوی فارس دەستیان دایە پشتیوانی کردن لە لە هێرشی نیزامی ئامریکا و وایان بە باش زانی کە بە پشت کردن لە رژیمی ئیسلامی عیراق پاڵیان دا بە پاڵ جیهانی رۆژئاواوەو ، پشتیان کرد لە ئەو شتەی کە پێیان دەوت «ئۆمەتی ئیسلامی».

پان ئیسلامیزم و شکست لە ئاخرین سەنگەردا

وجوودو بە قای رژیمی ئیسلامی لە ئیران وەک پێگەی سەرەکی پان ئیسلامیزم ، دەرەنجامێکی دووگانەی بۆ بۆرژوازی چە لە ئاستی ئیران و ناوچەکەو هەروەها لە ئاستی جیهانیشدا بە دواوە بوو. ئەگەر بە خاک و خوێن کێشانی شۆرش لە ئیران و بە هێز بوونی جەریانات و جموجۆڵی پان ئیسلامیستی لە ناوچەکە، لە یەک دەورەی دیاریکراودا بە بەرەو پێش بردنی ستراتێژی بۆرژوازی ئەمپریالیستی یارمەتی گەیاند و بەم هۆیەشەوە ئەم مەسەلەی قبوول کرد، بەلام دەرەنجامی ئەم رەوتە،پان ئیسلامیزمی بەرەو شکست پاڵپێوەنا. بەتایبەت ئەوەیکە ، پێویستی بۆرژوازی ئیران بە وجوودی حاکمیەتێکی شیاو بۆ خۆی، دەستی دایە ئالوگۆر لە رژیمی ئیسلامی لە شکلی زەروری دەسەلاتی سیاسی سەرمایە لە بەرابەر شۆرش، بۆ سەرکوتی ئەم شۆرشە، کە لە ماوەی سی ساڵ دەسەلاتداریەتی ئەم رژیمەدا لە گەل گرفتی جۆراوجۆر بەرەو روو بووە، بۆ شکلێکی مومکین لە دەسەلاتی سیاسی بۆرژوازی لە شکلی رژیمی ئیسلامیدا.

حکوومەتی ئیسلام لە بەرخورد لە گەل راستیە حاشاهەلنەگرەکان لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی لە گەل ناکۆکی سڕینەوەی خۆی لە ئەندێشەی پان ئیسلامیستی بە رەو روو بوو کە سەرەنجام تەسلیمی ئەم مەسەلەش بوو. دروشمی پان ئیسلامیستی « فەتحی کەربەلا» و «حکومەتی جیهانی ئیسلام» لە گەل دروشمەکانی « پێویستی نۆژەن کردنەوەو بازسازی ئابووری» و دروشمەکانی دیکە جیگای خۆیان گۆری.

جەریانی پان ئیسلامیستی لە دلی حکوومەتی سەرمایەداری ئیسلامیدا لاواز بوو و کەوتە پەراوێزەوە. لەم رووەشەوە جموجۆلە ناوچەیەکان کەم بوونەوەو، بریاردرا کەمەربەندی ئیسلام

لە چوار چێوەی جۆغرافیای ئیراندا محکەم بکرێتەوەو بەس. لە ئاستی رۆژهەلاتی ناوەراست و ئافریقای شومالیشدا چەکدارکردن و بەهێز کردنی جەریاناتی پان ئیسلامیستی، پەرە پێدان بە شەرو ئاژاوە لە نێو گروپ و جەریاناتی ولاتانی ئیسلامی دیکەدا، نەتەنیا دەرەنجامێکی بۆ رژیمی ئیسلامی تێدا نەبوو بەلکوو تەنانەت نەیتوانی سەفێکی یەکگرتوو لە نێو ئەم گروپە ئیسلامیانەدا پێک بهێنێت . بە پێچەوانەشەوە کاریگەری خستە سەر ریزبەندی حکوومەتەکانی ناوچەکە، بەتایبەت لە درێژەی شەری ئیران وعیراق کە پشتیوانی لەم ولاتەی لێکەتەوەو رق و تووڕەیی بەربلاوی خەڵکی ئەم ناوچەی بەدواوە بوو.

جموجۆلی ئیرتجاعی پان ئیسلامیزم لەم دەورەدا، سەقامگیر بوونی حکوومەتەکانی ناوچەکەی لە بەرانبەر نارەزایەتی خەڵکدا، لێکەوتەوەو، بە بەهێزتر بوونی ئەو شتەی کە پێی دەوترا « ئیسلامی رەسمی» یارمەتی گەیاند. ناسیۆنالیسمی عەرەبی خستە جموجۆل و لە بەرانبەر خۆی و هەروەها خەلکی ئەم ولاتانەدا بە ریزی کرد، هەروەها ولاتانی حەزەی کەنداوی فارسی زیاتر لە جاران خستە ژیر کاریگەر سەرمایەداری رۆژئاوا، بەتایبەت ئامریکا و بوو بە هۆی نزیک بوونەوەی ولاتانی ئەم ناوچەیە لە لە گەل دەولەتی ئیسرائیل و خۆشکردنی ریگای ئاشتی نیوانیان. سەرەنجام رق و تووڕەیی جەماوەری خەڵکی رۆژهەلاتی ناوەراست و ئافریقای شۆمالی لە ئەزموونی تاڵ و خوێناوی پان ئیسلامیسمی رژیمی ئیسلامی و باقی جەریاناتی ئیسلامی و پەرەسەندنی خەبات ئێعترازاتی خەڵک بە دژی ئەو جەریانانە و هەروەها سەرهەڵدانی هێزە کۆمەلایەتیە نوێکان و... پان ئیسلامیزمیان گەیاندە ئاخری خەتی خۆی و ژیانی ئەم رەوتەی لە گەل شکست بەرەو روو کرد. رژیمی ئیسلامی لە ئیران نموونەی بەرچاوی شکستی پان ئیسلامیزمە. بە ئێعتباری ئەو مەسەلانە کە لە سەرەوە باسمان کرد چیتر قسەیەک لە سەر پەرەپێدان بە ئیسلام و پێک هێنانی « ئۆمەتی ئیسلامی» لە کاردا نیە. ئەوەی کە لە ئارادایە تەنیا هەولێکە بۆ سەقامگیر کردنی جێگاو شوێنێکی شایستە لە تەقسیم کاری سەرمایەداری لەناوچەکەدایە.

ئەگەر حیزبۆلا و حەماس و باقی جەریاناتی وەحشی ئیسلامی هێشتاکەش بۆ درێژەی کاری تێرۆریستی خۆیان لە پارەی دابین کراو لە چەوسانەوەی چینی کریکار لە ئیران کەڵک وەردەگرن، ئەوە نەک بە هۆی باوەرە پان ئیسلامیستیەکانی رژیمی ئیسلامی لە ئیرانەوەیە، بەلکوو هەوڵێکە بۆ بەدەست هێنانی وەها جێگاو شوێنێک لە نیزامی سەرمایەداری جیهانیە.

ئەم گرووپە تیرۆریستیانە هاوکات کە لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیان، کە بە دەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری لە ولاتانی خۆیانە، لە پشتیوانی رژیمی ئیسلامیش کەڵک وەردەگرن، هەر لەو حالەشدا ئەم مەسەلە واتە پشتیوانی گرووپە ئیسلامیەکان، بۆ رژیمی ئیسلامی وەک ئامرازێکە بۆ پاشەکشە پێکردن بە رەقێبەکانی خۆیان لە شەر لە سەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری لە ناوچەکەدایە. بۆیە ئەم مەعاملەو بازرگانیە دوولایەنە، لەهیچ لایەکەوە، کەمترین پێوەندیەکی بە پان ئیسلامیزمەوە نیە.پان ئیسلامیزم لە واقعدا لە پێگەی سەرەکی خۆیدا لە ئیران شکستی خواردووە و بە شکستی خۆیشی جەریاناتی و تەحەروحکی پان ئیسلامیزمی لەناوچەکەدا لاواز کردو بەرو شکست پالێپێوەنا. لەم روانگەشەوە بەختی پان ئیسلامیزم جاریکی دیکەش سووتاو شووروشەوقی خومەینی بۆ پێک هێنانی « ئەمپراتۆری ئیسلام» بۆئەو جێگا گەرایەوە کە پێشتریش ئاوات و ئارەزووی « سەید جەمالەدین ئەسەد بادی» بوو، واتە چووە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

ئەمەش تازە سەرەتای رێگاکەیە. رژیمی ئیسلامی لە ئیران بە سەر بەحرێک لە رق و قینی چینی کریکار و جەماوەری خەڵکی هەژارو فەقیر دا ژیانی دریژە پێدەدات. رۆژێک کە رق و قینی پەنگ خواردووی خەڵکی کریکارو زەحمەتکیشی ئیران رژیمی ئیسلامی، لەم ولاتە لە گۆر بنێن، ئەو رۆژە نەک رۆژی شادی و خۆشی هەموو خەڵک لە ئیران، بەلکوو سەرەتاو دەسپێکی مەرگی هەموو جەریاناتی ئیسلامی لە ناچەکەدا دەبێت.

*گۆڤاری ژمارە ۲۳ی نیگا



لێکدانەوەی رۆمانی

" رۆژگاری تێپەڕبووی خەڵکێکی بە سالاچوو"

نووسراوەی مەحموود دەوڵەت ئابادی

ن: سادق شەکیب
و: سالار

رۆمانی ٣ بەرگی ١٥٧٣ لاپەڕەیی « رۆژگاری تێپەڕبووی خەڵکێکی بە سالاچوو» سەربردەیەکی حەزینە لە رەنج و ئازار کە داوێنگیری خەڵکی ئەم وڵاتە بووە. ستەمێک کە لە مێژووی خوێناوی ئێراندا بەسەر خەڵکدا سەپاوە لەم کتێبەدا بە زمانێکی پاراو و هونەرمەندانە باسشکراوە، کە زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین مەحموود دەوڵەت ئابادی ئێستاش لە لوتکەی بەرزی رۆمان نووسی ئەم وڵاتەدا جێگیر بووە. تۆژینەوەی چارەنووسی نالەباری ژیانی مرۆڤی ئێرانی لە کۆتاییەکانی سەردەمی قاجاییەوە هەتا ئەمڕۆکانە لە بارودۆخێکی پڕلە پەژارە و تاڵدایە کە لە ئاکامی کردەوەی دژی مرۆڤایەتی کۆنەپەرەستان، هەل و مەرجی زاڵ بەسەر وڵات دابووە و شوێنی ژیانی کەسەکانیش بە دوور لە کاریگەری ئەم بارودۆخە نەبووە و لێکدانەوەی قوڵی دەروونناسانەی وردی کەسەکان لەم بارودۆخە زەمانی و مەکانیەدا لەگەڵ شەپۆلی تونڈی سەرکوتگەریی رژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی کە بە ئامانجی خولقاندن و زاڵکردنی ترس و نیگەرانی لە کۆمەڵگادا دەبێ لە بەرهەمێکی هونەریدا تەنیا لە دەستی نووسەرێکی بە توانای وەک دەوڵەت ئابادی دێت.

لەم بەرهەمە بە پێزە هونەرییەدا دەرخستنی کاریگەرییە رۆحی و دەروونیەکانی کۆمەڵگایەکی ستەم لێدراوی کۆیلەکراوی دێوەزمەی هەژاری و تەنگدەستی کەسایەتی ئینسان و دژکردەوەی جۆراوجۆر و تەنانەت دژبەیەکی ئەوان و رۆژرەشی، ئامانجی سەرەکی نووسەرە. بەم پێودانگە بە لێهاتوویەکی بێ وێنە رووداوەکان لە روانگەی سەردەمی خۆیانەوە ئاوێتەی یەکتر دەکات و زنجیرە رووداوەکان بە لێهاتوویەکی بەرچاو بە دوور لە بێ سەرەوبەرەیی دەهۆنێتەوە هەتا بە ئامانج دەگات و لەم کارەدا بە شێوەیەکی هونەرمەندانە بە لێزانی و شارەزایی بەرهەمێکی بە نرخی ئەوتۆی خولقاندوە کە لە ئەدەبیاتی ئەم دەڤەرەدا کەم وێنەیە.

کێشانەوەی زامی دەستی دڕندەیی دام و دەزگای سەرکوت بە تۆژینەوەیەکی فەلسەفی – هونەری لەم کێتبەدا گەلێک دیمەنی سەرنج راکێشی تێدایە وەکە خوێنەر بەهەست و نەستیەوە رەنج و ئازادی مرۆڤەکان کە لە نێوبردنی تاییبەتمەندیە باشەکانی ئامانجی سەرەکی دیکتاتۆرەکانە، هەست پێدەکا و تێدەگات نە تەنیا ئینسان کە نوقمی ئینسانیەتی ئامانجەکانیەتی، لە وڵاتی بەلا لێدراودا رەنج و ئازادی ئینسان بە شێکی جیانەکراوەی فەرهەنگی خەڵکەکەیەتی. دەوڵەت زاڵ بوونی بە سەرکەش و هەوای گشتی وڵاتدا بە مەنتقی ترین روانگەوە لێی دەکۆکێتەوە و بە خولقاندنی سەرنج راکێشترین دیمەنەکان هەست پێکردنی ئەم تراژیدیە بۆ ناخی رووحی ئینسان دەگۆڕێتەوە و بە خۆدوگرتن لە نائومێدی، مزگێنی هیوا بە گۆڕان لە هەستی ئینسان دا پێک دێنێ.

دەوڵەت ئابادی کاتێک باس لە خەباتگێران

٢١ | ٢٢

دەکات و هەستی ئینسان ئەوان لێک دەداتەوە، شێوەی خەباتیان بە شێوازی هونەری دەداتە بەر رەخنە، نیشان دەدات لە جیهان بینی ئەو دا سەر پێچی و چەواشە کاری جێگایەکی بۆ نامێنێ. ئەو بەرابەر چاوگرتنی دەقیقی ڕیبازی هونەری بە داهێنانێکی جوان هەڵسەنگاندنەکەی بە رەخنەگراتن لە باوەرە ئاسمانیەکان(بە جۆرێک خوڵقاندنەوەی ژیانی سەعید سوڵتان پورە) لە دەیەی ٤٠ کە لە چوارچێوەی ڕێبازی چریکی بڕوای بە خەباتی چەکدارانە هەیە، بە لوتکە دەگات. یان کاتێک گەلێک لە هەڵەکانی حیزبی تودەی ئیران پاش شۆرشی ١٣٥٧ بە دیدێکی رەخنەگرانە، بە بەڵگە سەنەدەوە دەیانکاتە دیاردەی ئەزموون لێ وەرگرتن. کە ئەوەش بە تەواوی پابەندی نووسەرێکی کۆمەڵایەتیە کە لە هەڵسەنگاندنی ئەودا رق و کینە وینەتی خراپ جێگایەکی نیە.

بە کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو باسانەی کتێبە کە دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی پڕ لە زانیاری ئەم سەردەمەی ئیرانیەکان و ڕەوتی ژیانیان بژمێردرێ. چونکە سەرجەم ڕووداوە مێژوویەکانی بە پێی گرینگی و کاریگەری خۆیان و مۆرونیشانەیەک کە لە سەر ژیانیانی داوە، ڕەنگدانەوەی شیاوی خۆی بە دەرخستنی شاراوەترین تۆژینەوەیەکی سەر چاوە گرتوو لە پاڵاوتەترین هەستی ئینسانی، کارەساتێک کە لە گەڵ شەپۆلی توندی سەرکوتگەرانەی فاشیستی بە سەر خەباتگێرانی ئەم وڵاتە لە دەیەی ٦٠ و بە تایبەت لە ساڵی ١٣٦٧ دا هاتووە لەم کتێبەدا جێگایەکی بەرچاوی بۆ تەرخان کراوە. نووسەر پانتایی و کاریگەریەکانی ئەم کارەساتە ترسناکەی بە جەسارەتێکی بەرچاو نە تەنیا لێکدانەوە بەڵکو بە هونەرمەندانەترین شێوە، بانگەوازی خوێنەر دەکات بۆ هاو دەردی لە گەڵ قوربانیە کان و بنە ماڵەکانیان. خاڵێکی شیاوی باس کە لە کتێبەدا جێگایەکی ئاشکرای هەیە نیشاندانی سەرکوتی فیزیکی خەباتگێرانی لە گەڵ تیرۆری کەسایەتی ئەوان لە هەموو لایەنێکەوە لە کۆمەڵگادایە و پەیوەندی سەرجەمی ئەوان بە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی روحیاتی ئینسانی جەماوەر بە پەرەپێدانی فەرهەنگی نەزانی و خورافە پەرستی ئاشکرا دەکات خەباتگێران جیاکراوە لە کۆمەڵگانین. بەڵکو لەم ڕووەوەکە ئامانجی سەرەکی کۆنەپەرستان دەمکوت کردنی بیرورای پێشکە و تخوازانە لە هەموو شکڵ و شێوەکانی دا دەبێ، هەربۆیە پێشرەوانی ئەم جۆرە بیروڕایانە دەکەونە بەر یەکەم هێرشی دەسەڵاتداران و تەنانەت کە سێکیش لە خەڵکی ئاسایی لە زەبری جینایەتکارانی کۆنەپەرست ڕزگاری نابێ، چونکە هەوڵدەدەن بە خۆڵقاندنی هێمنایەتیەک، گۆڕستانێک لە وڵاتدا دروست بکەن هەتا تاڵان و بڕۆی سامانی کۆمەڵگا بکەن کەلەم بەرهەمە دەرەوشاوە هونەریەدا لە لایەنی جۆراوجۆرەوە گەلێک دیمەنی دڵتەزێنی لە راستیە مێژوویە دانی پەرەپێدانی ستەم و کۆنەپەرستی دەرخستوە. خاڵێکی جێگای ڕەخنە لەم ڕۆمانەدا کە دەکرێ باسی بکرێ، نەبوونی بەشداری چالاکانەی ژنان لە بواری جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی دایە. کاتێک باس لە ڕەنج و ئازارەکانی کۆمەڵگایەک دەکرێ و ستەمێک کە بە سەر جەماوەردا دەسەپێ، دەبینەرێ کە لە سەرجەم بوارەکاندا ژنانیش ستەمی چەند قاتیان لێدەچێ و لە کارو هەوڵدان بۆ دابین کردنی ژیان و ڕەنج و ئازارەکانی ژیان کردەوەکانی ڕووناکبیرانی خەباتگێر شی

دەکرێتەوە و باس دەکرت هەروەک بڵەی کە ژنان هیچـکات لە خەباتی کۆمەڵایەتی دا بەشـداریان نەکـردوە. کۆمەڵگایـەک کـە دەوڵـەت ئابـادی دەیناسـێنی کۆمەڵگایەکـی پیاومەزنیـە: ئـەوان دەتوانن خەمخـۆری پیاوان لە خەباتدابن. بەڵام خۆیان وەک نیوەیەک لە کۆمەڵگا بۆ نارەزایەتی بـەم بارودۆخـە بێگومان ئەم بابەتـە یەکێک لە خاڵە لاوازە سەرەکیەکانی ئەم رۆمانەیە.

بەتایبـەت بەلەبـەر چاوگرتنـی مێـژووی بزووتنەوەکانـی سـەردەم و ئەوەیکـە هیـچ حەرەکەتێکـی کۆمەڵایەتـی نابینـەری کە ژنان رۆڵی شـیاوی خۆیان لە نێـو جەرگەی ئەودانە گێرابێ.

بـە بڕوای نووسـەر ئەوەنیە مەگـەر لاوازیەک کە بەسـەر جیهان بینی زۆربـەی کۆمەڵگایەکی تەنانـەت رووناکبیرانـی ئیمـەش دا دەسـەڵات دەنوێنـێ کە بەروانگەیەکی زانسـتی و قوولەوە کۆمەڵگاو پێکهاتەکانی دەبوایە شـوێنەواری کە لـە سـەر وڕە و دەروونی خۆی بسـرێتەوە و قەبوولمـان بـێ کـە نەتەنیا ژنان لە سـەرجەم بواروکانـی ژیانی کۆمەڵایەتی شـان بە شـانی پیاوانـن، کە لـە هێندێک بـواردا لە پێشـرەوەی ئەوانیـش هەنـگاو هەڵدەگرن، هـەر بۆیە دەبێ روانگەیەکی نوێ و جیاواز بۆ ئەم بابەتە هەبێ. ئەم کتێبە بەشێکە لە هەوڵێکی بەردەوام بۆ گۆڕینی ئەو روانگەیە. ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیانە بخرێنە بەرچاو کە ئەو روانگەیە دەیشارێتەوە و ئەو ڕاستیانە بخرێنە بەرباس کە ئەو روانگەیە دەیەوێ لە بیری بکات. ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیانە بخرێنە بەرباس کە ئەو روانگەیە دەیەوێ لە بیری بکات.

سـەرەڕای ئـەم کـەم و کوریـەش، ڕۆمانی در ڕۆژگاری تێبەر بووی خەڵکێکی بە ساڵ چووی نە تەنیا بە سەر هاتی پر لە ئازاری(ڕۆژکاری بە سەرچوو) بەڵکو بە سەر هاتی پر لە ژان و ئازاری کۆمەڵگای ئەمرۆکەشـمانە واتە ڕۆژگارێکی تاڵ و بە ژان کە بە سەرماندا سەپاوە و ستەمێک کە لـە جەماوە ردەکرتی.بەم پێ یە لەم ڕووەوە کە سـتەمێک کە بە سـەر خەڵکدا سەپاوە هۆکار و سەرچاوەی مێژوویی یان هەیە و بە بەردەوامی مێـژوو بۆتـە هـۆی نائومێـدی و بـێ هیوایی خەڵـک و خەباتی سـەخت و دژواری ئەوان بە درێژایی ژیانیان لە پێنـاو کۆمەڵگایەکی عادڵانە و دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی درێـژی هەیـە و ڕەنگدانەوەی ئـەم گۆڕانکاریانەی ژیانی مرۆڤ لـە لایەنی جیـاوازەوە بە پەخشـانێکی جوان و لـە بەر دڵان لەم کتێبـەدا هاتووە. هەر بۆیە ئەم بەرهەمـە یەکێک لە دیاردە نەمرەکانی بە نرخی ئەدبیاتی داستانی ئەم وڵاتەیە.

مەدرەسە و زانیشگاکان لە چ هەلومەرجێکدا کرانەوە؟

(بە بۆنەی ساڵی نوێی خوێندن لە ئێران)

ئەمساڵ مەدرەسەکان لە هەلومەرجێکدا کرانەوة کە زۆریەک لە منالان بە هۆی هەژاری و دەست تەنگی بنەماڵەکانیان، ناتوانن لە مەدرەسە حازر بن و درێژە بە خوێندن بدەن.
ژمارەیەکی زۆر لە منالان یا ناتوانن بچن بۆ مەدرەسە، یان هاوکات دەبێ لەگەڵ کرانەوەی مەدرەسەدا کاریش بکەن. بە پێی ئاماری وەزارەتی ئاموزش و پەروەرش هەر ئێستاکە نزیک بە ٤ ملیۆن منال لە چوون بۆ مەدرەسە و درێژەدان بە خوێندن بێبەشن و دوو ملیۆن و ٥٠٠ هەزار منال لە ئاستی وڵاتدا پرژ و بڵاون و خەریکی کارن.
ئەمساڵ مەدرەسەکان لە هەلومەرجێکدا کرانەوة کە زۆریەک لە لاوان نەیانتوانیووە لە حەوت خانی رۆستم واتە ئازمونە سەراسەرییەکان تێپەڕن و بڕۆن بۆ زانیشگا یان بە هۆی درۆهەڵبەستنی حەراسەت و کومیتەی ئینزباتی زانیشگاکان، ئەستێرەداریان کردوون و لە مافی درێژەدان بە خوێندن بێبەش کراون و یان بە تاوانی ئازادیخوازی و چالاکی سیاسی و بەشداری لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، هەروا لە زیندانا بەسەر دەبەن.
ئەمە تەنیا منالان و قوتابیان و خوێندکاران نین کە بە کرانەوەی مەدرەسەکان و زانیشگاکان لە پشت دەرکی داخراوی زانیشگا و قوتابخانەدا دەمێنەوە. زۆریەک لە موعەلیمانی دڵسۆز و ئۆستادانی تێکۆشەر و خەباتکاریش مافی چوون بۆ سەر کلاسیان لێ زەوت کراوە. ئەوانیش یان بە تاوانی خۆشناوی و خەباتکار بوون لەسەر کار دەرکراون و ڕاپێچی زیندان کراون و یان بە زۆرەملێ خانەنشین کراون.
هەر ئێستاکە ژمارەیەکی زۆر لە موعەلیمانی خۆشنێو و خەباتکار و هەڵسووڕاوانی سنفی کۆمەڵگای فەرهەنگیان لە زیندان دان و لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا زۆریەک لە موعەلیمانی مەدرەسەکان و دەیان ئۆستادی کارزان و خۆشنێو بێکار و یان خانەنشین کراون. ئەمساڵ مەدرەسەکان لە حاڵێکدا دەکرێنەوە کە زۆربەی ئەو منالانەی کە بۆ یەکەم جار دەچنە مەدرەسە، تووشی بەدخۆراکی و گەلێگ ناڕەحەتی جەستەیی و ڕەوانین. بە پێی دان پێدانانی کاربەدەستانی وەزارەتی ئاموزش و پەروەرش، سەدان هەزار قوتابی، ساڵی نوێی خوێندن بە کێشە و گرفتی دەم و ددان و گرفتی سەرەکیتری دیکە وەک: بینین، شەنەوایی، ئێنحرافی ستوونی فەقەرات، نارەحەتی گوێ، قورگ، لووت و نەخۆشی پێست، دەست پێدەکەن.

ئەمسالّیش مەدرەسە لە حالّێکدا کرایەوە کە زۆریەک لە منالّان دەبێ بچنەوە هەمان مەدرەسەی وێران بووی سالّانی رابردوویان. مەدرەسەگەلێک کە لانیکەمی ئێستانداردی ئیمەنیشیان تێدا نییە. وەزارەتی ئاموزش و پەروەرش ٣٠ هەزار مەدرەسەی کەم هەیە و لە ئۆستانەکانی هۆرمۆزگان، کرمان، لۆرستان، سیستان و بەلوچستان، زۆربەی منالّانی قوتابی لە خێمە و کەپردا دەرس دەخوێنن. ئەم هەمووە کەمی فەزای ئاموزشییە لە هەلومەرجێکدایە کە وەزیری ئاموزش و پەروەرش بێ شەرمانە رادەگەیەنێت کە بڕیارە دەولّەت لە ئاستی ولّاتدا ٥٠ هەزار مەدرەسەی قورئان و ٢٠ هەزار نەمازخانە دروست بکات.

ئەمسالّ مەدرەسەکان لە حالّێکدا دەکرایەوە کە زۆریەکیان لە هیچ چەشنە ئێستانداردێکی گونجاوی ئاموزشی و بێهداشتی بەهرەمەند نین. لە حالّێکدا کە پێش مەرجی فێرکردن و بارهێنان و گەشەپێدانی ئێستعداد و تواناییەکانی قوتابیان پێوەندی بە شوێنی ئەمن، سالم و بێهداشتی، کراوە و زیندوویە. بەلّام بە پێچەوانەوە فەزای ئاموزشی زۆربەی مەدرەسەکانی ئێران، نائەمن، غەیرەبێهداشتی و دلّتەنگن و سەرمایەگوزاری پێویست بۆ دابین کردنی سلّامەتی قوتابیان لە ئەولەویەت دانەنراوە.

ئەمسالّ مەدرەسە و دانیشگاکان لە حالّێکدا کرانەوە کە بڕیارە سیاسەتی جیاکردنەوەی جنسیەتی ژنان و پیاوان لە شوێنە ئاموزشییەکان پەیگرانەتر لە جاران بەکردەوە دەربێت. کۆماری ئیسلامی دەیەوێت بە بەکردەوە دەرهێنانی ئەم سیاسەتە دواکەوتووانە و غەیرە ئینسانی و دژی فەرهەنگییە، زیاتر لە جاران ئازادی لە خوێندکاران و قوتابیان لە شوێنە ئاموزشییەکان زەوت بکات و وەکوو سیلاحێک بۆ سوکایەتی پێکردن و سەرکەوتی هەرچی زۆرتری ئەوان، بەکاری بێنێت.

لەگەلّ کرانەوەی مەدرەسە و دانیشگاکان یەکێکی دیکە لە بەرکەتەکانی رژیمی ئیسلامی واتە مەوادی موخەدێر کە بلّاوبوونەوەی سەرێکی بە سپای پاسداران و هێزەکانی ئینتزامی بەستراوەتەوە، زیاتر پەرەدەستێنێت و جەوانان و نەوجەوانانێکی زۆرتر تووشی بەلّای گیرۆدەبوون بە مەوادی موخەدێر دەبن.

ئەمسالّیش لەگەلّ کرانەوەی مەدرەسەکان هەلومەرجی دژواری ژیانی موعەلیمان و فەرهەنگیان هەروا بەردەوامە و بگرە نالەبارتریش دەبێت. موعەلیم وەکوو بناغەدارێژەری چارەنووس سازی فێرکردن و بارهێنان لە حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا لە ئیمکاناتی هاولّاتییەکی ئاسایش بەهرەمەند نییە. کارەساتی ژیانی ئەم بەشە لە کۆمەلّگا تەنیا لەوەدا نابینرێتەوە کە لە ژیانی شیاوی خۆیان بەهرەمەند نین بەلّکوو ئەوان ناچار دەکرێن دەرسێک بلّێنەوە کە بە خۆرافە و کۆنەپەرەستی ژاراوی کراوە و موعەلیمی شەریف بەردەوام لەو ئازارەش کە بە ناچار ئەوی کردووەتە پەرەپێدەری ئەم کۆنەپەرەستییە، رەنج دەبات.

بە کرانەوەی مەدرەسە و دانیشگاکان نزیکەی ١٨ ملیۆن خوێندکار و دانشجو و زیاتر لە یەک ملیۆن موعلیم و ئوستادی دانیشگا جارێکی دیکە دەکەونەوە پالّ دەستی یەکتر. کرانەوەی ناوەندە ئاموزشییەکان دەتوانێت و پێویستە دەسپێکی خەباتێکی چڕوپڕی نوێ بێت. توندبوونەوەی ئەم خەباتە لە گرەوی هەولّدانێکی هەمەلایەنەتر بۆ رێکخستنیەتی. بە هەبوونی رژیمێکی کۆنەپەرەست و سەرکوتگەری وەکوو کۆماری ئیسلامی هیچ خواستێک بە بێ خەباتێکی رێکخراو دابین نابێت. تەنیا لەم سوورەتەدایە کە دەکرێت پرۆژەکانی کۆنەپەرەستانە و دژی فەرهەنگی کە بە چاوی

سووک دەڕوانینە ئینسانەکان، پووچەڵ بکرێنەوە و هاتووهاواری رێبەرانی کۆنەپەرەستی رژیم لەم بابەتەوە خەفە بکرێت. تەنیا لەم سوورەتەدایە کە دەکرێت دانشجوی ئەستێرەدار و بێبەش کراو لە خوێندن و دانشجوی زیندانی بگەڕێنەوە سەر کلاسەکانیان. تەنیا لەو سورەتەدایە کە دەکرێت ئەو دە هەزار موعەلیمەی کە بێکار کراون، بگەڕێنەوە سەر کار و ئەو ١٢٠ هەزار موعەلیمی حەقولتەدریسیە بە ڕەسمی دابمەزرێن. بە بوونی رێکخراوی رادیکاڵ و سەربەخۆی دانشجویان و خوێندکاران و موعەلیمان کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بە زۆر و سەرکوت کەش و هەوای ناوەندەکانی فێرکردن و بارهێنان لە ئێران جۆرێک لێبکات کە کەس نەتوانێت نەفەسێکی بە ئازادی تێدا هەڵبکێشێت، ناتوانێت گەڵاڵەکانی کۆنەپەرەستانە و دژی فەرهەنگی خۆی بەڕێوەبەرێت و وێست و داخوازی خوێندکاران و دانشجویان و موعەلیمان پشت گوێ بخات.

لە جەریانی ساڵی خوێندنی رابردوو، ناوەندەکانی ئاموزشی بە تایبەت دانیشگاکان سەنگەرگەلێکی موحکەم لە بەرامبەر هێرشی کۆنەپەرەستان دا بوون. لەم ماوەیەدا خوێندکاران بە خەباتی خۆیان لە ناو دانیشگاکان و بە خۆپیشاندان لە سەر شەقامەکان، نیشانیان دا کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی بزووتنەوەی گشتی لە دژی ئەم رژیمەن. خوێندکارانی سۆسیالیست و چەپ دەتوانن هاوڕێ و پشتیوانی بزووتنەوەی کرێکاری بن. ئێستا بزووتنەوەی خوێندکاری لە وەها قورساییەک بەهرەمەندە کە کۆماری ئیسلامی ناچار کردووە تا لە هەمان کاتدا بچێتە بواری ریاکاری و فریوکاریشەوە بۆ ئەوەی ئەم ناوەندە پرچۆش و خرۆشانە ئارام بکاتەوە.

بە دەسپێکی ساڵی نوێ خوێندن، جەماوەری ملیۆنی قوتابیان و خوێندکاران و موعەلیمانی مەدرەسە و دانیشگاکان دەبێ خواستی جیایی مەزهەب لە سیستمی فێرکردن و بارهێنان بکەنە دروشمی سەرەکی خۆیان، بۆ خواستی گرینگی وەکوو «کۆتایی هێنان بە جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان لە ناوەندەکانی فێرکردن و بارهێنان، کۆتایی هێنان بە گەڵاڵەی ناردنی ئاخوند و پاسدار و بەسیجی بۆ ئەو ناوەندانە، کۆتایی هێنان بە ناشتنی تەرمی کوژراوەکانی شەڕ لە حەوشەی دانیشگاکان، کۆتایی هێنان بە گەڵاڵەی گۆڕینی ناوەڕۆکی دەرسەکانی علومی ئینسانی، کۆتایی هێنان بە دەرکردنی موعەلیمی مەدرەسەکان و خانەنشین کردنی زۆرەملێی ئوستادانی دانیشگاکان، جێبەجێ کردنی ویستی بە ڕەسمی کردنی موعەلیمانی حەقولتەدرسی، بۆ هەمووی ئەوانە خەباتێکی رێکخراو و سەراسەری بنێنە دەستووری کاری خۆیانەوە.

بە دەسپێکردنی ساڵی نوێ خوێندن پێویستە پەروەندەی هەموو ئەو جەنایەتانەی کە لە ماوەی یەکساڵ و نیوی رابردوودا کە بە تایبەت لە دژی دانشجویان بەڕێوەچووە، سەرلە نوێ بکرێنەوە، پێویستە جارێکی دیکە بچینەوە سەر پەروەندەی جەنایەتی هێرش بۆ سەر دانیشگاکان و خابگای دانشجویان و کارەساتەکانی زیندانی کەهریەزەک و قەتڵگاکانی دیکەی رژیم. بەڵام دابین بوونی هەر کام لەو داخوازییانەی کە باس کرا، لە گرەوی خەباتی یەکگرتووانە و رێخراو دایە.

وتارێک لە تەلەویزیونی کۆمەڵە

هەرگیز شکست ناهێنین
خەڵکی هاو دڵ و هاو دەنگ.....!



به یاد و بیرەوری ویکتور خارا

«گیتارەکەم بۆ دەسەڵاتداران و جینایەتکاران نیە
کە ئارەزوومەندی سامان و ستەمن
گیتارەکەم بۆ زەحمەتکێشانە،
هەتا بە سروودەکانیان داهاتوو بخوڵقنێن.»

ن: نیما پویان
و: پێشەنگ

لە ١٦ی سێپتامبەری ١٩٧٣ جەستەی تیرباران کراوی ویکتۆر خارا، لە کاتێکدا کە دەستەکانی بڕا بوونەوە، وێرای ژمارەیەکی دیکە لە شورشگێرانی ئیعدام کراو، لە یەکێک لە زبڵدانەکانی دەوروبەری شاری سانتیاگو دۆزرایەوە.
ئینسانێک کە بە مەرگی قارەمانانەی خۆی لە ستادیۆمی سانتیاگو- کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە بۆ ڕیزگرتن لە یادی ئەو، ناوەکەی بە ستادیۆمی ویکتۆرخارا گۆڕا، بوو بە ئەفسانەیەک و هونەرمەندێک کە بۆ ژیانی خۆی و کۆمەڵگاکەی، وەک ئاوێنەیەکی ڕەنگدانەوەی ڕاستیەکانی بوو. هونەرمەندێک لە توخمی زانست و وشیاری کە بە تەواوی هەست و نەستیەوە بانگەوازی بۆ ئەوین و ئینسانیەت دەکرد.
ویکتۆرخارا لە شارۆچکەی لاکوئێن لە جنووبی سانتیاگو لە بنەماڵەیەکی هەژار چاوی بە ژین پشکوت. لە تەمەنی ١٥ ساڵی دا دایکی واتە ئاماندا ئەو ژنە کرێکارەی کە گۆرانی فولکلۆر و خۆجێی دەخوێنە و بەدەم گیتارەوە زەمزەمەی دەکرد، کۆچی دوایی کرد. بێگومان لە دەست دانی دایکی _ کە ویکتۆر بە هۆی ئەوەوە لە گەڵ گیتار و گۆرانی گونەنشینەکانی شیلی ئاشنا ببوو_ لەتمەیەکی گەورە بوو.

«دێیتەوە بیرم ئاماندا
لە شەقامەکانی کاتی باران
بەرەو کارخانە هەنگاوت دەنا
کارخانەیەک کە مائوئێل کاری تێدا دەگرت
بە بزەیەک پڕ بە ڕووخسارو
لە سەر ئەگریجەی لێزمەی باران»

ویکتور پاش تێپەڕکردنی سەردەمێکی دژوار، سەرچاوە گرتوو لە مەرگی ئاماندا و هەرەوەها هەل و مەرجی ناەباری کۆمەڵایەتی، توانی بە پێکهێنانی گروپێکی موزیک، داهێنانی خۆی لەم دەڤەرە تاقی بکاتەوە. لەم نێوەندەدا ناسیاوی لە گەڵ ویولتاپارا گۆرانی بێژی بە ناوبانگی شیلی و هەروەها کاریگەریەکانی کە لەم هونەرمەندەی وەرگرتبوو، لە بەرزبوونەوەی ئاستی تێڕوانین و بۆ چوونەکانی بەرانبەر بە موسیقا و بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی دەوروبەری، کاریگەریکی بەر چاویان هەبوو. خارا، بەڵام لە زانستگە بوو کە لێبڕاوانەو ئەویندارانە کووتە موتاڵای موسیقی فولکلۆر و خۆجێی وڵاتەکەی و لەم ڕێگایەوە توانی زیاتر لە گەڵ فەرهەنگی خەڵک و جەماوەرەکەی ئاوێتە ببێ، هەتا دواتر بتوانێ بە ڕەنگدانەوەی ئەم فەرهەنگە دەوڵەمەندە، ستەمی سەر خەڵکەکەی لەقاو بدات. هەرلەم ساڵانەدا ڕووی لە شانۆو دەرهێنەریی شانۆ کرد و لە قوتابخانەیەکی شانۆ ناونووسی کرد. لە ساڵی ١٩٦٦ هاوکات لە گەڵ بارودۆخی پر لە تەکان و شەکان لە شیلی، یەکەم ئاڵبۆمی خۆی ڕەوانەی بازار کرد و لە ساڵی ١٩٦٩ بە تەواوی لە شانۆ دوورکەوتەوە بۆ ئەوەی سەرتاسەر کاری موسیقا بەرێوە بەرێت.
دواتریەکانی لە سەفەرکانی دا بۆ سەرتاسەری شیلی، گەلێک سروودو گۆرانی بۆ کرێکاران، گوندنشینەکان و جەماوەری ئەم وڵاتە خۆینە. ئەو گۆرانیانەی کە لێۆرێژ لە خۆشەویستی خارا بە خەڵکەکەی و بە تایبەت گوندنشینەکان و نێشتەجێ بوانی زاغەکان و هەروەها بێزاری خۆی لە نایەکسانی و بێ عەدالەتی سەرچاووە گرتوو لە پەیوەندی کارو خاوەنکار و قازانج و سەرمایە دەربڕی. بەڵام ئاشنایەتی خارا چونکە بۆ چوون و شێوەی ژیانی، ئەو کاریگەریانەی کە پێناسەی دژی سەرمایەداری و دژی ئیمپریالیستی دەدا بە شێعر و ئاوازەکانی.

«....و
ئێوە ئەو دەرەبەگە ڕۆژ ڕەشانەن کە
نیە باکم لە هەڕەشەتان
چونکە هەسارەی هیوام
هەرلە دڕەوشانەوەدا دەبێ
زەریای ئینسانە کە لە گەڵ من دێتە گۆ، و
گەردەلوولی ئینسانە بەروپێش دەئاژۆێ.
پارچە پارچە دڵم بۆ ئینسان لێدەداو
لە حەنجەرەکانمەوە دەدوێ.
ئەم شاعیرە هەتا گیانی لە جەستە دابێ،
لە پێناو مرۆڤ ئاواز دەچرێی،
هەر ئێستا کەو بەردەوام!»

هەر ئەم بیرو باوەڕە پێشکەوتخوازانە و سوسیالیستیە بوو کە بوو بە هۆی ئەوەی پاش کودەتای ڕیکخراوی سیخوڕی«سیا» لە شیلی،

ناوبراو وێرای ٥هەزار کەس لە لاوانی خەباتگێر لە ستادیۆمی سانتیاگۆ گیران و ڕەوانەی بەندیخانە کران. بەڵام خۆ ڕاگری ئەو لە بەرانبەر ستەمکاران، شوروشەوقی ئەوتۆی لە ستادیۆمی سانتیاگۆدا خوڵقاند کە خۆی، ببوو بە نوێنگەیەک لە جەر بەزەیی و خۆڕاگری و خەبات لە دژی ستەم و نایەکسانی کە دەنگدانەوەی لە ستادیۆم تێپەڕی و سەرتاسەری جیهانی داگرت.
قسەو باسی ئەم جەربەزەیی و خۆ ڕاگری یە لە دژی ستەمکاران بەمجۆرە بوو:
کاتێک سەرۆکی زیندان لەو هونەرمەندە دیلە نیزیک کەوتەوە، لێی پرسی: «ئایا حازرە گیتار بژەنێ؟» ویکتۆرخارا وەڵامی دایەوە کە دەتوانێ. بە فەرمانی جەلاد بە جێگای گیتار تەوریان هێناو دەستەکانی هونەرمەندیان شکاند. جەلاد بە تانەوە وتی: «باشە، بۆچی وەستاوی؟» خارا دەستە شکاوەکانی لە کاتێکدا کە خەڵتانی خۆین بوو، بەرەو هاوسەنگەرانی دیل کراوی ئاماژەی دا، ودک بڵەی کە داوای هاوریێتیان لێ دەکات. دواتر دەستی بە خۆیندن کرد و سەروودی «یەکگرتوو»ی _ یەکێک لە ئاوازەکانی خۆی چریی. بەڵام زۆری نەخایاند کە سەرجەم زیندانیەکان، یەک دەنگ کەوتنە شوێنی و ئاوازی ٥هەزار دیلی گرفتار، لە ستادیۆمی سانتیاگۆ دەنگی دایەوە و جەستەی ستەمکارانی لەرزاند.

«هەرگیز شکست ناخۆن
خەڵکی هاودڵ و هاودەنگ»

ئێستا کە سروود کۆتایی پێ نەهاتبوو کە ستەمکاران جەستەی نیوە گیانیان دایە بەر دەسرێژی گوللە و دواین ئاوازەکانی خارا، لە ژێر ناوی «مانیفێست»لە پاش مردنی بڵاو کرایەوە.
پاش کوشتنی ویکتۆرخارا ڕێگەیان بە هاوسەرەکەی دا کە بۆ خارا ئارامگایەک دروست بکات و ڕێ و ڕەسمی ئەسپەردەکردنی بۆ بگرێ. ئەو پاش ڕێ و ڕەسمەکە، بەرهەم و نووسراوەکانی خارای هەڵگرت و بەنهێنی شیلی بە جێهێشت.
«لە کاتێکەوە چاومم بەژین پشکوت،شاهیدی ناعەدالەتی، هەژاری و چارەرەشی کۆمەڵایەتی لە شیلی بووم. لە سەر ئەو بڕوایەم کە هەر بە هۆی ئەم بەڵاو نەهامەتیانە،
سروود و ئاواز خوێندن بۆ جەماوەری خەڵک لە پێناو تیمار کردنی برینەکانیان، پێویستە. بە تەواوی لە سەر ئەو بڕوایەم کە ئینسان لە ڕێرەوی ژیانی دا دەبێ ئازاد بێ و لە پێناو عەدالەت دا، خەبات بکا و تێ بکۆشێ.» (خارا)
خارا وەک ئاوێنەیەک بە دیدێکی هونەرمەندانە ڕاستیەکانی باس کردوە و باشی و خراپی، جوانی و دزێوی کە لە ناو هەستی دا ناخی دا کوتاوە،
بێ کەم و زیاد باسی دەکردن، ئەویش بۆ چارەکردنیان نەبوو بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە سەرنجی جەماوەریان بۆ لای ڕابکێشێ و ئەوەش تایبەتمەندی هونەرمەندێکی بەر پرسیار لە ئاست کۆمەڵگاو خەڵکە کەیەتی.
ڕوانگەی پێشکەوتخوازانەی خارا پەیوەندی کرێکاران و گوندنشینانی شیلی لە گەڵ ویکتور خارای هەرچی زیاتر پتەوتر کرد. ئاوازی خارا لە بنەڕەتدا لێوڕێژ لە ئەوین بە خەڵکەکەیەتی و دواتریش ئیسانەکانی سەرتاسەری جیهان. ویکتۆرخارا بە تێگەیشتن لە ئەگەری گیرانی، بۆ بەریۆە بردنی ڕێ و ڕەسمێک بۆ زانستگەی فەننی چوو و ئاوازی «ئێمە سەردە کەوین» ی خوێنە، سروودی تایبەتی« حیزبی یەکگرتووی خەڵک "ی لەو شوێنە خوێندو وێڕای ٥ هەزار کەس لە ١٢ ی سێپتەمبەری١٩٧٣ بەدەستی کودەتاچیەکان دیل کراو بە تونڈی ئەشکەنجە و ئازاریان داو سەرەئنجام وێڕای هاوچارەنووسانی بەندکراوی ڕەوانەی ستادیۆمی سانتیاگۆ کران و ئێعدام کران.

پێنج هەزار کەسین لێرە
لەم بەشە بچوەکەی شار
چەند دژوارە خۆیندنی سروود
ترسناک ئەوەیەکە من زیندووم
ئەوەش کە دەمرم
خۆم لە نێو کەڵەکەی ئەم هەمووە بینینەو
لە نێو ساتە نەبڕاوەکانی ئەبەدییەت
..... بێدەنگی و هاوارە
ساتی کۆتایی ئاوازەکەم لەرێ دایە.

وتوئم...

وت و وێژێک سەبارەت بەتایبەتمەندی و کارکردەکانی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری لەگەڵ سەعید ئەمانی

ئامادەکردنی: کاروان

پ: سەرچاوەی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری چییە؟ ئایا خودی کرێکارانن، یان فەردی هونەرمەند، واتەهونەرمەندی پرۆلێتاریان کەخوڵقێنەر و بەدیهێنەری ئەو ئەدەبیاتەن؟

و: سەرچاوەی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری بریتیلەبوون و وجود و جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی ئەو چینەواتەچینی کرێکار. سەبارەت بەبەشی دوهەمی پرسیارەکەشت، بەبڕوای من پێویستەکەمێک کۆمەڵایەتی تر بیر بکەینەوەو کۆمەڵایەتی تر بڕوانینەمەسەلەکە، چون ئەمەوا نییە. ئەوەوجودی کۆمەڵایەتی چینەکەیەکەگرایشێکی کۆمەڵایەتی لەجامیعەدا بەدی دێنێ. ئەم گرایشەکۆمەڵایەتیەش خەرمانێکەلەخەبات، لەکردەوەو پراتیکی بەردەوام، لەبیر و بۆچوون و ڕەوانشناسی و حاڵەتەدەروونیەکان (عەواتف). و ئەو نیازەکانی خۆی لەم شتانەدا بەرجەستەدەکاتەوەو هەر لەم شتانەشدا دەدۆزێتەوەو بەدی دێنێ، لەهونەر و ئەدەبیاتدا. دیارەئەم نیاز و بەرجەستەبوونەش نوێنەری خۆی، یان نوێنەرەکانی خۆی لەنێو کرێکاران و لەنێو غەیرەکرێکاراندا دەدۆزێتەوە، تێکۆشەر و هەڵسوڕاو بۆخۆی دەدۆزێتەوە. کەسێک بۆخۆی ئەدۆزێتەوەکەبتوانێ وڵامی پێ بداتەوەو پەروەردەی دەکات. واتەهونەرمەندی پرۆلیتاری هونەرمەندێکەکەبەرهەمی پەیوەندیدار بەچینی کرێکار دەخوڵقێنێ. پێویست ناکات حەتمەن خۆی لەجەرگەی چینی کرێکارەوەهەڵقوڵابێ. گەرچی بەشێکی بەرچاویان هەر لەنێو خودی چینی کرێکارەوەسەریان هەڵداوە. ئەمەتا ئەو ئاستەی کەهونەر پەیوەندی بەئاستی گشتی و کۆمەڵایەتییەوەهەبێت. بەڵام، دەبینی بەشێکیان سەر بەڕەوت و جەریانی دیکەن و لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵ بەهونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری دەبن و خۆیان لەو گرایشەنزیک دەکەنەوەو بەدوایدا دەچن، دنیایەک نابەرابەری و بێ عەدالەتی دەبینن و کاریگەری لێوەردەگرن، خۆیان لەعەینیەتی چینی کرێکار نزیک دەکەنەوە، بینینی ئەو زوڵم و نابەرابەرییەکار دەکاتەسەریان و وێنای دەکەن و تەنانەت گەلێک جار وێنەیەکی زۆر زیندوو ڕاستەقینەلەژیان و خەباتی چینی کرێکار و خەڵکی زۆرلێکراو ئیرایەئەدەن. هەر لەبالزاکەوەبگرەکەژیانی خەڵکی بەش مەینەت و کرێکارانی سەردەمی خۆی بەجوانی وێنا کردووە، سەرەڕای هەڵوێستی سیاسی کۆنەڵەرەستانەی خۆی، تا جان ئیشتاین بک و کەسانی تر. دەمەوێ بڵێم کەسەرچاوەی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری ناگەرێتەوەبۆ خودی هونەرمەندان، بەڵکو دەگەرێتەوەبۆ گەرایشێکی کۆمەڵایەتی کەئەم گەرایشەسنوری نێوان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و تاکی هونەرمەندە. ڕەخنەگرانی لیبراڵ و ڕەخنەگرانی بورژوا دەڵێن ڕاستەهونەر و ئەدەبیات دیاردەیەکی کۆمەلایەتی یەبەڵام هەر بەرهەمی تاکی هونەرمەندە. لەم نێوانەدا ئەو حەڵقەی پەیوەندیانەکەحەڵقەی پەیوەندی نێوان تاکی هونەرمەند و، یان هەڵسوڕاوی هونەری لەگەڵ تەبەقەدا، لەگەڵ چینەکەدا کەبریتیلەگەرایشی کۆمەڵایەتی سەرچاوەگرتوو لەقازانج و بەرژەوەندی چینایەتی نادیدەدەگرن. ئەم گەرایشەکۆمەڵایە تیانەکاردانەوەیان دەبێت لەسەر تاکی کۆمەڵ، چ تاکی هونەرمەند، چ تاکی سیاسی و تاکی روورناکبیر و باقی بەشەکانی تر. ئەوان ئەو حەڵقەواقعیانەلەبەر چاو ناگرن و لەئاکام دا هونەر پەیوەند ئەدەنەوەبەتاکی هونەرمەند و دواتر نەتیجەیەکی سەیر و سەمەرەی لێئەدەن

بەدەستەوە.

پ: ئـاڵ و گۆڕەکانی هونـەر و ئەدەبیانی کرێکاری پێوەندیان بەچیەوەهەیە؟

و: تـا ئەو جێگایەی ئینسـان ئـاڵ و گۆڕەکانی هونـەر و ئەدەبیاتـی کرێکاری لەدوو سـەدەی ڕابردوودا چاو لێدەکات چەند شـتێک سەرنجی ڕادەکێشـێ یەکـەم، بەردەوامـی ئـەو هونەر و ئەدەبیاتەدەبینێ. لەو شوێنەی کەچینی کرێکاری سـەقامگیر و جیکەوتـوی تێدایەئـەم هونـەر و ئەدەبیاتـەش بوونی بووەو هەیە. دیارەلەو کات و سەردەمەشـدا کەبزوتنـەوەی چینـی کرێکار لەئاسـتێکی بەرینداً لەئـارادا بووەئەم هونەر و ئەدەبیاتەش زیاتر گەشـەی کـردووە، هەروەها لەو جێگایانەی چینی کرێکار توانیویەتی لەباری ئابووریەوەکەمێک بحەسـێتەوەو دەستکەوتێکی زیاتـری بـووەو مەجـال و دەرفەتـی زیاتـری پەیـدا کردووەدەبینـی بەشـوێنیدا هونـەر و ئەدەبیاتـی کرێکاریش گەشـەی کـردووە. بەم پێیەپەیوەندیەکی قوڵ و پتەو لەمابەینی هونەر و ئەدەبیـات و بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکرێکاریەکەدا هەیـە. دیـارە، لەهـەر کات و سەدەیەکیشـدا بزوتنـەوەی کرێـکاری پاشەکشـەی کردبـێ ئەمیش تووشـی قەیران و نەکسـەهاتووەبەڵام نەبڕاوەتەوە.

دەمەوێ بڵێم نابڕێتەوەبەو واتایەی کەبەشێک لەفێعل و ئینفعالاتی بەردەوامی چینی کرێکارەو بگرەهۆکارێکـە، کەرەسـەیەکەلەدەورانی خەفەقاندا بۆ یارمەتیدانی سەر لەنوێی هەڵخڕاندن و سـەرهەڵدانەوەی بزوتنـەوەی کرێـکاری. لەنموونەکانـی دەکـرێ ئاماژەبەسـەردەمی بزوتنـەوەی چارتیسـتی، سـەردەمی قیـام و ڕاپەڕینـی سـێلزی، ڕاپەڕینـی کرێکارانی لیۆنا و شۆڕشـەکانی ١٨٤٨ و کۆمۆنـی پاریس و تا دەگەینەسـەردەمی شۆڕشـی ئۆکتۆبری ١٩١٧ لەڕوسـیەبکەین. لەگشت ئەم دەورانەدا کەچینی کرێکار لەحەیاتی سیاسـی خۆیدا کارا و فەعال بووەلەحەیاتی فەرهەنگی و هونەریشدا ئەکتیف و کارایە. دیارەهەر بـەو ڕادەیەش کاردانەوەی زیاتری لەسـەر تاکی ڕووناکبیـری کۆمەڵگاش دەبێت، واتەژومارەیەکی بەرچاو لەهونەرمەندان و ڕووناکبیرانـی چینەکانـی دیکەبـەڵای خۆیدا ڕادەکێشـێ. ئەمەهۆکارێکـەو هۆکارێکـی دیکـەش لەبەهێـزی گرایشـی کۆمۆنیسـتی و سۆسیالیستی دەروونی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چینـی کرێکارداێەکەئەمـەش یارمەتیدەریەتـی. بڵاخەرەهۆکارەگشـتیەکەی ئەوەیـە کەئـەم گرایشەکۆمۆنیسـتیەلەنێو ناخـی بزوتنـەوەی کرێکاریدا گرایشـێکی دخاڵەت گەرترەو جیددی و پەیگیرتـرەو بـۆ هەرچی زیاتـر کۆمەڵایەتی کردنـەوەی ئیـدەو بۆچوونەکانـی دەسـت بـۆ کەڵک وەرگرتن لەگشـت کەرسـەکانی مەوجود لەکۆمەڵگادا درێژ ئەکات. و دیارەزیاتر دەسـت بـۆ ئەو کەرەسـانەئەبات کەبتوانن جەماوەریتر بن و هونەر و ئەدەبیاتیش لەگشت کەرەسەکانی دیکەجەماوەری ترن.

ئەوەش دەبینین لەو سـەردەمانەدا کەگرایشی کۆمۆنیسـتی نێـو بزوتنەوەی کرێـکاری بەهێز و بەرینەگەشـەو هەڵدانـی خـودی هونـەر و ئەدەبیاتـی کرێکاریـش بەریـن و بەرچـاوە. ئەدەبیاتێکـی کەتێکۆشـەرانی نێـو ڕیزەکانـی کۆمەڵەلەکوردسـتان کەلە«کانونـی هونـەر و ئەدەبیاتـی کرێـکاری کوردسـتان» دا خۆیـان ڕێکخسـتبوو وەببونەپەرەپێـدەری ئـەو گرایشـەفەرهەنگی و هونەریـە، هـەر لەو ڕاستیەوەسەرچاوەدەگرێ.

واتەئـەم دوو هـۆکارە، هـەم گەشـەی بزوتنـەوەی کرێکاری و هەم بەهێزی گرایشـی کۆمۆنیسـتی نێـو ئـەم بزوتنەوەیەگەورەترین کاردانەوەیان لەدوو سـەدەی ڕابردوودا لەسەر لایەنەجۆراوجۆرەکانی داناوەو بووە.

پ: کار کـردی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری چی بووە؟

و: لەوڵامی ئەم پرسـیارەتدا بەکورتی دەتوانم بڵێـم: کۆمەڵایەتی کردنەوەی ئامـال و ئەهداف و ئارەزووەکانـی چینـی کرێـکار، لەڕاسـتی ئەمەکارکـردی هونـەر و ئەدەبیاتەبەگشـتی. هیـچ بزوتنەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی بەدرێژایـی مێـژوو، وەبەتایبەتـی لەمـەودای پینج شـەش سـەدەی ڕابـردوودا، بەبـێ ئـەوەی پەنـای بردبێتەبەر هونەر و ئەدەبیـات نەیتوانیوەخۆی کۆمەڵایەتـی بکاتەوە. ئەمەلەڕاسـتیدا کاراترین کەرەسـەبووەبۆ کۆمەڵایەتـی کردنـەوەی ئیـدەکان، هونـەر و ئەدەبیاتـی کرێکاریش هەر عەینەن وایە. ئەمەیەکێک لەکارکردەسـەرەکی و بنەڕەتیەکانیەتی کەپایەدارترین کارکردیشیەتی.

جیا لەوەش بۆ ڕێکخستن، بۆ هەڵخڕاندن و بۆ بانگەواز بۆ خەبات و تێکۆشان. لەلایەکی دیکەش هەوڵامدانەوەبەپێداویسـتیەمەعنەوی، عاتفی و تایبەتـی و ڕۆحیەکانی چینی کرێکارەکەئەمەش هەر کارکردی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریە.

ئەم بەشەی ئاخریان پێویستی بەشیکردنەوەی زیاتـرە، کەلەڕاسـتیدا گومانێکی وا کەشـێعری

زەوی دەمالّـی و چیاکانیـش هیـلاک و ماندوو لە دەسـت کاری رۆژێکـی بەهاری پشـتیان راسـت کردبۆوە و چاویـان بڕیبووە گەڕانەوەی خەڵک بۆ ماڵەکانیان و ئاوابوونی تیشکی خۆر.

لەژێر دار قەیسیەکان تازە لاوێک بەدەم پیاسەوە لەبـەر خۆیـەوە قسـەی دەکـرد، دواییـن دەنکـە تۆوەکانـی کاڵـەک و خەیاری چاندبـوو، کە دایکی بەڵێنی پێدا بوو ئەمسـاڵ بۆن خۆشـترین بێستانی ئاواییـان دەبێت. ئێسـتا باوکە بێکارەکەشـی بیری لە سـبەینێی خـۆی و خەمی کڕینـی کامپیوتێرێک دەکردەوە، ئاگرێکی داگیرسـاند، وەک بڵێی بڕیاری خـۆی دابوو، شـەو داهات و دایکی کـە لە درەنگ گەڕانەوەی رۆڵەکەی و دواییـن مانْئاوایی ئەو دڵتەنگ و نیگـەران ببوو، بەرەو کێڵگـە چکۆلەکەیان وەڕێ کەوت. لەو بێدەنگیە سـامناکەی ئاوابووندا، چاوی بڕیبـووە تەرمـی هەڵواسـراوی جگەرگۆشـەکەی کـە لەگەڵ دواییـن بڵێسـەکانی ئاگـر و لەرینەوەی گـەڵاکان لەسـەرەخۆ رادەژا و کۆتایـی بـە ژیانی خۆی هێنابوو.

کات سێکانسـی سـێیەم، گرتووخانەی هەواڵگری ئێمـەی بەتـەواوی سەرسـام کردبـوو، کاتێک بە دەنگێکی بەسۆز دەیووت:

ئەی مانگە شەوی جوانی ئاسمان
جارناجارێک خۆتمان پێ نیشان بدە و،
سەرێک بکێشە ناو سلولە تەنگ و تاریکەکەم و،
رووناکی پێ ببەخشە...

هـەر کـە ئاوازەکـە کۆتایـی پـێ هـات، زرمەی مسـتەکانی نادر کە لـە دیـواری دەدا، منی بەرەو لای پەنجەرەی سـلولەکە راکێشا (نادر زیندانیەکی مەحکوم بە ئێعدام بوو کە لە سـلولەکەی تەنیشـت منـدا بـوو) تەنیا چەنـد رۆژێک بوو کـە بەیەکەوە ببووینـە هـاوڕێ، ئـەو ئـاگاداری ئەشـکەنجە و نەخۆشی من بوو.

ــ سڵاو کاک فەرزاد، حاڵت باشترە؟

ــ نا، ئازارم هەیە، حاڵم زۆر خراپە.

ــ بەهێز بە مامۆسـتا، قەرار وابوو بڕۆیە دەرێ، دەنگی ئێمە بە تـەواوی دنیا بگەیێنی، ئاوا دەتەوێ بڕۆیە دەرێ؟ (پێکەنی)

ــ نادر گیان ئازارم هەیە، لە سەروچاویان داوم.

ـــ ئەزانـم مامۆسـتا، بـەڵام دەردی مـن و تـۆ سنە، رەزبەری ۱۳۸۵، رێڕەوی کۆتایی

من هاوشـێوەی دارەکانم، هەڵمژینـی هەوای پیس بوو دڵتەنگم دەکات.

(باڵندەیەکـی مـردوو فێـری کردم فڕیـن بە یاد بسپێرم «فروغ»)

دەنگی سروودی کچێکی زیندانی (هانا یا رووناک)

دەردی میللەتێکـە، لە راسـتیدا هـەم دەردە و هەم دەرمان، کەواتـە بە تەواوی وجـوودەوە قەبوولّی بکـە و لێگەڕێ با ئازاری نەوەکانی داهاتووش ئێمە بیکێشین.

لە بەرەبەیانێکی مانگی رەمەزاندا، دەنگی کرانەوەی دەرگای سـلولەکەی نادر رایچڵەکاندم، نادریان برد

و ئیتر نەگەڕایەوە، هەرچەندە لە دیواری سلولەکەم دا، «نـادر، نـادر گیان، ئاوازێک بخوێنە، قسـەیەک بکە، پێبکەنە« بەڵام نادر لە سـێدارە درا، لە حاڵێکدا ڕەنج و ئازاری منداڵانی وڵاتەکەی بە کۆڵ دەکێشا. کات سێکانسـی چـوارەم، گرتووخانـەی ڕەجایی شار، بەندی پێنج

نیـوە شـەو بـە ناچـار سـاڵۆنە پڕ لـە دوکەڵ و تـەم گرتووەکەمان بەجێ هێشـت، لە چوارسـەد و پەنجـا کەسـەکەی نـاو بەندەکـە کەسـێکیان دیار نەبـوو، دەبوو بەهـەر جۆرێک بێت پەیـدای بکەن، گرینـگ نەبو زیندوو یا مردوو، تەنیا دەبوو پەیدای بکەن، سـەروبنی هەمـوو ژووورەکان گەڕان، تا ئەو لاوەیان دۆزیەوە لە کاتێک دا کە خۆی بە پەتێکەوە هەڵواسیبوو، سـەربازەکان زۆر ڕازی و خۆشحاڵ لـەوەی کە ونبووەکەیان پەیدا کردبوو، تەرمەکەیان برد، زیندانیەکانیش گەڕانەوە بۆ ژووورەکانی خۆیان، وەک بڵێـی هیچ شـتێک ڕووینەدابوو یان ئەسـڵەن مرۆڤێک خۆی نەکوشت بێت، مەرگ لێرە ووشەیەکە کە بوونی بە بەردەوامی هەستی پێدەکرێ، سێبەری سـامناکی خـۆی بەسـەر هەمووانداو سـەپاندووە، تەنانەت دەکرێ بڵێین کە مەرگ لێرە ئاسـایی ترین ووشـەیە، لێـرە هیچ تـرس و نەفرەتێـک لە مەرگ هەسـت پێناکرێـت، هیچ کاتێک بەو شـێوەیە و ئاوا لەنزیکەوە لەگـەڵ مەرگ ڕووبـەڕوو نەبووەوە، کەواتە هیچ پێویستیەک بە دواییـن «کات» نیە.

نوقمـی بیرەوەریەکانی ڕابردووم بووم کە دەنگی فرۆشـیارە گەڕۆکەکـە بەندەکـەی ئێمـەی بە ئاگا هێنایەوە، کاتێک لە سـاڵۆنەکەی سـەرەوە هاتە ناو سـاڵۆنەکەی ئێمەوە، «مەنجەڵ، شـەڵوار شیرازی، حەشـیش، شیشە، کراک، مەلافە، تریاک، تاوە، شیر و...» لـە بەرامبەر ئێمەوە تێپەڕی و ئەو کەسـانەی کـە چاوەڕوانی تەلەفـۆن بوون، بـە دوای کەوتن، ئیتـر نۆبەی من بوو کە تەلەفۆن بکەم، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت،

ـــ ئەلۆ، سڵاو کەیوان گیان،

ـــ سڵاو کاک فەرزاد حاڵت چۆنە؟

ـــ دەی کەیوان گیان هەواڵی دەرەوە چیە؟

ـــ لە ناوچە کوردنشـینەکان دوو کەس حوکمی ئێعدامیان بۆ دەرچووە، کەسـێکیش حوکمی بڕینی دەسـت و قـاچ و مەرگێکـی گوماناویشـمان لـە گرتووخانەی هەواڵگری ورمێ هەبووە.

ـــ چ هەواڵێک، هەواڵەکانی تۆش هەمیشـە بۆنی مەرگیان لێ دێت.

ـــ فـەرزاد گیـان مـن چـی بکـەم، دارۆغەکانی وڵاتەکـەت ئەم ڕۆژانە تەنیا جـارێ حوکمی ئێعدام دەدەن...

ـــ راسـتی، خانمێکیش لە سـلێمانیەوە پەیامێکی بـە زمانی کوردی بۆ ناردوویت، کە نازانم واتاکەی چیـە، نووسـیویەتی پێت بڵێم « خەم مەخۆ ئاسـۆ ڕوونە« منیش خۆشـحاڵ لەوەی کە کوێسـتانەکان ئێسـتاش ئاوسـی خۆرەتاون، بـە دەم پێکەنینەوە تەلەفۆنەکـەم دانـا و لەژێـر لێوەوە وتـم «کەواتە هێشتا ئاسۆ ڕوونە« چ هەواڵێک خۆشتر لەوە...

بەندی نەخۆشـە عفونیەکان، گرتووخانەی ڕەجایی شار

١٣ ڕەشەمێ ١٣٨٧

من مامۆستا دەمێنمەوە و تۆش هەر پاسەوانی زیندان

فەرزاد کەمانگەر
شێرکۆ جیهانی کردوویە بە کوردی

زیئوس، خودای خودایان فەرمانی دا، پرۆمتەی نافەرمان بە زنجیر بکێشن. ئا بەم جۆرە، حەکایەتی من و تۆ، دەستی پێ کردووە..
تۆ میرات گری پاسەوانانی زیئۆسی، تا هەموو رۆژێک چاوەدێری بکەی لە ڕۆڵەیەک ، لە ڕەگەزی خۆرەتاو و ڕووناکایی . بۆ من و تۆ زیندان دوو واتای جیاواز دەبەخشێت. دوو کەس لە دوو بەری دیوارێک، بە دەرگایەکی ئاسنین و ڕۆچنەیەکی بچووک لە نێوی دا. تۆ لە دەرەوەی سیللول، منیش لە ناخی سیللول دا.
ئێستا وا باشترە یەکتر بە باشی بناسین
من مامۆستایەکی قوتابخانەم. نا ... نا...
من خوێندکارێکی سەمەدی بێهرەنگیم. هەر ئەو کەسەی کە چیرۆکی ئۆلدوز و قشەلاکان و ماسی ڕەشی بچکۆلەی نووسی، تا فێری هەموو کەس بکات، جوڵانەوە و وەڕێ کەوتن.
دەیناسی !؟ باش دەزانم کە ناینناسی.

من شاگردی خان عەلیم. هەر ئەو مامۆستایەی کە فێری کردین کە چۆن لە سەر تەختەی ڕەشی ناو کلاسەکەمان، وێنەی خۆرەتاو بکێشینەوە، تا بە
تیشکی خۆی، شەمشەمەکوێرەکان بڕەوێنێ.
دەزانی ئەو کێ بوو !؟

من هاوکاری بەهمەنی عیزەتیم، ئەو پیاوەی کە هەموو کاتێک بۆنی بارانی لێ دەهات. مرۆڤێک کە هێشتا خەڵکی کرماشان و گوندەکانی دەوروبەری، لە گەڵ یەکەمین بارانی پاییزی دا، یادی دەکەن.
هیچ دەزانی کە ئەو کێ بوو !؟ باش دەزانم کە نازانی.

من مامۆستام. لە شاگردەکانم، پێکەنین و پرسیار کردنم بە میرات گرتووە.

ئێستا کە منت ناسی، تۆش خۆتم پێ بناسێنە.
هاوکارەکانت کێ بوون؟ ئەم توڕەیی و نەفرەتەی ناو دەرۆنت لە کێ بە میرات گرتووە؟! ئەو کەلەبچانەی دەست و پێ، لە چ کەسێکەوە بۆ تۆ بە جێ ماوە ؟! لە سیاچاڵەکانی زوحاک !؟

لە خۆت بدوێ. تۆ کێی !؟
ئەوەندە من لە کەلەبچە و زنجیر و قامچی، لە دیوارەکانی قاییمی ٢٠٩، لە کامێراکانی ئێلێکترۆنیکی زیندان، لە دەرگاکانی قاییمی، مەترسێنە. ئیتر هیچ خۆفێکم نییە لەو شتانە . توڕە مەبە. مەقیژێنە.لە بەر ئەوەی سەری خۆم بەرز کردووەتەوە، بە مست لە دڵی من مەکوتە.
هێشتا بەسەرهاتی مستی تۆ و سەری ژنێکی زیندانم هەر لە بیرە
لێم مەدە بە تاوانی گوتنەوەی گۆرانی. ئەمن کورد. ئەژدادی من، ئەوینی خۆیان، ئێش و ژان و تێکۆشان و تەواوی هەبوونی خۆیان، لەم گۆرانی و ئاوازانە، بۆ من بە یادگار جێ هێشتووە. من دەبێ گۆرانی بڵێم و تۆش دەبێ گوێی لێ ڕاگری. وە تۆ دەبێ گوێ بیسی گۆرانیەکانم بی. دەزانم ئازارت دەدەن.

دەست مەکە بە لێدانی من، لە بەر ئەوەی لە کاتی پیاسە کردن، دەنگی هەنگاوەکانم دێت. ئاخر دایکم فێری کردووم، بە هەنگاوەکانم لە گەڵ زەوی بدوێم. لە نێوان من و زەوی دا پەیمانێک بەستراوە و پێوەندیەک، تا زەوی پڕ بکەم لە جوانی و لە پێکەنین. کە وابوو لێ گەڕێ هەنگاو بنێم. لێ گەڕێ، گوێ بیسی دەنگی هەنگاوەکانم بێت. لێگەڕێ تا زەوی بزانێت، هێشتا زیندووم و هیوادار.

قەڵەم و کاغەزم لێ مەستێنە. دەمهەوێ بۆ

منداڵانی وڵاتەکەم، لایەلایەیەک بنووسم. پڕ لە هیوا، پڕ لە چیرۆکەکانی سەمەد و ژیانی ئەو، خانەلی و ئاواتەکانی، عیزەتی و شاگردەکانی. دەمەوێ بنووسم. دەمەوێ لە ناو سیللول، هەر لێرەوە، لە گەڵ خەڵکی خۆم دا بدوێم. تێدەگەی کە من چی دەڵێم !؟

باش دەزانم تۆیان وەها ڕاهێناوە، نەفرەت بکەی لە ڕووناکی، لە جوانیەکان، لە ڕامان و بیرکردنەوە. بەڵام مەترسێ. وەرە ناو سیللولەکەم، میوانی سفرەی بچووک و هەڵدڕاوی من بە. بڕوانە کە من چلۆن هەموو شەوێک، شاگردەکانم دەکەم بە میوانی خۆم. بڕوانە کە چۆن چیرۆکیان بۆ دەڵێم. بەڵام خۆ تۆ ئیزنی ئەوەت نییە ببینی. تۆ ئیزنی ئەوەت نییە ببیسی. تۆ پێویستە ئەویندار بی. پێویستە ببی بە مرۆڤ. دەبێ بێیتە ئەو بەری ئائەم دەرگایە، بۆ ئەوەی تێبگەی چی دەڵێم.

چاوم لێبکە تا بزانی جیاوازی لە نێوان من و تۆ چییە ؟
من هەموو ڕۆژێک لە سەر دیواری سیللولەکەم، دەستەکانی خۆشەویستەکەم و چاوە جوانەکانی دەکێشمەوە و دەستەکانی بە دەست دەگرم. گەرمای ژیان، لە ناو پەنجەکانی ئەو دا و حەز و چاوەڕوانیش لە ناو چاوەکانی، هەست پێ دەکەم. بەڵام تۆ هەموو ڕۆژێک، بە گۆپاڵی دەستت، نیگاری پەنجەکانی سەر دیوار دەشکێنی و چاوەکانی چاو لە ڕێگای دەردەهێنی و دیوارەکەم لێ ڕەش دەکەی.

دونیای تۆ هەموو کاتێک تاریکایی و زیندانە و هەست کردن بە ڕووناکایی، ڕەنجت دەدات. من چەندین مانگە چاوەڕوانی دیتنی ئاسمانێکی پر ئەستێرەم. ئاسمانێک کە ئەستێرەکانی سەرکەش لە ناوی دا، لەو بەری ئاسمانەوە بۆ ئەو لای تر ، ڕابخوشێن و جەرگی تاریکی هەڵدڕن. بەڵام تۆ بە ساڵانە لە ناو تاریکی دا دەژی. شەوانی تۆ بێ ئەستێرەن. هیچ دەزانی شەوی بێ ئەستێرە چییە !؟ ئاسمانی هەمیشە شەو واتای چییە !؟

ئەگەر ئەوجارە بۆ ٢٠٩ هاتمەوە، وەرە ناو ژووری سیللولەکەم. من گەلێک ئاواتت بۆ دەخوازم. بەڵام نەک لە شێوەی دۆعاکانی تۆ کە یەک پارچە لە ئاگر و ترسی جەهەننەم پێک هاتوون. داخوازەکانی من، پڕ لە هیوا و پێکەنین و ئەوینن. وەرە ناو ژووری سیللولەکەم، تا نهێنی دواترین پێکەنینی عیزەتی، لە کاتی لەسێدارە دانت بۆ بدرکێنم. دەزانم کە جارێکی دیکە، دەمهێننەوە ناو زیندانی ٢٠٩، لە کاتێک دا ، بە هەموو بوونی پڕ لە کین و نەفرەتی خۆتەوە، بە سەرم دا دەقیژێنی و منیش جارێکی دیکە، دڵم بە حاڵی تۆ و ئەو جیهانە بچووکەی بۆ خۆت ساز کردووە، دەسووتێ. من دەگەڕێمەوە، لە کاتێکدا کە مامۆستام و بزەی منداڵانی وڵاتەکەم لە سەر لێوە

مامۆستای بە سێدارە حووکم دراو ،
فەرزاد کەمانگەر
بەشی زیندانیانی نەخۆش لە زیندانی ڕەجایی شەهر



نامەیەک لە فەرزادی کەمانگەرەوە ئاغای ئێژەیی لێگەڕێ بادڵم لێبدات

فەرزادی کەمانگر

چەندین مانگە لە گرتووخانەم، گرتووخانەیەک کە قەرار بوو، وەرەم بڕووخێنێ، ئەوین و ئینسان بوونم داڕمێنێ. بەندیخانەیەک کە دەبوو کەویم بکات، داممرکێنێ وەک بەرخۆلەیەکی سرەوتوو، دەمێکە دیلم لە چواردیواریەک دا بە بەرزی مێژوو.

ئەو پەرژینەی قەرار بوو کەلەبەرێک بێ لە نێوان من و خەڵکەکەم کە خۆشم دەوێن، پەرژینی نێوان من و منالان بێ بۆ هەمیشە، بەڵام هەموو رۆژێ لە کلاورۆژنەی سلولی تارەوە بەرەو ئەوپەری، دوور دوور دەرواڕیشتم و خۆم لە نێو ئەوان وەک ئەوان هەست پێدەکرد و ئەوانیش ئازارەکانی خۆیان لەمنی دیلا ئەبینی و بەندیخانە پەیوەندییەکی قوڵتری لە نێوان ئێمەدا دروست کرد. بڕیار بوو، بەندیخانەی رەش و تاریک مانای خۆر و هەتاو لەبیر من بباتەوە، بەڵام هەر لە گرتووخانە، روان و سەوز بوونی وەنەوشەم لە تاریکی و بێدەنگیدا بینی.

بڕیار بوو زیندان مانای سەردەم و کات و بایەخی کاتەکانم لە بیروزەین دا بسڕێتەوە بەڵام لەگەڵ ساتەکانی دەرەوەی گرتووخانە ژیاوم و سەرلەنوێ، نوێ بوومەوە و خۆم بۆ هەڵبژاردنی ڕێگایەکی نوێ تەیار کردوە. منیش هەر وەک بەندکراوەکانی بەرلە خۆم، بەتەواوی هەست و نەستمەوە سووکایەتی پێکردنەکانی، ئازار و مەینەتییەکانم بە گیان کڕی بۆ ئەوەی بەڵکوو دواییین کەس بم لە نەسلی ئازارچێشتوانێ کە بە حەزیای هاتنی سەحەریان لە تاریکی گرتووخانەدا، لە نێو دڵەکانیاندا زندوو ڕاگرت

بەڵام رۆژێک بە تێکدەریان دەزانیم، پێییان وابوو بۆ شەڕ لەگەڵ خێوی ئەوان هاتووم و پەتی عەدالەتیان چنی هەتا بەرەبەیانییەک کۆتایی بە ژیانم بێنن و لەو رۆژەوە بێ ئەوە بمەوێ لە چاوەڕوانی بەڕێوە چوونی حوکمەکەم دام. بەڵام ئەمرۆکانە کە بڕیارە، ژیانم بسڕنەوە بەدڵێکی پڕ «لە ئەوینەوە ڕووبە هاوچارەنووسانم» بڕیارم داوە، تاڵ تاڵی هەودای ژیان و لاشەم پێشکەش بەو نەخۆشانە

بکەم کە ژیانیان پێ دەبەخشێ و دڵیشم پێشکەش بەو منداڵە بکەم کە سەرتاسەری ئەوین و سۆزە. جیاوازی نییە لەهەر شوێنێک بێت، لەسەر لێواری کاڕوون، یان داوێنی سەبەلان، یان لەهەر گۆشەیەکی رۆژهەڵات و یان ئەو منداڵەی کە لە زاگرۆسەوە بەرەو دەرکەوتنی خۆر دەڕوانێ، تەنیا دڵی سەرەڕۆ و ئۆقرە نەگرتووم لە سینگی منداڵێکدا لێ بدات کە نەسرەوتوو تر لەمن ئاوات و خۆزگەکانی لە شەواندا بەرێتە ژوانی مانگ و ئەستێرە و وەک شاهێدێک بن کە لەگەورە سااڵێدا پشت لە حەزیاکانی منداڵی نەکات، دڵم لە سینگی کەسێکدا لێ بدات کە بە خەمی ئەو منداڵانەوە بێ شەوانە بە برسیەتی سەردەنێنەوە و بیرەوەرییەکانی «حامید»ی خوێندکاری ١٦ ساڵەی شارەکەم زیندوو رابگرێ کە نووسیبوی «بچوکترین خۆزگەم لەم ژیانەدا بەدی نایەت.» و خۆی خنکاند.



دەبا دڵم لە سینگی کەسێکدا لێ بدات، گرنیگ نییە بە چ زمانێک قسە دەکات، یان رەنگی پێستی چۆن بێ، تەنیا منداڵی کرێکارێک بێ کە شەقارشەقارەکانی دە ستی باوکی، بڵێسەی بورکانێکی تر لە بەرانبەر ناعەدااڵەتییەکاندا، لە دڵمدا زیندوو رابگرێ.

دڵم لە سینگی منداڵێکدا ترپەی بێ کە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا ببێتە موعەلیمی ئاواییەک و هەموو رۆژێ بەیانی منداڵەکان بە بزەیەکی شیرینەوە، پێشوازی لێ بکەن و بەشەریک و هاوبەشی خۆشی و یارییەکانی خۆیانیانی بزانن، رەنگە ئەوکاتە منااڵن تامی تاڵی هەژاری و برسیەتی نەزانن و لە خەیاڵی ئەواندا وشەکانی «گرتووخانە، ئازار و شکەنجە، ستەم و نابەرابەری» مانایەکی نەبێ. دەبا دڵم لە سووچێکی پانتایی ئەم جیهانەدا لێ بدات، تەنیا ئاگاداری بن، دڵی ئینسانێکە کە زۆرێک لە نەنووسراو و نەوتراوەکانی خەڵک و وڵاتەکەی هەڵگرتووە، خەڵکانێک کە مێژووەکەیان سەرتاسەر پڕە لە ئازار و خەم و مەینەت دەبا دڵم لە سینگی منداڵێکدا لێ بدات هەتا بەرەبەیانییەک لە ناخەوە بە زمانی زگماکیم هاوار بکەم :من دەمەوێ ببمە باییە

خۆشەویستی مرۆڤ بەرم

بۆ گشت سووچی ئەم دنیایە

***

گرتووخانەی «رەجایی» شاری کەرەج بەندی ئەمنیەتی ٢٠٩

١٣٨٧/١٠/٢

پاییز لەچاوانی میدیا



دەقێکی دیکەلەفەرزادی کەمانگەر
بۆ کوردی: شێرکۆ جیهانی

پاییز بەهەموو جوانیەکانیەوە، ببووەمیوانی سروشت و سروشت بەچەشنی بووکێکی لەخۆ بایی، بەجلوبەرگێک لەهەموو ڕەنگەکانەوەخەملێندرا بوو. بەشەیداییەوەلەنێوان باغ و مەزراکان دا، کەوەک تابلۆیەکی ڕازاوە، تووڵەڕێی باریک و پڕ پێچ و خەمی گوند لەناوی دا ون دەبوو، لەو هەمووەجوانیەم دەڕوانی بۆ گەڕانەوەم بۆ ناو گوند، هەموو کاتێک تووڵەڕێیەم لەو جاددەمردوویەپێ باشتر بوو، کەزۆر خراپ و بێ بەزییانە، ناخ و دڵی مەزراکانی هەڵدڕی بوو. سێ ڕۆژ وچان و دووری لەقووتابخانەو حەزی سەرلەنوێ دیتنەوەی منداڵەکان، هەنگاوەکانی خێراتر دەکردم. پێوەندی من و خوێندکارانم، تەنیا پێوەندی مامۆستا و شاگرد نەبوو، ئەوان بۆ من، وەک ئەندامانی بنەماڵەم بوون. دەتگووت بەسالانلەگەڵ یەکتر ژیاوین. هەموو ڕۆژێ، لەگەڵ منداڵانی پۆلی یەکەم، ڕوخساری یەکترمان ماچ دەکرد. بۆ خواردنی بەیانی، بۆنی ڕۆنی خۆمااڵی و ئاش و ئەو نانەتازەی کەمنداڵان بۆ میوان کردنی من لەگەڵ خۆیان دەیانهێنا، بەهەموو خوێندنگاکەدا وەردەبوو. لەکاتژمێر هەشتی بەیانییەوەتا پێنجی پاش نیوەڕۆ، لەو خوێندنگایەدابووم. لەنێو منداڵانی پۆلی یەکەم دا، کچێک هەبوو بەناوی "میدیا" کەچاوە جوانەکانی ، پرچی زێڕینی درێژ و قسەخۆشەکانی، سیمای فریشتەیەکی بێ گەردیان لێ ساز کردبوو، بۆ ئەوەی کەمن و تەواوی خەڵکی ئەو گوندەخۆشمان بوێتهەموو ڕۆژێک"میدیا" منی بۆ ناو ئاڵقەی کایەی منداڵانی پۆلی یەکەم دەکێشا و منیش بەبێ ویستی خۆم، تێکەڵاوی کایەی منداڵانەی ئەوان دەبووم. دایکی میدیا ژنێکی جوان و میهرەبان بوو کەگرینگیەکی زۆری بەڕاهێنان و پەروەردەی منداڵەکەی دەدا. حەفتەی جارێک دەهاتەقووتابخانەو سەری منداڵەکەی دەدا بەڵام باوکی میدیا، پیاوێکی تووڕەو تەوسن بوو کەقوورسایی سێبەری دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژیانی ئەو ژنەدا کێشا بوو. هەرکات کەمیدیا دایکی لەقووتابخانەدا دەدیت، بەوێنەی پەپوولەلەدەوری دەسووڕایەوەو ئەویش بەشەیداییەوەلەمنداڵەکەی دەڕوانی. هێندێک جاران لەشوێنێکی دووری دەڕوانی و لەناخی دڵەوەئاخێکی هەڵدەکێشا. ئەوین و خۆشەویستی ئەو بەمیدیا، لەلای من لەڕازێک دەچوو. هەموو کاتێک خەم و خەفەت و ئازارێک، لەقوواڵایی نیگای ئەو دا نیشتەجێ بوو.

ئەوێ ڕۆژێ مەزراکان چۆل بوون. بەقەراغ کانیاوێک دا تێپەڕیم، بەڵام ئەمجارەیان بۆنی چایی تازەدێم کراو نەدەهات، تەنانەت بەپێچەوانەی جاران، هیچ کەسێک کاری نەدەکرد. دڵەڕاوکەیەکی سەیر دایگرتم. بەقەراغ گۆڕستان دا تێپەڕیم، گۆڕێکی تازەی سەرنجی ڕاکێشام. لەبەر خۆمەوەگوتم:

" بەپێی یاسای نەنووسراوی سرووشت، ڕەنگەکەسێکی بەسالاچوو، لەو شوێنەدا نێژرابێت". کەگەیشتمەقووتابخانە، هیچ منداڵێک وەکوو جاران خۆی لەباوەشم نەهاویشت. ڕاستەوخۆ چوومەناو پۆلەکە. سڵاوم کرد. چەند کەسێکیان بەهێمنی وڵامیان دامەوە. دەمهەویست هۆکاری ئەو مات بوونەیەیان لێ بپرسم کەدەرگای پۆلەکە، ئەو دەرگایەی بۆ ئەوەی نەکرێتەوەبەردێکمان لەپشت دادەنا، بەجێڕەجێر کرایەوەو "مێدیا " هاتەژوورەوە. من کەئاگام لەئامادەنەبوونی مێدیا نەبوو، بزەیەکم هاتێ . مێدیا سەری داخست و بەچاوەکانی پڕ لەفرمێسکەوە، سڵاوی کرد و لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشت.

پرسیارم کرد:

_چی بووەمێدیا؟ بەمنیش بڵێن ! "

کەژاڵ، دۆست و هاوسێی مێدیا گوتی:

_ مامۆستا، مەگەر ئێوەنازانن " دادەخەیاڵ" خۆی سووتاندووە؟

گوتم: _ خەیاڵ ؟

گوتی: _ بەڵێ، دایکی مێدیا !

بەدیتنی چاوەفرمێسکاویەکانی "مێدیا"، بەبێ ویستی خۆم دەستم بەگریان کرد و هەموو منداڵانی ناو پۆلەکەش، لەگەڵ فرمێسکەکانی مێدیا، دەگریان. مێدیا دایکی لەکاتی خۆسووتاندن بەچاوی خۆی بینی بوو. لەو ڕۆژەبەدواوە، نەمن و نەهیچ کەسی تر، ئیتر بزەی منداڵانەی سەر لێوی مێدیامان نەدیت. ئیتر چاوەکانی، زۆرتر لەچاوەکانی دایکی دەچوون: ژنێک، ئازارێک لەقوولایی چاوەکانی دا جێی گرت و پۆلی گەرم و گوڕی ئێمەش، هەتا کۆتایی ساڵ، ڕەنگی چاوەکانی پاییزیی "مێدیا"ی بەخۆوەگرت. مامۆستای بەئێعدام حوکم دراوی کورد " فەرزاد کەمانگەر"

زیندانی ئێوین _ ئاپریلی ۲۰۱۰

بەهێز بە هەڤاڵ

فەرزاد کەمانگەر

وەرگێڕان بۆ کوردی: شێرکۆ جیهانی

" یەکێک بوو یەکێک نەبوو، ماسیەکی ڕەشی بچکۆڵە بوو، کە لە گەڵ دایکی لە ناو جۆگەلەیەک دەژیان. دایکی لە ناو ١٠،٠٠٠ گەرا کە نابوویەوە، تەنیا ئەو بەچکەی ماسیەی بۆ مابۆوە. هەر بۆیەش ئەو بێچوە ماسیە ڕەشە، تاقانەکەی دایە بوو. ڕۆژێک ماسی بچۆڵەکە لە دایکی پرسی:
_ دایە دەمهەوێ لێرە بڕۆم !
دایکی گوتی:
_بۆ کوێ ڕۆڵە؟ دەمهەوێ بڕۆم بزانم کە ئەو جۆگەیە بە کوێ دەگات ؟ "
.هاوزیندانی، هاودەرد، سڵاو
من ئێوە بە باشی دەناسم. مامۆستا، فێرکار و ڕاهێنەر، هاوسێی ئەستێرەکانی "خاوەران"*، هاوکلاسی دەیان یاری خوێندنگا **کە دەفتەری نووسراوەکانیان***پەیوەستی دۆسیەکانیان بووە، مامۆستای ئەو خوێندکارانەن کە بەڵگەی تاوانیان تەنیا بیر و بۆچوون و ڕامانیان بوو. زۆر باش دەتانناسم، ئێوە هاوکارانی سەمەد و خان عەلین****.
منیشتان خۆ هەر لە بیرە.
ئەوە منم، زیندانیەکی زیندانی ئیڤین.
من ئەو خوێندکارە هێمنەم کە لە پشت میزێکی شکاو، لە گوندە دوورەکانی کوردستانەوە، ئەویندارى دیتنی دەریام.
منیش وەک خۆتان، بەسەرهاتی چیرۆکەکانی سەمەد دەگێڕمەوە، بەڵام لە ناو دڵی چیاکانی شاهۆ.
منم تامەزرۆی بوون بە ماسی ڕەشی بچووک.
منم، هاوڕێی بە ئێعدام حوکم دراوی ئێوە.
"ئێستا ئیتر دۆڵ و چیاکانی تێپەڕ کردبوو. ڕووبار بە ناو دەشتێکی پان و بەرین دا دەرباز دەبوو. لە ڕاستەوە بۆ چەپ، گەلێک ڕووباری بچووکی تر، تێکەڵاوی دەبوون و ئاوەکەیان زۆرتر دەکرد... ماسی بچووک، لە فراوان بوونەوەی ئاوەکە لەززەتی دەبرد... ماسی بچووک، ویستی بچێتە ناو قوڵترین شوێنی ئاوەکە. دەیتوانی هەرچەندی بیهەوێت، مەلە بکات و سەری لە هیچ شوێنێک نەکەوێت. لە ناکاو تووشی پۆلێک ماسی هات. دە هەزار دانەیەک دەبوون. یەکێک لە ماسیەکان پێی گوت:
_ بە خێر هاتی بۆ ناو دەریا، هەڤاڵ. "
هاوپیشەی زیندانیم، ئاخر چۆن دەکرێ کە مرۆڤ لە پشت میزی سەمەد دانیشێت، چاوی لە نیگای منداڵانی ئەو وڵاتە ببڕێت و هیچ نەڵێت ؟
گەلۆ دەکرێ مامۆستا بیت و ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو دەریا، بە ماسیەکانی بچووکی نیشتیمانت نیشان نەدەی؟ چ تەوفیرێکیشی نییە، لە ئەرەس بێت یان لە کاروون، لە سیروان بێت یانیش لە ڕوباری سەربار. . جیاوازی دەبێ چی بێت، کاتێک کە ئامانج دەریایە و یەک گرتنەوە، وە هاوکاتیش کە خۆرەتاو، ڕێنوێنە و ڕابەرمانە، دەبا هەر زیندان پاداشمان بێت.
چۆن دەبێ کە باری گرانی مامۆستا بوون و چاندنی تۆوی وشیاری، بگریتە ئەستۆ و زارت

ببەستی؟ ئاخر چۆن دەکرێ کە بوغزی قووت دراوی خوێندکاران و سیمای لاوازی ئەوان

ببینی و هیچ دەنگێکت لێوە نەیەت؟
چلۆن دەکـرێ لـە ویشکەسـاڵی دادوەری، مامۆستا بی، بەڵام ئەلف و بێی هیوا و یەکسانی نەڵێیتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێگایە، بە زیندانی ئێوین بگات ؟
ناتوانم بهێنمە پێش چاوی خۆم، کە لە وڵاتی سەمەد، خانەلی و عیزەتی***** دا، مامۆستا بین و هاوڕێ لە گەڵ ئەرەس، نەگەینە ژیانێکی هەتاهەتایی. ناتوانم بهێنمە پێش چاوی خۆم، کە بینەری ڕەنج و هەژاری خەڵکانی وڵاتەکەمان بین و دڵمان بە ڕووبار و دەریا نەسپێرین و تۆفانێک وەڕێ نەخەین !
باش دەزانم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەم ڕێگایە پڕ لە تەنگ و چەڵەمەیە، لەبار دەبێت و تەواوی ئێش و ئازارەکانیش، دەبنە میدالّی شانازی " بۆ تۆ ئەی مامۆستای ئازاد "، تا هەموو کەسێک بزانێت کە مامۆستا، مامۆستایە. تەنانەت ئەگەر فیلتێری " هەڵبژاردنی"****** لە پێش بێت و تەنانەت ئەگەر زیندان و پەتی تەنافی سێدارەش. بەڵام ئەوە ماسیە چکۆڵەکانن کە ناو و نیشان و شانازی بە مامۆستایان دەبەخشن، نە وەک مەلانی ماسی خۆر.
" ماسی بچکۆڵە، بە هێمنی، بەرەو دەریا مەلەی دەکرد و لە بەر خۆیەوە دەیگوت:
ـ ئێستا ئیتر مـردن بـەلامـەوە زەحمـەت نییە، جێگەی داخیش نییە. ئێستا مردن بۆ من... "
وە لـە نـاکاو مەلێکی ماسیگر هـاتـە خـوار ، هەڵیگرت و لە گەڵ خۆی دا بردی.
لێرە دا ماسی گەورە، چیرۆکەکی تەواو کرد و بە ١٢٠٠٠ بێچوو و نەوەکانی خۆی ڕاگەیاند کە ئیتر کاتی خەوتن هاتووە. ١١٩٩٩ ماسی بچووک، شەوخۆشیان کرد و دایـە گـەورەش خەوی لێ کەوت، بەڵام ئەمجارەیان ماسیەکی سووری بچووک، هەر چەندی کرد خەوی لێ نەکەوت. بیر و خەیاڵێک هەڵی گرتبوو.

مامۆستای بە ئێعدام حوکم دراوی کورد لە زیندانی ئێوین
فەرزاد کەمانگەر/ مانگی ئاپریلی ٢٠١٠

---

١. بـە هێز بـە هـەڤاڵ : دایـە گـەورەی یەکێک لە خوێندکارانم بە نـاوی یاسین لە گوندی " ماراو " کە هەشت ساڵ لەمەو پێش لە کاسێتی هەڵبەستی " مامۆستای قووتابخانە " (لە شێعرەکانی مامۆستا شەریف)ی بۆ دانام، پێی گوتم : " باش دەزانـم کە چارەنووسی تۆش، وەک مامۆستای نـاو ئـەو هەڵبەستە ئێعدامە. بەڵام " بە هێز بە هەڤاڵ ". دایە گەورە ئەمەی گوت و قوومێکی گەورەی لە سیگارەکەی دا و بەرەو چیاکانی ڕوانی.
.....
ژێر نووسەکانی وەرگێڕ

* *خاوەران، مەبەست گۆڕستانی خاوەرانە لە تەنیشت تاران کە گۆڕی بەکۆمەڵی ئیعدامکراوانی هاوینی ٦٧ و چەپە ئیعدامکراوەکانی تێدایە کە بە نهێنی چاڵ کراوە و خەڵک دیتویانەوە و ئیستە وەک گۆڕستانی گیانبەختکردوان پێناسە دەکرێ و خەڵک بە گوڵزاری خاوەران ناوی دەبەن
*یاری خوێندنگا لە ئەسڵ دا ناوی گۆرانیەکی شۆڕشگەڕییە بـە زمـانـی فـارسـی بـە نـاوی " یار دبستانی" کە لە سەردەمی شا و لە لایەن چەپەکانەوە داندرابوو
دەفـتـەری ئـینـشـام بـە دەفـتـەری نـووسـین وەرگێڕاوەتەوە

*لێرە دا ئاماژە بەسەمەد بێهرەنگی نووسەری کتـێـبـی" مـاسـی ڕەشـی بچکۆڵە دەکـات. هەروەها خانەلی ناوی مامۆستایەکی دیکەیە کە بە هۆی بیر و ڕامانی لە سێدارە دراوە
*بەهەمەن عیزەتی. مامۆستایەک بووە کە لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕژیمی خومەینی لە سێدارە دراوە. خەڵکی کامیاران و کرماشان زۆر بیرەوەریان لێی هەیە و دەگوترێ لە کاتێک دا کە دەیانبردە پای سێدارە لێیان پرسی بوو، ئایا لە مردن ناپرسی ؟! ئەویش بە پێکەنینەوە گوتبوو، مەرگ ئەگەر مەردە، پێی بڵێن بێت، تا لە باوەشی بگرم، بە تۆندی
*ناوی مامۆستایەکی کرماشانیە کە لە سێدارە دراوە

*فیـلـتـێری گـوزیـنـێـش، بـە واتـای فیلتێری هەڵبژاردنە . لە ئێران دا کاتێک مامۆستایەک تازە دەیهەوێ دەست بە کاری خوێندن بکات، ژمـارەیـەک لـە کـاربـەدەسـتـانـی ڕژیـم چـاو لە دۆسیەی ژیـان و کارەکانی دەکـەن و گەلێک مامۆستا بـە هـۆی ڕامـان و بیر و بـاوەڕ و کارەکانیان کە بۆنی دژایەتی دەسەهەڵاتی لێ هاتووە، ڕێگایان پێ نـەدراوە کە وانە بڵێنەوە و تەنانەت گەلێک مامۆستا لە دوای کاریش لە سەر کار دەرکراون.

وانە وتنەوە لە زیندانەوە ...

نامەیەک لە مامۆستا فەرزادی کەمانگەری زیندانییەوە بۆ قوتابییەکانی
وەرگێڕانی لە فارسیەوە:
س. ماکوا

ئەوەی لە بنج و بناوانەوە، مامۆستایە، هەموو شتێک لە پەیوەندی لەگەڵ قوتابیەکانیدا بە هێند وەردەگرێ نیچە

بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، کە دەبوو مامۆستای ئەو منداڵانە بوومایە کە لە تەمەنی منداڵیدا دەبوو، دەرد و ڕەنج و کۆڵە مەرگی گەورە سالان هەڵگرن و لە تەمەنی گەورە سالیدا، ئاواتە وەدی نەهاتووەکانی سەردەمی منداڵیان لە منداڵەکانیان وەشێرن. مامۆستای ئەو کچانە بوومایە، کە بە دەستە ڕەنگینەکانیان، سۆمای چاوەکانیان لە بن پێی داری فەڕش کردندا بڕوا هەتا هونەرەکانیان ڕازاندنەوەی ماڵی خەڵکانی دیکە بێ و مزگێنی نان و سەرخوانی بنەماڵە بێ.

مامۆستای منداڵانێک کە زادەی دەرد و ڕەنج بوون، بەڵام هیوا و ڕاچەنین سروودی هەمیشەییان بوو، کەسانێک کە تێکۆشانی سەخت و دەست ئاوااڵەیی لە سروشتەوە بۆیان بە میرات گەیشتبوو. ئەوان کەسێکیان دەویست، لە خۆیان بێ و بۆنی خاکی ئەوان بدا. کەسێک کە مانای هەژاری و نایەکسانی بزانێ. هەڤاڵێک کە تێکەڵ بە گەمەکانیان بێ و متمانە بە هیواکانیان بکا. لەگەڵییان پێبکەنێ و لە تەکیان بگری. ئەوان، کەسێک دۆستێک، بەردی سەبوورییەک و هاو ڕازێکیان دەویست کە هەر وەک خۆیان بێ قەرار، تامەزرۆی کرانەوەی قوتابخانە بێ، کەسێک کە بە مانەوە بیر بکاتەوە نەک بە چوون. زۆری پێ نەچوو لە تەنیشت ئەواندا، خۆم نەک وەک مامۆستا، بەڵکوو وەک قوتابییەک کە زۆر درەنگ ڕێگەی قوتابخانەی گرتۆتە بەر، دیتەوە.

کتێبەکانم بەست کە نەکا مردن و هیوا بڕاوی لە دوو توێی لاپەڕە ڕەشەکانیان بە بازنەی شادی و جیهانی هیواکانیان دزە بکا. هەموو ڕۆژێک کلاسەکانمان دەسپاردە دەستی ئومێد و خیاڵەکان و بە خوێندنەوەی چیرۆکەکان کەیفمان دەکرد. هاوڕێ لەگەڵ «ماسییە بچکۆلەکە« بەڵام ئەمجارە نە لە ڕێگای ئاراس بەڵکوو لە ڕێی سیروانەوە، توێژینەوەی دەریای ژیان و ڕاستیمان دەکرد. هاوڕێ لەگەڵ چیرۆکی «ڕێبوارە بچکۆلەکە« بۆ دیتنەوەی دۆست دەچووینە سەفەر، هەتا ئەوان خۆشی سەفەر لانی کەم لە خەیاڵەکانیاندا تەجروبە بکەن و ڕاهێنانی «من لە تەک خەڵک بووندا» بکەن. هەر چیرۆکێکم کە دەخوێند، ڕۆڵی قارەمانەکانیانم بە ئەوان دەسپارد بێ ئاگا لەوە کە ئەوان هەر کامەیان قارەمانی داستانی پڕ لە دەرد و کۆڵە مەرگی ژیانی خۆیان بوون. هەموو ڕۆژێک چەند کات ژمێرێک، ڕەنجی نا یەکسانیەکان و دەردی ناخۆشیەکانمان، لە پشتی دیواری قوتابخانە لەبیر دەکرد و پێکەوە دادەنیشتین. گەرمای کلاسەکەمان، بۆنی نانی گەرم بوو کە بەرهەمی دەست قڵەشیوی باوک بوو و دایک لەو پەڕی پاکی و سانایی، نێوەڕۆیە دەهێنانیە قوتابخانە،

ئێمەش تێر لە دیتنی یەکتری، کۆڵانەکانی پڕ لە هەوراز و نشێوی ژیانمان بۆ ئەنجام دانی ئەرکەکانی قوتابخانە دەپێوا و هەتا دیداری دووبارەی سبەی وەدووی مەشق و ئەرکەکانی دیکەی ژیان دەکەوتین.

کاوە بەو لەشە لاوازە بەڵام خۆ ڕاگرەوە، بەبێ نانی نیوەڕۆ خواردن لە جیگەی باوکی نەخۆشی دەبووە شوان، ئێوارە کاتێک مەڕەکانی بەرەو گوند دەهێنایەوە، دایکی بە زەردە خەنەیەکەوە دەچووە پێشوازی نان دەرهێنەری بنەماڵە هەتا ماندوویەتی کاوە دەربکا، مەڕەکان بدۆشێ و بۆ فرۆشتنی شیر بچێتە شار، کاوە مەست و شاد لە ڕازی بوونی دایکی زەردەخەنەیەکی دەهاتێ، بەڵام کاتێک چاوی دەبڕیە کیفی قوتابخانە و ئەرکەکانی سبەینێ، زەردەخەنە شیرینەکەی دەڕەویەوە.

...لەیلاش بەو چاوە پڕ لە پرسیارانەوە و نیگایەک کە هەتا قوڵایی بیر، بڕی دەکرد، مرۆڤی، وەدوای ولام دانەوەی خەیاڵە بێ بنەکانی دەخست، کیفی قوتابخانەی دادەنا و تەشیەکەی هەڵدەگرت هەتا یارمەتی یەکی گچکە بۆ پەیدا کردنی نانی سبەی بە دایکی بکا، تەشیەکەی هاوکات لەگەڵ هیوا گەورە و بچووکەکانی لە دەستیدا هەتا کۆتایی دەسوورێاند، هەتا خوریەک وەک تاڵە جوانەکانی خەیاڵی خۆی باریک و باریکتر دەبووە و دیسان تەشیەکەی خول دەدا هەتا ڕەنگە ڕۆژێک سوڕی دنیاش بە دڵی ئەو و دایکی خول بخوا.

...فەریادیش بە دیتنی پەڵە هەورێک دەچووە سەربان و کاگڵەکەی خۆش دەکرد هەتا دڵۆپە باران فەڕشە کۆنەکەیان کاڵتر نەکا. لەم کارەدا وەها بلیمەتێکی لێ دەرهاتبوو کە لە تەک باوکیدا سەربانی هەموو ماڵەکانی گوندیان بانەناو دەکرد و بەو شێوەیە دڵۆپە بارانەکان مزگێنی نانی سبەینێیان بوون. تەنیا وەختانێک لە نێو چزووی سەرما و نانی سبەینێدا ڕادەما کە بۆ بارینی بەفر و باران بپارێتەوە یان نا؟

...یاسریش پاش مردنی باوکی کاری دەکرد هەتا جێگەی بەتاڵی ئەو پڕ بکاتەوە و بتوانێ بۆ براکەی قەڵەم ڕەنگ و ئاو ڕەنگ بکڕآ هەتا ڕەنگە، هیوای بوونە نیگار کێشی خۆی لەسەر ئەو وەدی بێنێ.

...ئیدریسیش کە لە وەرزی بەهاردا نەدەهاتە قوتابخانە، هەموو ڕۆژێک کۆڵێک بە کۆڵەوە، خۆشحاڵ لەوەی کە سروشت لە خوانی فراوێنی خۆی بێبەش نەکردووە، چەند کیلۆیەک گیای لە شار دەفرۆشت و دەگەڕایەوە ئاوایی. منیش کە تاوانبار بووم هەر ڕۆژ ئۆقرە لێبڕاو لە نایەکسانی و بێزار لە هەرچی یەکی کە چارە نووسیان ناو لێنابوو، لە بەرانبەریان ڕاوەستام و مەیلی بەر تەسکی ئومێد لە چاوەکانیاندا بەدی بکەم، بەسەر کاوەدا، شۆڕ دەبوومەوە و دەرفەتێکم لەژێر دەم و چاوی لەبەر تاو سووڕەوەبووید، کە بەسەریدا خەوی لێکەوتبوو، دەردێنا و لەژێر دیکتە نەنوسراوەکەیدا دەمنوسی: «شوانە بچکۆلانەکە، نمرەی بیستیش بۆ تۆ هەر کەمە«. لە تەنیشت لەیلای شەرمێون لە ماندوویەتی دوێنێی، دەستە زبر و قەڵەشیوەکانیم، لە نێو دەستم دەنا هەتا نەرمی دەستی فریشتە ئاساکەی هەست پێبکەم، بەر لەوەی شتێک بڵێم، ڕوانینی قوڵ و پڕ بەزەییانەی هەزاران پرسیاری لە مێشکمدا دەوروژاند و منیش بێدەنگ دەمام، لە نزیک ئیدریسی دووەم پەرێز لە ئەرکی دووپاتکراوەی دوێنێی، لە دەستە بلۆقە کردوەکانیم دەڕوانی و هاوڕێ لەگەڵ ئەو لە پەنجەرەوە لە دوور دوورم دەڕوانی، ئەو لە بەسەر چوونی بەهار دڵتەنگ دەبوو و منیش لە ڕەنگ و ڕووی زەرد هەڵگەڕاوی ئەو.

ئیمڕۆ لە تەک دنیانیەکدا شانازی، شادی، قین و داخ و کۆڵێک بیرەوەری تاڵ و شیرین، بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە. لە ڕۆژی مامۆستادا بوو کە پڕ بایەخترین دیاریەکانی ژیانم لە مامۆستایانی گەرورە وەرگرت: لە لەیلا ٣ دانە هێلکە، لە ئیدریس دوو کیلۆ کەنگر دەسڕەنجی ڕۆژێک، لە فریشتە دوو چڵ گوڵی هەڵاڵە، لە نیدا بوکەڵەیەکی لە دار و پەڕۆ چێکراو و لە یاسریش نەقاشیەک.

بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژانە لە یادەوەریەکانماندا زیندوو ڕابگرین، قەرار درا کە هیواکانیان بە قەڵەم ڕەنگەکانیان بنەخشێنن. کاوە لە کاتێکدا بیری لە باوکی دەکردەوە، نەخۆشخانەیەکی کێشا و لە بنی نووسی ئەم نەخۆشخانەیە هەموو نەخۆشە هەژارەکانی جیهان دەرمان دەکا.

فەریاد کە هەموو کاتێک ئاسمانی ساف و بێ هەوری نەخش دەکرد هەتا ئیتر دەست و پێی کەسێک لە سەرمادا نەڕچێ، دیسان ئاسمانێکی کێشا و هەتا توانی ماڵی بچکۆلانە و جوانی لە بن کێشا و لە ژێری نووسی ئەم ماڵانە بۆ ئەو کەسانەیە کە خانوویان نییە، ئاسمان هەم گەورە و هەمیش بەر بڵاوە، وەک عەرز بچووک نییە کە هەتا ناچار بین بۆ ژیان لەسەری، پارە بدەین، لە ئاسماندا جێگە بۆ هەموو کەسێک

هەیە و من دتوانم خانووی تێدا بکێشمەوە.

فریشتەش کە هەمیشە بۆخۆی و خوشکەکانی برایەکی بچکۆلانەی دەکێشایەوە، ئەم جارە پێم وت کە فریشتەی جیهان سەر لە نوێ بکێشمەوە لەبەر ئەوە کەسێک تۆ لەبەر کێچ بوونت بە کەم نەزانێ، تۆ وەک خۆت و لە تەک خۆت بتبینێ، ئەویش کۆمەڵێک زۆر بوکەڵەی کێشا کە بە دەوری گۆی زەویدا دەستیان گرتبوو و گۆرانیان دەوت. یاسریش هەمیشە هیواکانی باوکی دەکێشایەوە، وانێتبارێکی ڕەنگ شین کە ئەو لە کۆڵبەری ڕزگار بکا. بڕیار درا یاسر سەر لە نوێ وڵاتەکەمان بەبێ هەژاری و نایەکسانی، بەبێ ئەوە کە کۆڵبەرە بانەییەکان، مەریوانیەکان و کامیارانیەکان ناچار بن بۆ گواستنەوەی ١٠کیلۆ چای لە بری دوو هەزار تمەن، گیانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە، بکێشێتەوە، ئەو نیگارێکی جوان و ڕازاوەی سروشتی کێشایەوە کە خەڵک تێیدا خەریکی کار کردن بوون لە ژێری دا نووسی: «بۆ ڕۆژێک کە ئیتر مردن لە بۆسەی ناندا دانەدەنیشت». ٨ی گوڵانی ٢٠٠٨

* * *

تێبینی: مامۆستا فەرزادی کەمانگەر لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەجە، ڕۆژمی ئێران بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکردووە.

سەرچاوە: سایتی دەنگەکان.

* * *

ڕێز گرتن لە خۆڕاگری و ڕاوەستاوی «فەرزادی کەمانگەر»

مامۆستای مەحکوم بە ئیعدام، لەلایەن کانونی سێنفی موعەلیمانی ئێرانەوە.

کانونی سێنفی موعەلیمانی ئێران لە ڕاگەیاندنێکدا، ڕێزی لە خۆڕاگری و کۆڵ نەدانی «فەرزادی کەمانگەر» مامۆستای مەحکوم بە ئیعدام گرتووە.

لەو ڕاگەیاندنەدا هاتووە:

فەرزادی کەمانگەر!!!

لەو ڕۆژانەدا بە بەدەستەوە گرتنی دەفتەرەکانی بێ تاوانی، بەو جۆرە و بە سەر سوڕمانەوە بیر دەکەینەوە، کە ئایا وڵامی قسەی ڕاستی مەعەلیم شەلاق و زیندانە؟ بە ڕاستی ئەو هەموو موعەلیمانەی کە هاواری ڕەنج و ئازارێکی هاوبەش دەکەن، یاسا و ماف، سزای ئەوان چۆن دیاری دەکات؟ سروودی ئێمە کە بانگەوازی عەدالەت و ئازادیە، ئایا جگە لە مێژوودا، ڕەنگدانەوەیەکی تری دەبێت؟

هاوکاری خۆشەویست!

ئێوەی ئازیز کە بە تەحەمووڵ کردنی سەختیەکی زۆر، بە دوای دەستەبەر کردنی ماف و دادپەروەریدان، لە ڕاستیدا بەرنامەی گەشی خۆتان بۆ داکۆکی لە ئازمانە ئینسانیەکان، لەلای موعەلیمانی ئەم سەرزەمینە، پڕشنگدارتر کرد .ڕێز لە تێکۆشان و ئازادیخوازیت دەگرین .کانونی سێنفی موعەلیمانی ئێران

بەهاری ٢٠٠٨

* * *

کاتێک نازییەکان

ماتین نیمێوڵەر
لە ئەڵمانییەوە: یاسین بانیخێڵانی

کاتێک نازییەکان کۆمەنیستەکانیان برد
من بێدەنگ بووم
چونکە من کۆمەنیست نەبووم

کاتێک ئەوان سەندیکارانیان برد
من بێدەنگ بووم
خۆ من سەندیکاکار نەبووم

کاتێک سۆسیالیستەکانیان زیندان کرد
من بێدەنگ مام
خۆ من سۆسیالیست نەبووم

کاتێک ئەوان جولەکەکانیان قۆڵبەستکرد
من هەر بێدەنگ بووم
چونکە من جولەکە نەبووم

کاتێکیش هاتن خۆمیان برد
ئیتر کەسێک نەمابوو
ناڕەزایی دەربڕێت

بۆ دووره دیمەنی خەونەکانت

ن-ح

مامۆستا فەرزاد!
بە وڵاتەکەت بڵێ: تەرمی تۆ نەنێژیت
لە چەشنی سەمەد
،بیکاتە مەشخەڵی سەر لەپی دەستی خۆی
گەر دەیهەوێ جەستەی شەکەتی
لە ژێر تەرمی گڵاوی ئەم دێوەزمەیەدا ون نەبێت

بە دایکت بڵێ
فرمێسکت بۆ نەرێژێت
هیچ پەرنجەرەیەکی ماڵەکەتان دانەخا
خۆی ڕەشپۆش نەکا
گەر دەیهەوێ بزەی بێزراوی جەلاد
بە چزەی بریسی سەر دڵی ئەو نەپشکوێت

بە مامۆستایانی هاوڕێت بڵێ
تەختەی ڕەشی قوتابخانە
چاوەڕێی جێ پەنجەی سپی وان دەکا
با وەڵامی پرسیارە بەڕۆکگرەکانی ژینمان
بە ئەلف و بێ-ی ناو دڵی ڕووناکیان شەرح دەن
چلۆن لەم تاریکە سەلاتە ڕێگە دەرکەین؟

بە کاوە، لەیلا، فەریاد، یاسر، ئیدریس و
قوتابییەکانی ترت بڵێ
نەکەن لەمەو بەدوا ئینشانامەی ئازەزووەکانیان
موچاڵە کەن
کۆلارەکانیان دانەگرن

با تا دەتوانن لە پەنجە گەورەکانت
کە بەقەدەر گشت داروەدونی شاهۆ
لق و پۆیان دەرکردووە
پێتووس داتاشن و
باسی دڵۆپەی ماڵە قورینەکان و
چەکمە تەسکەکانی زستانانیان بکەن
وێنەی ناو دەفتەرەکانیان
بە باڵای کۆلکەزێرینەدا هەڵوێزنن

قورسترین لاپەرەی تاوانەکانی تۆ
دووردیمەنی ناو خەونەکانت بوو
کەرۆیشکەی گەنم لە مەزرای سەوزی ژینا و
بزەیەکی ئەبەدی بەسەر لێوی قوتابییەکانتەو

سەمەد ڕێگەی ئەرەس و
تۆ ڕێگەی سیروانت گرتەبەر
ڕێگەت ڕووبار و ڕووگەت هەتاوو
چ جوان تاقی بەست
لە تافگەی ژینتا کۆلکەزێرینە
.کە تیکەڵ بوون تاوو و ئاوو

تۆش بە شەپۆلی دەریای شین گەیشتی
!ماسییە ڕەشە بچکۆلانەکە
!ماڵاوا ...
۱۳۸۹,۲,۲۰

* هێندێک لە دێرەکان ئاماژەیە بە نامەکانی مامۆستا فەرزاد

جەلاد

نووسینی: سمکۆ محەمەدی
وەرگێڕانی: سامان

لە دەنگی پێت کە بە گوڕەگوڕەوە دێ
لە نیگای پڕ لە قینت
کە وەک گورگ بۆم دەنواڕی
سڵ ناکەمەوە
نا
تەنانەت لە سێدارەشت بێباکم
!لە گوللە بارانیش هەروا
نە لە دەنگی شکانی گەردنم و
نە لە ساردبوونەوەی خوینی گەرمی جەستەم
ناترسم
بۆچی لە مەرگ سڵ بکەمەوە
!خۆ ژیان هەمووی دڵەڕاوکێ بوو
ماندووم لە بینینی جیهانی تۆ
ناترسم
نا ناترسم لە چاوانی بەستراوی خۆم
!ئەی جەلاد
چونکە لە مەرگیش بێباکم
هەیهو! کە لە زیندووبوونی تۆ و
لە ژین لە جیهانی پڕلەترسی ئێوەیە
کە ترساوم

خوێنەرانی ئازیز لەم بەشەشدا دیاری چەند خوێنەرێکی "پێشەنگ" دەبینن و دەخوێنەوە کە لە ماوەی نێوان ژمارەکانی ٢٠ بۆ ٢١ بەدەستمان گەیشتووە.

بەڕێز و خۆشەویست کاک حسێنی عەبدالّی لە ڕێگای نامەیەکەوە پێوەندی بە گۆڤاری "پێشەنگ"ەوە گرتووە و وێڕای دەست خۆشی و هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ هاوکاری لەگەڵ "پێشەنگ" لە داهاتوو دا.

کاک حسێنی بەڕێز لەگەڵ نامەکەی دا دوو لە بەرهەمەکانی خۆی بۆ ناردووین: "دیوارەکان دەروخێنین" چیرۆک، و "پڕژان" کۆمەڵە شێعر.

ئێمەش وێڕای دەست خۆشی لە هاوڕێی خۆشەویست کاک حسێن عەبدالّی هیوادارین لە هاوکاری لەگەڵ "پێشەنگ" دا بەردەوام بێت.



هاواریێک بۆ توانەوەی بەستەڵەکی ستەم



فاتح گەوێلیان مەرەبزان

لە بەیانیێکی ڕێبەندانداو
لە دڵی چەوساوەکانی ئەم وڵاتەوە
پۆڵ
پۆڵ
هەستانە دەچوونە پێشەوە
بەرەو لوتکەی هیوا
.ئاوێر
.وەک ئەستێرە دادەگیرسان
.بەدەم شنەی بەرە بەیانەوە
ڕاوەستان دەبووە سەرنجی "نیگا"
و
ئەوان سوورتر ڕێیان دەبڕی
بەرەو لوتکەی سەرکەشی ئامانج؟
لەپڕ سروودێک
لە گەرووی
ئاپۆرەی شارەوە
گەشایەوە
ئەو دەنگە
بۆ بێداری شار هەڵکرابوو
کاتێک
ئاڵا سوورەکەی کۆمەڵە
لە سۆمای دایکە شەهیدەکانەوە
ئەدرەوشایەوە
مزگێنی بەهاری سەرکەوتنی ئەدا
.بە هندااڵە ڕووتەڵەکانی ئەم وڵاتە
وا جارێکی تر سنە
بە بەژنی ئاڵای سوورەوە
.دەنگ هەڵدەبڕێ
وا گزنگی
چاوەکانیش
.ڕوو لە خۆری ئازادییە

وا لە ئاوێری سەربەرزەوە
دەخوێنێ
ئەنترناسیۆنالی پیرۆز
وا کۆمەڵەیە خۆشەویستی شاری
لە ئامێز گرتووە

لیبرالیسم

بەڕێوەچوونی ئێوارە کۆڕێك
لە ئۆردوگای زرگوێز

رۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٩ ئێوارە کۆڕێکی شێعر خوێندنەوە لە مقەری ناوەندی کۆمەڵە لە زرگوێز بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیانی پێشمەرگە بەڕێوە چوو.

ئەم ئێوارە کۆڕە لەلایەن بەڕێوەبەرانی کۆڕی هونەرییەوە ئامادەکاری بۆ کرابوو. لەم کۆڕەدا زیاتر لە دەکەس بەرهەمە شێعریەکانی خۆیان رووبە ئامادەبوان خوێندەوە. ئەم ئێوارە کۆڕە پتر لە دوو کاتژمێر درێژەی کێشاو لە نێوان پێشوازی ئامادەبواندا کۆتایی هات.

PESTANG 21_22